ڕۆمان

# چاوەکانی ئاڤێستا لمیان تێچوو

هەژار ع ئەحمەد

PDF4Kurd

**چاوەکانی ئاڤێستا لیان تێچوو**

**هەژار ع ئەحمەد**

**چاپی یەکەم**

**ساڵی چاپ** : 2005⁄ **ستۆکهۆلم**

# 1

بــەرە بــەیانییــەکــی زۆر زوو بــوو، خــۆر هێشــتا چــاوەکــانی هەڵنەهاتبوو. بەڵام دنیای ئەو شارە کەمێک ڕوناکبوو. ڕوناکی دەرەوە تۆزێك ناو ژورەکەی کاڵکردبۆوە. لە ناو پێخەفەکەیدا وەک نەخۆشێکی ئازاراوی هەر دەجوڵایەوە و ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد. بە دەم ئاخێکەوە بەئاگاهاتەوە، وەک کەسێک لە خەودا ڕایچڵەکاندبێت هەستی بە نائاسایی دەکرد. لە سەر جێگاکەی خۆی کە خەوتبوو، ڕاستبۆوە و دانیشت، چاوەکانی هەڵگڵۆفی، سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد، دنیا کەمێک روناکببۆوە. چراکەی کە شەو بە داگیرساوی دانا بوو، کوژا بۆوە. بەئەسپایی دەستی بۆ برد، بەئاستەم گەرمی تێدا مابوو. پێدەچوو تازە کوژابێتەوە. دەیزانی هێشتا کارەبا نەهاتۆتەوە. ئەو ڕۆژانەی کە کارەستێک ڕوبیدایە و ڕەوشی شارەکە نائارام بوایە، ئەو شەوە هەتاکو ڕۆژی دوایی "با ڕەشەکان" کارەبایان لە شارەکە دەبڕی. شقارتەکە لەبن سەرینەکەیدابوو، بەچاوی خەواڵووەوە شوشەی چراکەی هەڵبڕی و شقارتەکەی لێدا، دەنگی داگیرسانی شقارتەکە بێدەنگی ژورەکەی شکاند، ڕوناکی "ئاگری" شقارتەکە لە چاو تروکاندنێکدا هەڵمەتی بۆ هەموو تاریکی ناو ژورەکە برد، تاریکی ژورەکە بە پەلە و شپرزەیی لە ناو کون و ژێر دۆڵابی ناو ژورەکە و گیرفانی جلە هەڵواسراوەکانیدا خۆی حەشاردا.

هەر کاتێک وشەی "ئاگر"ی بەر گوێ بکەوتایە، یا خو ئاگری ببینیایە بیری کابرای ئاشنا "خەو"ی دەکەوتەوە.

خەوەکەی شەوی وەبیرهاتەوە، بیری لە قسەکانی ئەو پیاوە پیرە دەکردەوە، کە شەو لە خەویدا قسەی بۆ کردبوو. ئەو پیاوە یەکەم جاری نەبوو کە لە خەویدا ببینێت، زۆجار هاتبووە خەوی. هەموو وشەکانی کە لە خەودا لەو پیاوەی بیستبوو، بە بیر خۆی دەهێنایەوە. خۆزگەی دەخوارد کە بە ئاگا نەهاتایەتەوە، هەمیشە لە خەودا هەر لە گەل ئەو پیاوەدا بوایە هەتاکو قسەی زیاتری بۆ بکردایە. هێشتا لە ناو جێگاکەیدا هەر دانیشتبوو. هەوڵیدەدا هەموو قسەکانی ئەو وەک خۆی بڵێتەوەو دانە دانە وشەکان لە یادیدا بمێنێتەوە، بەو ئاواتەی کە ڕۆژێک ئەو قسانە بۆ هەموو خەڵکی شارەکە بکات. لە بیر کردنەوەی خەوەکە دابوو، کات بەرەو بەیان دەچوو، وردە وردە ڕوناکی زیاتر دەر دەکەوت.

لە ناو جێگاکەی هەستا، بە مەبەستی دەست و دەموچاو شتن چووە حەوشەکە. لە بەر خۆیەوە گوتی: دیارە دایکم هەر خەوتووە؟ بۆ یەکەم جاربوو بیریکردەوە نانو چای ئەم بەیانییە بۆ دایکی ئامادەبکات. لە ناکاو ڕوداوەکەی دوێنێ ئێوارەی بە بیر دا هاتەوە، کەلو پەلی سەر مێزەکەی کەوتەوە یاد. لە کاتی کارەساتەکەدا بە پەلە لەناوبازاڕ دوورکەوتینەوە، کەلو پەلەکانی دوکانمان لە سەر مێزەکە بەجێهێشت، وەك هەموو خەڵکەکە ئێمەیش ڕامانکرد و لەو ناوچەیە دوور کەوتینەوە. ئاگاداری ڕوداوەکانی دوای خۆمان نەبووین، هەر چییەکیتر ڕویدابێت.

جلەکانی دوێنێی هەر لە بەر دابوو، بە خێراییو پەشۆکاوی بەرەو دەرەوە کەوتە ڕێ، دایکی لە حەوشەکەدا ڕاوەستا بوو.

بەنیگەرانییەوە لە دایکی پرسی: کەی لە خەو هەستایت؟ وامدەمزانی هەر خەوتویت، ئەم بەیانییە من ویستم نان و چا ئامادە بکەم.

دایکی بەبزیەکی مانادارو نیگەرانەوە گوتی
_ زۆر باشە ئامادەیبکە! منیش حەز دەکەم، با جارێک نان و چای دەستی تۆ بخۆم.
_ بەداخەوە... دایە گیان دەبێت هەر ئێستا بڕۆم، بزانم ئەو کەلو پەلانە چیان بە سەر هاتووە. کارەسات و ڕوداوی دوێنێ ئێوارەت، بیر نیە؟
_ بیرمە و دەزانم... هەر چییەکیان بە سەر هاتبێت، تازە هاتووە و چارمان نیە. هێشتا زووە با کەمێکیتر دنیا ڕوناکبێتەوە، ئەوسا بڕۆ.
_ دایە گیان؛ زوو نیە، دەبێت هەر ئێستا بڕۆم...
زۆر بە خێرایی لە ماڵەوە چووە دەرەوە، کۆڵانەکەی خۆیانی جێهێشت و چووە سەر شەقامە ڕاستەکە. بە بێ هیچ ئاوڕدانەوەیەک بەملا وئەولادا، بەخێرایی دەڕۆشت. هۆش و خەیاڵی لە نێوانی دوو ڕوداو دا ئەم بەر و ئەو بەری دەکرد، دەمێک خەیال دەیبردەوە لای مامە پیرەی هاوڕێی "خەوەکەیی" بیری لە قسەکانی ئەو دەکردەوە، لە ناکاویشدا خەیاڵ دەیبردەوە بۆ ڕوداوەکەی دوێنێ ئێوارە و چارەنوسی کەلو پەلەکانی. دیمەنی ئەو خەڵکەی دەهاتە پێش چاو، کە ژن و مناڵ و پیاوی پیر و گەنج بە سەر شۆستە و شەقامەکاندا ڕایاندە کرد و لە شوێنی ڕوداوەکە خۆیان دوور دەخستەوە. ئەو خەڵکانە بە دەم ڕاکردنەوە چەند جارێک دەکەوتن، خەڵکەکانی دوای ئەوانیش خۆیان بۆ ڕانەدەگیرا، بە سەر ئەماندا دەکەوتن. هەندێ پیاو پشتێنەکانیان شلدە بۆوە و لە قاچیان دەئالاً و جارێکیتر دەکەوتنەوە، هەزار جار پشتێنیان بە نەفرەت دەکرد. قیڕە و هاواری مناڵ و ژن لە هەموو لایەکەوە ئەوەندەیتر ناو بازاڕی شپرزەتر و خەڵکی هەراسانتر دەکرد. ژنەکان زۆر لە پیاوان بێبەختر بوون، ئەوان جگە لە خەمی منداڵەکانیان

کەدەستیان بە دەستیانەوە گرتبوو، هەندێ منداڵی بچوکتر بە باوەشیانەوە بوون، پیاوێک چنگ لە سەر شان کە هەر هەنگاوێکی چوار هێندەی هەنگاوی ژنەکەی دەبوو، لە پێش ژنەکەیەوە رایدەکرد و ئاوڕی بۆ دواوە دەدایەوە و هاواری لە ژنەکەی دەکرد... کچێ خێراتر پێ هەڵگرە، هاکا با ڕەشەکان گەشتنە ئێرە و قۆڵ بەستتبکەن، دوایی گلەیی نەکەیت خۆت دەزانیت دەڵێی ڕۆژی قیامەتە، هەر کەس خەمی خۆیەتی لێرە دور کەوێتەوە و بەر دەستی ئەوان نەکەوێت، هەر چییەکیش ڕوبدات من هیچم بۆ ناکرێت لە بەر ئەوە خێرا ڕاکە لێرە دوور بکەوینەوە. ژنەکەی کە لە دواوە بە هەڵەداوان ڕایدە کرد، عابایەکی ڕەشی زلەی قورسی بە سەرەوە بوو، منداڵێکی تەمەن دوو ساڵیشی بە باوەشەوە بوو. ژنەکە لە تاو عەبای قورسی سەر شانی و داخی قسە زلەکانی مێردەکەی چیتر خۆی بۆ ڕانەگیرا، لە ناو ڕاکەڕاکی خەڵکەکە دا هاواری بە سەر مێردەکەیدا کرد:.. کە ئەوەندە خەمی من دەخۆیتو دەزانی با ڕەشەکان دەگەنە ئێرە، بۆ منداڵەکەم لێوەرناگریت ؟ هەتاکو کەی دەبێت بە سەر ژنی خۆشتانداوەك ئاغا بن؟ بە تەنها هەر منداڵی من نیە، منداڵی تۆشە... خۆ زۆڵ نیە؟ پیاوەکە وەک شەرم گرتبێتی لە قسەی ئەو کوڕەی کە «ئافەرینی ژنەکەی کرد و سەرزەنشتی پیاوەکەی کرد»، گەڕایەوە لای ژنەکەی و بە دەم جنێو دان منداڵەکەی لە ژنەکەی وەرگرت و کەوتەوە ڕاکردن. ژنەکەش بۆ ئەوەی ئەوەندەیتر شانی سوک بێت، عابا قورسە قوڕاوییەکە، پێشتر لە کاتی ڕا کردندا چەند جارێک بە سەریەوە کەوتبووە ناو قوڕ و چڵپاوی قەراغ شەقامەکان، لە سەری داگرت فرێیدایە نا قوڕاوەکەوە. بە دەم ڕا کردنەوە هەزار جنێوی دا بەوەی کە عاباشی داهێنا.

بە خێرایی بە سەر شەقامەکەدا بەرەو دوکان دەڕۆشت. بیری هەر لای کەلو پەلەکانی بوو. قسەکەی دایکی بیر دەکەوتەوە، خۆی بە خۆی دەگوت: دایکم ڕاستدەکات... هەر خۆم سەلامەتبم ماڵی دنیا هیچ نیە. جا نییە وەک جاری پێشو خۆشم دەستگیر نەکرام. کەلوپەلەکانم ئەگەر بە تاڵان برابێت؟ ئەوە کراوە، گەر خۆم دەستگیربکرامایە چیم بکردایە؟ هەر خۆشی بەر پەرچی بۆچونەکەی خۆی دەدایەوە، ئەگەر کەلوپەلەکانم بە تاڵان برابێت ئەمجارە بە چی کەلوپەلیتر بکرم؟ هیچ دەستمایەم بە دەستەوە نییە. گەر مرۆڤ پارەشی هەبێت، ناکرێت هەموو جار گوێی پێنەدات کە بە تاڵان براوە لە بەر ئەوەی سەری سەلامەت بووە. گەر ماڵ نەبێت سەریش نابێت، یا خو د هەر بێدەنگ بین، دوای بردنی ماڵ و سامان سەرەی سەریشمان دێت. خۆیشی نەیدەزانی چۆن بیر بکاتەوە و قەناعەت بە خۆی بکات. دڵنیا بوو کە کەلوپەلەکانی نەماوە.

جارێکیتر دەچووەوە ناو خەیاڵی قسەکانی پیاوە پیرەکە و بیری لە هەموو وشەکانی ئەو دەکردەوە. قسەکانی بەدەم ڕێگاوە لە بەر خۆیەوە دەگوتەوە. خۆیشی نەیدەزانی چەندە بە خێرایی دەڕوات و گەشتۆتە کوێ. لە ناکاو لە بەردەم دوکانەکەی خۆیدا، خۆی بینییەوە. ئەوەی کە ڕویدا بوو... ئەوە بوو کە خۆی بیری لێدە کردەوە. مێزێکی شکاو، کەلوپەلێکی پەرشوبڵاوی بێکەڵک. بەر چاوی تاریک بوو،سەری گێژیدەخواردو دڵی لەخەمدا دەگوشرا. پاش کەمێك نەختێك هاتەوەسەرخۆی، چاوێکی بە کەلوپەلە شکاوەکاندا گێڕایەوە لە دڵەڕاوکێ و خەیاڵکردن ڕزگاری بوو. ئەوەی حەزی نەدەکرد ببێت و بیری لێدە کردەوە، ببوو، ڕویدا بوو... ئیتر پێویست بە دڵەڕاوکێ و بیر کردنەوە ناکات.

پارچە تەختەکانی مێزە شکاوەکەی بە دەستەوە گرت، بە دوای چارەسەرێکدا دەگەڕا و بیری لێدە کردەوە. بڕیاریدا ئەمجارە زەرەر و زیانی کەلوپەلەکانی نەخاتە بری سەلامەتی سەر و گیانی. دەیزانی بە بێدەنگی بەرامبەر ئەم کارانە کە لە گەڵیاندا دەکرێت، بۆ دوا جار لە ڕوداو و کارەساتێکی تردا، سەرەی خۆشی دێت. ناو بازاڕ وردە وردە پڕ دەبوو لە خەڵک و لەخاوەن دوکاندارەکان. خەڵک بە خێرایی بە سەر شەقامەکەدا بەرەو خوار دەڕوشتن، لە شوێن دوکانە ڕوخاو و جامخانەی شکاو و کەلوپەلی ڕژاوی ڕوداوەکەی دوێنێ، هەڵوێستەیەکیان دەکردو تەماشای ئەو جێگایانەیان دەکرد.

تەختە شکاوەکانی هەر بە دەستەوە بوو، لەناو دیمەنی خەوەکەی شەودا، خۆی بینییەوە. قسەکانی مامە پیرەی دەهاتەوە یاد. وردە وردە وشەکانی لەبەر خۆوە دەگوتەوە و سەیری کەلوپەلە ڕژاوەکانی دەکرد. تا دەهات خەڵک بە بازاڕ و شەقامەکەوە زیاتر دەبوون، ئەویش بێئاگا لە خەڵک بە دەنگی کەمێک بەرزتر قسەکانی مامە پیرەی دەگوتەوە و خەڵکەکەش لە چواردەوری کۆ بوونەوە و گوێیان بۆ ڕاگرتبوو. کە هەستی کرد خەلک لە نزیکی کۆبونەتەوە و گوێ بۆ قسەکانی ڕادەگرن، بە دەنگی بەرزتر و زۆر جدیتر قسەیدەکرد:

هیچ کارەسات و ڕوداوێک کۆڵم پێنادات و ملکەچی یاساکانی بارەشەکانم ناکات، ئەگەر کارەسات و زیانەکانی لەمەش گەورەتر بن. ئێوە و هەموو خەڵکی شارەکە دەزانن، ئەوە چەند جارە کاری وا ناڕەوام لەگەڵدا دەکرێت... . نەک تەنها لەگەڵ من، لەگەڵ زۆر کەسیتریش، ئەگەر پێڕا بگەن لە گەڵ هەموو خەڵکی شارەکە دەیکەن. بەبەر چاوی هەموو خەڵکەوە، بە بێ ئەوەی گوێ بە کەس بدەن و شەرم بکەن، زیان بە خۆم و بە کەلوپەلەکان و بە دوکانەکەم دەگەیەنن. بەڵام کوا ئینسانیەت

لای ئەوان؟ کوا ویژدان؟ ئەوەی پێی بگوترێت ویژدان نەک لای ئەوان نیە، بەڵکو رۆژی هەزار جار گەر ویژدان لە دەرگای ماڵەکانیشیان بدەن بە میوانیشی ڕاناگرن.

کات لەدوای کات خەڵکی زیاتر کۆ دەبونەوە، ئەویش زۆر بە پەرۆشتر قسەی دەکرد، ئەو ڕۆژە بوو کە لەمێژبوو چاوەڕوانی دەکرد. ئەو خەڵکە جۆراوجۆرەی کە لە دەوری ئەم کۆ ببوونەوە، زۆر بێدەنگ و بە ئەسپای گوێیان بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو. لەناو خەڵکەکەدا پیاوێکی کەڵەگەت کە سۆز و بەزەیی و میهر لە چاوەکانیدا دیار بوو، بە دەنگێکی هێمن گوتی: ویژدان نەماوە...ئەگەر نا کێ دەستی دەچێتە مێزێکی تەختە، کە کوڕێکی گەنج کەسابەتی لەسەر بکات.

ئەو بەیانییە منیش بەدەم ئازارەکانی کارەساتەکەی دوێنێوە بەئاگاهاتامەوە، لەناو جێگاکەمدا هەستم بەگەرمی دەستەکانم دەکرد بەخوێنی جەستەی ئەو کەسانەی کە دوێنێ بەبێ گوناح ببوونە قوربانی. ئەو دەمە هیچم نەبینی، بەڵام دڵنیابووم بارەشەکان بەبێ تاوان ڕوداوەکان کۆتایی پێنایەنن. ئێمەش وەك خەڵکی ناوبازاڕ تەنها فریایی ڕاکردنکەوتین، تاکو زووترلەو ناوە دوورکەوینەوە. نیگەرانی کەلوپەلەکانیبووم، خەمو نیگەرانییەکی بێچارە، چونکە دڵنیابووم هەمووی بەتاڵان براوە. بەپەلە لەناو جێگاکەدا هەستام، ویستم بچم بۆ ماڵەوەیان سەردانی بکەم، بەڵام پەشیمانبوومەوە، زانیم تاکو ئێستا لەماڵەوە ئارامی نەگرتووە. بڕیارمدا ڕاستەوخۆ بچم بۆ ناوبازاڕ، بۆ هەواڵی ئەو و ئەنجامی ڕوداوەکەی دوێنێ.

شەقامەکان وەك ڕوخساری کۆیلەیەکی ماندوی ئەشکەنجەدراو ئازارو نائومێدیان پێوەدیاربوو. شەقامەکان لەکۆیلەکان بەدبەختربوون، لەمەملەکەتی خۆیاندا کۆیلەی ژێر بۆستاڵی بارەشاکانبوون. هەرچەندە دوێنێ ئێوارە کارەساتێکی

گەورە قەوما، بەڵام وەك هەمیشە ئەم بەیانییەش خەڵك بەرەو بازاڕ بۆ سەرکارو دوکانەکانیان دەڕۆشتن. هێندەی نەبرد لەسەری گوزەرەکە نزیکبوومەوە، شوشەی شکاوی جامخانەی دوکانەکانو کەلوپەلی تێکڕژاو بەسەر شۆشتەو شەقامەکاندا بڵاوببونەوە. لەدوورەوە هەستم بەقەرەباڵەغی خەڵككرد لەبەردەم دوکانەکەی ئەودا کۆببوونەوە. لەخۆڕا شپرزەو نائارامبووم، نزیکتربووومەوە گوێم لەدەنگیبوو وەك سەرکردەی کۆمەڵێکی ڕاپەڕیو قسەی دەکرد. بەئەسپای تێکەڵاوی ناو خەڵکەکەبووم. زۆر بە جدی و پەرۆشەوە قسەی بۆ دەکردن.

من باش دەزانم ئەمە دوا تاوانیش نیە کە لە گەڵمدا دەیکەن. ئەوان مەبەستیان مێزێکی کۆنەی شکاونیە. مەبەستی منیش زۆر لە تاوانەکانی ئەوان گەورەترە. چاک بزانن هەر من نا بەتەنها، ئێوە هەر هەمووتان، هەموو کەسێک لەم شارەدا ئەم تاوان و کردارانە کە بارەشەکان ئەنجامی دەدەن، بەرامبەر بە خۆی بزانێت، دوژمنەکانمان زۆر وریان، سەرەتا لە بچوکەوە دەست دەکەن بە ئەنجامدانی پلان و کارەکانیان. بەلای ئەوانەوە گرنگ نیە چ کەسێک بێت؟ من، تۆ یاخود کەسێکیتر. گرنگ دەستپێکی کارەکەیانە و کەسێکیش بێت لە دەڤەرەکە. ئەو کاتەی کارەکە ئەنجامدەدەن، ئەوسا لە دورەوە چاودێری دەکەن و خەڵکەکە هەڵدەسەنگێنن، دواتر لە بێدەنگی خەڵک کەڵک وەردەگرنو درێژە بە کار و پلانەکانیاندەدەن هەتاکو دەگەن بەمەبەستی خۆیان. گوێم لەو خاڵۆیە بوو کە گوتی: گوایە ویژدان نەماوە. من دەزانم ئەو خاڵۆیە چۆن لە ناخ و سۆزەوە قسە دەکات و مەبەستی چیە و چی لە دڵیدایە، باش گوێبگرن، «ویژدان» ماوە و هەر دەمێنێت چۆن پێش هەموو شتەکان وهەموو هەستەکان دروست بوو، لەدوای هەموشیان

کۆتـایی پێـدێت. لـەگـەڵ بـوونـی مـرۆڤ و دروسـت بـونـی کۆمـەڵـدا، ویژدانیش هاوکات دروست بوو، بەڵام ئەمان کە دژی مرۆڤایـەتـین حـەز بـە نـاسینـی ویژدان نـاکـەن، دەنا ویژدان هـەر هـەیـە، ئـەمـانن کە نایانەوێت ویژدان ببینن.

ئێوە هەر هەمووتان کـە بـە چـوار دەوری منـدا کـۆ بونـەتـەوە، بـەزەییـەک بـە ڕوخسـارتـانـدا دیـارە کـە لـە نـاختـانـدا دەلالـەت لـە سۆزێک دەکات بـەرامبـەر بـە من و بـەو کـارەی لـە گـەڵ منـدا کـرا. ئـــەوە ویژدانـــە دەرون و ڕۆحـــی ئێـــوە بـــە لای حـــەقیقـــەت و مرۆڤایـــەتیـدا دەجوڵێنێـت. لــە کــاتی قســە کردنمــدا هــەمیشــە چاوێکتان لەسەر من و ئەویترتان لەسەر تەختە شکاوەکانە. ئـەو ڕاستیـەی لێرەدا من دەمـەوێت بیـدرکێنم و لـە لای ئێوە ئاشکرای بکەم، تاوانـی بارەشەکانە کە بە تەنها لـە گەڵ مندا نەکراوە، لە گەڵ هەموماندا کراوە. سۆزوبەزەیش هیچ زامێك بنـەبـڕ ناکـات. ئـەگـەر کـەسێکیش بـەزەیـیو سۆزی بـۆ مـن هـەیـە، بیـر لـەحـاڵـی خۆیشی بکاتـەوە. ئـەوان کـەسێکی دیاریکراویـان مـەبـەست نیـە، مەبەستیانە کەسێك یاخود و کۆمەڵێک بێت لـە ئێمە، ئیتر گرنگ نیە من بم یان کەسێکیتر. لە بەر ئەوە چاك بزانن ئەو کارە لـە گەڵ هەموماندا کراوە. ئەگـەر کـەسێک نـەیـەوێت لـە قسـەکـانم بگــات، یــا خــود وا بزانێــت قســەکــانم تێکــەڵاوییــەکــی تێدایــە، سەرئەنجامی کارەکـان تـەنهـا بـەسـەر منـدا هاتبێت، ئـەوا ڕۆژ و سەرەی ئەویش دێت.

بــاش گــوێبگرن و چــاکتریش بیرتــان تیــژ بکــەنــەوە، ئــەوانــە دوژمنێکـی زۆر وریـان، دەزانـن چـۆن نیشـانـەکانیـان بپێکن. کـێ هـەیـە لـە ئێمـە نـەزانیت، نرخـی چـوار پارچـە تـەختـە چیبێت؟ بارەشـەکـان بیشکێنن و بیسوتێنن. ئـەوان زۆر بـاش دەزانـن، مـن ئـەگـەر نـەتـوانم مێزێکـیتـر دروست بکـەم، خـۆ دەتـوانم لـە مێـزە

شکاوەکە مێزێکی تری لێدروست بکەم و کەلوپەلی تری بخەمەوە سەر.

کات لە دوای کات بە پەرۆشتر قسەکانی دەکرد و وشەی باشتری بۆ ڕیز دەکرا. هەستم دەکرد خەڵک دەهاتن و بەرەو زیاد بوون دەچوون. هەندێک تاکو ئەو کاتە لە سەرەتاوە لەوێبون و دەڕۆشتن، هەندێک کەسی تر تازە دەهاتن. خەڵکیش هەبوو چەند چرکەیەکی کەم ئارامی دەگرت و پاشان دەڕۆشت. واپێدەچوو گوێ بەکەمیوزۆری خەڵك نەدات، کێ دێت و کێ دەڕوات. ئەوەندە ئاگادار بووم، کۆمەڵە خەڵکەکە زۆر لە سەرەتا زیاتر بوون. پیاوێکی کەمێک بە ساڵاچوو، ڕیشێکی ماش و برنجی هەبوو، لەلای ڕاستی منەوە بە چەند هەنگاوێک ڕاوەستا بوو، ڕووی لەو بوو بەڵام وەک پرسیار لە کەسێکی تر بکات....:

_ ئەرێ باسی چی دەکات؟... وا خەڵکی لێکۆبۆتەوە.

کوڕێکی لاو کە لە تەنیشتیەوە ڕاوەستا بوو، بە دەنگێکی نەرم گوتی: خاڵە گیان گوێبگرە و قسە مەکە. خۆت تێبگەیت باشترە.

هەستم کرد خەڵکی وا هەن، زۆر بە پەرۆش و بە وردی گوێیان بۆ قسەکانی ڕاگرتووە. هەندێکێکەش دەیانەوێت باشتر حاڵیبن. هەندێک لە دراوسێ دوکانەکانیش ڕاوەستا بوون، جاربەجار سەریاندەنا بە یەکەوە و دەکەوتنە چرپەچرپ. بەناو خەڵکەکەدا وەك نابینایەك چاوە دەرپەڕیوەکانی دەگێڕا، دڵنیابووم کەکەس نابینێت، چونکە کەنیگای دەخستەسەرمن هیچ ئاماژەیەکم لەڕوخساریدا نەدەخوێندەوە، خۆدەبێت هەر نەبێت بزیەك لەئاستی مندا بنوێنێت، یاخود بەدەم قسەکردنەوە وەك ئیشارەتێك کەدەمبینێت سەری بلەقێنێت. چەندجار نیگای چاوە تورەکانی بەسەرمدا تێدەپەڕیو بەهچ ئیشارەتێك خۆی پیشاننەدام. منیش خۆم زۆر دەربەستنەبووم،

کەمێکیتریش لەناو خەڵکەکەدا خۆمم شاردەوە. گرنگبوو تەنها گوێم لەقسەکانی بێت. لەناکو لەبەر خۆیەوە گوتی: ئاگر، ئاگر... ڕۆژی دواتر پێکەوەبووین، باسی دوێنێی بۆ دەکردم کەوەك سەرکردەیەك قسەی بۆ خەڵك کردووە. گوتی: خۆزگەم دەخواست لەوێبویتایە. تەواو دڵنیابووم کەدوێنێ نەیبینیبووم. بەخەندەوە گوتم: منیش لەوێبووم، لەناو خەڵکەکەدا ڕاوەستابوومو گوێم لەقسەکانت دەگرت. بەسەرسامیەوە گوتی: نەخێر، گاڵتەملەگەڵدا دەکەیت. گوتم: گاڵتە ناکەم، بەچاوەکانی تۆ لەناو خەڵکەکەدابووم، بۆ هەواڵی ڕوداوەکەو چارەنوسی کەلوپەکەکانی دوکانهاتم کەئێوارەی ڕوداوەکە دوکانەکەو کەلوپەلەکانمان بەکراوەیی بەجێهێشت. پێکەنیمو گوتم: بەڵگەم پێیە. گوتی: بەڵگەی چی؟ گوتم: کەمێك بێدەنگبوویتو لەناکاو لەبەرخۆتەوە دووجار گوتت، ئاگر ئاگر. گوتی: بە پێویستم زانی درێژە بە قسەکانم بدەم هەتاکو ئەو گڕ و کڵپەیەی لە دەرونمدایە سارد نەبێتەوە و پریشکی ئەو ئاگرە پیرۆزە بەر هەموو لایەک بکەوێت. وشەی « ئاگر» وەک بروسکەیەک بە مێشکمدا تێپەری، لەبەر خۆمەوە گوتم (ئاگر...ئاگر) .

لەدوای ئازادبوونی لە زیندان، هەمیشە قسەکانی وەستای هاوڕێمی دەگوتەوە. ئەو وشانەی لەدەمی منی بیستبوون، یاخود نوسینەکانی وەستا کەلەسەر دیواری ژوری زیندان نوسرابوونو ئەو خوێندبوونیەوە. هەمیشە وشەی ئاگر، لە بیر و هۆش و لەسەر زاری بوو.

کەمێک بێدەنگبوو، چاوی بەناو خەڵکەکە داگێڕا. تاکو ڕادەیەکیش بێدەنگی باڵی بە سەر خەڵکەکەدا کێشا بوو. بێدەنگیەک پێچەوانەی بێدەنگی خەلیفەی ئەو مەملەکەتانەی هاوسنور و دراوسێی بیابانەکانی کاتی ئەنفال بوون. وشەی ئەنفال ویژدانی وەبیرهێنامەوە. ئەو ویژدانەی کە عەشرەتە بە

ناوبانگـەکـانی چـوار دەور و نزیـک بـە شـوێنی ئـەنفالـەکـان شاربەدەریان کرد بوو، مەملەکەتێکی بێویژدانیان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد بوو. بەناو خەڵکەکەدا هێواش هێواش هەر چاوی دەگێڕا. هەستیکرد هەموو لەچاوەڕوانی ئەودان. دووبارە درێژەی بەقسەکانیدایەوە.

وەک لە سەرەتاوە گوتم: مەبەستی ئەوان تەختە و مێز نیە، مەبەستیان ئاشکرایە.

چەند کەسێک زۆر بێ ئارام بوون، هەر چی زووتر بوو حەزیان دەکرد بزانن مەبەست لە ئاگر چیە؟ بۆیە وشەی ئاگر لەناو خەڵکەکەدا زوو زوو دەبیسترا ئاگر... ئاگر...

بەڵێ ئاگر... ئەوان دەیانەوێت ئاگرمان لەبەر چاو بخەن، ڕقمان لە ئاگر بێت و پیرۆزی ئاگرمان لێدەشارنەوە. ئەمجارەش دەیڵێمەوە ئەو کارە بە تەنها لە گەڵ مندا نەکراوە، بەتەنها لەگەڵ ئەوانەدا نەکراوە کە زیان بە دوکان و ماڵ و کەلوپەلیان کەوتووە. لەگەڵ هەموو خەڵکی شارەکەدا کراوە، لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی بەم زمانە دەدوێن و گۆشکراون. بارەشەکان لە ڕێگەی کەسێک و کۆمەڵێکەوە زیان بە هەموو دەگەیەنن. مەبەستەکانیان لە ڕێگەی کاولکاری و بە تالانبردنی کەلوپەل و سەروسامانمان بە دیدەهێنن. ئەگەر کەسێک ئەم کارو تاوانەی کەکراوە بەسەر خۆی نەهێنێت و دورەپەرێز خۆی بگرێت و لە ڕاستیەکان هەڵبێت، ئەو کەسە لە هەموومان زیاتر لە چنگی تیژی ئەوان نزیک دەبێتەوە، بەرەو چارەسەرنوسی نادیار پەلکێشی دەکەن. بە پێچەوانەوە لە خۆشەویستی کۆمەڵ و گرو ڕوناکی ئاگرە پیرۆزەکەش دور دەکەوێتەوە. ئەو ئاگرەی چاومان بە ڕوناکیەکەی هەڵهات و خۆشەویستی خوای خستە دڵمانەوە. ئەو ئاگرەی کە ویژدانی بە ئێمە ناساند. لەبەرە بەیانێکی زۆر زوو بەر لە ئێستا ( ویژدانی ) بە دیاری بۆ هێناین. بارەشەکان

دەیانەوێت لە ئاگر بتۆقێین و پیرۆزی ئاگرمان لانەمێنێت. ئەو ئاگرەی ئێستا بە ئێمە نامۆیە، رۆژگارێک بوو زۆر پیرۆز و خۆشەویست. کەس لە ئێمە ئاگرە پیرۆزەکەی بە بیر نایەت. بیریان شتینەوە، دەرونیان ئاگر چۆڕ کردین. لە دەرونماندا جگە لە پشکۆ کزەکانی ئاگرە سەوزە پیرۆزەکە هیچیتر نەماوە.

بارەشەکان مەبەستیان شکاندنی مێزەکە نیە، ئاگرمان لە بەر چاو دەخەن،دەیانەوێت کلتورمان لە بەر چاو بکەوێت. ئاگر لە دڵ و دەرونماندا خامۆش دەکەن و دەیکوژێننەوە. ئەو ئاگرەی کە خوا فەرمانی پێدا، جوڵە و رۆحی خستە شتەکان، ئەو ئاگرەی خۆشی دەدا بە دڵ، ئاهەنگەکان گەرم و گوڕتر دەکات، تۆوەکان دەکات بە خونچە و خونچەکان دەکات بە گوڵ، ئەو ئاگرەی کە هەرەشە لە هەموو نەیارانی ویژدان و مرۆڤایەتی دەکات. ئەو ئاگرەی کە هەمیشە لە دوی ڕاونانی تاریکیدایە.

بە دەم تێپەڕ بوونی کاتەوە، ناو بازاڕ زیاتر خەڵکی تێدە ڕژا، ئەو کەسانەش کە بەوێدا تێدەپەڕین، بۆ ماوەیەکی کەمیش بوایە، ڕادەوەستان و گوێیان دەگرت و پرسیاریان دەکرد. تا دەهات خەڵک زیاتر کۆ دەبونەوە و گوێیان دەگرت. هەندێک کەس هەبوون بە پرتە و بۆڵە دوای حاڵیبون، خێرا ئەو جێگایەیان بە جێیدەهێشت و لە ژێر لێوەوە دەیانگوت: ئەم قەرەباڵەغیە بۆ ئارامی شارەکە زۆر باش نیە، ئەم خەڵکە زۆر بێ عارن، کارەساتەکەی دوێنێ ئێوارەیان بیر چۆتەوە. بارەشەکان هاکا پەیدا بوون... هەنگاوەکانیان خێراتر و گەورەتر دەکرد، هەتاکو زووتر دووربکەونەوە. من ڕقم لەهەموو ئەو خەڵکە ترسنۆکانە دەبۆوە، کەسیان وەك من نەیاندەناسی، کەس وەك‌من لەناخیدا نەدەژیا. دەمزانی تاکو ئەو کاتە منی نەدیبوو، هەرچەندە دڵنیابوو دواتر هەموو ڕوداوەکانم بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بڕیارمدابوو بەجێبینەهێڵم‌و گوێم لەهەموو قسەکانیبێت.

لەناو چاوەكانیدا ئاگرێكی گەش دەبینرا، ئەو ئاگرەی لەزاری پیاوەپیرەكەی ئاشنای خەوەكانی دەهاتەدەرەوە. دڵنیابووم ئەمشەویش دووبارە خەوی بەو هاوڕێ پیرەیەوە بینیوە. گاریگەری ڕوداوەكەی دوێنێو قسەكانی پیاوە پیرەكە بەڕەنگو بۆنی وشەكانیەوەبوو، وەك سەركردەیەكی قاڵبووی بەپەرۆشو ڕاستگۆ قسەی بۆ خەڵكەكە دەكرد. زۆر لە دراوسێ دوكانەكان ڕاوەستا بوون و گوێیان دەگرت. دوو دراوسێ دوكانی خۆی، هەرگیز باوەریان نەدەكرد، كە (ئەو) بێت. یەكێك لەوان دوكانەكەی كەمێك كەوتبۆوە سەروی گوزەرەكە، بارەشەكان دوێنێ پێرا نەگەشتبوون، دوكانەكەی بە بێزیان و ڕوخاندن و تالان مابۆوە. ئەو قەرەباڵەغیەی پێ باش نەبوو، بە هێواشی بە گوێی برادەرەكەی تەنیشتیدا دەیچرپاند:

ئەمرۆش توشی بەڵا و ماڵ وێرانییەكی ترمان دەكەن، هێشتا كەلوپەلی ڕژاو و دەڕابە و شوشەی شكاوی دوێنێ كۆ نەكراوەتە، بارەشەكانمان بۆ دێننەوە، ئەوانەی دوكانیان ڕوخاوە و شتەكانیان تالان كراوە، چاویان بەرایی نایەت بە ئێمە كە ئەمجارە بە بێزیان دەرچووین. بۆ دانانیشیت بە دەردی خۆتەوە بە دیار مێزە كۆنەكەوە كاسپی خۆت بكەیت، باشتر نیە؟

ئەو پیاوەی تر كە ئەم قسەی بۆ دەكرد بە دەنگی بەرزتر لە دەنگی ئەو، دڵنیا بوو لە ڕاستی قسەكانی بۆیە پێویستی بە هێواشی و شاردنەوە نەدەكرد.

ـ گەنجێكی وا چیكردووە؟ ئەوە چەند جارە توشی گرتن و دوكان وێرانكردن و تالانی دەكەن، پێم ناڵێیت..! چۆن بە دەردی خۆیەوە دا بنیشێت؟ تازە بە دیار چییەوە دا بنیشیت و كاسپی بكات. دەبینیت هەموو كەلوپەلەكانی بەسەر شەقامەكەدا لە ژێر پێی خەڵكدایە، چۆن چۆنی جاریكیتر كاسپی بكات. وەک من و تۆ دوكانی هەبوو، دوكانێكی پڕ لە هەموو بابەتێک، بەبەر

چـاوی خۆتـەوە، هـەموومـان دەزانـین درواسـی دوکانمانـە، پـێش مـاوەیـەک لـە ڕوداوەکـەی تـردا، خۆیـان گـرت و هـەمـوو کەلوپەلەکانیشیان برد و دوکانەکەشیان وێرانکرد . ئێمە دەبێت پشتیوانی بکەین. تۆ دوێنێ دوکانەکەت بە بێزیان بوو، ئـەمـە مانای ئەوە نیە بێدەنگ بیت و (دەست بە کلاوەکەتەوە) بگریت. ئەمڕۆ بێزیان بوویت، سبەینێ سەرەی تۆ دێت.

قسـەکـانی زۆر ڕاسـت و گونجـاون. پێویسـتە هـەمـوو کـەس پشتگیری لێبکات. کوڕێکی وا گەنج هەتاکو زۆری بۆ نەیەت و لە دەست بارەشەکان بێزار نەبوبێت، بەم بەیانیە خەڵک لە خۆی کۆ ناکاتەوە و «خوێنی خۆی ناخاتە کاسەوە» .

پیـاوەکـەی تـر، شـەرمـەزاری گرتـی بـە قسـەکـانی خـۆی بەهەڵوێستی برادەرەکەی کە بە توند و تیژی وەڵامی دایەوە. هیچی بۆ نەوترا، تەنها گوتی: وایە وا، من مەبەستمگیانی خۆی بوو توشی بەڵایەک نەبێت.

ناوبەناو ڕادەوەستاو بەخێرای چاوی بەناو خەڵکەکەدا دەگێڕا، مـن دڵنیـابووم هـیچ کـەسێك ناناسێتەوە، بـەڵام دڵـی بـەزۆری خەڵکەکە خۆشبوو. ئەمجارە بە دەنگی کەمێک بەرزتر، دەستی بە قسە کردن کردەوە .

بارەشەکان، چیتر لێناگەڕێن تەختەکان پێکەوە بنێمەوە و مێزەکە دروست بکەمەوە، چاوەڕێی وەڵامی بە گڕدا چونەوەی ئێمـەن. مـن هـەرگیـز مـل بـۆ داواکانیـان کـەچ ناکـەم، ئـەوان دەیانـەوێـت ئێمـە ڕیسوا و نـەدار و بێکاسپی بـین، لـە پێنـاوی بژێوی ژیاندا ملکەچی داواکانیان بین. دەبێت ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە کە وەڵامیش بێت لە دژی تاوانەکانیان. ئەگەر ئێمە هیچ کردارێکی بەر پەرچدانەوەمان نەبێت ئیتر دوا جار هەموو مێـزەکـان دەشـکێنن و کۆتـای بـە بـونی هـەمووسـان دەهێـنن. کلتورمان گواوی دەکەن و میز دەکەن بە مێژوماندا. گۆڕەکانمان

هەڵدەدەنە و ئێسکەکانمان دەدەن بە سەگەکانیان. ئەگەر ئێمە هەڵوێستمان بەرامبەریان نەبێت، ئەوان جارێک لە جارەکان هەموو تەختەکان دەسوتێنن، چاکیشی دەسوتێنن و سوتوی تەختەکان دەکەنە ناو چاومان، بە نابینایی لەسەر ئەو ڕێگایە دامانده‌نێن بەئاراستەی ئەو چاڵە گەورەیە بڕوات کە پێشوتر بۆیان هەڵکە ندووین. هەموو دوکان و ماڵ و مێزەکان دەسوتێنن، خۆشمان دەسوتێنن. هەوڵی ئەوە دەدەن ئاگرمان لەبەر چاو بکەوێت و پیرۆزی نەمێنێت. بارەشەکان دوژمنی ئێمەن. لەسەر نیشتمانەکەی خۆشمان هیچمان پێ ڕەوا نابینن. ئەوان وریا و بیرتیژن لە کاری نامرۆڤانە و تێکدەرانە، بەڵام بێئاگان لە زەمەن و مێژو، ئەو زەمەنەی کە هاوشانیان دەڕوات، بەرەو کۆتاییان و ساتە بێ چارەنوسە تاریکەکانیان دەبات.

دوژمنەکانمان بە فوی ڕەشی ناو سییەکانیان ئاگری پیرۆزمان لێ خامۆش دەکەن. ئەو بارەشەی لە دەرونیاندایە، درێژەی ئەو بایەیە کە ڕۆژانی زوو لە بیابانە دورەکانەوە هێرشیان بۆ چیا هێنا. ئەو بایەی کە کارەساتەکانی لێکەوتەوە. ئای کە هیچمان بیر نایەت. مێشکمان شۆراوەتەوە، جگە لە تروسکەی ئاگرێکی بچوک نەبێت، کە جارجارە ڕۆحمان بۆ ڕۆژانی زوو دەگێڕێتەوە، ئەو ڕۆژانەی کە هێشتا ئێمە نەببوین، ئەو ڕۆژانەی پێش هاتنی بارەشەکان. ئەو ڕۆژانەی کە باوە و دایە گەورەکانی ئێمە گۆرانیان بۆ سروشت و گوڵ و باران دەگوت، گۆرانیان بۆ ڕۆح و عەشقی یەکتر دەگوت لە دڵەوە بۆ خۆشی یەکتر پێدەکەنین.

وەک لە سەرەتاوە گوتم: هیچ کارەساتێک ملکەچم ناکات. سوێندی من بە ئاگری پیرۆزە. ئەو ئاگرەی کە وەک پەیامێکی خودایی هۆش و بیری وریا کردینەوە، لە ڕێگەیەوە خودای

مەزنمان ناسی. ئەو ئاگرەی کە خوا نزیک بە خۆی دروستی کرد و ڕوناکی خۆی پێ بەخشی.

خۆشەویستیەکی ڕۆحی بۆ ئاگر هەبوو. وەك قەدەر خۆی لەناخی ئەودا بژێنێت، خەونەکانی لەگەل پیاوەپیرەکەدا هاوزەمەنی زیندانیکردنیبوو، بەتایبەتی کەچارەنوس بۆ ژورەکەی ئێمەی هێناو وردەوردە چووە ناو بیرو ڕەفتاری وەستای هاوڕێی زیندانم. من لەمێژبوو هەستم بەتەقینەوەی ئەو بورکانە کردبوو کەلەناخیندا پەنگی خواردبووەوە. لەناو خەڵکەکەدا بەپەرۆشەوە گوێم بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو، ڕۆژانی دواتر چەندم پێدەگوت کە منیش لەناو خەڵکەکەدابوومو گوێبیستی هەموو قسەکانتبووم، کەچی زۆرجار دووبارە چیرۆکی ئەو ڕۆژەی بۆ دەگێڕامەوە.

گوتم هەندێکجار وەك بۆ کەسێك بگەڕێیت،وتارەکەت ڕادەگرتو چاوت بەناوخەڵکەکەدا دەگێڕا. دەیگوت: مامۆستا لەناکاو هیچم بەبیردانەدەما، نەمدەزانی باسی چیبکەم. بەو بیانووەی بۆ کەسێك دەگەڕێم، بێدەنگدەبوومو لەناو خۆمدا بیرمدەکەکردەوە. دەمویستم درێژە بە قسەکانم بدەم، نەمزانی زیاتر چیتر باس بکەم. زۆر هەبوو بیڵێم، بۆ یەکەم جار بوو بۆ کۆمەڵێک وەک ڕابەرێک قسە بکەم. پێشتر زۆر شت هەبوو دەمزانی. زۆر شتم دەربارەی ئاگرە گەورەکە لە پیاوە پیرەکە بیستبوو، هەمیشە ئاواتم بوو ڕۆژێک، جارێک بۆ کۆمەڵێک قسە بکەم و گوێم لێبگرن. بەڵام نازانم بۆچی نەمدەتوانی زیاتر درێژە بە قسەکانم بدەم.

سێ کوڕی لاو لە جێگایەکی کەمێک بەرز، ڕاوەستا بوون قسەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. بۆ ماوەیەک سەرنجم دان، وەک پیشانی خەڵکەکەی بدەم کە گوێم لە وان ڕاگرتووە. کوڕەکان کە زانیان ڕوم کردۆتە ئەوان و قسە بۆ خەڵکەکە ناکەم. بە

چرپەیەك کۆتاییان بە قسەکانیان هێنا و گفتوگۆی نێوان خۆیان ڕاگرت، بە چاوە گەشە ئاگراوییەکانیان کە مانای میهرەبانی دەبەخشی داوای لێبوردنیان کرد. منیش بە زەردە خەنەیەک وەڵامم دانەوە.

منیش وەك خۆی هەستمدەکردو بیرمدەکردەوە، ڕەنگە بەدوای وشەیجوانتردا بگەڕێت، حاڵەتێکی ئاساییە ئەگەر ترسو شپرزەیو شەرم بەڕوخساریەوە ببینرێتو قسەکانی خۆی بیربچێتەوە، زۆر سەختە کەسێك بۆ یەکەمجار یەکبینە بەڕەوانی بۆ کۆمەڵێك خەڵکی زۆر قسەبکاتو هەموو وشەکانی بەبیربێتەوە. ڕەنگە بەبیانوی چاوگێڕان بەناو خەڵکەکەدا قسەکانی ناخی خۆی بەبیر خۆی بهێنێتەوە.

چاوێکیتری بە ناو خەڵکەکەدا گێڕایەوە، خەڵک هەر ڕوو لە زیاد بوون بوو. نیگاکانی لەسەر چەند کەسێك هەڵوێستەیانکرد،دراوسێ دوکانەکانیبوون، من هەندێکیانم دەناسی. ڕەنگە ئەوان ببینێت؟ ویستم لەپشت دووکەسەوە خۆمی پیشانبدەم، تاکو بزانم منیش دەبیننێت، بەڵام پەشیمان بوومەوەو خۆم پیشانینەدا. هەندێك لەدراوسێ دوکانەکانی ڕوخساریان گەشو کراوەبوو، بە ڕووی گەشیاندا دیار بوون پستگیری قسەکانی دەکەن. زۆربەی ئەو خەڵکانەش کە لەوێدا ڕاوەستابوون، هەردوو دەستیان لەسەر سکیان لەیەکتری ئاڵاندبوو، بەسنگێکی بەرزی خۆڕاگریو پشتگیرکردن لەوتەکانی، ڕاوەستابوون. ئەو خەڵکە تا مەزرۆی لەم جۆرە کۆ بوونەوە و قسانە بوون. پیاوە باڵا بەرزەکە لە سەرەتاوە هەر ڕاوەستا بوو، دیار بوو حەز بە گوێگرتن دەکات. زۆری خەڵکەکە هاندەریبوون کە بەردەوامبێت لە قسە کردن. دووبارە بەردەوامبوو لە قسەکردن.

خەڵکینە ئێمە بە ڕوناکی ئەو ئاگرە گۆشکراوین و زمانمان پـژاوە و بیرمان گەشەیکردووە، ئەو ئاگرەی بارەشەکان دەیانەویێت لە بەر چاومانی بخەن و ئەو تۆزە تروسکەیەی لە دەرونماندا ماوە بە فوی هەناسە ڕەشەکانیان خامۆشی بکەن. بەداخەوە ... سەد جار بەداخەوە کەس لە ئێمە ئاگرە گەورەکەی بیر نایەت. تەنها ئەوەندە نەبێت لە بیر و ناخ و دەروندا هەست بە گڕێکی بچوک دەکەین وەک دێرزەمانێک ئاشنایەکی گەورەمان بووبێت، ڕوناککەرەوەی ڕێگامان بووبێت، تەریقەتی خواناسیمان بووبێت. ئێمە هیچمان وەبیرنایەت تەنها لە کاتی بیر کردنەوە لە خودی خۆمان و مێژومان، تەنها لە ساتە خەوەکاندا، ئەو دەمەی لە ناو خەوێکی شیریندا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە کە ئاگرەکە ڕابەرمان بوو. ئاگرێکی پیرۆز دێتە خەوەکانمان، ئێمە زۆر لە مێژە تامەزرۆی ئەو خەوانەین کە ئاگرەکە خۆی بۆمان بدوێت. ئەو دەمەی کە دێتە زمان و گفتوگۆ، سەرەتای شتێکمان بۆ باسبکات، ئێمە لە ترساندا دا دەچڵەکێین، ئەو ترسەی کە هەر لە سەرەتای ڕاونانی ئاگرە گەورەکەوە خستیانە دڵمانەوە و ئاگریان لە بەر چاو خستین. لە سەرەتای خەوەکەدا، ترسەکەی کە چەکەرەی کردووە بە ناو هزر و بیر و ناخماندا بڵاوبۆتەوە لەو خەوە شیرینە دەگمەنە ڕامانـدە چڵەکێنن و ئێمە و ئاگرەکە لە یەکتر دەتۆرێنن. وەک لە ناو تاوانی خۆماندا گەوزابین لە خەو ڕادەپەڕین، وەک ورچ میز بکات بە دەموچاوماندا دەترسین و بە دەم خەوەوە ڕادەکەین. ترسەکان بێمانان، وەک ئەو چیرۆکە تورە هاتانەی چەندین ساڵە ئێمەی پێترسێنراوین کە گوایە دەڵە ورچەکان کوڕەکان دەبەن و نێرەکانیش کچەکان دەبن و دەیانشارنەوە لە ئەشکەوت و شاخەکاندا یاری بە دەعباکانیان دەکەن و دەیانلێسنەوە. لە خەوەکان ڕادەچڵەکین و ئاگرەکە لە خۆمان دەتۆرێنین وەک ئەو

ورچانــە میــز بکــەن بــە دەم و چاومانــدا لــە ترســاندا بــە ئاگادێینــەوە. ئــەو چیرۆکانــە هــەر بــە زینـدویی لــە ڕۆحمانـدا مابوونەوە. بەڵام کەسێک نەبوو بە سەرهاتێکی ئەو ورچانەی بە ڕاسـتی بینیبێـت. بـۆ گیـانی پـڕ لــە تـرس و خـۆفی ئێمــە ئــەو چیرۆکانــە دەمــاودەم و کــەســاوکەس هــەر مابوونــەوە. لــە خەوەکانیشدا بە دەم ئەو بە سەرهاتە ترسناکەوە، ڕادەچڵەکین. ئەو ورچانە پاڵەوانی داستانە کۆنـەکان بـوون. ئـەو داستانانـەی کە چەندین ساڵ بوو دەماودەم بۆمان مابوونەوە. تـەنها بوونیـان هــەر ئــەوەنـدە بـوو کــە لــە ســەر زاری پیرێژنــەکـان بـوو. ئــەو پیرێژنانــەی کــە ئاواتیـان بـوو، ڕۆژێـک لــە ڕۆژان نێـرە ورچێـک بیانفرێنێت.

پاڵەوانە ڕاستەقینەکان ورچی ناو داستانەکـان نـەبوون، ئـەو ورچانــە بــوون لــە شــێوەی گــەردەلــول و بایــەکــی ڕەش لــە بیابانەکانەوە هاتن، لە دۆڵـەکانـەوە هـاتن، لـە دۆڵـی ڕافدینـەوە هاتن... . هاتن، هـاتن، هـەتـاکو گـەشتنە سـەر چیاکـان، لـە وێوە وەک داڵێکــی دەنــوک خــواری گۆشــتخۆری چاوبرســی، هــەمــوو ماڵەکانی گوندەکانیان پشکنی. دواتر ئـەو بـارەشانە وەک دەڵـە ورچ و نێـرە ورچـەکـان ڕژانــە نـاو گونـد و کـۆڵان و ماڵــەکانــەوە. کـوڕەکانیــان بـرد و کچـەکانیـان بـرد. ئـەو کوڕانـەی کـەگونیـان هێندەی گونی نێرەورچێک دەبوو، ئـەو کچانـەی کـە مـەمکیـان لـە سێوەکان ناسکتر و لە بەهێی باخەکان بۆن خۆشتر بـوو. ئـەو کـچ و کوڕانـە هـەر خۆیـان بـە تـەنها مۆلکی یـەکتر بـوون. هـەمویـان بردن، زۆر دوریان بردن. ئەوانیان برد و خانووەکانیان ڕوخانـدن. ئەو بارەشانە لە دۆڵی ڕافدینەوە هاتن، ئەو دۆڵەی بۆ ئەوان بوو بە شانازی و بۆ ئێمە پڕ بوو لـە میز و گو کرا بـە سـەرماندا. لـە جزیرە دورەکانەوە هاتن. کوڕەکانیان خەساند، گونیان تـەقاندن. کچەکانیان تێکەڵ بە ئاهەنگە سەرمەستەکانیان دەکرد و پاش

چوونــە نــاو خــەڵــوەتــی دنیــای هــەوەس و زەوقــەوە، بــە بــاڵای کچەکانداخۆیان هەڵدەواسی و دەیانلێسانەوە، ئەو پەیامەی کە هەڵیانگرتبوو «شەڕی دنیایان پێکرد» لە ناو لەزەتی لێسانەوەدا دەتوایەوە و دەچوونە دنیایەکی ترەوە. ئەو بارەشانە دواتر لە زۆری ئەو خەڵکە بێزار دەبوون. کوڕە لاوە خەساوەکانیان لە ناو لمی بیابانەکاندا زیندە بە چاڵ دەکرد. ئەو کاروان چیانەی ساڵی جارێك لە نزیک ئەو بیابانەدا تێدەپەڕین بۆ جێگا پیرۆزەکانی ئەو مەملەکەتانە دەچوون، بە گوێکانی خۆیان گوێیان لە هاوار و گریان و قیژەی کوڕ و ژن و منداڵانی دەستی بارەشەکان دەبوو، «بیابانەکان نزیک بە مەملەکەتە پیرۆزەکان بوو» ئەو مەملەکەتانەی بۆ گەشتن بە باخەکانی سێو و بەهەیی بۆنداری خوایی، کاروانچیەکان لە هەموو لایەکەوە دەڕۆشتن و ڕویان تێدەکرد.

لــەبیابانــەکــان بــە پێچــەوانــەی نــەریتــی زوویــانکــوڕە خەساوەکانیان زیندە بە چاڵدەکرد. ئەوانزەمانی زوو ڕەوشتو نەریتیان بووتەنها «کچە کۆرپەلەکانیان» زیندە بە چاڵدەکرد. لە دوای لێسانەوەی کچە پەری و میهرەبانەکان، لە بەر زۆری ئــەو فریشــتانە، ئیتــر بــە دیــاری دەیاننــاردن بــۆ پاشــاکانی هاوسێیان، بۆ «پاشا چاوڕەشەکانیان» ئەوانیش بە لوتف و حورمەتەوە لێیان وەردەگرتن.

لە ناو چوار چێوەی ئەو کۆمەڵ و قەرەباڵەغییەدا، دەنگی هیچ نەدەبیسترا. خەڵکەکە زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان ڕاگرتبوو وەک دەمێک بێت چاوەڕوا نبن. زۆربەی ئەوانەی وەستابوون بە شێوەیەک سەریان دەلەقاند «کاتێک کە ئەو قسەی دەکرد» کە بیرەوەری و بە سەرهاتێک بێتە بەر چاویان هاوتای ڕاستی قسەکانی ئەو بن. سەر لەقاندیان نیشانەی ڕاستی قسەکانی ئەوی دەردەخست. ئەویش وەک سەرکەردەیەک بەر دەوام قسەی

دەکرد و زیاتر خۆی هاندەدا. دراوسێ دوکانەکان لە ناو خۆیاندا گفتوگۆ و مقۆمقۆیان بوو. جێگای سەرسوڕمانی ئەوان بوو کە پێشتر بە کوڕێکی بێدەنگ و هێمن دەیانناسی بەڵام ئێستا زۆر لەوە گەورەتر و زیرەکترە، جێگای خۆشحاڵی ئەوان بوو. هەندێک لەدراوسێ دوکانەکانی پەنجەی سەرکەوتن و ئافەرینیان بۆ بەرز دەکردەوە. ئەویش بەو نیشانەی پشتگرتنە زیاتر و بەر دەوام وشەی باشتری بۆ دەهات.

ئێمە هەمیشە ترساو و داچڵەکیوین. لە خەونەکانیشماندا ئاسودە نین. بە دەم خەوێکی شیرینەوە، بە دەم خەوێکی مێژویی دەگمەنەوە، ئەو ترسەی کە لە مێژە خراوەتە دڵ و دەرونمان، بە سەرماندا زاڵە و لەو خەوە بە ئاگاماندێنن و لە خەوە شیرینەکەمان دەتۆرێنن. خەوەکانمان بێ ئاکامن، بێ ئەنجامن. کاتێک بە ئاگادێینەوە، هەر لە سەر ئەو پێخەفە دێرینەین کە چەندین ساڵە هەمانە. هەر لە سەر ئەو لبادەی کە ڕاستەوخۆ لە سەر پوشە سوتاوەکان ڕاخراون. ئەو گیا و پوشانەی سەرەتای هەموو هاوینێک بارەشەکان دەیانسوتاند و ئەوەشیان پێ ڕانەدەبینین. ئەو لبادەی بە تەنها جێگا و ماڵمانبوون. ئای کە ئێمە بێ خاوەنی شتەکانمانین، ئێمە لە سەرەتاوە تالان کراوین و بێشت کراوین. ئێستاش هەر هەوڵی تالانکاریمان دەدەن. لە خەوێکی بێ ئاکام و بێ ئەنجام بە ئاگا دێینەوە کە هیچی لێحاڵینەبوین. کەسێک نیە لە بەر ترسەکەی ناو دڵمان خەوەکانی تاکو کۆتایی ببینێت ، خەوەکانیش کە دە تۆرێن جارێکی تر نایەنەوە. خەوەکانیش وەک ڕوبارەکان کە بە جێگایەکدا ڕۆشتن، ناگەڕێنەوە.

ئێمە هیچمان لە بیر نەماوە. لە گەڵ هاتنی بارەشەکانی بیابانە دورەکان ئاگر چۆڕیان کردین، بیریان شتینەوە. کێ دەتوانیت باسی مردنی ئاگرە گەورەکە بکات؟ کێ بیری دێت؟

خەوەکان کە تۆران ناگەڕێنەوە. وەک ئەو ڕوبارانەی سەر دەمی ئاگرە گەورەکە، کە بە هێمنی بە قەدپاڵی چیاکاندا و بە سەر سنگی دەشتەکاندا دەڕۆشتن، بە شەپۆل و لەنجە وردەکانیان گۆرانیان بۆ ئاگرەکە دەچڕی. ئەو ئاگرەی کە سەرچاوەی بژێویی و بونی ئەوان بوو. بە تیشکی سەوز و زەرد و سور و شینی ئاگرەکە، ڕوخساری ڕوبارەکان دەدرەوشایەوە. ئەو تیشکانەی پەیامی خوای گەورەیان هەڵگرتبوو. ئەو تیشکانەی ئاوێتەی شەپۆلەکان دەبوون، بە ڕەنگەکانیان گوڵەکانیان دەڕازاندەوە و بریقەیان بە دەشت و چیاکان دەدا و گەڵا و چرۆ و میوە هاتیان بەر بەرگی دارەکاندا دەکرد، دەستی ئەو عاشقانەی تێکەڵ بە یەکتر دەکردەوە کە لە سەر ماچ لە یەکتر تۆرابوون.

ئەی خەوە سەوزە تۆراوەکان، بۆ وەک ڕوبارەکە ڕۆشتن و ناگەڕێنەوە؟ کێ بێت ڕۆژانی زومان بیر خاتەوە؟ کە هەموومان ئاگر چۆڕکرابین، کە ڕۆحمان تەڕی تیشکە سەوزەکانی تیا نەمابێت، ئەی تروسکە ئاگرەکەی ناو ناخ و دەرونمان، بمانهێنەرەوە بیر و هۆش، بمانهێنەرەوە زمان و گۆ، ڕۆژەکانی ڕابوردومان بیر بهێنەرەوە. ئێمە هیچمان لە ڕۆژانی پێشو و کارەساتەکانی بیر نەماوە، تۆ تەنها کۆرپە ئاگرێکی ساوایت، تۆ ماندویت، توانای گێڕانەوەت نەماوە، تۆ هەوێنی ڕۆژانی داهاتویت.

پانتایی قەرەباڵەغیەکە گەورە و گەورەتر دەبوو، دەنگی دەڕابە و جامخانە شکا و کەلوپەلی کەوتوی شەقامەکان بە دەست مناڵە دەستگێڕەکانەوە، هەلەکەسەمایان بوو، هەندێک لە پیاوە بە سالاچووە خاوەن دوکانەکان، نەچوو بوونە ناو کۆمەڵەکەوە، خەریکی پاکردنەوەی دوکانە ڕوخاوەکانیان بوون، حاجیە دوکاندارەکەی سەر گۆشەکە، بە دەم جنێو دانەوە مناڵەکانی ڕاو دەناو هاواری لێدە کردن: دوور کەونەوە لێرە

سەگبابانە، بچن بۆ ناو ئەو خەڵکە و بەرۆکمان بەردەن، ئێرە سینەما نیە... . سینەماکە لەوێیە لەوێ. دوکانەکەی تەنیشت حاجی وەک حاجی لە زیان و ڕوخان و تاڵان کردن بەشی کەمتر نەبوو، ئەو هەنوکە لە ناو قەرەباڵەغیەکە گەڕا بۆوە، بە پێکەنین و تەوسەوە بە حاجی گوت: حاجی گیان خەریکی پاکردنەوەی چیت؟ ئەم فیلمە کۆتایی پێنایەت ئێمە هەر خەریکی پا کردنەوە و خۆ دروستکردنبین، بارەشەکانیش چاوەڕوان بن کەی تەواو بوین جارێکی تر کارەساتمان بە سەر بهێنن و توشی ڕوداوی وەک ئەوەی دوێنێمان بکەن. هەزار ساڵە لە سەر خاکی باوک و باپیرمان بە دەست ئەمانەوە، ئەوە ژیانمانە.

ــ چۆن ئەوە ژیانمان نابێت... . دوێنێ ئێوارە چەند تاڵان کراوین، شەو خەڵکەکە ئەوەندەی تریان تاڵان کردوین، سەیرکە دوکانەکە هیچی تیا نەماوە.

ــ حاجی گیان بۆ خۆت گێل دەکەیت، خەڵکی چی و شەوی چی. بۆ تۆ وا دەزانیت شەو تاڵانیان کردویت؟ دوێنێ ئێوارە دوای ئەو کارەساتە کەس غیرەتی ئەوەی هەبوو بێتە دەرەوە و دوکانەکەی تۆ تاڵان بکات؟ جگە لە بارەشەکان خۆیان.

ــ بڵێم چی؟ خۆشم نازانم... . لە مەراقی ئەم ژیانە و ئەم هەموو زەرەرە سەرم لێشێواوە. بەڵام بەخوا ئەم قەرەباڵەغی و فەوزایە باش نیە، هاکا پەیدا بوونەوە و وەک سەگ کەوتنەوە ئەم ناوەو قاچیان گرتینەوە.

ــ جا بۆ نەیەن، تازە ئێمە شتێک ماوە کە خەمی بۆ بخۆین و لێی بترسین؟ هەتاکەی بێدەنگ بین؟ درێژەی بێدەنگیمانە هەر لە مێژەوە هەتاکو ئێستا، کە ئەوە ژیانمانە. لەمڕۆوە ئیتر پێویست بەو کۆ بونەوەیە و قسە کردن و هوشیار بونەوەی خەڵکەکە دەکات. دوێنێ ئێوارە ئەم قەرەباڵەغیەش نەبوو، هاتن

کــەوتنــە ســەر و گــوێلاکی خــەڵــک و دوکــان و تــاڵانکردنی کەلوپەلەکان. ئەو قسانەی لەوێدا دەکرێت هەموو ڕاستین ئەو قسانەن کە چەندین ساڵە لە گەروی بێغیرەتیدا قەتیس ماونەتەوە. ئەگەر دەزانیت کێیە قسە دەکات و ئەو هەموو خەڵکە لە دەوری کۆ بۆتەوە، هەرگیز باوەڕ ناکەیت. کوڕە گەنجەکەی سەرو خۆمانە، کوڕەکەی سەید ڕەزا کە ئەو ساڵە لە دوکانەکەی خۆیدا کوشتیان، ئەو کووڕەیە قسەیان بۆ دەکات. نازانم ناوی چیە؟ ناوەکەیم بیر چۆتەوە.

ـ دەزانــم، دەزانــم... . ئــەوەی پــێش چــەنــد مانگێــک دوکانەکەیان ڕوخاند و خۆشیان گرت، بەهۆی بریندارکردنی ئەفسەری بارەشەکان، لەسەر مێزێک لە بەر دەم دوکانەکەیدا کاسپی دەکرد، دەیناسم... . ئای کوڕی فەقیر و داماو. بە خوا هەقی خۆیەتی هەر چی بکات.

لە ناو قەرەباڵەغیەکەدا، دیار نەبوو. دڵی بە زۆری خەڵکەکە خۆش بوو. هەموو خەڵکەکانیش دڵیان بە یەکتری و بە قەرەباڵەغیەکە خۆش بوو. هەندێ کەس کە ترسیان لە دڵدا بوو، لەلایەن برادەرەکانیانەوە وەڵام دەدرانەوە کە بۆ کوێ دەڕۆن ئارام بن و گوێبگرن، پێویست بە ترس و دڵەڕاوکێ ناکات، ئێمەش وەک ئەم هەموو خەڵکە. کەمێک چاوەڕەوانیکرد هەتاکو خەڵکەکە بێدەنگ بونەوە.

ڕوبارەکانیش ڕۆشتن و ناگەڕێنەوە، تاکو ڕۆژانی زومان بۆ بگێڕنەوە. هەموو هەڤاڵەکانی ئاگرە پیرۆزەکە ڕۆشتن و هەڵهاتن، شاربەدەر کران. ئەوەی کە بارەشەکان نەیاتوانی دەستی غەزەبیان بیانگاتێت، ئەستێرەکان بوون. ئەو ئەستێرانەی هەتاکو ئێستا هەر جریوەیان دێت، ئێمە ناتوانین تێیان بگەین، ئەو ئەستێرانەی کە ڕۆژانی رەشیان بە چاوی خۆیان بینی. ئەوەی کە بارەش دەستی پێنەگەشت، کچە قژ

زەردەکـە بـوو. ئـەو کچـەی بـەیانیـان پـێش چـاو هـەڵهـاتنی، بـە درێـژای شـەوگـار تاڵـەکـانی قـژی شـانـە دەکـرد ولـەگـەڵ یـەکـەم خـەندە خۆی پیشان دەدا و مژدەی رۆژێکی نوێی بە ئێمە و گوڵ و چیا و دەشت و ڕوبار زۆر بە میهرەوە پێدەبـەخشین. ئـەو کچـەی کـە ئـاگرە گـەورەکـە پـێش هـەمـوو کچـەکـانی بـووی‌و نـاوی لێنـا «خۆر». ئەو خۆرەی بۆ ئێمـە بـوو بـە سـەرچـاوەی ژیانمـان. هـەر خۆرە تاکو ئێستا مابێت و بتوانێت بـە سـەرهـاتی ڕۆژانـی زومـان بۆ باس بکات. ئاگر و دۆستەکانی هەموو ڕۆشتن و نەمان، یا خود وەک ڕوبارەکە ناگەڕێنەوە تاکو ئەو رۆژگارەمـان بـۆ بـاس بکـات. یان وەکو خۆر تۆراون، تۆراو ئـەگەر نا بۆ خۆر نادوێت بۆ هیچمان بۆ باسناکات. کێ بێت لە خۆر چاکتر و باشتر ئاگادار بێت؟ کەس وەک خـۆر نیـە. هـەر خـۆرە کچـە گـەورەی ئـاگر بـە سـەرسـەری هەمووانە بوو، وەک تا کە شاهید ئاگادار بوو.

چاوی بە ناو خەڵکەکەدا دەگێڕا. هـەر وشـەیـەک و نیگـای لـە سـەر کـەسـێک بـوو. وردە وردە خـەڵـک هـەر دەهـات. هـەنـدێک کەسیش هەبوو تـەنها چرکـەیـەک دەوەستان، تا بزانن چ باسە. پیـاوە پیرە میهرەبانـەکـە هـەر وەستا بـوو، حـەزی بـە گـوێگرتن دەکـرد. مـن نـەمـدەزانـی چ هۆیـەک لـەپشـت گـوێ گرتنـی ئـەو پیاوەوەیە. هێندە دیار بوو، کە کەسێکە زۆر بە سۆز و ویژدانـەوە گـوێ دەگریت. ئـەو ڕۆژە ئـەویش وەك بیـەوێت دواین وشـەکـانی ناخی بەکەڕەتێك هەڵبرێژێت، لەسەر زۆر بابـەت قسـەی دەکـرد. وەك مامۆستـایەك شـەو تـاکو بـەیـانی دەرسـیدادابێت. زۆرجـار باسی خەوەکانی خۆی لەگەڵ پیاوەپیرەکەدا بـۆ کردبـووم، منـیش دووراودوور ببووم بـەئاشنای. دڵنیـابووم ئـەمشـەویش ئـەو پیـاوە میـوانی خـەوی‌بـووە. بـەنیگایـەکـی چڕ لـەپیـاوەکـە وردبـووەوە کـەباسـی ویژدانـی کـرد. بۆتـاوێکی کـەم بێـدەنگییـەکـی نـامۆ

بەڕوخساریەوەبوو، وەك چووبێتەوە ناو ناخی خۆی‌و سەفەرێکی کورت بەڕابردوییەکی نزیکدا بکات. گوتم: حاڵەتێکی زۆر نامۆ سەرتاپای داگیرکردنی پێش ئەوەی باسی ویژدانبکەیت.

گوتی: بۆمن فرسەتێکی باش‌و گونجاوبوو کەگوێم لەوشەی ویژدانبوو. ڕوخساری ئەو پیاوە وشەی ویژدانی بە بیرمداهێنایەوە. بۆ دەستپێکێکی تری قسەکانم «ویژدان» خۆی هاتەوە ناو باسەکەم.

بە درێژایی مێژومان، لەدوای هاتنی بارەشەکان و هەڵهاتنی ئاگرەکە، تاکو ئێستا ئێمە نەک ژیان و ئازادیمان زەوتکراوە، بگرە خاوەنی هیچ لە موڵکدارییە سروشتیەکانی خۆمان نین کە خودا هەر میللەتە تایبەت بە خۆی پێیبەخشیوە، وەک زمان و خاک و ئەو ئازادییەی کە هەموو کەس لە گەڵ خۆیدا بۆ سەر ئەم زەمینە دەیهێنێت. جگە لەو خاوەنداریە تایبەتانەی کە لە سروشتەوە هەمانە و نەمانماوە، خاوەنی هیچ لە دەستکەوت و سامانێک نین کە هەر کەسە بە درێژایی تەمەنی خۆی لە ئەنجامی هەوڵی سەختو ماندوبووندا دەستی کەوتووە. دیمەنی ئەو هەموو کاولکاری و تاڵانکاریانەی کە ئێستا لەبەر چاوتاندایە، بەڵگەن بۆ ڕاستی قسەکانم.

ئێمە گیرۆدەی دەستی بێویژدانی ئەوانین. هەموو نەیارانی ئێمە وەک مرۆڤی خاوەن ویژدان مامەڵەیان لە گەڵدا نەکردوین. ئەوان خۆیان ویژدانیان پێ قەبوڵ نیە، دەنا ویژدان هەر هەیە و لە هەموو جێگایە کدایە. ویژدان تەنها لای ئەوان نیە. ئەوە هەر ئەوانن نایانەوێت ببینن و هەستی پێبکەن. ویژدان لە هەموو جێگایەکدا هەیە، ویژدان پڕاوپڕی ئەم گەردونەیە لە هەموو کاتێکدا لە پێش چاو لە ناو دڵ و دەرون و هۆشماندایە. لەسەر سەرمان ، لە ژووری نان خواردن و ژووری نوستن ولە ناو خەوەکانماندایە، لە سەر لوتکەی چیاکان لە ناو کڕین و فرۆشتن

و مامەڵە کردنماندایە. ڕۆژانی زووی پێش و دوای کارەساتەکان ئێمە هیچمان بیر نایەت. تەنها گرێکی سەوزی بچوک لە ناو ناخ و دەرون و هۆشماندا، جارجارە دەمانبزوێنێت کە بە ویژدانەوە دیمەن و بیرەوەریەکان بخەینە بەر چاومان. ئەو گرەی کە بوو بە سنبوڵ بۆ بوونمان لە ڕێگەی ویژدانەوە. ئەو ویژدانەی کە هانماندەدا چۆن بڕوانینە ڕوداوەکان و فێرماندەکات یەکترمان خۆشبوێت و سۆز و وەفامان بۆ هەموو دیارییەکانی سروشت هەبێت کە خودا پێیبەخشیوین. ئەو ویژدانەی هەر لە کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە، کە گەورەترە لە هەموو شتەکان. خوا ویژدانی بە دەستی خۆی بە هەموو لایەکدا وەشاند ولە ڕێگەی ویژدانەوە ڕێز و خۆشەویستی و سۆزمان بۆ هەموو شتەکان و هەستمان بە بونی خوایەک کرد، هەستمان بە پێویستی خودایەک کرد، ویژدان تەنها لای ئەوانە سەوز دەبێت، کە بە دڵی ویژدان، هۆشی پڕ لە ویژدان دەڕوانن و کار دەکەن و بیر دەکەنەوە.

هەر لە سەرەتای بونی مرۆڤەوە خوا ویژدانی بە هەموو لایەکدا بڵاو کردەوە. ویژدان چووە ناو ئاگرە گەورەکەی کە لە دەرونی ئێمە دا پێرۆز و جێگیر بوو. لە وێوە ئێمە لە هەر جێگایەکدا بین هەست بە بونی ویژدان دەکەین، ویژدان لە هەموو جێگایەکدا هەیە لە ناو تیشکە سەوزە گەرمەکانی ئاگرەکەدا، لە سەر سەر و لە بەر چاوماندا، لە دەرونماندا. لە ناو هەنسک و گریان و پێکەنیندا، لە ناو دەرونە بێگەرد و بێ خەوشەکاندا، لە ناو قوڵایی چینەکانی زەویدا تێکەڵ بە گەرد و بە خۆڵ، لە ناو دەریا قوڵەکاندا لە سەر بناری چیا بەرزەکان بەرەو ئاسمان و سەر ئەستێرەکان، لە هەموو جێگایەکدا گەر ئێمە باوەڕمان بە ویژدان هەبێت ئەویش لەو جێگایە ئامادەیە، ویژدان جوانترە لە گشت شتە جوانەکان. پاکترە لە هەموو شتە بێگەردەکان، ڕونتر لە دەنکە شەونمەکان لە ئاوی کانیلەکان،

بۆن خۆشتر لە بۆن و بەرامەی باخچەی منالان، لە هەناوی دایک. لە هەموو ئەمانە جوانتر و باشتر و پیرۆزتر... . نزیک بە هالاوی خوا.

تەنها ویژدانە بیدوێنین و توانای گێڕانەوەی کارەساتەکانی هەبێت. تەنها لە بیری ئەودا ماوە. هەر ئەویشە کە خوا ڕێگای پێداوە بە ویژدانەوە ڕوداوەکان بێنێتە بەر چاومان. ئەو ویژدانەی کە خودا پێش ناسینی خۆی ئەوی پێناساندین. ئەو ویژدانەی دواتر لە ڕێگایەوە هەستمان بە بونی خودا کرد. ئەو خودایەی کە خۆی خاوەنی ویژدانە.

ویژدان یەکێکە لە دیارییە پیرۆزەکانی خوا بۆ ئێمە، کە خودا نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کردووە و لە هەموو جێگایەکی ئەم گەردونە دایناوە، پەیامێکی پیرۆزە بۆ ئێمە. لە ڕێگای ویژدانەوە دەتوانین هەموو ڕوداوەکانی پێشو ببینین.

ئەو ویژدانەی کە لە هەموو جێگایەکدا هەیە و هەستی پێدەکەین، بەلام نابینرێت و بۆنی نیە و چێژی نیە، نەدەگیرێت نە دەستی بۆ دەبرێت نە ڕێگر و بەربەستە لە بەر چاو و لە سەر ڕێگاماندا. ڕۆژگاری زوو پێش کارەساتەکان، بە هۆی ویژدانەوە هەستمان بە پێویستی خودایەک دەکرد، خودایەک کە گەورەتر بێت لە هەموو شتەکان، خودایەک کە ڕوناکەرەوەی بەر چاوی تاریکی بێت، بیر و هۆش ببزوێنێت بۆ کاری چاک و بیری چاک و وتەی چاک. خوایەک کە پارچەیەک نور بێت.

ئەو ئاگرەی کە لە دڵ و دەرون و هۆش و ناخی ئێمە دا هەبوو زۆر پیرۆز بوو، ئاگرێک بوو سەرچاوەی بوژانەوە بوو. خوا بە پیرۆزی و گەورەیی دروستی کردبوو. نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کرد بوو. ئاگرێک بوو گەورە و تەنیا، پڕ بوو لە میهر و خۆشەویستی، بە بێ ئەوەی دڵ و دەرون بسوتێنێت، لە ناو دەرون و ناخماندا بوو. لە ڕێگەی ویژدانەوە هەست و سۆز و

هەڵسەنگاندن و تێڕوانینمان بۆ ئاگرەکە هەبوو. ئاگرێک بوو دەسکردی خودا خۆی بوو، یەکێک بوو لە دیارییە پیرۆزەکانی خودا بۆ ئێمە کە سەر چاوەی بەردەوامی ژیانمانە.

خوای بارەشەکان زۆر بێ بەها و بێ هونەر و بێ سیفات بوو. خواکەیان دەستکردی خۆیان بوون. هەر ئەو بەردا نەبوون کە کاتی سەرئاو بوونیان دەستەگواویەکانیان پێدەسرین و دواتر بتەکانیان لێدروست دەکردن و دەیانکردن بەخودای خۆیانو دەیانپەرستن.

ئێمە دەتوانین ویژدان بکەین بە دۆست و ئاشنای خۆمان، تەنها ویژدانە کە خوا ڕیگای پێداوە دەربارەی ڕۆژانی زوو، ڕۆژگاری کارەساتەکان بگێڕێتەوە، ئەگەر ئێمە بە ڕاستی و دڵسۆزی پەیرەوی یاساکانی ویژدان بکەین، ئەویش دەبێت بە پاڵپشی گەورەی ئێمە بۆ ڕێگرتن لەو بارەشانەی کە لە داهاتودا، هێرشمان بۆ دەکەن، تەماعمان تێدەکەن، خاک و ئاو و داهاتمان دەبەن، ئەگەر ئێمە بە ویژدانەوە لەو «خاکە» بڕوانین کە ئەویش یەکێکە لە شتە پیرۆزەکانی خودا بۆ ئێمە، هەرگیز ڕێگا بە بارەشەکان نادەین پێ بەسەر زام و برینەکانیدا بنێن.

نیشتمان یەکێکە لە شتە پیرۆزەکانی دەستکردی خودا، کە خوا نزیک بە چەند سیفاتێکی خۆی دروستی کردووە، وەک «ئاگرە گەورەکە، وە ک ویژدان» ئەمانە دیارییە پیرۆزەکانی خوان بۆ ئێمە. خوا بە پیرۆزی و بە ئامانەتەوە ئەم دیاریانەی بە ئێمە بەخشیوە ئێمە دەبێت بە ویژدانەوە مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین، دەبێت دڵسۆز و بە وەفا بین بەرامبەریان، دەبێت بە خۆشەویستی و میهرەوە لە دڵ و دەرونماندا وەک ئاگرە گەورەکە هەڵیانبگرین. دیارییەکانی خوا بۆ ئێمە زۆر پیرۆزن. هەر یەک لەو دیاریانە خودا نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کردوون، هەر دیارییەک چەند سیفاتێکی گەورە و پیرۆزی نزیک

بـە خـودای تێدایـە، بـەڵام هـیچ کـام لـەم دیارییـە پیرۆزانـە وەک خودا خۆی سیفاتی گەورەیـی و خوڵقێنـەری تێدا نیـە، هـەر یـەک لـەو دیارییـە پیرۆزانـە مـەرجـە سیفاتـی «یـەک»ی تێدا بێت کـە سیفاتێکی پیرۆزی و گەورەی خوایە. هەر کەس و هـەر میللـەتێک نیشـتمانێکی هـەیـە. ئـەو نیشـتمانە دیـاری خوایـە بـۆ مـرۆڤ. نیشـتمانـی ئێمـەش «یـەک» نیشـتمانـە، هـەمـوو میللـەتێک یـەک نیشتمانـی پیـرۆزی هـەیـە کـە دیـاری خودایـە، ئـەوە مرۆڤـەکـانن، داگیرکەرەکانن، مرۆڤە بێ ویژدانەکانن، خاکەکان پارچـە پارچـە دەکـەن. خـوا بـە پیرۆزییـەوە نیشـتمانی پێبـەخشـیوین، دەبێـت بیپارێزین. ویژدان دۆستی نیشتمانە، هەموو دیارییە پیرۆزەکانی خودا دۆستی یەکترن. ویژدان ڕێگا بە ئێمە نادات کە دۆستەکەی فەرامۆش بکەین. ویژدان ڕێگا نادات هێرشی بارەشەکان بۆ سـەر دۆستەکەی هەڵبکرێت.

ئـەگەر ئێمە وەک دۆست خۆمان پیشانـی ویژدان بـدەیـن، ئێمـە بە پاکی و ڕاستی ببین بە دۆستی و هەست بـە بـونی بکـەیـن لـە هەموو جێگا و لە هەموو کاتێکدا، ئەویش هـەست بـە پاکی ئێمـە دەکـات و هاوڕێیـەتـی ئێمـەی پێخـۆش دەبێـت، ئـەوەش مانـای ڕێزگرتنە لـە دیارییـەکـی پیـرۆزی خـوا، خـواش ئـەم هـەڵوێستەی ئێمەی پێخۆش دەبێت. ویـژدان وریـاترین دیارییـە بـۆ ئێمـە، ئـەو زۆر ورياترە لە دوژمنە بارەشەکان. ئەوان ناتوانن ویژدان بگـرن، ناتوانن ویژدان ببرن. تـەنها هـاوڕێی ئێمـە هـەر ویژدانـە کـە بـە هۆیەوە بگەینە ئامانجەکانمان و پەڕە سپیەکـانـی سـەر سـەنگـی هەڵبدەینەوە و ڕۆژانـی زومان بخوێنینەوە و داهـاتو لـە بـەر چـاو بگرین و نیشتمانی دۆستی بپارێزین. ئێمـە دەبێت زۆر بـە سـۆز و هەست و خۆشەویستیەوە بـڕوا نینـە دیارییـە پیـرۆزەکـانی خـوا. ئەو خوایەی کـە ئـاگرە گـەورەکـەی پـێ بـەخشـین، نیشـتمانـی پـێ

بەخشین. ئەو نیشتیمانەی بە ڕەنگێکی ئاگرین نوسراوە «ئەمە نیشتمانی ئێمەیە». دەبیت زۆر بە ئامانەتەوە بیپارێزین.

قسەکانی زۆر بە پەرۆش و دڵنیایەوە دەکرد. وەک ڕۆژانی دوای شەڕ و هاتنی ئازادی، پێنەدەچوو هیچ ترسێک لەدەرونیدا هەبێت. هەموو خەڵکەکەش بە ڕویاندا دیار بوون وەک ئەو بیریان دەکردەوە. ئەوانیش زۆر بە پەرۆشەوە گوێیان ڕاگرتبوو. هەندێکجار دەنگی بەرزتربوو، وەک «ویژدان» لە پشتی بێت، یاخود تین‌وکڵپەی ئاگرەکەی ناخی وەك هێزێکی پیرۆز پاڵپشتو قودرەتیبێت. زام و برینەکانی خاک و جێگا پێکانی بارەشەکان، دیمەنێک بوون هەمیشە لە بەر چاوی بوو، ئەشکەنجەو ئازارەکانی زیندان زامێکی بە سوێبوو کە هەرگیز بیرنەدەچوونەوە. خەڵک زۆرتر و زۆرتر دەبوون. جارجارە گوێم لەو دەنگانە دەبوو لەنزیکی من ڕاوەستابوون‌و ئەویان دەناسی. بە دەنگێکی پڕ لە شادی و خۆشی کە مانای پەسەندکردن‌و پشتگیریکردن لەقسەکانی‌بوو، دەیانگوت:«خۆ ئەوە فلان کەسە» پێمگوت، نەمدەزانی ئەو هەمو خەڵکە دەتناسن؟ تۆ دەزانی زۆر پشتگیریان دەکردیت؟ خۆشی ئەو ڕۆژە هەر بەڕوخسارییەوە دیاربوو، هەر بەو شادیە کە لەناخێکی پەرۆش‌و خۆشەویستەوە دەهاتە سەر لێو و ناو چاوەکانی، گوتی: دڵم بە زۆری و ڕوخۆشی خەڵکەکە زۆر خۆشبوو. زۆر بە حەماس و بە قەڵەوی وشەکانی «ویژدان و ئاگر و خاک»م دەگوتەوە. خۆم زۆر بە بەختیار و بە هەق دەزانی. ترسی ڕۆژانی پێشوترم نەما بوو، وەک سەرکردەیەکی ڕاستگۆ و خۆشەویست دەدوام، هەستمکرد ئەوانیش بەو خۆشەویستییە گوێیان گرتبوو. جێگام لە خەڵک بەرزتر بوو، ئەگەر نا لە ناو زۆری خەڵکەکەدا ونببوم. قەبارەی بێدەنگی لە قەبارەی خەڵک گەورەتر بوو. هەندێکجار

بەگومانەوە دەیگوت: نازانم چۆن تۆم نەبینی، خۆ یەکەیەکە چاوم بەناو خەڵکەکەدا دەگێڕا. گوتم: دڵنیابە لەوێبووم تاکو ئەو کاتەی دەنگی بارەشەکان لەبازارەکانی خوارەوە بیسترا، هەر ئەو دەمە تۆو خەڵکەکەم بەجێهێشتو بەرەوەو خوارچووم تاکو هەواڵێکم دەستبکەوێتو تۆ ئاگاداربکەمەوە، بەڵام تاکو گەڕامەوە نەتۆ لەو ناوەمابوویت،نەکەسیتر جگە لەچەند بارەشێك. نیگەرانبووم بەوەی دەسگیرکرابێتیت. بزانم چۆن بلاوەتان لێکردو لەچنگیان ڕزگارتبوو؟

هێشتا هەر بەیانی بوو، زۆربەی ئەو خەڵکانە کەوتبونە ناو بازاڕ کە حەزیان بە دۆستایەتی ویژدان و تامەزرۆی خوێندنەوەی پەڕەسپییەکانی سەر سەنگی ویژدان بوون. ئەو کەسانەی کە نیشتمان و هەموو دیارییە پیرۆزەکانی تریان خۆشەویست. هەندێ کەسانی تریش. بەیانیەکی زوو بوو، هێشتا بارەشەکان نەڕژابوونە ناو کۆچە و کۆڵان و شەقامەکانەوە. ئەمڕۆ لەوانەیە هەر سەرنەکەن بە بازاڕ دا، بۆ ئەشکەنجەو ئازاری گیانی خەڵک، بۆ فو کردن لە ئاگرە بچوکەکانی دڵ و دەرون. کەس نازانێت دێن یا خود نایەن؟ لەوانەیە ئەمڕۆ زووتریش بێن. ئەم بارەشانە کاتیان نیە بۆ هاتن، وەک بارەشەکانی زوو کە لە بیابانەکانەوە هاتن، کتوپڕ دێن.

زۆر بە پەرۆشەوە قسەم دەکرد، وەک ویژدان لە پشتم بێت ترس و دڵەڕاوکێم وەلاوە نابوو. بیرم لە هاتن و توند و تیژی با ڕەشەکان نەدەکردەوە. بە بینینی ئەو هەموو خەڵکە ئاسودە و پشت ئەستور بووم. ڕۆژێکی نوێ و چاوەڕەواننەکراو بوو. بە ڕۆژی مانگرتن و ڕاپەرین دەچوو، بە ڕۆژی سەرەتای دەرکەوتنی ئازادی دەچوو. هەستم دەکرد ڕەنگم گۆڕاوە و دەمارەکانی ملم ڕەق هەستاون، چاوەکانم زیاد لە پێویستی ئاسایی کرا بوونەوە. زۆر ئاسودە بووم.

خۆش خۆش قسەم دەکرد. لەوانەیە زۆر هەڵەشم لە کاتی قسە کردندا بووبێت بەڵام من خۆم بێئاگا بووم، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئای مامۆستا لە کونێکەوە چاوت لێمبێت و گوێت لە قسەکانم بێت، لەگەڵ هەموو هەڵەیەکدا، چاوێکم لێدابگریت. نەمدەزانی لەناو خەڵکەکەدا خۆتم لێدەشاریتەوە. هەر تۆ ڕاستت کرد، «زیندان قوتابخانە» بوو.

من بەردەوامبووم تاکو بارەشەکان گەیشتنە ناو گوزەرەکە، ڕەنگە ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە توانای قسەکردنم هەبوایە ئەگەر ئەوان ڕێگرنەبونایەو پەیدانەبونایە.

وەک لە سەرەتادا گوتم: هیچ کارێک و زیان و تووند و تیژییەک نامترسێنێت و سەرم پێ لەق ناکات و ناتوانێت ڕێگام لێبگرێت، ئەگەر زیاتریش کارەساتم بە سەر بێت. تەختەکان هەر دەکەمەوە بە مێز و بە دوای چارەسەرێکدا دەگەڕێم، دانانیشم دەستم بە کڵاوەکەمەوە بێت، ئەم قسانەم دەکەم بە پیشەی هەموو ڕۆژێکم، هەر ڕۆژەی لە جێگایەک.

خەڵکەکە ئەم ڕستەیەیان زۆر پیخۆش بوو. دڵنیا بوون کە قسەکانم ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە. هەموو پێکەوە بە دەنگێکی زۆر گەورە هاواریانکرد.... هەر بژیت...هەر بژیت، ڕەحمەت لەو شیرەت بێت، بە قوربانی ئەو غیرەتە بم. لە دەوری ئەو هینەی باوکت بین کە کوڕی وای خستۆتەوە.

هاواری ئەوان هاندەرمبوون، لە ناو هاوار و دەنگی خەڵکەکەدا منیش زیاتر دەنگ لێهەڵبڕی...

ئێمە دەبێت پشتیوانی یەکبین، بە یەک دەنگ، بە یەک هەڵوێست، بە یەک هێز و بۆ یەک مەبەست کار بکەین. هەموو باش بزانن، بارەشەکان دوژمنی هەموومانن، دوژمنی هەموو کەسێکن کە لە سەر ئەم خاکە دەژی دوژمنی هەموو ئەو کەسانەن کە ئەم خاکە نیشتمانیانە.

چەند کوڕێکی لاو قسەکانیان پێبڕیم و هاواریان دەکرد.
بە قوربانی ئەم نیشتمانە بین... فیدای ئەم خاکەبین.
گوتم، ئاگاداری هەموو ئەو قسانەبووم، تەنانەت سەری خۆشحاڵیت بۆ لەقاندن و دووبارە بەردەوامبوویت.

هەر کەسێک خۆی بە خاوەنی ئەم نیشتمانە بزانێت، هەر کەس ویژدان و ئاگر و دیارییە پیرۆزەکانی تری خودای لەلا گەورە و پیرۆزە، دەبێت خۆشی بە بەرپرسیاری ئەو ئامانەتانەی خودا بزانێت. بارەشەکان دوژمنی هەموومانن، ئێمە هەموو چەند دیارییەکی پیرۆزی هاوبەش پێکەوە دەمانبەستێت و کۆمان ئەکاتەوە، لەبەر ئەوە بارەشەکان دوژمنی هەموومانن. ئەوان جیاوازی لە نێوان ئێمەدا ناکەن، بە یەک چاو بۆ ئێمە دەڕوانن، ئەویش ئەوەیە دیارییەکانی خودا «خاک»، «ئازادی» بە ئێمە ڕەوا نابینن. لە سەر ئێمە پێویستە ئێمەش بە یەک دەست و مەبەست و نیاز ئیش بۆ پاراستنی ئەو دیارییە پیرۆزانە بکەین! وەک لە سەرەتا دا گوتم... هەر کەس خۆی دورە بە ڕێز بگرێت، وا بیر کاتەوە کارە خراپەکان بە سەر ئەودا نەهاتووە، ئەو کەسە لە ڕاستی هەڵدێت و خۆی گێل دەکات. بارەشەکان جیاوازی ناکەن لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی کە «یەک» نیشتمان کۆیان دەکاتەوە، ئەویش ئەم خاکەیە.

بارەشەکان سەرەتا لە کەسێک یان چەند کەسێکەوە دەست بە کاری خراپە و وێرانکاری و توند و تیژی دەکەن. سەرەتا مەبەستیان نیە هەر کەسێک بێت، گرنگ ئیشەکەیانە و کەسێک بێت لەم دەڤەرە ولەسەر ئەم خاکە بێت. ئەوان چاوەڕوانی کاردانەوە دەکەن، کە زانیان خەڵکەکە بێدەنگ و بێ هەڵوێستە، درێژە بە ئەنجامدانی بەرنامەکانیان دەدەن.

ئای چ نیازێکی خراپ و گڵاویان هەیە، ئای چیمان پێدەکەن، دەیانەوێت لە کار و کاسپیشمان بکەن و ڕەش و ڕوت بین، هیچ بە ئێمە لە سەر خاکی خۆمان بەڕەوا نابینن. دەیانەوێت و مەبەستیانە لە پێناوی بژێوی ژیاندا ناچار بین «دژ بە خۆمان» دوای خواست و ئارەزو و مەبەستی ئەوان بکەوین، دەیانەوێت خۆشەویستی خودامان لە دڵدا نەمێنێت و نەبین بە هاوڕێی ویژدان و ئاگرمان لە بەر چاو بکەوێت و دڵی ئەم خاکە زامدارەمان لێبڕەنجێت.

هێشتا هەر بەیانی بوو، بەڵام درەنگتر. خۆر زیاتر چاوەکانی بە ڕوی شاردا کرا بۆوە، جیاوازی ئەم بەیانییە لە گەڵ بەیانییەکانی تردا بە ئاشکرا بە دیدە کرا. لە ناو خەڵکەکە دا جم و جۆڵ و دەنگە دەنگ دروست بوو. دەنگی بارەشەکان و گیڤەی «با» لە دوورەوە دەهاتە بەر گوێ. دەنگە دەنگەکان لە بازارەکانی خواروتر بوون. خەڵک لە دەنگی بارەشەکان ڕاهاتبوون، بەڵام لە ئازار و دەستدرێژێکانیان ڕانەهاتبوون. ئەو گیڤە و دەنگە دەنگە زۆر بە سوێ بوو، دەچووە ناو زامەکانەوە. وەک پیشەی هەمیشەییان بارەشەکان بەیانیان دەچوونە قوتابخانەکانەوە، لە ناو ڕیزی قوتابیانی ناو گۆرەپانەکان، یەک بە یەک چاویان لە منداڵەکان مۆڕ دەکردەوە، چاوەکانیان ترسناک و تۆقێنەر بوو، زەق و دەرپەڕیو بوو، تاریک و بێتروسکە بوو. حەزیان بە ڕەنگی چاوە گەشە پڕشنگدارەکانی منداڵەکان نەدەکرد. چاوی منداڵەکان وەک چاوی چۆلەکەکانی بەهەشت ڕەنگاوڕەنگ بوون، بریسکەدار بوون. ئەو بریسکانە دواجار دەبن بە ئاگرێکی پیرۆزی پڕ لە میهر، پیرۆز وەک ویژدان. ویژدانێک نزیک بە سیفاتی خوا، لە هالاوی خواوە هەڵقولابیت. ئەو خوایەی نیشتمانی پێبەخشین، ئەو نیشتمانەی کە خوا نزیک بە

سیفاتی خۆی دروستیکرد و بە دیاری بە ئێمەی بەخشی، ئێمەش دەبێت وەک ئامانەتێکی پیرۆز و گەورە بیپارێزین.

ئەو بارەشانە هەموو بەیانیەک لە قوتابخانەکان بە چاوە پڕ لە قینەکانیان منداڵەکانیان بە دڵێکی پڕ لە بوغز و قین بە سەر دەکردەوە. دەنگەدەنگ و ڕق و قینیان دەخستە نێوان منداڵە دەرون بێگەردەکانەوە، دوای خوێندنەوەی وتارە پڕ لە درۆ و دەلەسە و بێ سەروبەرەکانیان، چاوەڕوانی ستایش و چەپڵەی منداڵەکان بوون، دواجار لە یەک چرکەدا دەیانچرپاند بە گوێی مامۆستاکاندا «چرپەیەک و هەزار دا خورپان»، بە خیرایی قوتابخانەکانیان جێ دەهێشت. لەگەڵ دەرچونیان لە ناو قوتابخانەکە دا، دەنگی ئاهێکی بە حەسرەتی تێکڕای مامۆستا و قوتابیەکان دەهات. بارەشەکان پێش هاتنیان بۆ قوتابخانەکان، سەردانی مزگەوتەکانیان دەکرد. بە دەستی پیس و گڵاو دەچوونە هۆڵە پیرۆزەکانەوە، چاوەکانیان لە ئەهلی مزگەوتەکان مۆڕ دەکردەوە و هەوڵی دودڵی و بێ ڕەحمی و خوا نەناسیان لە ناو دەرونی خەڵکەکە دەدا.

دوای قوتابخانەکان بە خێرای بەرەو بازارەکانی ناو شار دەڕۆشتن. ڕویان دەکردە شوێنە قەرەباڵەغەکان و جێگای کاسپکاران. لە هەموو شوێنێکەوە دەهاتن، لە سەربانی ماڵەکانەوە، لە کۆڵانەکانەوە، لە ناو کونی زێرابەکانەوە دەهاتن و ڕویان لە بازار دەکرد. لە نزیک دەروازەی بازارەوە هەموو بارەشەکان بە یەکتر دەگەشتن و لەشێوەی گەردەلولێکی ڕەشدا، وەک گورزە بایەکی ئەستوری ڕەش دەچوونە ناو خەڵکەوە، دەگەڕان تەختە و مێزەکانیان دەشکاند و کەلوپەلی سەر ڕەفەی ناو دوکانەکانیان دەڕوخاند. جل و بەرگی ژنانەیان لە ناو ڕق و کینەی کێژاوی گەردەلولەکانیاندا بە ئاسماندا بڵاودەکردەوە. گوێچکەی خەڵکیان دەتەزاند، گیڤەی «با» گوێی کەڕ دەکرد.

تاڵە تیژ و باریکەکانی بارەشەکان، دەچونە کونە لوتەکانەوە، بۆ ناوسییەکان دەچون دەگەڕان بە ناو دەروندا، چاوێکیان دەکرد بە چوار چاو، بۆ ئاگرە بچوکەکانی ناو ناخ و دەرون دەگەڕان، بۆ ویژدان دەگەڕان، بۆیان نەدەدۆزرایەوە. بە تورەییەوە دەهاتنە دەرەوە، جارێکی تر لە ڕێگای کونە گوێکانەوە دەچونە ناو هۆش و بیرەوە، دەخزانە ناو کۆلانەکانی مێشکەوە، هەوڵیاندەدا بیر کردنەوە و سۆز و وەفا بۆ دیارییە پیرۆزەکان بشێوێنن خۆشەویستی بسڕنەوە، هاورێکانیان بە شەڕ دەدا، شەقیان لە عەرزەکە دەدا، میهری خاکەکەیان بێ حورمەت دەکردلە بەر چاو و لە ناو دڵماندا. ماچی سەر لێوی دڵدارەکانیان لە یەکتر دەتۆراند و حەرام دەکرد. دوو بەرەکیان دەخستە ناو منداڵە دەستگێڕەکانی ناو بازاڕ.

دەنگی هەرا و هوریای بارەشەکان و گیڤە گیڤیان نزیکتر دەبۆوە، دەنگی شکاندنی دوکان و جامخانە و کەلوپەلەکان زۆر نزیک بوو. دەنگی بارەشەکان دەگەشتە گوێی خەڵکەکە. جم و جۆڵ و مقۆمقۆ وردە وردە کەوتە ناو ئەو خەڵکەی کە کۆ ببوونەوە. تاکە تاکە خەڵک دوور دەکەوتنەوە. دەنگی ورتە و بۆڵە بڵاو بۆوە. کەس لە کەس نەدەگەشت، بەڵام خەڵک ئاسایی هەستیان بە مەترسی دەکرد.

دوو برا دوکاندارەکەی گۆشەی بازاڕەکە، بوو بە هەرا و دەنگە دەنگیان. زۆر لە مێژ بوو ئەم دوو برایە لەیەک دوکاندا بە بێگرفت کاریاندەکرد، ئارام و ئاسودە بوون. پێش دروست بوونی هەرا و دەنگە دەنگەکەیان، بارەشێک لە شێوەی جادوگەر دا، خۆی کرد بوو بە ناو دوکانەکەیاندا. ئەو ئافرەتەی بە چاوی خۆی بارەشەکەی بینی کە چووە ناو دوکانەکەوە، ڕەنگی تێکچو، ترسی لێنیشتو پەشۆکا، زەرد هەڵگەڕا. ئەو ژنە حەزینەدەکرد کە بارەشی بینیوە چۆتە ناو دوکانی دوو براکەوە. بارەشەکان لە

کاتی گەڕاندا چاوێکیان دەکرد بە چوار چاو. ئەو با ڕەشەی کە چووە ناو دوکانەکەوە و دوو براکەی بە شەڕدا و ناکۆکی خستە نێوانیان و هاتە دەرەوە، بارەش هەستی کرد کاتی چوونەژوورەوە بۆ ناو دوکانەکە، ئافرەتە عابا بە سەرەکە لە ناو دووکانەکەدا ئەوی بینیوە، زۆر تورە بوو، غەزەب چووە چاوەکانی، هێندەی تر خۆی گیڤ کردەوە و چاوەکانی دەرپۆقین. بە خێرایی وەک گێژەڵوکەیەکی نەگبەت و نەسرەوت و ماخۆلان بەرەو لای ئافرەتەکە چوو. خۆی لە بالای ئافرەتەکەوە ئالاند، بێشەرمانە عاباکەی سەری لولدا بە ئاسماندا، بە مەبەستی سوکایەتی پێکردن. عاباکە چوو بە ئاسماندا، ئەو عابایەی کە بارەشەکان زوو لە بیابانەکانەوە لە گەڵ خۆیان تاکە دیاری دەستیان بوو بۆیان هێنابن. عاباکە وەک کۆلارەیەکی ڕەش لە ئاسمانی شارەکەدا دەفڕی و سەمایدەکرد. وەک باڵندەیەکی ئاوارەی بێلانە و پەنا بەرەو خوارووی بازارکە فڕی. نزم بۆوە هەتاکو گەشتە کۆمەڵە خەڵکەکە. ئەو خەڵکەی لە وێبوون عاباکەیان بینی بە ئاسمانەوە، هەموو تێگەشتن. لای ئەوان ڕوداوێکی نوێ نەبوو، پێشتر لەم جۆرە فیلمەیان بینی بوو.

لە گەڵ نزیکبونەوەی عاباکە، دەنگی بارەشەکان زیاتر و نزیکتر دەبۆوە. وردە وردە خەڵکەکە دەرۆشتن و بڵاوەیان پێدەکرد، دوا جار کەس لەو جێگایەدا نەما، تەنها من وەک کۆڵەکەیەک لە سەر ڕێگاکەدا ڕاوەستا بووم. پارچە تەختەکانی مێزە شکاوەکە و کەلوپەلە بێکەڵکە ڕژاوەکانی سەر شۆستە و شەقامەکە وەک دیمەنێکی تراژیدیای بەیانی ئەو شارە دەهاتە بەر چاو. با ڕەشەکە بە خێرای گەشتە ئەو جێگایەو بەرامبەر ڕاوەستا. بە چاوە تاریکە بێتروسکەکانی سەیرێکی تەختە و کەلوپەلەکان و سەیرێکی منیشی کرد. بەو بەیانیە پڕ لە بەرائەتە، بەو ڕۆژە کۆرپەلە نوێیە، غەزەب و قین و ڕق لە ناو

چـاوەکانیـدا دەبـاری. منـیش وەک هـەمـوو خـەڵکـەکـە لـە چـاوە ترسناکە بێویژدانە دڕندەییەکەی تێگەشتم.

هێشتا هەر بەیانیەکی زوو بوو، هێشتا هەر سەرەتای ڕۆژێکی نوێ بوو، پارچە تەختەکان و کەلوپەلـە ڕژاوەکـانی سـەر شۆسـتە و شەقامەکەم کۆ کردنەوە و بەرەو ماڵەوە ڕۆشتمەوە...

## 2

هەر لە منداڵییەوە توشی گومان و ڕاڕایی ببوو بەرامبەر بەو هەموو پرسیارانەی کە مێشکیان تەنیبوو. کۆمەڵێک پرسیاری بێوەڵام بە درێژایی تەمەنی لە یاد و بیردا مابونەوە. هەر کاتێکیش بیویستایە پرسیارێک بکات، دایکی بیر دەکەوتەوە، دیمەنی ئەو ڕۆژەی منداڵی دەهاتەوە یاد. لە گوتنی پرسیارێک چەند جارێک پەشیمان دەبۆوە، هەر زۆر گرنگ بوایە دوا جار تین و غیرەتی دەخستە بەرخۆیو دەستی بەلا ڕومەتی چەپیەوە دەگرت و پرسیارەکەی دەکرد.

بە گومان بوو لە پرسیار کردن، دواجار لە وەڵامدانەوەش. هەتا ئەو کاتەی نەگیرا بوو، وا هەستی دەکرد، دەبێت تەنها دەستبگرێت بەلاڕومەتی چەپیەوە، کاتی پرسیار کردن. هەرکات ناچار بوایە بۆ کردنی پرسیارێک، ڕقی لە منداڵی و لە دایکی دەبۆوە، ڕقی لە هەموو شتەکان و گەردونیش دەبۆوە، ڕقی لە خوا دەبۆوە.

پرسیارێک لە مێشکی هەموماندا قەتیس ماوە، وەک گرێ کوێرە کەس بۆیناکرێتەوە، کەس ناوێرێت ئەو پرسیارە لەویتر بکات. کەسیش وەڵام ناداتەوە. کێ دەوێرێت پرسیار بکات؟ کێ ڕومەتی خۆی دەخاتە بەردەم زللەیەکی بێ ڕەحم و بێ پاساو؟

لەپاش ئازادبوونمان لەزیندان بووین بە دووهاوڕێی نزیکی یەکتری. هەمیشە بەسەرهاتی پێشوی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. ئەو ڕوداوەی منداڵی نێوان خۆیو دایکی هەرگیز بیرنەدەچووەوە تاکو ئەو ڕۆژەی دەسگیرکراو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردبوو، دیاردەیەك بوو هەمیشە لەگەڵیدا ژیابوو. ڕۆژێك واهەستمدەکرد بەدەم ئازاری ئەشکەنجەوە وڕێنەدەکات...

ئای خوایە لە سەر تۆ چ زللەیەکی بە هێزم خوارد. ئێستا بیر دەکەمەوە، دەستی ئافرەت هێندە قورس و بە هێزە؟.. نانا دەستی ئافرەت نەرم و میهرەبانن، زللەکانیشیان بە بی ئێش و ئازارە، بە تایبەتی دەستی دایک. من خۆم بچوک و بێ توانا و بێ هێز بووم، بە کەمترین لێدان ئازارم دەگەشت، یا خود لەوانەیە دایکم زۆر بە هێز و حیرسەوە لێیدابم. لەو بڕوایەدام خواش پێیخۆش نەبوو بەو جۆرە لە منداڵێک بدرێت.

ئازارو زامی ئەشکەنجەدان بێئاراموماندوویکردبوو، جگە لەدڵدانەوە حەزمنەدەکرد بەپرسیارکردن بچمەناو ژیانیەوە. هێدیهێدی دەبووینبەهاوڕێو ئازارو کێشەکانی ناخی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. ژورەتەسكوتەنگەکەی زیندانیش، ئەوەندەیتر لەیەکتری نزیکردبووینەوە، وەختەبوو بەبێ درکاندنی نهێنیەکانی دەرونی، خۆم هەستم بەهەموو ئازارو ئەندێشەکانی دەکرد. هەرئەورۆژە پێمگوت: ئارامبگرە، هەموو زامەکانت سارێژدەبنو ئازارەکانت بیردەچێتەوە. بەڵام من ئەو دەمە تێنەدەگەیشتم بۆچی دەیەوێت ڕوداوەکانی یەکەم لێکۆڵینەوەی لەپاش گرتنی، تێکەڵ بەبەسەرهاتو چیرۆکی منداڵی خۆیدەکات. لەسەرەتادا وامدەزانی بەدەم ئازارو وڕێنەکردنەوە ڕوداوێکی سەردەمی منداڵی بەبیر خۆی دەهێنێتەوە. هێدیهێدی لەئاوێتەبوونی ڕوداوەکانی ئەو دوو زەمەنە جیاوازە حاڵیبووم کە باسی یەکەم لێکۆڵینەوەی خۆی بۆ کردم لەگەڵ جەللادەکانی زیندان‌دا.

لەبەردەم ئەفسەری لێکۆڵەرەوەکەدا بەبێ ورتە هەر وەستا بووم، وەڵامی پرسیارەکانیم نەدەدایەوە، هەر چەندە سەرەتا گوتم: ئاگاداری هیچ نیم، لەناو دوکانەکەی خۆمدا منتان گرتووە. بەڵام ئەم جۆرە قسانە لای ئەوان، نە کەس گوێت لێدەگریت، نە

پولێکی قەڵبدەکات. کابرایەکی زلەی دەم پیسی ڕەزا تاڵ بوو، هەنگاوێک هاتە پێشەوە،

ها، کەرام باو گاو، ناتەوێت وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە، دەستت بە لای ڕومەتی چەپتەوە گرتووە، دیارە خۆت بۆ زللەیەک ئامادە کردووە. وشەکەی کۆتایی هێشتا هەر لە سەر لچە ئەستورەکانی بوو، بە دەستی «چەپ» بە هەموو هێزی زللەیەکی لە لای ڕاستم دا. پڕ بە ژورەکە پێدەکەنی، بە قەشمەرییەوە دەیگوت: قەحبە باب کە ئەوەندە گێلی بۆ خۆت لە پیاو کوشتن هەڵدە قورتێنیت. من «چەپەم... چەپەم».

چاوەکانم پڕ ببوون لە ئاو، لا ڕومەتەم سور هەڵگەڕا بوو، من هەڵبەتە خۆمم نەدەبینی، بەڵام دەمو چاوم گەرم ببوو، دەمزانی کە لای ڕاستی دەموچاوم سور بۆتەوە. ئازارێکی زۆر چووبووە ناو مێشک و سەرمەوە، دانەکان و کەپوشم ژانی دەکرد هێندەی نەمابوو خوێن لە سەر ڕومەتم فیچقە بکات. لە تاوی ئازار و ژاندا بە دەستم لاڕومەتم هەڵدەگڵۆفی، بە خێرای بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە دەستم بە سەردا دەهێنا. من لە ناو ئازار و ژاندا دەژیام و چاوەکانم بە هەر دوو لادا فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارەوە، کە زۆر بێهێز و لاواز بووم ئەویش بێوچان پێدەکەنی و قسەی ناشیرینی پێدەگوتم، هەرچی وشەی پیسە لە دەمی دەهاتە دەرەوە، تفی بەڕومدادەکرد

_ سەگباب سەد هەتیوی وەک تۆمان تەپاندووە، تازە بە تازە دەتەوێت بە بێدەنگی و وەڵام نەدانەوە، هەڵمانخەڵەتێنیت و خۆت ڕزگار بکەیت؟ ڕزگار بونت نیە... ئەوە پێت دەڵێم، ئێرە دەبێت بە گۆڕت، گو بە گۆڕی ئازداد و ئاباوت. ڕزگار بونت بە دەستی خۆتە، بەوەی یارمەتیمان بدەیت و ڕاستیمان لەگەڵدا بڵێیت.

من هەر خەرێکی گەرمکردنەوە و هەڵگلۆفینی لاڕومەتی ڕاستم بووم، لە تاو ئازار توانای گوێگرتنیشم نەبوو. بە بێدەنگیم زۆر پەست دەبوو، هەر بەر دەوام بوو لە جنێو دان و تف کردن. هەتاکو توانی بە هەموو هێزی کە لە ناخی پڕ لە قینەوە بوو بە دەستی ڕاستی زللەیەکی لە لا چەپم دا. بە لا دا کەوتم، بەرچاوم تاریک بوو. ئازار و ئێش و ژانی زللەکەی پێشوتر نەبڕابۆوە ئازاری ئەم زللەیەی تریشی هاتە سەر. لە عەرزەکەدا کەوتبووم، ئەویش لە ناو پێکەنینی خۆیدا، کوڵ بوو. بە پێکەنینەکەی هێندەی تر ناخم ئازار دەدرا، چاوەکانم وەختە بوو بتەقن و بێنە دەرەوە، هەستم بە بێزاری دەکرد. ئەو تفی لە من دەکرد و منیش تفم لەم دنیا و ژیانەی خۆم دەکرد. قەستم بوو هەموو دنیا لە بەر قاچمدا ببێت بە تۆپێکی بچوک و میزی پێدا بکەم، تەڕ و وشک پێکەوە میزاوی بکەم، پیس و پاک پێکەوە تێکەڵ بکەم. بیری منداڵیم کەوتەوە، لە ناو ئازار و بێزاری و بەر چاو ڕەشبووندا، بیری زللەکەی دایکم کەوتەوە، هەستم بە نەرمی دەستەکانی دایکم دەکرد. بەڵام هەر بە گومان بووم لە پرسیارەکان، لە دایکم و لە هەموو شتەکانی ئەم گەردونە.

پڕ بە ژورەکە پێدەکەنی و قاقای بەرز دەبۆوە، لە پڕ پێکەنین دەوەستا، جارێکی تر چاوەکانی زەقدە کردەوە و ڕەنگی هێندەی تر رەش و بۆر دەبوو. جاربەجار جنێوی سوکتر و تازەتری دەدا. سەرم سوڕ ما بوو! چۆن فێری ئەم هەموو جنێوانە بووە. ئەوان زۆر شارەزا و کارامە بوون، لە جنێو دان و لێدان و ئازاردانی مرۆڤ، لە شێوەی زللەلێدان بەدەستی ڕاست و چەپ.

لە دوای ئازاد کردنیشم لە زیندان، وەک منداڵی کە کرد بووم بە پیشە، خەوم بۆ دایکم نەدەگێڕایەوە، هەندێك جار ناچار دەبووم کە خەو بگێڕمەوە، ئەویش زۆر گرنگیم پێ نەدەدا. بە

تایبەتی ئەو خەوانەی کە پێویستی بە پرسیار کردن بوو، هەرگیز نەمدەگێڕانەوە. هەر لە خەیاڵی خەوەکەدا بووم. ویستم پرسیار لە دایکم بکەم، بەلام نەمتوانی. هەر لە منداڵییەوە بریارم دابوو، چیتر پرسیاری لێنەکەم. چۆن بتوانم پرسیار بکەم کە من هەر لە منداڵیەوە لە پرسیار کردن ترسا بم. ئەو شەوە هەر زوو بەرە بەیان لە خەو هەڵسام. زۆر گرنگیم بە خەو نەدابوو، بۆیە لێکدانەوە و خوێندنەوەم بۆ خەو باش نەبوو.

خەوی ئەمشەو خەوێکی ئاسایی نەبوو، پێشتر هەرگیز لەو جۆرە خەوەم نەدیبوو. بەرێکەوت ئەو پیاوە نەهاتۆتە خەوم. ئەوە کێبوبێت؟ لە ژیانمدا کەسێکی وەک ئەوم نەناسیوە و نەبینیوە. چۆن بزانم ئەمە کێیە؟ باوکم بوو؟ نەء، کاتێک باوکم مردووە ئەوەندە پیر نەبووە، بلێی ئەو کەسانەی دەمرن بەردەوام پیر ببن؟ باوەڕ ناکەم... ئەگەر وا بێت مرۆڤە کۆنەکان کە زۆر لە مێژە مردون، ئێستا ئەوەندە پیرن هەر عەقڵ نەیبڕێت.

پیاوێکی چەندە قسەزان و ڕۆ خۆش بوو، چەند لە سەر خۆ بوو. ڕیش و سمێڵی سپی هەر لە لۆکە دەچوو. زۆر نەرم دیار بوو. حەزم دەکرد دەست بەڕیشیدا بهێنم. چاوەکانی سەوز و گەش، لێوەکانی تەڕ وئاڵ، دەتگوت کوڕێکی چواردە ساڵە. کە قسەی بۆ دەکردم ددانەکانی سپی بە وێنەی وردە بەردی سپی جوان دەچوو... . نازانم چۆن یەکترمان بینی و ئەو جێگایە کوێ بوو بە یەکتر گەشتین؟ چەند جێگایەکی خۆش و دڵگیر بوو. گردێکی بەرز بوو چوار دەوری هەموو دار و درەخت و نەمام و سەرو بوو، هەتاکو چاو بڕیکردایە سەوزایی بوو. گردێکی بەرز بوو، دەیڕوانی بە سەر شارەکەدا. من سەیری شارەکەم نەدەکرد، هەتاکو بزانم شارەکەی خۆمانە، هەر سەیری چاوەکانی ئەوم دەکرد و گوێم لە وتە شیرینەکانی ڕاگرتبوو. یەکەم جار بوو کە

ببینم، نەدەمناسی، نەدەمزانی کێیە و ناوی چیە؟ ئەو بە ناوی خۆمەوە بانگی دەکردم. لەوانەیە خزمی باوکم یان دایکم بێت؟ ئابیرم کەوتەوە باپیرم بوو، باوە گەورەم بوو... . ئێستا زانیم ئەوە، هەر خۆی بوو. پێویست ناکات ئەو پرسیارەش لە دایکم بکەم. چەندە پیاوێکی پاک و تەمیز و لە سەر خۆ و زمان شیرین بوو. زۆر پیر و بە تەمەن بوو، بەلام کاتی قسە کردن وەک کورێکی گەنج دەدوا و وشەکانی زۆر بە جوانی ریز دەکرد. بە باشی دانی بە وتەکاندا دەنا، بە ئاسانی تێدەگەشتم. هەر سەیری دەموچاو و ددان و ریشیم دەکرد. ئەوە باوە گەورەم بوو، بۆیە ئەوەندە سۆزی بۆم هەبوو. پیاویکی زۆر نورانی بوو، هەر لە گرێکی پیرۆز دەچوو. سەرەتا قسەکانی زۆر ئاسایی بوو. ویستم بپرسم تەمەنی چەندە؟ بەلام پەشیمان بوومەوە. زەردە خەنەیەک گرتی، گوتی: بۆچی ناپرسیت و پەشیمان بویتەوە؟ بەلام جارێ کارت بە تەمەنی منەوە نەبیت. من زۆر پیرم، زۆر کۆنم، کەسێکی سەدەکانی پێشوم. هەستم بە لەرزین کرد، ترس دایگرتم. ترس و خۆف بە رومەوە دیار بوو.

گوتی: مەترسە... . من پیاوێکی چاکم، وەک کەسی تۆم، وەک باوە گەورەی تۆم... .

دانیشتبوم و خەیاڵ و بیرم هەر لە لای خەوەکە و پیاوە پیرەکە و قسەکانی بوو. توانا و تاقەتم نەبوو، لەناو جێگاکە بێمە دەرەوە. نەمدەزانی کاتژمێر چەندە، بیرم لای ئەوەش نەبوو کە سەیری کاتژمێری دیوارەکە بکەم، دیار بوو دوور لە ئاگای خۆم لە ناخ و دەرونمدا پێویستم بەوە نەبووە، بزانم کاتژمێر چەندە. دایکم هاتە ژورەوە.

_ ئەوە چیتە رۆڵە... دەڵێی برسیت نیە؟ سێ جار بانگم کردی، وەلام نادەیتەوە.

_ ببورە دایە گیان، هەر ئێستا دێم. گوێم لێنەبوو.

هەر کە دایکم چووە دەرەوە، بە دەست خۆم نەبوو، هەر نەشمزانی چۆن کەوتمەوە ناو خەیاڵی خەوەکەوە. خەوی ئەمشەو ئاسایی نەبوو، نەمدەتوانی بە ئاسانی لێی دەرباز بم و گوێی پێنەدەم. ئارەزوم بوو بە دڵنیاییەوە بزانم کێیە؟ زانیم کە باوە گەورەشم نیە. ئەو گوتی: من زۆر کۆنم. وەک کەسی تۆم، مەترسە. مانای باپیرم نیە و کەسم نیە. ئای خوایە گیان بۆ نابێت ڕۆژێک ئاسودە بین؟ ئەمڕۆ هەر لە بەیانیەوە سەر و دڵم گیراوە، هێشتا بۆ ناو بازاڕیش نەچووم، قاوقیڕەی ناو گوزەر و مشتەریەکانیش ماوە. نا، خەوێکی ئاسایی نەبوو، هەرگیز خەوی بەو جۆرەم نەدیوە. هەندێک جار خەوەکان زۆر ئاڵۆز و پێچەوانەن، ئەو کەسانەی کە بینیوتن هەرگیز لە ژیانی ڕاستیدا نەودیون. بە هەرحاڵ بچم نان و چاکەم بخۆم.

چووەمە ژورەوە بۆ نان و چا خواردن، بیری دەست و دەموچاو شوشتنیشم نەبوو ، خەیاڵم هەر لەلای خەوەکە بوو، دایکم پێشتر چایەکی بۆ تێکردبووم. لە بەر چاوی دایکمدا هەنگاوەکانی ئەم بەیانییەم جیاوازتر بوو، گەلێک هێواشتر هەنگاوم دەنا. هەتاکو دانیشتم سەیری قەد و باڵای دەکردم. بۆ یەکەمجار بەیانی باشم لەدایکم کرد. هەستی بە نائاسایی من دەکرد، زانی کە دەموچاویشم نەشتووە، بەڵام قسەی نەکرد. بەرامبەر بە دایکم دانیشتم.

خۆیشم نەمدەزانی بۆ چی لە خەوەکەمدا چووم بۆ قەراغ شار و لە سەر ئەو گردە ئەو پیاوەم چۆن بینیوە و چۆن بە یەکتر گەشتبوون. بە گومان بووم لە خەوەکە، بەڵام زۆر خۆشحاڵ بووم بەو قسانەی کەپیاوە پیرەکە بۆی کردبووم. کاتێک کە هاتمە ژورەوە، پێش دانیشتن «بەیانی باشم لە دایکم کرد». دایکم حەپەسا لە بەیانی باشکردنەکە، وەڵامی نەدامەوە، لە بەر خۆیەوە گوتی: هەر زوو زانیم ئەم بەیانیە تەواو نیە،

غەیبییەکان هاتووتە خەوی. بەرامبەر بە یەکتری دانیشتبووین، سەیری ناو چەوانی یەکتریمان دەکرد، وەک پرسیار لە یەکتری بکەین. بە بیانوی ڕاکێشانی سەبەتەی نانەکە، چاوەکانم لە سەر چاوی دایکم گواستەوە. لەتێ نانم هەڵگرت و کردم بە پارویەکی بچکۆلە و لە ناو قاپە ماستەکەم هەڵکێشا. پێش ئەوەی بگاتە دەمم، دەمم بۆ پاروە نانەکە کردەوە و کەوتمە تێکدانی چایەکە. دایکم پێش هاتنی من بۆ ژورەوە، چایەکەی بۆ تێکردبووم. چاکە بە ئاستەم هەڵمێکی سپی کاڵی لێهەڵدەستا. لەگەڵ خواردنی پاروە ماستەکە و تێکدانی چایەکە، چاوەکانم بڕیبووە ناو سینیە بچوکەکەی کە پیاڵەکانی لە سەر بوو، بیریشم لە لای خەوەکە بوو.

وامدەزانی باپیرمە، ئەو نەبوو. ئەگەر ئەو بوایە نەیدەگوت: «من وەکو کەسی تۆم». ئای خودایە دەبێت کێ بێت؟ چ کەسێک ئەوەندەی ئەو نورانی بێت؟ جێگایەکی چەند خۆش بوو. نازانم بۆ چی چووم بۆ ئەو گردە؟... دەی خەوە مرۆڤ بە دەست خۆی نیە. ئەو کاتەی کە بە یەکتری گەشتین، دنیا ڕوناک بوو، هەموو شتەکانی دەور و پشت و ناو چاوەکانی ئەویشم دەبینی، دیار بوو سەر لە بەیانی بوو. هەر کە بینیمی بەیانی باشی لێکردم.

وشەکانی چەند شیرین بوون. هەر پیاو چاک بوو فێری وشەی جوانی دەکردم. ئەوە خەوە، مرۆڤ بە دەست و ئارەزوی خۆی نیە، بۆ هەر جێگایەک بچێت و هەر کەسێک ببینێت... . ڕۆحیانەتەکەمانە بۆ کوێ ئارەزو بکات، دەڕوات و جێماندێڵێت.

جێگایەکی خۆش و پڕ لە دار و سنەوبەر، گردێکی قەشەنگ و جوان پڕ لە گوڵ و گوڵاڵە. هەر ئەویش بووە لەو زیاتر کەسیتر نەبوو. هەر ئەو بوو جگە لەو کێ ئەوەندە نورانی و میهرەبان و قارەمانە. دیارە شەوان لەو جێگایەدا دەوەستێت و دەچێتە خەوی ڕێبوارە خەوتووەکانەوە، فێری وتەی جوان و کرداری

باشییان دەکات. دەبێت بە ئاشنای ئەو ڕۆحانەی کە لە لاشەکانیان هەڵهاتوون.

چاوم هەر لە سەر سینیەکە بوو، بەڵام خەیاڵم هەر لای خەوەکە و پیاوە پیرەکە بوو.

_ ڕۆڵە گیان ئەوە چیتە؟ لە بەر خۆتەوە لە گەڵ کێ قسە دەکەیت؟

_ هیچ نیە دایە، کوا قسە دەکەم، هیچم نەگوتووە.

_ کوڕم لەبەر خۆتەوە قسەت دەکرد، تەنانەت ئاگاشت لە خۆت نیە. هەر زوو دیار بوو ئەم بەیانیە تەواو نیت.

ویستم پرسیاری مامە یارەی لێبکەم، بەڵام پەشیمان بوومەوە. ئافرەتێکی وا نە خوێندەوار، مامەیار چۆن دەناسێت و زانیاری دەربارەی هەبێت. ئەوە خەڵکە ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدارەکان نایناسن و لە یادیاندا نەماوە، نەخوازەڵا پیرێژنێک.

پێش زیندانی کردنمان، یەکترمان نەدەناسی. لە ژوری بەندیخانە بووین بە هاوڕێ. هەمیشە باسی دایکی خۆی بۆ دەکردم، بۆیە تەنها ناوی دایکیم بیستبوو. ڕۆژێک پرسیاری باوکیم کرد. من باش بە بیرم نایەت باسەکە لە چییەوەبوو. گوتی: باوکی خۆمم نەیبینیوە تا کو ئێستاش هۆی مردنەکەی نازانم. دڵگران بووم. داوای لێبوردنم کرد. گوتی: بوراویت مامۆستا گیان، گرنگ نیە بۆ من، چونکە نەبینیومە، نە یادگاری و بیرەوەری لەلام جێهێشتووە. بەغەمبارییەوە گوتی: ئەوەی بۆ من ناخۆشە و گرنگە، نەدەزانم چۆن مردووە، نە جارێک دایکم بۆی باسکردوم.

_ باشە بۆ پرسیار لە دایکت ناکەیت؟ کە بە چی مردووە، هەتاکو بۆت بگێڕێتەوە.

ــ مامۆستا گیان گرفتەکەی من لێرەدایە کە ناتوانم پرسیار لە دایکم بکەم. هەر چەندە من و دایکم تەنها بووین، هەمیشە پێکەوە بووین و لە یەکتر جیا نەبوینەتەوە. دایکم یەکێکە لە دایکە باشەکان، هەموو دایکێک هەر وایە. ئەم باشیە جیاوازی هەیە، بە پێی نەریت و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان هەندێک جار ڕەنگدانەوەی خراپی بۆ سەر منداڵەکانیان هەیە. ئێمە دوو کەس بوین زۆر تێکەڵ بە یەک زۆر نزیک بە یەک، لە هەمان کاتدا دوور لە یەکتر بووین. بە هۆی ئەوەی نەمتوانیوە ئەو کۆمەڵە پرسیارەی لێبکەم کە لە منداڵیمەوە لە لام دروست بوون، وەڵامەکانیش لە لای ئەوبوون. وەک گوتم چەندە نزیکی یەکترین وەک دایک و کوڕ ئەوەندەش دوور بوین کە مێردەکەی نەماوە و دەربارەی مردنەکەی هەموو شتێک دەزانێت، بەڵام کە باوکی منە و نزیکترین کەسە بۆ من، من ئاگاداری مردنی ئەو نیم، هیچ زانیارییەک دەربارەی نازانم.

کە منداڵ بووم وەک هەموو منداڵانی شارەکەم و ئەم جیهانە، ئارەزوی پرسیار کردن و شارەزابوونی هەموو شتە نوێکان بووم کە دەهاتنەوە بەر چاوم، کە گومانم لێیان دەکرد، دەبوون بە پرسیار و دەهاتنە مێشکمەوە. ئەو ڕۆژەی کە زللەکەی لێدام وەک ئێستا لە یادمە، هەرگیز بیرم ناچێتەوە. نوێژی دەکرد. «ئەوە یەکەم جار نەبوو کە من ببینم نوێژ بکات». دوای نوێژ کردن لەسەر بەرماڵەکە دەستی بەرز کردەوە و دوعای دەکرد، لە خوا دەپاڕایەوە. خوایە نوێژەکەم لێقەبوڵ بکەیت و ئەو تاکە کوڕەم مەحفوز بکەیت.

ــ دایە: مەحفوز چییە؟

ــ ڕۆڵە گیان مانای توشی ناخۆشی و بەڵا و نەخۆشی نەبیت.

ئەو کات هەر لە سەر بەر ماڵەکە بوو، هەستم کرد چاوەکانی تەڕن، وەک سەرەتایی گریانی بێت، فرمێسک لە چاویدا بوو.

_ دایە: کێ مەحفوزمان بکات؟ تۆ لە گەڵ کێ قسە دەکەیت؟
_ کوڕم لە گەڵ کەس قسە ناکەم، لە خوا دەپاڕێمەوە. داوا لە خوا دەکەم کە مەحفوزمان بکات.
_ خوا دەتوانێت مەحفوزمان بکات؟
_ ڕۆڵە ئەوە ئەمڕۆ بۆ ئەوەندە پرسیار دەکەیت؟ نایەڵیت لەسەر بەرماڵەکە تۆزێ دوعا بکەم. ئەی چۆن خوا ناتوانێت مەحفوزمان بکات. هەر خوا دەتوانێت، لە هەموو شت گەورەترە، دەبێت هەر لەو بپاڕێینەوە. ئەو ئەم دنیایە و ئێمەشی دروست کردووە.

من خۆشم نەمدەزانی ئەو ڕۆژە بۆ ئەوەندە پرسیارم دەکرد؟ هێشتا هەر لە سەر بەرماڵەکە بوو، لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد و دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە. من دەمویست باشتر تێبگەم و زۆرتر بزانم. لە نزیکییەوە دانیشتبوم.

لە گەورەیی خوا، پرسیاریتر لە لام دروست بوو.

_دایە گیان خوا ئەوەندە گەورەیە و ئەم هەموو شتانەی دروست کردووە، ئەی کێ ئەوی دروست کردووە و لە کوێیە؟

بەو پرسیارە زۆر ناڕەحەت بوو، هەستم کرد ڕەنگی دەم و چاوی گۆڕا، دەستەکانی لە ئاسمان داگرت، من وەک منداڵێکی زۆر بە بەرائەت بێتاوان، بێئاگا هەر لە تەنیشتیەوە بووم. باری دانیشتنەکەم لە گەڵ دانیشتنی ئەودا زۆر گونجا بوو. بۆ پیاکێشان. ڕوی وەرگێڕا بە لای مندا و هەتاکو توانی زللەیەکی لە لای چەپم دا. بە لادا کەوتم. بەرچاوی خۆم نەدەبینی، دایکم نەدەبینی هەتاکو بزانم لە کاتی لێدانی زللەکەدا، ئاخۆ دەموچاوی چەندە گرژ کردبێت. «دایکەکان ئەوەندە میهرەبانن هیچ کاتێک حەز ناکەین بە گرژی و مۆنی بیانبینین». چاوەکانم تەڕ بوون، وەختە بوو بێنە دەرەوە، من هەستم بە هیچ نەدەکرد، نەمدەزانی ئاخۆ زللەی تری لێدابم؟ هەستم بە گەرمی دەموچاوم

دەکرد. هۆشم نەبوو کە بپرسم: لە سەر چی لێتدام؟ ئەو کاتە هەر نەمدەوێرا جارێکی تر پرسیار بکەم. حەزم دەکرد بگریم، گریانم بۆ نەهات «دەترسام» لە سوچێکی ژورەکە دا دانیشتم و سەرم کردە نێوان هەر دوو ئەژنۆکانم.

دایکم هەتاکو ئەو کاتە هەر لەسەر بەر ماڵەکە بوو، بە دەم هەستان و کۆ کردنەوەی بەرماڵەکە کەوتە پرتە و بۆڵە و جنێودان. نەمدەزانی دەڵێ چی؟ بەڵام ئەوەندە تێگەشتم گوتی: کافر، جارێکی تر پرسیاری وا نەکەیت... دەتکوژم.

زۆر سەیر بوو بەلامەوە، کە ئاخۆ چیم کردبێت و چیم گوتبێت؟ ئەوەندە تاوانبارم دایکم بەو جۆرە تورە بووە. هەرگیز ئەوم نەدیبوو بە تورەیی بە تایبەتی لە گەڵ مندا. یەکەم جاریش بوو کە بیرم بێت لێیدابم. وشەی کافرم نەبیستبوو، حەزم دەکرد بپرسم کافر چی‌یە؟

پاش ماوەیەکی کەم ئازارم کەمبۆوە، وەک هەموو منداڵێکی پاک و بێ‌مەبەست و دەرون بێ‌گەرد، دڵە بچوکەکەم ئارام بۆوە. من هەر لە ژورەکەدا دانیشتبوم، ئەو چوو بۆ دەرەوە، خەریکی شتنی پیاڵەکان بوو. بە تەنیا لە ژورەوە تاقەتم نەگرت، چووم بۆ لای بۆ حەوشەکە، لە پشتیوە ڕاوەستام. ویستم پرسیاری لێبکەم «کافر» چیە؟ پەشیمان بومەوە «ترسام». لە دڵی خۆمدا، وەڵامی خۆمم دایەوە... . ئەو پێگوتم کافر مانای کافر وەکو منە. وا تێگەشتم کافر بە مانای منداڵ دێت.

لە کۆڵانەوە دەنگی ئەو پیاوە حەوشەکەی پڕ کرد، کە هەموو بەیانیەک بە خۆی و سینیە گەورەکەیەوە دەهات و هاواری دەکرد، هەموو بابەتێکی منداڵان، نوقوڵ، بسکیت، نۆکی برژاو وەرنەوە هەموو بابەتێکمان لایە. هەر چی منداڵی کۆڵانەکە بوو، لەیەک چاو تروکاندندا دەرەپەڕینە کۆڵان. زۆربەی منداڵان کاتی هاتنی ئەو پیاوەیان دەزانی، هەر زوو دایک و باوکەکانیان

هەراسان دەکرد بۆ پارە و پێش پیاوەکە لە کۆڵان ئامادە دەبوون. منیش یەکێک بووم لە و منداڵانە، بەڵام کارەساتی ئەو بەیانیە بواری نەدام پێش وەخت ئامادە بم.

دایکم زانی لە پشتییەوە ڕاوەستام، کە گوێی لە دەنگی پیاوەکە بوو، دەستە تەڕەکانی ڕاوەشاند و بە چمکی کەواکەی کە کەوتبووە سەر عەرزەکە، وشکی کردنەوە، فەقیانە گرێ دراوەکانی کردەوە، ئاوڕێکی دایکانەی پڕ لە میهر و سۆز و خۆشەویستی، لێدامەوە، بانگی کردم. منیش پارەکەم لێ وەرگرت و بە خێرایی ڕۆشتم بۆ دەرەوە.

بەرامبەر بە دایکم هەر دانیشتبووم. چایەکم بە تەواوی سارد ببۆوە. دایکم بە هەمیشەیی ئەم بەیانیە هەر سەیری دەکردم. دایکێکی چەند میهرەبانە، هەر زوو ئەم بەیانییە هەستی بە گرژی باری دەرونم کرد، دایکەکان زوو هەست بە ئازار و خۆشی و ناخۆشی منداڵەکانیان دەکەن. قومێکی ترم لە چاکە دا، بەڵام تۆزقاڵێک رۆحی گەرمی تێدا نەمابوو.

_ بێنە پیاڵەکەت، با چایەکی ترت بۆ تێبکەم، دەمێکە داتناوە سارد بۆتەوە، ئەم بەیانیە نازانم خەیاڵ بۆ کوێی بردویت؟

_ ناخۆم دایە، دەستت خۆش بێت، دەڕۆم، درەنگە بۆ بازاڕ.

هەموو بەیانێییەک، دایکم لە ناو دەرگای ژورەکە دا ڕادەوەستا هەتاکو من دەڕۆشتم. ئەمە پیشەی دایکم بوو، پێش گرتن و دوای گرتنیشی. هەتاکو لە ماڵەوە دەچوومە دەرەوە، دایکم دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و دوعای خێر و ساغ و سەلامەتی بۆ دەکردم. لەماڵەوە هاتمە دەرەوە، دەرگای حەوشەکەی لە دوای خۆیەوە داخست. چۆلەکەکانی سەر دارەکەی ناو حەوشەکەم ترساند و هەموو بە ئاسماندا هەڵفڕین.

دایکم لە دوای داخستنی دەرگاکە، چووە ژورەوە. دەرگایەکی ئەستوری لە دار دروستکراوی کۆنی قەیم ئەڵقەڕێزێکی گەورەی زەردی هەبوو، لە ناوە ڕاستی دەرگاکەدا تەقولبابێکی گەورەی هەر لە زەرد دروستکراوی پێوە بوو. شێوەی تەقولبابەکە سەرە پیاوێک بوو کڵاوێکی شاهانەی لە سەر دابوو. ڕووی پێشەوەی دەرگاکە بەڕیز قوبەی گەورەی «مسی» پێدا داکوترا بوو. سەر دەرگاکە تاقێکی بەخشتی سور ڕازا بۆوە. کۆڵانێکی باریک و تەسک. عەرزێکی پان و بەرین و فراوان، کەس نەیدەزانی بۆ چی ئەو زەمانە کۆلانەکان ئەوەندە تەسک و باریک بوون، حەوشەی ماڵەکانیش بە پێچەوانەوە، زۆر زۆر گەورە و فراوان بوون. کۆڵانەکان زۆر تێکەڵ بە یەکترین بوون. بە خێرایی بە ناو کۆڵانەکەدا بەرەو خوار دەڕۆشتم. ئەمبەر و ئەو بەری کۆڵانەکان خانوی کۆنی چەند سالانێک لەمەو پێش بوون. زۆربەی قوڕە کاری دیواری دەرەوەی خانووەکان، قوڕەکارییەکەی بەر ببوون ڕمابوونە خوارەوە. خشتەکانی کە دیوارەکەی لێدروستکرا بوو چین بە چین دەرکەوت بوون. کەسێک نەبوو بۆ یەکەم جار بەو کۆڵانانەدا تێپەڕێت و سەرنجی ئەو دیمەنە کۆنانە نەدات. پیرە دارەکانی ناو حەوشەکان، بە خۆیان و هەزارەها گەڵا و لق و پۆپەکانیانەوە، بەرەو ئاسمان هەڵکشا بون، سێبەری دارەکان لە ناو کۆڵانە تەسکەکان و بە قەدی دیوارەکاندا ڕاکشا بوون. هەمیشە بیرم لە گەورەی ئەو دارانە دەکردەوە، چەندە گەورە و باڵا هەڵکشا و بن بە ئاسماندا، سێبەرەکانیان هەر ئاشنای عەرزەکە و ڕێبوارەکانە. ناو لق و چڵەکانیش جێگای هەزارەها هێلانەی باڵندەکان بوون.

ئێمە بە درێژایی مێژومان هاوسێ و هاوژین و هاوشار و هاوکۆڵانین لە گەڵ چۆلەکەکان و هەموو باڵندەکانی تر. کەچی جارێک مافی ئەو هەموو هاوبەشبونە ناگرین. کێشەی لەناو

بردن و قەڵاچۆکردنی ئەو ئازیزە وردیلانانە، بە بێباک و بە بێخەم وەلامانەوە ناون و چارەسەریان ناکەین. بیرم لە هەموو ئەو تاوانانەی خۆم دەکردەوە کە سەردەمی منداڵی لە گەل منداڵانی کۆڵانەکەدا دەر هەق بەو باڵندانە دەمانکرد و هێلانەکانیانمان لە سەر دارەکان پێ ڕەوا نەدەبینین و دەمانڕوخاندن. ئەو چۆلەکانە کە ئێواران دەگەڕانەوە سەر دارەکان، هێلانە ڕوخاوەکانیان دەبینی، ئەو شەوە هەتاکو بەیانی بە بێلانە تەرە دەبوون و بە جریوە جریو خەڵکەکانیان لە خەو و حەوانەوە هەراسان دەکرد. هەر کەس لە ماڵی خۆیەوە دەکەوتنە پرتەوبۆڵە و جنێودان بە دەس ئەو حاڵەوە. ژنەکانیش هەزار جار دوعای قرتێکە و تنیان لە چۆلەکە هێلانە ڕوخاوەکان دەکرد. بۆ بەیانی کەس نەبوو لە گەڵ منداڵی خۆیدا دەربارەی ئەو باڵندانە قسە بکات، یا خود پێش ڕوخاندنی هێلانەکان، ئەو دایک و باوکانە ڕێگر بن لە بەردەم منداڵەکاندا کە کاری وا نەکەن.

کە لە زینداندابووین باسی سەردەمی منداڵی و هەموو ڕوداوەکانی بۆ دەکردم، باسی ئەو چۆلەکە بەستە زمانانەی دەکرد، کاتێک دەگەڕانەوە بۆ هێلانە ڕوخاوەکانیان، بۆ سەر هێلکە شکاوەکانیان، کە دەهاتنەوە زەڕنەقوتەکانیان لە ناو هێلانەکاندا نەمابوون، لە حەیبەتدا لە تاو ئازار و سوێی جەرگەکانیان هەتاکو بەیانی دەیانجریواند. بەخەمو نیگەرانیو پەشیمانیەوە تەماشایدەکردم

مامۆستا! ئێستا دەزانم ئەو هەموو جریوەیە بۆ زەڕنەقوتەکان بوون لە خوا دەپاڕانەوە کە زەڕنەقوتەکان بدۆزنەوە. بە جریوە جریو بە ئاسماندا دەفڕین دوعای قرتێکە و تنیان لێدە کردن.

تاکو قسەکانی تەواو دەکرد هیچم نەدەگوت، پاشان بەدەم زەردەخەنەوە پێمگوت

_ سەرکەوت: هەمووومان هەڵە بووین بە منداڵی بەرامبەر بەو چۆڵەکانە، گەورەکانیش تاوانبار بوون. زۆر جار هەڵسوکەوتی مرۆڤ دڕندانەیە بە تایبەتی کە جەنگێکی گەورە بەرپا دەکەن. «مرۆڤ توخمێکی شەڕخوازە». بە پێی گەورەیی عەقل و فراوانی بیر کردنەوەی. زۆربەی گیانلەبەرەکان دڕندەن بەرامبەر یەکتر. ئەگەر ئەقڵی خۆیان بکەین بە پێوانە بۆ هەڵسەنگاندی تاوان و هەڵویستی دڕندەییان، پێم وایە تاوانبار نابن وەک دڕندە ناو ببرێن. بەڵام ئێمە زۆر جیاوازترین ئەویش بە هۆی گەورەیی عەقڵمان و زاڵبونمان بە سەر سروشتدا، کەچی ئەوەی ئێمە دەر هەق بە ئاژەڵ و باڵندە و خۆمان دەیکەین، تاوانێکە جگە لە ئێمەی مرۆڤ بە هیچ ڕۆح لەبەرێک ئەنجام نادرێت. ئێمەی مرۆڤ جگە لەوەی رێزی ئەو هەموو هاوبەشییەی خۆمان و باڵندەکان ناگرین و مافی ژیانیان پێنادەین، بۆ خۆشمان هەر واین، هەر میللەتێک توانا و دەسەڵاتی کەمتر بێت، بە دەست میللەتەکانیتروە وەک ئەو چۆلەکانەی بە سەر دێت کە ئێمە بە منداڵی بەلامان بە سەردان هێنان. ئێمە کە کوردین لە سەرەتایی دروست بونی مێژوی مرۆڤایەتیەوە، هاوسێی میللەتەکانی دەور و پشتمانین، لە زۆر باری ژیان و لە زۆر ڕوویەکی تروە هاوبەشین، هەتا هەتاشە ئەم زەمینە و مرۆڤایەتی بمێنێت هەر دراوسێ و لە پەنا یەکتردا دەبین. کەچی بەو هەموو عەقڵەوە کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە، ناتوانن و نایانەوێت رێز لەو هەموو هاوبەشییە بگرن کە لە نێوانماندا هەیە. لە هەموو هاوبەشیەکان نێوانمان گرنگتر، ئەوەیەکە ئێمە هەمووومان «مرۆڤین». ئەم خاڵە نەک خاڵی هاوبەشە بەڵکو هیچ جیاوازییەک نایەڵێتەوە، کەچی مافی ژیانمان پێنادەن، وەک

چۆن چۆلەکەکان لە سەر دار و ناو هێلانەکەی خۆشیان، ئێمە هەقی ژیانمان پێنەدەدان، ماڵمان دەڕوخاندن. ئەو دراوسێ لە مێژینانەمان دەیانەویێت بە دەردی ئەو چۆلەکانەمان بەرن، کە چەندین جار بەو دەردەشیان بردوین. ئێستا من و تۆ ئەو زەرنەقوتانەین کە ڕفاندویانین، گوندەکانمان کە ڕوخێنراون. هێلانە ڕوخاوەکانن، وڵاتە زلهێزەکان و دراوسێی دراوسێکانمان کە بێدەنگن و بە هاوارمانەوە نایەن، دایک و باوکەکانن کە بە دەنگ جریوەی چۆلەکەکانەوە نەدەهاتن.

بەدەم خەیاڵی منداڵی و زیندانەوە، لە مێژ بوو کۆڵانەکەی خۆمانم جێهێشتبوو، لە سەر شەقامە ڕاستەکە بەرەو ناو بازاڕ دەڕۆشتم. بیرەوەری منداڵی و کۆڵان و زیندانم بە چەند پێچێکی کۆلانەکان تەواو کرد، لە پڕ مەلی خەیالم هەڵفڕی بەرەو ناو خەوە پڕ لە گومان و پرسیارەکان، ئەو خەوەی کە شەو لەگەڵ ئەو پیاوە پیرەدا پێکەوە بووین. هەر بیرم لە خەوەکە دەکردەوە. لەبەر خۆمەوە دەمگوت هەر مامە یارەیە. دەبێت هەر ئەو بێت، کێ بێت لەو قارەمانتر و ڕوخۆشتر و نورانیتر. قسەکانی چەند خۆش بوون، وشەکانی چەند جوان و نازدار بوون، یەکەم وشە بەیانی باش بوو، هەستم بە ئارامی دەکرد. شەوێک بوو لە هەرە شەوە خۆشەکانم، هەندێ جار ڕادەمام، بەڵام زۆر ئاسودە بووم، ئەو کاتەی کە دەترساشم زوو دڵنیادەبووم کە پیاو چاکە.

دایکم نەیبینیوە چۆن دەزانێت غەیبیە؟ گەر غەیبی بوایە من نەمدەبینی. ئەو پیاوە باشە نورانیەی کرد بە غەیبی. کێ دەڵێت خزمی خۆی نیە؟ نا، باوەڕ ناکەم، هەر مامە یارە بوو. ئەگەر ئەمجارە خەوی پێوە ببینمەوە، پرسیاری لێ دەکەم وپێی دەڵێم: تۆ مامە یارە نیت؟ تو خوا تۆ ئەو نیت؟ ئەویش دەڵێت: با من مامە یارەم. ئەی ئافەرین... ئەوە چۆنت زانی؟

ڕاستە شەقامەکە دەچووەوە سەر ئەو فولکەیەی کە چەند شەقامێکی تری دەهاتەوە سەر. لە مزگەوتە گەورەکەی شار نزیکبومەوە. هەندێک خەڵک دیار بوون لە دوای نوێژی بەیانی لە ناو مزگەوتەکەدا مابوونەوە. تاکە تاکە خەڵک دەهاتنە دەرەوە و خەڵکێکی زۆریش دەچوونە ژورەوە. ئەوە مزگەوتی گەورەی شار بوو.

مزگەوتەکە دەرگایەکی گەورەی نەخشێنراوی سێ تاکی هەبوو. تاقێکی کەوانەیی گەورە بەسەر دەرگاکەوە دروست کرا بوو. لە هەر دوو لای دەرگاکەوە، دوودەرگای بچوکتر هەبوون کە هەر یەکەیان تاقێکی کەوانەی بە سەرەوە بوو. لە ناو تەختی تاقەکانی سەر دەرگاکان، بە خەتێکی زیونی جوان دەقە پیرۆزەکان نوسرابوونەوە. منارە بەرزەکەی ناو حەوشەکە لە هەموو لایەکی شارەوە دیار بوو. ئەم منارە و مزگەوتە ببوو بە سیمایەکی جوان و شانازی بۆ خەڵکی شارەکە. مزگەوتێکی زۆر کۆن بوو، بەڵام هەمیشە نوێ دیار بوو، لە گەڵ دروست کردنی شارەکەدا ئەو مزگەوتەش دروستکرا بوو. ژنان ناو بە ناو خۆیان دەکرد بە ناو مزگەوتەکەدا. هەر لە ڕۆژگارێکی زووەوە ببوو بە پیشەی خەڵکی شار و هەموو ناوچەکانی دەور و پشت، ڕۆژانی چوارشەممان بۆ زیارەتی شێخی گەورە کە مەزارەکەی هەر لە ناو مزگەوتەکە دابوو. بە تایبەت ژنان دەهاتن بۆ نزا کردن و پاڕانەوە و حاسڵ کردنی نیازی دڵیان و بۆ پاراستن لە بەڵاو گیر و گرفت. دەبێت ئەمڕۆ چوارشەممە بێت، وا ژنان پەیتا پەیتا دەچوون بۆ مزگەوت. ئەمڕۆ چوارشەممەیە، ئەو ڕۆژانەم هەر لە یادە کە لە گەڵ دایکم دەهاتین و من حەزم نەدەکرد بچمە ژورەوە، دواتر دایکم قۆڵی ڕادەکێشام و دەیبردم.

ـ دایە من لە دەرەوە دەوەستم، دەترسم نایەمە ژورەوە.

_ نا کوڕم، نابێت بە تەنها لێرە بیت.... وەرە ژورەوە، مەترسە ئەوانە هەمووی پیاو چاکن. شێخ و مەشایخن، پیاوی باش و نورانی ئەم شارە بوون. دەچینە ژورەوە بۆ زیارەتیان. دەی کوڕم خێرا کە خۆ من زیاتر لە بەر تۆ هاتووم کە دەست بە باڵتەوە بگرن.

_ دایە... کوا من باڵم هەیە.

_ ڕۆڵە ئەوەندە قسە مەکە، وەرە بڕۆین درەنگە.

ناچار دەبووم کە بچمە ژورەوە. لە ژورەوە بە منی دەگوت: دوعا بکە تۆ مناڵیت دڵت پاکە، کێلەکان ماچ بکە. ئەوانە موبارەکن، پیاو چاکن، کێل و پەڕۆکانیشیان موبارەکە. ئەوە مەزاری کاک ئەحمەدی شێخە و ئەویش مەزاری شێخ مەحمودی گەورەیە.

بەڕاستی پیاو چاک بوون، موبارەک و نورانی بوون. کەسێک نەبوو ناوی شێخ مەحمودی بە گەورەیی و پیرۆزی ناو نەبرد بێتو نەبیستبێت. هەر لە منداڵیەوە خۆشەویستی و پیرۆزی ئەوان لە دڵمدا بوو، لە دڵ و دەرونی زۆربەی خەڵکی شارەکەدا بوو. خەڵک سوێندیان بەوان دەخوارد.

وردە وردە بەرەو خوار ڕۆشتم و لە مزگەوتەکە دوورکەوتمەوە. خەیاڵم لای بیرەوەرییەکانی منداڵی و مەزاری ئەو پیاوە گەورانە بوو. لە ناو کۆمەڵێک بیرەوەری جۆراوجۆر دا بە دوای کەسێکدا دەگەڕام. خۆم بە خۆم دەگوت: ئەو پیاوەی لە خەوما بینیم، یەکێک بوو لەم پیاوە موبارەکانە. کێ هێندەی ئەمان پیرۆز و میهرەبان بوو؟ نازانم کامیان بوو؟ وێنەی کاک ئەحمەدی شێخم نەبینیوە. بەڵام وێنەی شێخ مەحمودی نەمرم بینیوە، زۆر جار دایکم پیشانی دەدام، دەیگوت: ئەمە وێنەی شێخ مەحمودە، ئەو مەزارەی کە بە منداڵی چەندین جار چووین بۆ

زیارەت لە مزگەوتی گەورە. بەڵام هەر کە تۆزێک گەورە بوویت ئیتر نەهاتی لە گەڵمدا، کورم جار بە جار بچۆ بۆ زیارەتیان.

ئەو پیاوەی لە خەومدا بینیم، شێخ مەحمودیش نەبوو. شێوەی ئەو پیاوە لە وێنەکەی شێخ مەحمود نەدەچوو کە لە ماڵەوە هەمان بوو. دەبێت کاک ئەحمەدی شێخ بێت، ئەوەندە نورانی و میهرەبان بوو.

دەبێت هەر ئەو بێت، کێ بێت لەو زیاتر؟ هەر ئەو بوو. شێخ مەحمود نەبوو... . شێخی نەمرنەبوو.

# 3

بۆ یەکەم جار لە زینداندا یەکتریمان ناسی. من مامۆستای سەرەتایی یەکێک لە قوتابخانەکانی دەرەوەی شار بووم. هەر چەندە بە تەمەن گەورەتر بووم، بەڵام وەک هاوتەمەنی خۆم ڕێزم لێدەگرت و گوێی بۆ ڕا دەکرد.

بە هۆی دوو تاوانی جیاواز هەر دووکمان زیندانی کرا بووین. ئەو بە هۆی ڕودانی کارەساتێک لەناو بازاڕ دا، دەستگیر کرا بوو. بە سەرهاتی منیش وردە وردە دێتە ناو باسی چیرۆکەکەمان.

لە دوای زیندانیش هاوڕێیەتیمان ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێزتر و خۆشەویستر دەبوو. کەم ڕۆژ هەبوو یەکتری نەبینین، بە تایبەتی من، هەر کاتێک بۆ ناو بازاڕ بچوومایە، لە پێشدا سەردانی ئەوم دەکرد، لە دوکانەکەی خۆیدا.

من دوو جار زیندانی کرا بووم. ئەزمونێکی باشم لە گەڵ زیندان و دام و دەزگای زیندانەکە و شەو و ڕۆژ بەسەربردنیدا پەیدا کرد بوو.

هەفتەیەک بە سەر گرتنی یەکەمجاریدا تێپەڕیبوو. دوای لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە و ئازاردان، هێنایانە ژورەکەی ئێمە لە ژێر زەمینی زیندانەکە. لە هەموو شەوەکانی تر زیاتر ئەشکەنجە درا بوو، هیلاکتر و ئازاراوی تر بوو. زۆر کەنەفت و ماندو بوو. بێهێز و لاواز، تینو و برسی. قاچەکانی توانای ڕۆشتنیان نەبوو. وەك خۆی دەیگێڕایەوە، پاسەوانەکە وەک پارچە پەڕۆ بەدوای خۆیدا لەناو ڕاڕەوەکە ڕایکێشابوو. ڕاڕەوێکی باریک و دوور و درێژ، هەر نەدەبڕایەوە بۆنی میز و گوو کاسەی

سەری هەڵدەگرت. منیش خۆم چەندین جار بۆ ئەشکەنجەدان بەناو ئەو ڕاڕەوەدا ڕۆشتبووم و پاشان هەر بەوێشدا بەجەستەی زامدارەوە گەڕابوومەوە. مرۆڤ لە هەموو شتێک بێزار دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەشکەنجەدان. سەرکەوتیش تاکو ئەو ڕۆژگارە زیندانی نەبینیبوو، زیندان و نەهامەتیەکانی زیندانیکردنی بەو جۆرە نەهاتبووە بەرچاوی. هەرچەندە زۆری بیستبوو دەربارەی دڕندەیی جەللادەکان. کوڕێکی لاوی تازە پێگەشتو، سەختی و ناڕەحەتی زیندان، لە ئاستی تەمەنی ئەودا نەبوو.

توانای ڕۆشتنی بەڕاڕەوە دوور و درێژەکەدا نەببوو. زۆر ماندوو ببوو، هەموو گیانی ژانی دەکرد، ئەندامەکانی لەشی نوقمی ئازارێکی گەورە ببوون. پاسەوانەکە بە زۆر بە دوای خۆیدا کێشی کردبوو. ئەویش زیاتر و خێراتر نەیدەتوانی بڕوات. بە ئاواتەوە بوو بگاتە ژورەکاولەکە و پشویەک بدات. هەرچەندە دەیزانی بۆ ژورێکی دەبەن زۆر لە ژورەکەی شەوانی پێشوتری خراپتر بێت. ئەو حاڵەتە سەختو ئازاراوییە بەسەر هەموو زیندانییەکدا هاتبوو.

لەبەر دەم دەرگایەکی بچوکدا ڕاوەستان. پاسەوانەکە کۆمەڵێک کلیلی لە گیرفانیدا دەرهێنا. خڕو وڕی کلیلەکان جارێکییتر ناو جەرگی زیندانیەکانی ناو ژورەکانی تری خستە خوارەوە. ئێمە هەستمانکرد کەسێکی نوێ بۆ ژورەکەمان دەهێنن، ڕەنگە ئەویش وەك یەکەمجاری من بە دەنگی کلیلەکان ئاهێکی خۆشی کەوتبێتە دڵیەوە، کە هەر ئێستا دەرگایەک دەکرێتەوە و بە پاڵێک فڕێیدەدەنە ژورێک، کەمێک پشو بدات. هەمیشە خۆیشی بەو جۆرە دیمەنە دژوارەکانی دەگێڕایەوە. من لەسەرەتادا بەشێوەیەك گوێم بۆ ڕادەگرت کەتەنها ئەو ئەشکەنجەدرابێت، مندالبوو، ئەشکەنجەو ئازارو نەهامەتیەکانی زیندان لەئاستی تەمەنی ئەودا نەبوو.

هەستمدەکرد گوێگرتنی من دڵدانەوەی خەمەکانیو سارێژکردنی زامەکانێتی. دەمگوت: سەرکەوت بەدەنگی دەرگاکەدا زانیمان زیندانییەکی تازە دەبێت بەمیوانمان.

مامۆستا جیرەی ئەو دەرگایە چەندە ترسناکو خەم هێنەرە، ئەو شەوە بۆ من وەك ئاوازێکی حەزین دەرونو جەستەی ئارامدەکردمەوە، دەمزانی هەرنەبێت دەتوانم کەمێك پشوبدەم. هەمیشە کاتی ئەشکەنجەدان بیر لەگەڕانەوە دەکەیت بۆ ژورە نسرمەکەی زیندان...کرانەوەی دەرگایەکی قورسی ئاسن، ئاگاداری بە زیندانیەکانی ناو ژورەکەدا. تروسکای لە ناو ژورەکەدا بە دینە دەکرا. پاسەوانە زلەکە پشتی ملی گرتم و پاڵێکی پێوەنام بۆ ژورەوە. هەر چەندە تاریک بوو، بەڵام هەستمکرد ژورەکە خەڵکی تێدایە، ئەودەمە بیرم لەشارەزایی ئێوەدەکردەوە کە دەزانن پاسەوانەکە بەرەو کوێی ژورەکە فرێمدەدات. ئەوەندە بە هێز پاڵی پێوەنام، بەرەو ڕوی دیوارەکەی بەرامبەرم پەڕیم بۆ پێشەوە. چەندە ماندو و بێهێز و بێحەواس بووم، لاشعوری دەستەکانم بەرەو پێشەوە درێژ کرد، بە توندی بەر دیوارەکە کەوتم و بەرەو خوار تلیسامەوە و لەسەر ئەردەکە بەئەسپایی دانیشتم. قاچەکانم بەرەو خوار خۆم ڕاکێشا هەتاکو پشویەک بدەم، بەر چاوم هەر تاریک بوو. هەستم دەکرد کەسانیتر لە ژورەکەدان، بەڵام کەسم نەدەبینی. تەواو قاچەکانم ڕانەکێشا بوو، هاواری کەسێک بەرز بۆوە: ئەرێ کابرا بۆ کوێ قاچت درێژ دەکەیت؟خۆ لە ئوتێل دانەبەزیویت؟

لە دوای ئازاد بوونمان لە زیندان، هەر کاتێک بچوومایە بۆلای بۆ دوکان پێکەنینم بەو شەوە دەهات.

فەرموو مامۆستا... . وەرە دانیشە دەزانم بە چی پێدەکەنیت.

_ نەتزانی... . ئەم جارە بە قاچ درێژ کردنەکەت پێناکەنم.

_ ئەی بە چی پێدەکەنیت؟ چی ڕویداوە؟

پێش ئەوەی بگەمە لای تۆ لە سەر گۆشەی بازاڕەکەی ئەو دیو بارەشێکی زەبەلاحی زلە ڕاوەستا بوو. منداڵێک لە گەڵ دایکیدا میزەڵانێکی بچوکی فوتێکراوی بە دەستەوە بوو. بە تەنیشت ئەو دوکانەدا ڕۆشتن کە زەبەلاحەکەی لێڕاوەستا بوو. دوکاندارەکە هەندێک کەلوپەلی لە سەر مێزێکی پان لە بەردەم دوکانەکەدا دانا بوو. میز ڵدانەکە بەر نوکی بزمارێکی مێزەکە کەوت و تەقی. کابرای دێزە هێندەی لەتە گردێک دەبوو. بەو زلی و قوریسییە وەک تۆپێکی لاسیک لە جێگای خۆی بەرز بۆوە و داچڵەکی. ئەوەندە بەرز بۆوە سەری بەر ڕایەڵی چەرداخی دوکانەکە کەوت. هەندێک پارچە تەختە و تاکەپێڵاو لە سەر چەرداخەکە بە سەر و گوێلاکی کابرادا کەوتنە خوارەوە.

مامۆستا گیان! ئەوان تەنها لە جێگای خۆیاندا غیرەتیان هەیە بە سەر ئەو کەسانەی کە دیل و قۆڵ بەستراون لە بەردەستیاندایە. کاتی تەنگانە و لێقەومانیش بە دەنگی میزڵدانێک دادەچڵەکن و زەلیلن. لە بیر دێت لە زیندان چۆن بوون لەگەڵماندا. من لە زینداندا تەمەنم زۆر نەبوو، ئەزموونم کەمبوو، بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەم نەدەگرت. ئەو شەوەی پێش ئەوەی بۆ ژورەکەی لای ئێوەم بهێنن. ئەفسەرەکەی کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە و ئازار دان، دوای هەموو پرسیارەکان کە من بێوەلام بووم و بێتاوان بووم، زۆر تورە بوو. چ زەلامێک بوو، بە قورسایی خۆی و بە پۆستاڵە زلەکانی لە سەر پەنجەکانی قاچم ڕاوەستا و بە هەردوو لادا خۆی لە سەر قاچم دەسوڕاندەوە. هەر ئەو شەوە بۆ لای ئێوەیان بردم. زۆر ماندو شەکەت بووم. هەموو ئەندامەکانی لەشم ژانی دەکرد. خوێن لە پەنجەکانی قاچم دەچۆڕا. لە برساندا هۆشم نەبوو، چاوەکانم لە بەر بێ خەوی خوێنیان تێزا بوون و سور و هەڵگەڕا بوون. زۆر ماندو بووم، بە حاڵ ڕۆحم تێدا مابوو، هەر بە کەلاکی تۆپی و

دەچووم. بە پەرۆش بووم بگەمە ژورێک و پشوویەک بدەم. هەزار و یەک خۆزگە و ئاوات بە مێشک و سەرەکاسەکەمدا دەهات، تاکو گەشتمە لای ئێوە. ئەو ژورە تاریکەی کتومت قەبەرێک بوو بۆ خۆی، تەسک و تاریک. قاچم درێژ کرد و نەکرد، دەنگی کەسێک هاواری کزی کەسێک لە خۆم پەرێشانتر و هیلاکتر و ئازاراویتر و شەق تێهەڵدراوتر و دەموچاو بە تف سواخدراوتر. پەشیمانی کردمەوە لە قاچ ڕاکێشان. بە دەنگێکی پڕ لە ئێش و ژان گوتی: قاچ بۆ کوێ درێژ دەکەیت؟ خۆمان زۆر ساغ نین تۆش ناو سکمان بهاڕیت،خۆ لە ئوتێل دانەبەزیویت. من کەسم نەبینی ژورێکی تاریک، نەمدەزانی چۆن ژورێکە و چەند کەسی تێدایە؟

لە دوای دەرچونیشمان لە زیندان، کەس نەیدەتوانی سکاڵای دڵی خۆی دەربارەی زیندان و ئازار و ئەشکەنجەکان و هەموو ئەو جنێو و سوکایەتیانەی پێیان دەکردین لە لای کەسێکیتر باس بکات. ئامۆزایەکی باوکم من هەر بە «مامە» بانگم دەکرد، ڕۆژێک سەردانی کردم. من تەنانەت لە لای دایکیشم باسی ئەشکەنجەکانی زیندانم نەکردبوو، لە بەر ئەوەی حەزم نەدەکرد، دوای زیندانیش بەو باس و قسانە ئازاری دڵی دایکم بدەم، جگە لەوەش دەترسام ڕۆژێک بە دڵپاکی خۆی لە لای کەسێک یا خود جێگایەک باسی بکات.

کە دایکم دانیشتبوو هیچم دەربارەی زیندان بۆ مامم نەگێڕایەوە.

مامە گیان قسەکانت هەمووی ڕاستن، بەڵام من حەز ناکەم کە دایکم دانیشت باسی زیندان بکەم. ئێستا ئەو لێرە نیە، تۆ دنیات بینیوە، زیندانت بینیوە، ئەم جەللادانە لە من باشتر دەناسیت. کەسێک نیە لە لای ئەمان زیندانی کرا بێت و بە بێئازار و ئەشکەنجە ڕزگاری بوو بێت. بێویژدان و دڕندەن، بێدین و خوا نەناسن. بە بێتاوان کردن خەڵکی دەگرن و لە

زیندانەکاندا توندیان دەکەن و ئازاریان دەدەن. تۆ کەسی منی و لە تۆ دڵنیام ئەگەر نا هەر چییەک بووە ناتوانم بۆ کەسی بگێڕمەوە. ئەگەر بێتو ئەم قسانە ببیستنەوە دووبارە دەمگرنەوە و دەمخەنەوە زیندان. ئەمجارە زیاتر ئازار دەدرێم و سوکایەتیم پێدەکەن هەر چییەک خوا پێی خۆش نەبێت لە گەڵمدا دەیکەن هەتاکو ملم بە پەتەکەدا دەکەن.

ژورێکی تاریک هیچم نەدەبینی، تەنها گوێم لە دەنگی هەناسەیان بوو. کەسێک بە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، قسەی لەگەڵدا دەکردم. من توانای وەڵامدانەوەم نەبوو. هێشتا بەر چاوەکانم ڕوناک نەببۆوە، هەستم کرد کەسێک دەست دەخاتە سەر ناو چەوانم، وا دیار بوو ئەو من دەبینێت. چەند دڵۆپێک ئاو بەر دەم و چاوم کەوت. خەریک بوو خۆم ڕادەپسکاند، زیندانێکی زۆر تاریک بوو، مرۆڤ لە هەموو شتێک سڵ دەکاتەوە و لە هەموو کەس بە گومانە. بە ڵام ئەو کەسە زۆر پیاو چاک بوو، زۆر دڵسۆز و مرۆڤ دۆست بوو. گەر وانەبێت چ پەرۆشە بۆ من. زیندان هەر چەندە ناخۆشە، زۆریش ناخۆشە تاکو پلەی مردن، بەڵام ئەزمونێکی گەورە فێر دەبیت، توشی کەسانی باش دەبیت، هاوڕێیەتی فێر دەبیت.

زیندان قوتابخانەیەکی گەورەیە بۆ ئینسانی کۆڵنەدەر. هەر چەندە تۆ زیندانت دیوە و خۆت دەزانی ئەوانە چەندە دڕندە و بێویژدانن گوێ بە ژن و مناڵ و پیر نادەن. هەر کەس خەڵکی ئەم شارە بێت و لەم میللەتە بێت، ئەگەر بێتاوانیش بێت هەر توشی گرتن دەبێت. ئەمانە ئاسودە نابن ئەگەر ڕۆژانە خەڵک لە بەندیخانەکاندا توند نەکەن.

ئەو چەند دڵۆپە ئاوە ئاهێکی پڕ لە سۆز و خۆشی بە دڵ و دەرونمدا هێنا. وەک بارانێکی بە تاو کە لە مێژ بێت دەشتە

وشکەکان و باخە بێئاوەکان چاوەڕێ بن. چەند دڵۆپە ئاوێکی فێنک و میهرەبان بوون. خۆشەویستی خستە دڵمەوە.

هەر لەو بەیانییەوە خۆشم ویست، خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە وەک دوو هاوڕێی مناڵی و بە وەفا.

کاتێک بە ئاگا هاتمەوە بەرە بەیان بوو، لە سەر پشت کەوتبووم، لە بەر بچوکی ژورەکە قاچەکانم بۆ ژێر خۆم نوشتانبۆوە. ئازاری جەستەم کەمێک هێواشتر و سوکتر ببوو. ویستم خۆم بجوڵێنم و لەو دەقگرتوی و سڕبونە ڕزگارم بێت، پەنجەی قاچم کەوتە پرتە پرت و ئازار. ئەفسەرە زلەکەی دوێنێ شەوم بیر کەوتەوە. دەستەکانم لە زەویەکە گیر کرد و تۆزێک خۆم ڕاستکردەوە کە بتوانم دابنیشم، زۆر زەحمەت بوو، هەستم بە ئازاری پشتم کرد، جێگام زۆر تەنگ بوو. لە کاتی ڕاستبوونەوەدا دەستێکی زۆر میهرەبان، دەستێک لە دەستی برایەکی دڵسۆز دەچوو پستی گرتم هەتاکو بتوانم ئاسانتر خۆم ڕاستبکەمەوە. ناو ژورەکە هێدی هێدی ڕوناکتر دەبۆوە منیش چاوەکانم تروسکاییان تێکەوتبوو، تاریکی شەو لە سەر چاوەکانم ڕەویبوونەوە و لا چوو بوون.

پەنجەرەیەکی بچوکی بە شیش تەندراو لە بەشی سەرەوەی دەرگاکەدا هەبوو، ڕوناکی ڕاڕەوەکە دەهاتە ژورەوە. ڕاڕەوەکە لە ناو ژورەکە ڕوناکتر بوو. ویستم سەیری پەنجەکانی قاچم بکەم، بە دەستەکانم پێم هەڵبڕی و لە خۆم نزیک کردەوە، پێم لە خوێندا سور ببوو، تا ئەو کاتەش تک تک خوێنی لێدەچۆڕا. بیرم دەکردەوە بۆ چی بێتاوان و بێگوناح گرتویانم و بەو شێوەیە ئازار و ئەشکەنجەم دەدەن. ئازارێک هەرگیز بیر نەچێتەوە. ئازارێک دایکمی لە بیر بردۆتەوە. دایکێک خۆشەویسترین کەس بوو، دایکێک تەنها حەقیقەت لە هاوسەنگیدایە. سەیری پەنجەی قاچم دەکرد و ئازارەکەیم بە دڵ

دەچەشت. ڕۆژی سەد جار دایکم لە نوکی پێمەوە هەتاکو تەوقی سەرم بە قوربانم دەبوو. کەچی ئەمان زۆر بێباکانە قاچ بە پێکانمدا دەنێن و بە چەپۆک بە سەرمدا دەکێشن، بە ئازارەکانم خەندەی خۆشی دەیانگرێت.

ئای دایە گیان ئەگەر دەزانیت من لە کوێم، تاقانەکەت، تاقانە لە کوڕ و کچ و کەس و کار، لە چ ژورێکی تەسک و سیخناخ لە بۆ گەنی میز و گوو، بۆگەنی خوێن و تاوان.

ئای دایە گیان خۆزگە لەم جێگا بۆ گەن و نەفرەت لێکراوە، هەرگیز تۆم بیر نەدەکەوتەوە، با ڕۆژێک لە یادگارەکانت بۆگەناوی نەبێت. دەزانم بە دڵ هەمیشە لە لامیت و لە چ ئازار و ژان و ناخۆشییەکدا دەژیم. بەڵام خۆزگە دڵت لە لام نەدەبوو. دڵی دایک وەک هیچیتر نیە، ئەفسونێکی سیحراوی پیرۆزە ئاگاداری ساتە وەختەکانە و لەپێشهاتەکانیشدا دڵی زەنگ لێدەدات.

پەنجەی قاچم هەر خوێنی لێدە چۆڕا. بیرم لەهەموو ئەو کوڕانەی هاوتەمەنی خۆم دەکردەوە. ئێستا سەرگەرمی ئیش و کارن، سەرگەرمی قوتابخانەکانن، سەرگەرمی گوڵو یارەکانیانن. منیش لە چ ژورێکی نەفرەتلێکراودا گیرساوەمەتەوە، لە کولانە سەگ دەچێت و بە چ دەرد و ئازارێکەوە دەناڵێنم. ئاخ چاوم، ئۆف سەرم، ئای قاچم. قاچم بە خوێنەکەوە بە دەعبا ڕەشەکەی دایکت، وەک وات لە من کرد.

هەندێک جاریش ورەم دەهێنایە بەرخۆم. بە خۆم دەگوت: ئاخ و ئۆفی چیتە؟ کێ ناڵێت ئێستا هەزارەهای وەک من بگرە بچوکتریش ئێستا لە زیندانە خراپترەکانیشدا نین؟ ئەو زیندانانەی کە نزیکن لە دادگاکانەوە، کە نزیکە لە ژوری قەنارەکان. ئەو جێگایانە سێ سێسوچکەی نزیک بە یەکتری بوون. ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان بچوک بوایە لە

زیندانەکانەوە دەیانبردن بۆ دادگا و تەمەنیان گەورە دەکرا و لە قەنارەخانەکانی نزیک بەوێ هەموو ئەو منداڵە گیراوانە دەگەشتنە لوتکەی قارەمانیەتی.

خۆم بە خۆم دەگوت: بەسە ئیتر با تەواو بێت ئاخ و ئۆف. گەورەم و منال نیم... . حەڤدە ساڵ تەمەن بەو جۆرە ژیانەی من بە سەرم برد دەکاتە سی ساڵ. ئیتر بەسە ئاخ و ئۆف، وەختە بگریت. نەگریت! ئەگینا ئەم ژورەش بەو پیسی و نەفرەت لێکراویە گاڵتەت پێدەکات.

دەستم لە قاچم بەردا، چاوەکانم هەڵبڕی و بە ژورەکەدا گێڕام. ئەو ژورەی کە شەو وام دەزانی هۆڵێکی گەورەیە و پڕە لە عەشامات. ئەوە ئەو ژورە نەبوو کە پێشتر لە خەیاڵمدا بوو. جگە لە من ژورەکە سێ کەسیتری تێدا بوو. بەڵام ژورەکە خۆی جێگای تاکە کەسێک دەبۆوە. ژورێکی باریک هەر هێندەی پانی دەرگاکە دەبوو، دەرگا کە بۆ خۆشی باریک بوو. من سەرم لە شەوێ سوڕ مابوو کە پاسەوانە کە هێنامی و فڕێیدام. نازانم چۆن ناو چەوانم بەر دیوارەکەی بەرامبەرم نەکەوت. چۆن بە بیرمدا هات دەستەکانم بەرەو پێش درێژ بکەم. هەندێک جار مرۆڤ بە بێ ئاگای خۆی پارێزگاری دەکات لەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەی ئەو زیندانیانەی ناو ژورەکە چۆن توانیان لەو تاریکییەدا بە خێرایی خۆیان لا بدەن کە پاسەوانەکە منی فڕێدایە ژورە تەسکەکەوە، لە وانەیە وەک تابلۆ خۆیان بە دیوارەکە هەڵواسیبێت.

چوار کەس لە ژورەکەدا بووین. من لە هەر سێکیان بچوکتر بووم. سەیری تەنیشتی خۆم کرد کوڕێکی گەنج دانیشتبوو، بە سەر و ڕویدا کوڕێکی باش دیار بوو. سەیری چاوەکانیم کرد. هەستم کرد هەموو یارمەتیەکانی شەو و ئەم بەیانیە ئەو بوو. ئەویش سەیریکردم و گوتی:

_ ئەگەر بڵێم بە خێر بێیت بۆ ئێرە، لەوانەیە بە لاتەوە گونجاو نەبێت بەڵام خۆڕاگر بە، هەتاکو دەتوانیت خۆڕاگر بە هەر چەندە هیلاک و ماندویت. خۆڕاگربە، ئێرە قوتابخانەیە... . قوتابخانەیەکی پڕ ئەزمونە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆڕاگر بن.

ویستم بڵێم قوتابخانەی چی و خۆڕاگری چی. بەڵام بێدەنگ بووم. هەر چوارمان وەک منداڵ کە لە ترسی گەورەیەک نوسا بن بەیەکەوە، دانیشتبوین. پیاوێک لەلای دەرگاکەوە سەری خستبووە سەر هەر دوو ئەژنۆیی و نرکەی دەهات. وا خۆی پیشاندەدا کە خەوتبێت، بەڵام لە ڕاستیدا بە ئاگا بوو بە شەرمەوە دەگریا. ئای چەند کەساسە، گریانەکەش دەبێت بە نهێنی و شەرمەوە بێت. خۆزگە گریان بۆ پیاویش ئاساییبوایە، ئێستا دەنگی بەرز دەکردەوە و بە ئارەزوی خۆی دەگریا. گریانی پیاو چەندە حەزینە، ئەوەندەش بێمانایە. ناوچەوانی لە سەر ئەژنۆی بوو. دەستەکانی بۆ پێشەوە بە سەر قاچەکانیدا شۆڕ کردبۆوە. کتێبێکی سەوزی بچوکی لە دەستا بوو. من پرسیارم نەکرد، زانیم کتێبێکی پیرۆزە.

ئەو پیاوەی لە دوێنێوە، پێش هاتنی من مرد بوو، لە تەنیشت هەر دوکیانەوە دانیشتبوو. کەمێک بە تەمەن بوو، ڕیشێکی درێژی هەبوو، سەری بۆ سەر شانی کوڕە گەنجەکە چەمابۆوە. ئەو کوڕە ئێستا هاوڕێمە، دڵنیام مامە کەتۆ نایناسیت، بەڵام دایکم دەزانێت چەندە دڵسۆزو میهرەبانە. پیاوە ڕیش درێژەکە سەری لەسەر شانی ئەودانابوو، ورتەی لێوە نەدەهات. من دەمزانی خەوتووە. یان بە ئاگایە و چاوەکانی بە نەرمی لە سەر یەک ناوە و خەیاڵ بۆ جێگایەکی بردووە.

قژە درێژە خاوەکەی، تێکەڵ بە ڕیشی ببوو، سەر و ڕیشی هەر دووکیان ماش و برنجی ببوون، قژی لە ڕیشی تەنکتر و ڕیشی لە قژی پڕتر بوو. گوێکانم هەڵخست بۆ هەناسەی، گوێت

لــە دەنگـــی هـــەناســەی مێشــولەی زەلکـــاوەکـــانی دەرەوەی بـەندیخانـەکـە دەبـوو گوێت لـە دەنگـی هـەناسـەی ئـەو پیـاوە نەدەبوو. ژورێکی تەسک و ناخۆش، گلەیم لە بەختی خۆم دەکرد، جار بـە جـار خـۆم دەجولاند و کـەمێک جێگـای خـۆم خۆشدەکرد. کورە گەنجەکەی تەنیشتم، ئەو مامۆستا خۆشەویستە بوو، کە بووین بە هاورێ. سەیری کردم، هەمیشە بزە لـە سـەر لێوەکانی بوو. مامۆستا زۆر دڵسۆزی منبوو، مامە گـەر تۆش لـەوێبویتایـە هەر هێندەی ئەو چاکەت لەگەڵدا دەکردم. دەیدواندمو دڵخۆشی دەدامـەوە. لـەشـەوێـوە پـێش هـاتنی مـن بـۆ ژورەکـە، سـەری ئـەو پیاوە مردووە لەسەر شانی بوو بەبێ ئەوەی بەمن بڵێت. بەیانی لــەتــاو ئــازارو تــەنگــی ژورەکــە، جێگــام بــەخــۆم نــەدەگــرت، نەمدەتوانی بەئارامی دابنیشم. بەدووچاوی نەرمی پڕ لەهیوا تەماشایکردمو بە بزەیەکی غەمبارەوە گوتی:

_ جێگاکەت تەسک و ناخۆشە... . سەبرت هەبێت جێگامان فراوانتر دەبێت.

_ بەڵێ دەبێت خۆڕاگر بین و سەبرمان هەبێت. بەڵام نازانم چۆن جێگامان فراوان دەبێت؟ ژورەکە گەورە دەکەن؟ یا خود نیوەمان دەگوێزرێنەوە؟

_ نــەخێــر ژور گــەورە ناکــەن. ئــەم بــرادەرەی تــەنیشــتم دەگوێزنـەوە، لـە دوێنێـوە پـێش هـاتنی تـۆ، گیـانی سـپاردووە و لێبۆتەوە. خۆڕاگری ئەمەیە. هێندە خۆڕاگر و قارەمان بوو، لە دوای مردنەکەی بە پاسەوانەکانم گوت کە ئەم مردووە و لێرە لایبەرن. ئەوەندە داخ لە دڵ بوون بەرامبەر بە خۆڕاگری ئەو پیاوە، بە مردویشی دەیانەوێت ئازاری بدەن. حەز دەکەم ئەمە یەکەم وانە بێت بۆ تۆ هەتاکو فێری خۆڕاگری ببیت.

گوێم لە وشەکانی کۆتایی نەبوو. پێشتر هۆشم نەما، توشی شۆکبووم، چاوم لە سەر پیاوە مردووکە بوو. ئەو پیاوە باوکم بوو.

من باوکی خۆم نەدیبوو، نەدەمزانی لە کوێ مردووە نە دەمزانی بە چی مردووە. هەستم دەکرد باوکم وەک ئەم مرد بێت و کەس نەیزانی بێت. کێ نالێت ئەویش منداڵێکی بچوکی نیە، وەک ئەو کاتەی کە من بچوک بووم و باوکم مرد بوو. ئەو منداڵەش گەورە دەبێت وەک ئێستای من دەربارەی مردنی باوکی هیچ نازانێت. ئێستا پاسەوانەکان دێن و دەیبن ئیتر کەس نازانێت بۆ کوێی دەبەن و لە کوێ دەینێژن. ئەگەر بیشینێژن هەر باشە. ئێستا دێن و دەیبەن، مەگەر هەر خودا بزانێت بۆ کوێی دەبەن و لە کوێ فڕێیدەدەن. فڕێیدەدەن.... دەیدەن بە سەگەکانیان.

زۆر تێکچوم، بیرم هەر لە لای ئەو منداڵە بوو کە لە خەیاڵی خۆمدا دروستم کرد بوو، ئیتر چۆن بزانێت باوکی کێیە و بە چی مردووە و لە کوێ نێژراوە. ئەمە چ قوتابخانەیەکە؟ ئەگەر تەقە بارەشێکی خوێڕی نەکەن بۆ چی من توشی گرتن دەبم. زۆر دڵم تەنگ بوو، دەترسام، تێنەدەگەیشتم ترس لە چی؟ خەریک بوو دەگریام. نەمدەزانی بۆ چی بگریم؟ بۆ خۆم، بۆ ئەو پیاوە مردووە، بۆ دایکم. شەرمم دەهات کە بگریم. ئای خوایە گیان دەبا گریان بۆ پیاو ئاسایبوایە.

مامۆستای هاوڕێم هەستی بە دڵتەنگی و پەشۆکاوی من کرد. جار بە جار قسەی بۆ دەکردم و دڵخۆشی دەدامەوە.

گوێ بە مردنی کەس مەدە، ئەوە لە سەر ڕێگای هەموومانە. خۆڕاگر بە. ئەو نەمردووە، لە دڵی ئێمەدا ماوە و زیندووە. ئەوانەی بە شێوەی ئەم سەردەنێنەوە، تەنها ڕۆح بە جێیاندێڵێت، لە دڵی خەڵکدا هەمیشە زیندون.

دڵم پڕ بوو لە گریان، حەزم بە گریان دەکرد، بیری دایکم دەکرد. هەتاکو مردن دەبێت چاوەڕوانی من بێت. منیش وەک ئەو پیاوە، وەک باوکم ڕوژێک دەمرم و فڕێم دەدەن.

* * * * *

دوای دەرچونمان لە زیندان زۆر جار منو سەرکەوت باسی ڕۆژانی زیندانمان دەکرد، بە تایبەتی ڕۆژانی سەرەتای زیندان. ئەو ڕۆژانەم بە پێکەنینەوە بەبیردەهێنایەوە. بەغەمباریەوە دەیگوت:...

مامۆستا گیان تۆ ڕاست دەکەیت. من سەرەتا دەترسام و دڵم پڕ ببوو لە گریان. ئەو ڕۆژگارە دنیای من لە زینداندا زۆر جیاوازتر بوو لە تۆ. تارادەیەک منداڵ بووم. یەکەم جار بوو وانە و ئەزمونی ژیان بێتە سەر ڕێگام. لە بیر و هۆش و خەیاڵمدا ئەو پیاوەی کە مردبوو، تێکەڵ بە ژیان و چارەنوسی باوکم کرد. ئەو کاتەی کە باوکم مرد بوو، تەنها تەمەنم چەند مانگێک بووە. وا دەهاتە بەرچاو و مێشکم ئەویش منداڵێکی بچوکی هەیە وەک من گەورە دەبێت و نازانێت باوکی کێ بووە و بە چی مردووە؟ چارەنوسی چۆن بووە و لە کوێ نێژراوە؟ ئێستا دوای دەرچوونم لە زیندان و بە هۆی تێپەڕبوونی کات و فێربوونی ئەو وانانەی لە قوتابخانەی زینداندا فێر بووم. ئێستا ژیان و کارەساتەکانی و کاردانەوەکانی بە جۆرێکی تر تەماشا دەکەم و لێکیدەدەمەوە.

هەرچییەکت دەربارەی وەستا باستکردن هەمووی ڕاستبوون. کارەساتێکی جەرگ بڕ بوو تۆش هەرزەکار بوویت، سەرەتای هاتنتبوو بۆ زیندان... . من نامەوێت دەربارەی باوکت پرسیار بکەم و بیرەوەری تاڵ و ناخۆشت بیر بهێنمەوە. تەنها جارێک گوتم بۆچی لە دایکت ناپرسی دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی باوکت؟ سەرەتا هەندێک قسەت بۆ کردم و تەواوت نەکرد، منیش حەزم نەکرد دووبارە پرسیار بکەمەوە.

ـ مامۆستا گیان قسەی تۆیە. نازانم ئەو باسەم چۆن تەواو نەکرد. هەر ئەو زللەیە بوو کە بە منداڵی دایکم لێیدام، گومان و ترسی لا دروست کردم بەرامبەر بە پرسیار کردن. هەتاکو پێش ئەوەی دەستگیر بکرێم هەر بە گومان بووم لە پرسیار کردن. هەر کاتێکیش زۆر ناچار بومایە پرسیارێک لە دایکم بکەم، دەستم بەلا ڕومەتی چەپمەوە دەگرت، نەمدەوێرا پرسیارەکەش بکەم. ئەم خووە هەتاکو گیرام لە گەڵمدا گەورە بوو.

ئێستا دەربارەی ژیان و چارەنوس و مردنی باوکم ئاگادارم. دوای ئازاد کردم لە زیندان بە هۆی ئەو ئەزمونە گەورەیەی قوتابخانەکەی زیندان، ئەو گومان و ترسەشم نەما لە پرسیار کردن.

ئەو بەیانیە ئازار و ژانی لەشم خاو ببۆوە، تەنها ئازاری پەنجەی قاچم نەبێت، بە بیستنی مردنی ئەو پیاوە ئەویشم بیر چووبۆوە. سەرەتایی ڕۆژێکی ناخۆش بوو. ئەگەر شەوێ بمزانی بایە لە ژورەکەدا کەسێکی مردوو هەیە، ئەوەندەی تریش هیلاک و ماندو بومایە، نەمدەتوانی بخەوم. ئافەرین مامۆستا کە دوێنێ شەو قسەت نەکرد و من بە بێترس خەوتم. هەر ئەو بەیانیە جگە لەوەی مامۆستا یارمەتی دام، دڵسۆزی و قارەمانێتی ئەوم بۆ دەرکەوت.

پیاوێکی چەند میهرەبان بوو، هەر وەک خەوتبێت وا بوو. قەڵەمێک لەناو دەستیدا بوو، دەستەکانی سارد دیار بوون. وەختە بوو پڕ بە ژورەکەم هاوار بکەم... . نازانم هاواری چی بکەم و بڵێم چی؟ خۆشم نەمدەزانی. هەزار و یەک خەیاڵی پچڕ پچڕ بە مێشکمدا هات. ئای ئەمە چ ژورێکە منی تێکەوتم؟ چ کارەساتێکی جەرگ بڕ و خوێناویە. ئەمە سەر قەبرانە یان قوتابخانەیە؟ قوتابخانەی چی، تری ماکەریش نیە. چ ئەزمونێک فێر دەبین؟ چ ئەزمونێک دەخوڵقێت؟ ئێرە مەیتخانەیە

و فێری ئەوە دەبین لە مردووەکان نەترسین و ببین بەهاوڕێیان. فێری ئەوە دەبین چۆن بیانشۆین؟ مردووەکانی ئێرە بێئاو دەشۆرێن... . ئای خالۆ گیان ئەوە لاشە سارد و سڕەکەتە و دەتبینم، ئاخۆ ڕۆحیانەتەکەت لەکوێبێت؟ لە بەرگی کام باڵندەیا بێت؟ تۆ بڵێیت لە بەرگی کۆترێکدا بێت؟ دە کۆترەکە بە دەنوکە وردە جوانەکانت بە دەنوکە ئاڵەکانت بەردێک هەڵبگرە و بفڕە بۆ سەرسەری جەلادەکان و بە سەریاندا فڕێیدەرە خوارەوە. سەریان کونکە و بیانکوژە! هەقی لێکدابڕانی خۆت و جەستە سارد و سڕەکەت بکەرەوە... . ئای من قسە بۆکێ دەکەم. دەڵێی خەو بۆ ئاگردان دەگێڕمەوە.

کێ دەڵێت ئەو کۆترە ئەم لاشەیەی بیرماوە، ئەگەر بیریشی ما بێت کەی کۆتر حەزی لە تاوانکردن و مرۆڤ کوشتنە. چۆن بزانم لە بەرگی کام کۆترەدایە، بێشک ڕۆحیانەتەکەی لە بەرگی باڵندەیەکی میهرەباندایە. ڕۆحی مرۆڤە پیاو چاکەکان دەچنە ناو بەرگی باڵندە میهرەباەکانەوە، ئەو باڵندە جوانانەی هەر یەک بە شێوەیەک ئەم دنیایەی ڕازاندۆتەوە. ئەی باڵندە میهرەبانەکان ئێوەش ئەی تەیرە عەبابیلەکان دووبارە بە دەنوکەکانتان بەردەکان هەڵبگرن و سەری هەموو جەلادەکان کون کون بکەن. ئەو جەللادانەی کە تاوانەکانیان هێندەی ئەم دنیایە گەورەیە.

ئەم پیاوە میهرەبانە چەند بە کەساسی مردووە. ئاخۆ ئێش و ژانی برینەکانی چەند گەورە و بە سوێبن. ئاشکرایە پێش ئەوەی بمرێت نیازی بووە بە قەڵەمەکەی دەستی خۆی بکوژێت. ئازار ئەوەندە ناخۆشە، مرۆڤ بە دەستی خۆی ڕۆحی خۆی دەردێنێت هەتاکو لەو ئێش و ژانە ڕزگاری بێت.

_ مامۆستا کەی لێرە دەبیەن؟

ـ ئەوەندە لەو پیاوەوە فێربووم، بە مردویش حەز دەکەم پێکەوە بین. ئەم ژووره کاول و تەنگە بەرەی لە من کرد بوو بە شارێکی فراوان. شوێنێکی ترم بە دینەدەکر لێره خۆشتر بێت. بە هۆی وتە بە نرخەکانی و خۆڕاگریەکەی، منی کرد بوو بە قەڵایەکی پۆلاین. ڕۆژ بە ڕۆژ هەستم بە بەهێزی دەکرد. حەز دەکەم بە زیندویی لە تەک ئەوی مردودا بچینە گۆڕێکەوە. ئای چی لەو گۆڕە تاریکە دەکات، دەیکات بە چراخان. هەمیشە دەیگوت ئێره قوتابخانەیە. ڕاستی فەرموو قوتابخانەیەکی گەوره بوو، منی فێر زۆر شت کرد.

هەندێک جار دەمگوت: ئای کەی بێت لەم ژوره پڕ لە تاوان و بۆگەنە ڕزگارمان بێت؟ مامۆستا زوو دەهاتە وەڵام «مەڵێ ژور! ئێره قوتابخانەیە». دوێنێ چەند خولەکێک پێش گیان سپاردنی وەک کەسێکی میهرەبان، پاک و نزیک بە خودا هەستی بە کۆتایی تەمەن و ماڵئاوا بوون دەکرد. قەڵەمەکەی لە گیرفانیدا دەرهێنا و لە سەر دیوارەکە، دەبینیت لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا چی نوسیوە.

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە
گەرچی دوژمن وادەزانێت من بە دیلی لاڵدەبم
چاک بزانێت کونجی زیندانم قوتابخانە یە «قانع»

دوای نوسینی ئەم شیعره، لاواز و بێهێز بوو، ڕەنگی گۆڕا. منیش هەستم بە کۆتایی ژیانی کرد، بەڵام نەمدەزانی کەی ماڵئاوایی دەکات سەعاتیکی تر، دوانی تر... . نەمدەزانی. گوتم وەستا خۆڕاگر بە! قسە بکە بزانم چیت دەوێت؟ ئەگەر ڕاسپاردەیەکت هەیە، بڵێ! زۆر لە سەر خۆ و هێمنی گوتی: ئێستاش خۆڕاگرم، چیبکەم هێزم تێدا نەماوە و لەشم سارد بۆتەوە. هیچ قسەیەکم نیە جگە لەوەی کە پێشتر پێم گوتوویت

قسەم بۆ کردوویت. ئێستاش لە دوا قۆناغی ئەم قوتابخانەیەدا خۆم بە سەرکەوتویی دەبینمەوە. ئەگەر لێرەش ئازاد کرایت و خێزانەکەی منت بینی...

وشەکانی کۆتایی زۆر بە زەحمەت بۆ دەهات. قەڵەمەکەی هەر لە دەستا بوو، وردە وردە سەری بۆ سەر شانم شل بوو، گیانی سپارد.

4

شارێکی قەشەنگ و جوان، شەقام و کۆڵان و خانووەکان تێکەڵ بە جوانی یەکتری ببوون. خانووە ڕەنگین و کۆنەکان نیشانەی دەست ڕەنگینی وەستا کۆنەکانی دەردەخست، کە وەک پەیکەر تاشێک یا خود نیگار کێشێکی شارەزای سەردەمەکەی خۆیان مامەڵەیان لە گەڵ کەرەستە و ڕەنگەکاندا لە پیشەکەیاندا کردووە. ئەو شەقام و ڕێگا بچوک و تەسکانە، ئەو خانووە کۆن و دیوار لاڕوخاوانە سیمای فەخر و شانازیبوون بۆ خەڵکی شارەکە. ئەو شارەی لاپەڕەکانی مێژوی خۆی بە سەروەری نوسیوەتەوە.

لەو ڕۆژگارە مەرگەساتەدا هەموو کۆچە و کۆڵان و شەقامەکان، شەوانەش سەربانیماڵەکان پڕ دەبوون لە بارەش . ئەوبارەشە زەبەلاحە دێزانە وەک سەگ دەرژانە ناو شار. وەک سەگە بەرەڵا خوێڕیەکان کە بە هەموو کەس دەوەڕین. لاقی ژنەکانیان دەگرت و عەباکانیان لە سەر دەفڕاندن. پاڵیان بە پیرەکانەوە دەنا و دەیانخستن، گۆچانەکانی دەستیان دەکردە ملیان و بە گاڵتە جاڕیەوە هەڵیاندەساندنەوە و جارێکیتر دەیانخستنەوە. قەشمەریان بە کوڕە گەنجەکان دەکرد و بیانویان پێدەگرتن. منالە دەستگێڕەکانی ناو بازاڕیان هەڵدە خەڵەتاند و بە گژ یەکتریان دەدان. دوای کچەکان دەکەوتن و بۆنیان پێوە دەکردن و نیگای خراپ و بێشەرمیان دەخستە سەریان.

زەبەلاحەکان زۆر جۆر بوون، بەڵام هەموویان ڕەنگیان تاریک و ڕەش و دێز بوون، هەندێکیان لە ناو خەڵکدا دیار نەبوون، تەنها گوێکانیان درێژتر بوون، دەناسرانەوە.

هەموو بەیانیەک سەرکەوت لە کۆڵانەکەی خۆیان دەهاتە دەرەوە بەرەو شەقامەکە دەڕۆشت، لەوێوە بەرەو خوار دەبۆوە هەتاکو دوکان لە هیچ جێگایەک ڕا نەدەوەستا.

دوای کردنەوەی قفڵی دەرابەکە و هەڵدانەوەی، دەنگی دەرابەی دوکانەکە تێکەڵ بە دەنگی وەستانی ئوتومبێلێکی خێرا بوو. هێشتا هەر دەستی بە دەرابەکەوە بوو، ئاوڕی بۆ دواوە نەدا بۆوە، دەنگی پێ و پۆستاڵی خۆ هەڵدانی بارەشەکان هاتە بەر گوێی. نەیدەزانی چەند کەسن، تەپەی قاچەکان تێکەڵ بە یەکتر ببوون، هەموویان لە یەک کاتدا خۆیان لە ئوتوموبیلەکە هەڵدایە خوارەوە. لەبەرخۆیەوە گوتی:

بەم بەیانیە هاتنەوە سەرو دڵمان بگرن و بازاڕ بە سەر یەکدا بشێوێنن. ئەمڕۆ زۆر زوتر ڕژانە بازارەوە.

دەستەکانی لە دەرابەی دوکانەکە داگرتە خوارەوە. بە هەر دوو لای دوکانەکەدا دەنگی قایش و قوروشی چەکەکانیان لە گوێکانی نزیکدەبۆوە. هێشتا ڕوی هەر لە دوکانەکە و پشتی لەوان بوو، هەستی بە ترس کرد. ماوەیەکی زۆر کورت بوو، لەنێوان هاتنە خوارەوەی بارەش لە ئوتوموبیلەکە و هەڵدانەوەی دەرابەکە، بواری هیچ بیر کردنەوەیەکی نەبوو، لە ناخ و دەرونیدا شێوا و شپرزە دیار بوو. هەستی دەکرد گوێچکەکانی پرتە پرت دەکەن و دەجوڵێنەوە. چاوەڕوانبوو کەسێک لە دواوە یەکێک لە گوێچکەکانی ڕا بکێشێت. هەنگاوێک بۆ ناو دووکانەکە ڕۆشت و ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە، ئاهێکی کەمێک ئاسودەی هەڵکێشا کە ئەمجارەش کەس گوێکانی با نەدا. بەڵام زیاد لە گوێچکە ڕاکێشان ئازاری دەرونی چەشت. لە گەڵ خۆخەریکردن

بە کەلوپەلی ناو دوکانەکەوە نیوە نیگایەکی هاویشتە پێشی ئوتوموبیلەکە. ئەوبارەشە زەبەلاحەی لە پێشی ئوتوموبیلەکەدا دانیشت بوو هەر هەمان ئەو ئەفسەرە بوو کە زۆربەی ڕۆژ دەهاتە ئەوێ و لە بەردەم دوکانەکەی ئەودا ڕادەوەستا و لەو شەقامەدا ئەرکی خۆیان دەبینی. لە دوای بڵاو بوونەوەی بارەشەکانیتر لەو دەور و پشتە، ئەویش لەناو ئوتوموبیلەکە دابەزییە خوارەوە.

هەر جاریک لەو شەقامەدا بڵاو دەبوونەوە، دەهاتە لای ئەو ڕادەوەستا و پاش هەڵگرتنی جگەرەیەک دەکەوتە قسەی هەلەق و مەلەق و بێمانا. لە زیندان هەموو چیرۆکەکانی ئەو ڕۆژانەی بۆ باسدەکردم.

مامۆستا گیان، هەر چەند ئەوان دەهاتن کار و کاسپی ڕادەوەستا، خەم و دڵگیران زیادی دەکرد، لە نێو خەمەکاندا بێچارە دەمامەوە «دارێکم بە دەستەوە دەبوو، سەر تا پا لە گو» گو بە گۆڕیان وەک منیان خستە ئەم دۆزەخەوە، ئەو دۆزەخەی بە ئێسک و پروسکی خۆمان جۆشی دەدەن و دواجار دەبێتە قوتابخانە.

وشەی قوتابخانەم زۆر پێخۆشبوو، کە لە سەرکەوتم دەبیست، دەمگوت، «ڕەحمەتت لێبێت، دوو قسەی وا بکە».

ئەو ڕۆژانە لە بەر چاوما دنیا تاریک دەبوو کە ئەوان دەهاتن. بازاڕ چۆڵ دەبوو، کێ دەیتوانی لە ناو توانج و قسەی ناشیرین و لێدانی ئەواندا کاسپی بکات، یا خود بێت و شت ومەک بکڕێت؟ ئەو ڕۆژە باڵندەکانیش بە ئاسمانی ئەوێدا هەڵنەدەفڕین. دارێکم بە دەستەوە بوو نەمدەزانی کوێی بگرم؟ هەمووی گو بوو. نەشدەکرا فڕێیبدەم، ئەوان هەموو ڕۆژێک لەوێبوون، دەهاتن بۆ ئەو گوزەرە، هەر چەند بهاتنایە بۆ ئەو شەقامە بارەشە زەبەلاحە گەورەکە لە بەردەم دوکانەکەی مندا

ڕادەوەستا. نەدەکرا کە ئەوان دەهاتن، من دوکان دابخەم و بڕۆم، یا خود ئەو ڕۆژە هەر لە بەیانییەوە نەهاتمایە بۆ دوکان. توشی هەزار بەزم و دەردەسەریان دەکردم. بە تایبەتی ئەفسەرەکە خۆی لەلای منەوە ڕادەوەستا. ئیتر ئەو ڕۆژە کەسێک نەبوو کە بێت شتێک لە من بکڕێت، کێ دەتوانێت کەلوپەل لە من بکڕێت؟ مامۆستا گیان ئەو خەڵکە لە ژیانی خۆیان بێزار نین و ڕۆحی خۆیان نەدۆزیوەتەوە، بچنە بەر دەست و بەر شەقی پۆستاڵی ئەوان. هەر کەسێکیش بە وێدا بڕۆشتایە بە بێ باجی ئەوان ڕزگاری نەدەبوو. هەتاکو ئێوارە لە لای من ڕادەوەستا و جگەری بەلاشی دەکێشا.

بارەشە پاسەوانەکان بەو ناوەدا بڵاوبوونەوە. خۆیشی لە ناو ئۆتومۆبیلەکە دابەزی و بەرەولای من هات. هەمیشە وشەی ناشیرین لە سەر زاری بوو.

_ ها چڵکن، دەنگ و باس چییە؟ ئاگاداری دنیا هەیت، چی هەیە و چی نیە؟... کوا، ئەوە جگەرەی ڕۆژمان نەماوە.

_ نا، قوربان تەواو بووە، بیرم چوو بیهێنم.

_ ڕاکە لەو بەرەوە بیهێنە! خێرا بیهێنە دوا نەکەویت.

ناچار دەبووم پاکەتێک جگەر بهێنم، گەر وانەبوایە هەتاکو ئێوارە بیست جار دەیناردم. تاکو ئێوارە دانەدانە هەموو پاکەتەکەی تەواو دەکرد. مامۆستا گیان لای من گرنگ پاکەتە جگەرەکە نەبوو، گرنگ ئەو خەڵکە و خۆم بوو، من دەمزانی ڕۆژێک توشی گۆبەندێک دەبم، وەکو بووم.

بە خێرای پاکەتێک جگەرەی ڕۆژمانم دەهێنا. جگەرەیەکی بەلا لێوەوە دەنا. لە گەڵ داگیرساندنیدا کەمێک سەری بۆ خوار دەکردەوە و لەو دیو چاویلکە ڕەشەکانی چاوە مۆنەکانی بە هەموو لایەکدا دەگێڕا و لە نێوان چاویلکە و برۆکانی چاوی بۆ سەرەوە هەڵدەبڕی. کابرایەکی کەتەوزلە هێندەی گامێشکی بێ

شاخ دەبوو. نازانم بۆ ئەوەندە زلە بوون. خاڵێکی شینی زل لەسەر ڕومەتی بوو. کراسێکی بەڵەکی لەبەر دەکرد، قۆڵی کراسەکەی هەتاکو سەرو ئانیشکی هەڵدەکرد. لەسەر قۆڵەکانی چەندەها خاڵ و نەخشی تێکەڵ بە یەکتر هەبوون. نەخشەکان لە دەسکردی قەرەج دەچوون، مانایەکیان نەبوو. جگە لەو دوو ئەستێرەیەی کە هەر یەک لەناو مانگێکدا لەسەر پشتی هەر دوو دەستی کێشرا بوو، چەند ئەستێرەیەکیتر لەسەر شانی بەکەتافی کراسەکەیەوە ڕیز وەستا بوون. پێدە چوو کابرا خوێندەواری نەبێت، پاکەتێک بسکیتی هەڵگرت. وەک سەگی برسی خواردی. لەوە نەدەچوو کە برسیبێت، بەیانیان زوو لە سەروپێخانەکان و جگەرخانەکان خۆیان دەلەوەڕاند. هەمیشە لە بەرامبەر شتی بەلاشدا ئیشتیهایان کرابۆوە. هەر دەیانخوارد و بە بێ ئەوەی ڕەحمێک بە ورگیان بکەن، قۆپچەکانی ناوەڕاستی کراسەکەی ئیتر توانای خۆڕاگرتنیان نەما بوو، وەختە بوو دەر دەپەڕین و لەو فشارە گەورەیە خۆیان ڕزگار دەکرد. کە سەرنجی ورگ و گەڵ و گیپاڵیت دەدا، وا دیار بوو هەمیشە سەر ئاوی بیت.

_ بسکیتێکی خۆش و بە تامە. ئەمە ئێرانییە؟

_ ناگەورەم... عێراقیە... کەلوپەلی ئێرانیم نیە. لە سەر کاغەزی بسکویتەکە نوسراوە، دەتوانیت بیخوێنیتەوە!

_ باشە، باش ئەوەندە چەنەباز مەبە! لە باوکت خوێندەوارترم.

بەلای ڕاستی کەلەکەیەوە هەمیشە دەمانچەیەکی ڕەشی بریقەداری پێبوو لە گەڵ چەند هێدەکێک فیشەک بە قایشی پانتۆلەکەیەوە هەڵواسرا بوون. جیهازێکی بچوک هێندەی رادیۆیەکی دەستی دەبوو جار بە جارێک قسەی پێدەکرد.

پاسەوانەکانی بڵاوببوونەوە، هەر یەک لە لایەک بوون وەک گورک چاویان بە هەموو لایەکدا دەگێڕا. زۆر بە ترس و گومان بوون لە هەموو ئەو کەسانەی کەبەسەر ئەو شەقامەدا و نزیک

بەوان تێدەپەڕین. وەک گورک بە خەڵکەکەدا دەیانڕوانی و وەک سەگیش پێیان دەوەڕین. ئەو کاغەز و پاکەت و قوتووە بە تالانەش کەبا یەکە بە تەق و وڕ بەرەو خوار و بۆلای ئەوان دەیهێنا، ئەوان ڕقیان لێیان دەبۆوە. ڕقیان لەو منالانەش دەبوو کە بە دەم ڕۆشتن و راکردنەوە شەقیان لە قوتوە بە تاڵەکان دەدا. لەخشەی گەلاوەریوی قەراخ شەقامەکان بەشکبوون. هاواریان لەو مندالانە دەکرد کە میزڵدانیان بە دەستەوە بوو. قسەیان بە دایکەکانیان دەگوت «هۆ چەتیو لەگەڵ تۆمە ئاگاداری منداڵەکەت بیت میزڵدانەکە بە دەستیەوە نەتەقێت دوای خوێنی خۆت لە سەر خۆت بە شەق دەعباکەت ئەتەقێنین». ئەو ئافرەتەی لە دوای ئەو ژنەوە دەڕوشت کە منالەکەی میزەلانی پێبوو، شەرمی بە خۆی دەهات کە گوێی لەو جنێو و قسە ناشیرینانە دەبوو. هەنگاوەکانی خێراتر دەکرد هەرچی زوتره لەو جێگایە رزگاری بێت. ئەو پیاو و کوڕ و خەڵکانەی تر لە سەر و شەقامەکەوە بەرەو خوار دەڕۆشتن، لە دووری چەند هەنگاوێک بارەشەکانیان دەبینی پەشیمان دەبوونەوە و زۆر بە پەلە دەچوونە ئەو بەر شەقامەکە و ڕێڕەوی ڕێگاکەی خۆیان دەگۆڕی و دەچوونە ئەو کۆلانانەی کە هێشتا دەروازەکەی بە دیواری بلۆک نەگیرا بوو، لەوێوە خۆیان لەچاوی غەزەبی بارەشەکان وندەکرد. ئێمە هەرگیز قوتار بونمان نەبوو. ئەو ڕۆژە بۆ ساتێکێش لە بەر چاویاندا گوم نەدەبووین. هەموو دوکاندارەکان دەبووین بە هاوڕێی هەمیشەی ئەو ڕۆژەیان. «دارەکەی دەستمان هەمووی گو بوو» هیچ چارەیەکم نەبوو. بەلام زۆر کەس هەبوون لە پلانی چارەسەر کردنی ئەو گرفتەدا بوون. دارەکەی دەستی ئەوان هەمووی گو نەبوو، یەک سەری گو بوو، ئەو سەرەی تری دارەکەیان بە دەستەوە دەگرت و هەتاکو

تواناپان هەبوایە سەرە گواویەکەیان دەکرد بە قورگی باوک و باپیریاندا.

کات پێش نیوەڕۆ بوو، خەڵکێکی زۆر بە بازاڕەوە بوون. تیشکی خۆر هێشتا مابووی شاقوڵی لە هەمو جێگایەک بدات. کۆتایی رۆژەکانی هاوین بوو، بەرەو سەرەتایی پایز دەڕۆشتین، پایزێک ئاشکرا نەبوو، شێداریان وشک. بایەکی نەرمی هێۆاش لە چیاکانەوە، لە چیا بەرز و پیرۆزەکان دەکشا. گەڵاکان تازە هەندێکیان زەرد ببوون و دەوەرین. قەراغی شەقامەکان بە ڕیز و کۆمەڵ گەڵای دار چنار و دار تو و هەمووئەو دارانەی لە حەوشەی ماڵەکانەوە لقەکانیان بە دیوی کۆڵاندا شۆڕ ببۆوە، لێکەوتبوو. بارەشەکان خۆیان هەمیشە وەک بایەکی ڕەشی شوم بە هەموو لایەکدا بڵاو ببوونەوە، بەخشەی گەڵاوەریوەکان دادەچڵەکین و بێزار دەبوون و ڕقیان لە گەڵای وەریوی کەنار شەقامەکان دەبۆوە و ڕقیان لە پایزیش هەڵدەستا.

پیاوێک لە نانەوخانەکە چاوەڕێی نان کڕینبوو، ویستی دەستی بەرێت بۆ گیرفانی و پارە دەربهێنێت، بارەشێک کە نزیک بەو پیاوە وەستا بوو وەختە بوو توند دەستی بگرێت. گیرفانی پیاوەکە بەتاڵ بوو، قورسایی شتێکی تێدا بەدینە دەکرا. بارەشەکە دڵنیا بوو، گەڕایەوە جێگاکەی خۆی. پیاوەکە ئاگاداری ئەمە نەبوو ئەو سەر قاڵی نان کڕین بوو، دەستی لە گیرفانی دەرهێنا و چەند پارەیەکی ئاسنی بە دەستەوە بوو. یەکێک لە پارە وردە ئاسنەکان لە دەستی کەوتە خوارەوە، وەک پێچکەیەکی بچوک هەتا بەر دەم بارەشەکە گلۆر بۆوە و لە ژێر گەڵا وەریوەکاندا دیار نەما. پیاوەکە هەر سەرنجی لە پارە غلۆر بۆ کە دەدا، ویستی بچێت پارەکە هەڵبگرێتەوە، بارەشەکەی بینی پارەکەی واز لێهینا و نەیویست.

لـەو بـەر شـەقامـەکـەوە گـۆڕەپـانێکی گـەورە بـوو، جێگـای وێستانی پاسەکانی گەڕەکەکانی شار بوو. چەندین پاس وەستا بوون. خەڵکێکی زۆر هەمیشە دەچوونە گەراجەکە و دەهاتنە دەرەوە. جموجۆڵێکی زۆر لە وێدا هەبوو. بارەشەکان زۆر بە ئاگادارییەوە و زیاتر لە شوێنەکانی تر چاودێری ئەو جێگایە و هەموو ئەو خەڵکانەیان دەکرد کە لەو ناوچەیەدا دەهاتن و دەچوون. لە هەموو تەقە و خشەیەک دەسڵەمینەوە و گومانیان هەبوو. ئەو جارانەی لە دڵە خور پێ و داچڵەکین لە دەنگەکان کە بێزار دەبوون، داخی دڵیان بەو خەڵکانە هەڵدەڕەشت، کە لە ناکاودا دەکەوتنە ناویانەوە، شەقیان لەو کەسانە هەڵدەدا کە بەلایاندا ڕەتدەبوون. بە لولەی تفەنگەکانیان کیسەکانی دەستیان کوندە کردن و کەلوپەلەکانی ناویان دەڕشتن. سینیە گوڵەبەڕۆژەی سەرسەری مناڵەکانیان دەڕشتە سەر ڕێگاکان. پشتێنی خەڵکیان شلدەکردەوە و جامانەکانیان لە سەر تور دەدان. ئەو ئوتومبیلانەی نزیک بەمان هۆڕنیان لیدەدا، بە تفەنگەکانیان پێیان دەکێشان و قسەیان بە شۆفێرەکان دەگوت. لە گەڵ ئەو هەموو جموجۆڵەدا، بە قەوارەی خۆی هێشتا بێدەنگی باڵی بە سەر ئەو ناوچەیەدا کێشا بوو. تەنانەت مناڵە دەستگێڕەکانیش کە هەمیشە خەریکی هاوار و ڕاکەڕاک بوون، بێدەنگ بوون. جگە لە دەنگی ماشێنی ئوتومبیلەکان دەنگی‌تر زۆر کەم دەبیسترا.

ئەو خەڵکانەی لە سەرەوە دەهاتنە خوارەوە، بە دەنگی بەرز لە گەڵ یەکتردا قسەیان دەکرد. نزیک ئەمان دەبوونەوە دەنگیان نزم دەکردەوە و دەچوونە ئەو بەر شەقامەکە و لەناو کۆڵانەکاندا خۆیان لە بارەشەکان دوور دەخستەوە.

لەناو ئەو هەموو جم و جۆڵ و بێدەنگییەدا، لە ناو هەموو چاودێریکردنی چاوە مۆنەکانی بارەشەکاندا. دەنگی شریخەی

دەستڕێژێکی دەمانچە ئەو بێدەنگی و هێمنییەی شکاند و گوێی هەموو کەسێکی هەژاند. گیڤەی چەند گوللەیەک پایە کۆنکرێتەکەی سمی کە کابرای ئەفسەر پاڵیپێوە دابوو، بە لاگوێمدا تێپەڕین. ئەو کەلوپەلانەی لە سەر ڕەفەی دوکانەکە بوون کەوتنە خوارەوە.

هەراو هوریا و قاو و قیژی ژنان و منالان لە گەڵ ڕاکەڕاکی خەڵک تێکەڵ بە دەنگی دەستڕێژی زەبەلاحەکان بوو. هەر دەسپێکی تەقەی یەکەمی دەمانچەکە، کابرای ئەفسەر بە لادا کەوت بە سەر ئەو مێزەی لە بەردەم دووکانەکەدا کەلوپەلم لە سەر دانا بوو. تەپلە و عەینەکەکەی لە سەر سەر و لە چاودا پەڕیبوون. کەف و لیک لە دەمی دەهاتە دەرەوە. شانی چەپی و سەرسنگی بە خوێن سور ببوون. لە ناو خوێنی خۆیدا دەگەوزا. بە دەم گیان کێشانەوە وڕێنەی دەکرد و بۆڵەی لیوەدەهات کە کەس تێنەدەگەشت. دەستی بۆ من ڕادەکێشا و ورتەی لێوە دەهات کە تێنەدەگەشتم. ڕاکردنی خەڵک و هاژەی ئوتوموبیل و فڕکان فڕکانی عەرەبانەکان هێندەی تر سەر شەقامەکەی وروژاندبوو. هەندێک لەو ئافرەتانەی کە عەبایان بە سەرەوە بوو، عەباکانیان لول دەکرد و بە دەم ڕاکردنەوە دەیانخستە بن دەستیان و شان بە شانی پیاوەکان ڕایاندەکرد. ئەو ژنانەش کە عەباکانیان هەر بە سەرەوە بوو، چمکی عاباکانیان دەکەوتە ژێر قاچی پیاوەکان و کاتی ڕاکردن لە سەر ژنەکان دەکەوتە خوارەوە و جنێویان بەوکەسانەش دەدا کە هەر لە ئەزەلەوە عابایان داهێنا بوو. دەنگی هاڕەی داخستنی دەڕابەکان هێندەی تر ناو جەرگی خەڵکی دادەخورپان و گوڕی زیاتری بەڕاکردنی خەڵک دەدا.

ئافرەتێک بە دەم ڕاکردنەوە جنێوی بە منداڵەکەی دەدا و چەپۆکی پیا دەکێشا و هەزار جار گوی دەکردە قەبری باوکی...

«هەتیوە سەگبابەی بە قوڕدا چووە چەندم گوت لە گەڵمدا مەیە و دوام مەکەوە».

چەند کەسێکی بێتاوان لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکەدا کەوتبوون. پیاوێک بە سەر منداڵێکی کەوتوی لە خوێنگەوزاودا دەگریا و داوای یارمەتی لە خەڵکە ڕاکردووەکە دەکرد، کەسێک نەبوو بە تەنگ هاوارەکەیەوە بێت.

زەبەلاحەکان وەکو پیشەی هەموو جاریان، کوێرانە و شپرزانە تەقەیان بەناو خەڵکدا دەکرد. هێدی هێدی شەقامەکە بەرەو چۆڵبوون دەچوو. زۆربەی زۆری دوکانەکان داخران یاخود هەروا بە کراوەیی خاوەنەکانیان بە جێیان هێشتبوون و ڕایانکرد بوو. ویستم وەک ئەو خەڵکە دوکان دابخەم و ڕابکەم، یا خود هەر وا بە جێبێهێڵم. بەڵام ئەفسەرەکە لایەکی کەوتبووە ناو دوکانەکە و چاوەکانی زەقەیان دەهات.

لورەی دەنگی ئەو ئوتومبیلانەی کە هەمیشە شاریان بێزار کردبوو، لە دوورەوە دەهاتە بەر گوێ. ئەو ئوتومبیلانە لە چەند چرکەیەکدا نزیک بوونەوە بۆ یارمەتیدانی ئەوان گەشتنە جێگای ڕوداوەکە. من هەر لە دوکانەکەی خۆمدا بەندکرابووم. هەستم کرد هەر لە ئێستاوە دەستگیرکراوم.

بارەشە زلەکە بەسەر مێزی بەردەم دوکانەکەدا کەوتبوو هەر بۆڵەی لێوە دەهات، کەسێک نەبوو تێبگات دەڵێ چی؟ بارەشەکانی‌تر کە لە گەڵیدا بوون، هەموو شپرزە ببوون، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا بوو، ترس بە ڕوویانەوە دیار بوو. دوای چۆڵ بوون و هێمن بوونەوە و هاتنی ئوتومبیلەکانی‌تر بە هانایانەوە، کەمێک بە خۆیاندا هاتنەوە و لە نزیکی کابرای گەورەیان کۆ بوونەوە. بارەشەیك تەپلە و عەینەک و جیهازەکەی کە کەوتبوون هەڵیگرتەوە. ئوتومبیلەکان گەشتن و بەڕیز وەستان. پڕ بوون لە بارەشی‌تر وەک گورگ بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەوە

و هەموو جێگایەکیان داگیرکرد. ئەو خەڵکانەی کە تاکە تاکە بەویدا ڕایاندەکرد، یا خود ئەو دوکاندارانەی کە ناچار بوون لە ناو دوکانەکانیاندا مابوونەوە هەموویان گرتن، دەیانگرتن و ڕاپێچی ناو ئوتوموبیلەکانیان دەکردن. لە ناو ئوتوموبیلەکاندا ئەمبولانسێکی سەربازیشیان لە گەڵدا بوو. هەر لەگەڵ وەستاندا گەشتنە سەر کابرای بریندار و خستیانە ناو ئەمبولانسەکە. زۆر بە زەحمەت فەرماندەکەیان بۆ بەرز بۆوە. کابرای فەرماندە زانی بە دەنگیەوە هاتوون و مەترسی نەماوە، هەر لە سەر نەقالەکە کەوتە جنێودان و هەڕەشە کردن لە خەڵک و لە شارەکە.

ئەو دوکانانەی کە خاوەنەکانیان بە کراوەیی ناچار بوون بە جێبیهێڵن و ڕابکەن، کاتێک بارەشەکان هاتن و وەک ڕەشەبا بڵاوبونەوە کەوتنە تاڵانکردن و وێران کردنی هەموو دوکانەکان، شکاندنی ئەو دوکانانەش کە داخرابوون. شوشە و چامخانەکانیان دەشکاند و کەلوپەلی سەر ڕەفەکانیان بە سەر یەکدا تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد.

ئەفسەرە بریندارەکەیان برد، لە خەیاڵ و پلانی ئەوەدا بووم هەر چۆنێک بێت ئەو مێزەی بەر دەم دوکان ڕابکێشمە ژورەوە و دوکانەکە دابخەم و بڕۆم. بارەشێکی ناشیرین وەک گەردە لولێکی ڕەش هاتە بەر دوکان و کەوتە ڕوخاندن و تێکدانی هەموو کەلوپەلەکانی سەر ڕەفەکان.

ڕوی تفەنگەکەی تێکردم و پشتی ملی گرتم بەرەولای ئوتوموبیلەکەی کە خەڵکیان تێدەکرد، ڕاپێچیکردم.

ئەمبولانسەکە هەر زوو بە لورە لور ڕۆشت. ئەو پیکابەی کە وەستا بوو پڕ بوو لە خەڵکی گیراوی بێتاوان، هەرکە کەوتە ڕۆشتن وەک فیشەک گیڤەی هات و دەرچوو، هەموومان بەرەو دوای ئوتوموبیلەکە بەلادا کەوتین. ئەوانەی لە سەر پەڕی

ئوتوموبیلەکە دانیشتبوون، وەختە بوو بکەونە خوارەوە. چاوم هەر لە سەر دوکانەکە بوو کە هەروا بە کراوەیی بە جێم هێشتبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم « دوکان دابخەیت و کراوە بێت وەکو یەکە». ئوتوموبیلەکە زۆر بە خێرایی بە سەر شەقامەکەدا دەڕۆشت. ئەو بارەشانەی کە خۆیان بەملاولای دوای ئوتوموبیلەکەدا هەڵواسی بوو، جار جار تەقەیان بە سەر خەڵکەکەدا دەکرد. بە دەنگی بەرز جنێویان بەو خەڵکانە دەدا کە بە سەر شۆستەی شەقامەکەدا دەڕۆشتن.

لە جێگا پێچاوپێچ و لۆفەکانیشدا بە هەمان خێرای دەڕۆشتن، هەتاکو گەشتینە ئەو مۆڵگایەی کە مەبەستیان بوو چەندین جار لە پشتی پیکابەکەدا بەر یەکتری دەکەوتین جگە لەوەی جار بە جار بە لولەی تفەنگەکانیان دەیانکێشا بە سەر و شانماندا. وەک تیسکەی تفەنگ شەقامەکانی دەبڕی. ئوتوموبیلەکانی پێش ئێمە لە ئاوێنەکانیانەوە ئەو جۆرە پیکابانەیان دەناسییەوە، جگە لە دەنگی لورە لوریان. بە پەلە و خێرای خۆیان بۆ کەناری شەقامەکان لا دەدا. ئەو ئوتوموبیلانە لە بەر شپرزەیی و پەلە کردن نیوەی ئوتوموبیلەکانیان دەخستە سەر شۆستەکان و خۆیان بە خەڵکدا دەکێشا. من زۆر جار ئەم سیناریوێیانەم بینیبوو ئەو پیکابانە بە بەردەم دوکاندا دەڕۆشتن، پڕ بوون لە خەڵکی بێتاوان. هەر کەس لە لای خۆیەوە بە جۆرێک سۆز و بەزەیی دەردەبڕی و جنێو و قسەیان بە بارەشەکان دەدا. ئێستا من خۆم کەسێکم لە گیراوەکانی ناو پیکابەکە و ئەو خەڵکەش تەماشای ئێمە دەکەن. پێش ئەوەی بۆ ئەو شوێنەمان بەرن، من دەمزانی بۆ کوێمان دەبەن. هەر هەموومان دەمانزانی بەرەو کوێ دەمانبەن. جگە لەو جێگایە کوێیتر هەیە کە بمانبەن؟ خۆ ئەوەندە دڵسۆز نین لە بەلا و گرفتی ناو شار دورمان بخەنەوە و بەرەوماڵەوە بمانبەنەوە.

هـەر بـۆ جێگـا نائاسایشـەکـەمـان دەبـەن. خـوا دەزانێـت بـە چ دەردێکمان دەبەن. زۆرمان بیستبوو لە بەسەرهاتی ناو زیندان. خەم و خەفەتی دایکیشم، خۆمم بیر چووبۆوە. من دەزانم ئێستا هەواڵی ئەو ڕوداوەی بیستووە و لە بەر دەرگا هەر چاوەڕوانی هاتنەوەی من دەکات. هەر ماوەیەک دەتوانێت ئارام بگرێت و چاوەڕوان بکات. زانی دیار نەبووم دەرگاکە بە کراوەیی جێدەهێڵێت و عاباکەی دەخاتە بن دەست و بە شپرزەیی لە کۆڵانەکەوە بەرەو شەقامەکە دەکەوێتە ڕێ. لە سەری کۆڵانەکە بە دەم ڕۆشتنی خێراوە عاباکە بە سەریدا دەدات. ئەو عابایەی کە ڕۆژانە چەندین جار دایکمان بەلامانـدا تێدەپەڕێت و ناینـاسینەوە، ئەو عابایەی بە منداڵی دەستی دایکمان لە دەست بەر دەبوو چەند هەنگاوێک دوای ئافرەتێکی عابا بەسەریتر دەکەوتین.

من دەزانم ئێستا بە خێرای بەرەو بازاڕ دەڕوات و عاباکەی بە دوای خۆیدا کێش دەکات. خەڵکەکە هەموویان بە پەلە بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوە. تەنها ژنێک، ژنێک لە ناو جەرگی باڵی گرتووە و بە هەڵەداوان بە پێچەوانەی خەڵکەکەوە بەرەو بازاڕ دەڕوات. هەر دەڕوات و چاو دەگێڕێت بە ناو ئەو خەڵکانەی بەرامبەری دێن بەڵکو لە ناکاو من ببینێت یا خود کەسێک بناسێت هەواڵی منی لێپرسێت.

چەندە خێرا دەڕوات وەک سەردەمی گەنجێتی، چاوتان لێیە بە قاچەکانی دەفڕێت. عاباکەی لێبووە بە تەوق و بە دوایدا هەر شڵپەی دێت. ئەمڕۆ ڕێگای بازاڕ زۆر دوور و درێژ بوو لە گەڵ ئەوەشدا کە خێرا دەڕوات، هەر کۆتایی نایەت. لە دوورەوە کوڕێک دەبینێت شەرواڵێکی ڕەش و کراسێکی نیلی لە بەردایە، ئەوەتا ئەوە خۆیەتی، باش بوو هاتەوە. دەی خێراکە کوڕم پێ هەڵگرە و زوو بگەرە لام.

نا دایە گیان ئەوە من نیم، من لێرەم... . لەو جێگایەم کە چەند هەنگاوێکیتر دەگەینە مۆڵگای نا ئاسایش.

لە ناکاو گەشتینە جێگای مەبەست. ئوتوموبیلەکە ئەوەندە لەناکاو وەستا هەمووومان وەک چێشتی مجەور بە سەر یەکتردا تێکرژاین. خەمەکانم بەرەو زیاد بوون دەچوون، شپرزەیی بەڕوومەوە دیار بوو. لایەک خەمی دوکانەکەم بوو، چۆن کەلوپەلەکانیان بە تالآن برد، لایەک خەمی دایکم بوو. دڵخۆشی خۆم دەدایەوە کە مالّی دنیا هیچ نیە هەر دروست دەبێتەوە، بەلاّم دایک هەر یەک دانەیە و نابێتەوە. مالّی دنیا و سامان هەر پەیدا دەکرێتەوە، کەی ئازاد کرام هەمووی دروست دەکەمەوە، هەر ئازادیش دەکرێم... . چیم کردووە؟ خۆ کەسم نەکوشتووە. ئەوەشم دەزانی هەزاران کەس پیاویشیان نە کوشتبوو، بێسەروشوێنکران. زۆر کەسیتر پیاو کوژ بوون، ئازاد و سەربەست بوون.

خەمی گەورەی من دایکم بوو، دەمزانی هەر چۆنێک بێت خۆی دەگەیەنێتە دوکان، ئەوسا دوکانەکە بەبێ خاوەن دەبینێت و کەلوپەلەکانیش تێکدراو و بە تالآنبراو، خۆی دەکوژێت، هێندە لە خۆی دەدات لەو شەقامە چۆڵە دا دنیا دێنێتە سەر خۆی.

دایکم ڕاستی دەگوت « ئێمە و زۆربەی خەڵکیتریش، خاوەنی زۆر شت بووین لە مالّ و سامان و خانو بەرە، بەلاّم وردە وردە لە هەموو شتیکمان کەمبۆوە و بە تالآن براین هەتا دواجار هیچمان نامێنێت و بە روتی لەم شارە دەرمان دەکەن».

دوکانێکمان هەبوو، ئەویش چوو. دایکم لە بەردەم دوکاندا واقی وڕدەمێنێتو توشی شۆکدەبێت، ناپەرژێتە سەر کەلوپەلەکان کۆیان بکاتەوە، هەروا جێیاندەهێڵێت.

وەک شێت هەر ئەمبەر و ئەوبەر دەکات. نازانێت هەوالّی من لە کێ بپرسێت؟ کەس بە شەقامەکەوە نیە. هێندەیتر لە خۆی

دەدات و قژی خۆی دەرنێتەوە، عاباکەی فڕیدەدا و لە خۆڵەکەدا وەک منداڵ خۆی دەگەوزێنێت. دەست دەکات بە گریان و هاوار، دەیکاتە بە شین و ڕۆڕۆ « ئای ڕۆ کوڕەکەم، کوڕەکەمیان کوشتووە. هەتیوەکەی من بێتاوان بوو، بۆچی کوشتتان؟ بۆ کوێتان برد؟ ئای ڕۆڵە گیان، بە قوربانی باڵاکەت بم، بە قوربانی ئەو خوێنەتبم کە بە سەر دوکان و مێز و کەلوپەلەکاندا ڕژاوە. لە کوێی بە قوربانتبم. بۆ کام نەخۆشخانەتان برد؟ با خوێنەکەی ماچ بکەم، با بۆنی پێوە بکەم، خوێنی کوڕی خۆم دەناسمەوە، دەیدۆزمەوە بۆ کام خەستەخانەتان بردووە».

من دایکم دەناسم، دەزانم هەموو خەستەخانەکانی ناوشار بە دوامدا دەگەڕێت و نامدۆزێتەوە، دنیا درەنگ دادێت هەر نامدۆزێتەوە. دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە... . بۆ ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ.

باوەڕ ناکەم نەخۆشخانەکانم بۆ بگەڕیت. کەس وەک دایک نیە. دایک هێندە هەستی بەرز و میهرەبانە، دڵۆپێک ئارەقەی منداڵەکەی لەناو ڕوبارێکدا دەناسێتەوە. ئێستا بۆنی خوێنەکە دەکات کە بە سەر کەلوپەلەکان و مێزەکەدا ڕژاوە، هەر زوو هەستی پێدەکات... « ئەمە خوێنی کوڕی من نیە، کوڕەکەی من خوێنی گەش و جوانە، بۆنی خۆشە وەک گوڵاوە، ئەمە بۆنی خوێنی سەگی تۆپیوی و لێدێت، خوا دەزانێت چ کەرە بەڕەڵایەک لێرەدا گەوزاوە».

بە پەلە لە ناو پیکابەکە دایانبەزاندین و لولیان کردین «چەند گورج و بە جەربەزەن لێرە» هەر ئەوانە بوون ماوەیەک لەمە و پێشتر کاتی کارەساتەکە «کونە مشکیان لێبوو بەقەیسەری».

هەموومانیان خستە ژورێکەوە. کابرایەکی زلەیتر هەر زوو هەڕەشەی خۆیکرد « تاکو بانگیان دەکەین، با لەو ژورەدا بن، با بزانین لێرەش ئەوەندە قارەمانن».

ژورێکی تەسک و بچوک، هەموومانیان ئاخنیبووە ناوی، ئەو کوڕەی لە من گەورەتر بوو. کەڕولاڵ بوو. پێشتر وا هەستمدەکرد کە ترسا بێت و توانای قسە کردن و وەڵامدانەوەی نەبێت، لە ژورەکەدا هەر بە بێدەنگی دانیشتبوو. ئەو پیاوە پیرەش کە لە گەڵماندا بوو هەمیشە دەگریا. من هەندێک جار بەزەیی و هەندێک جار ڕقم لێیدەبۆوە. دەمگوت لە هەموومان گەورەترە، دەبێت پیاوێکی دنیا دیدە بێت. سەرەڕای ئەوەی دڵخۆشی ئێمە بداتەوە، لوشکە لوشک دەگری. من زۆر دڵم تەنگ بوو، وامدەزانی لە هەموویان بێتاوانتر و مەغرورترم. بەڵام نەدەگریام. هاوارم کرد: کابرا بۆ چی دەگریت؟ چاوەڕوانبە بزانین چیمان بە سەر دێت؟ ئەم گریانە کۆتایی پێبهێنە!

ـ کوڕی خۆم من بۆ خۆم ناگریم... . چاوەڕوانی چی بکەم؟ ئەوەی بە سەر من هات کۆتایی بوو. ئیتر شتێک نەماوە کە من چاوەڕوانیبم، تا کو بزانم چیمان بە سەر دێت. من نەبۆ خۆم دەگریم نە لە ترساندا دەگریم... . بۆ بەدبەختی خۆم دەگریم بۆ ئەو منداڵە بێ تاوانە دەگریم، بۆ کوڕەکەم دەگریم. دەستی لە ناو دەستم بوو بۆ گەڕاجی پاسەکان بەرەو ماڵەوە دەڕۆشتین. لە دوای یەکەم دەستڕێژەوە، لە دەستپێکی تەقەکانی دواتر دەستی هەر لە ناو دەستمدا بوو. بە لادا کەوت. ویستم هەڵیبگرمەوە هەموو سەر سەنگی خوێن بوو، نەمدەزانی چیبکەم، هاوار بۆ کوێ و بۆ کێ بەرم، هەر هاتوو چۆم بوو. ئەو بەستە زمانە هەر زوو گیانی لە دەست دا بوو. کەسێک نەبوو بەهانامەوە بێت و یارمەتیم بدات. خۆم هیچم پێنەدەکرا، لە ناو تەقە و شەقەی گوللەکاندا شپرزە و بێهوش و دەهاتم و دەچووم. هەر ئەوەندەم

پێدەکرا بە سەر لاشەکەیدا شۆڕ ببمەوە و خەڵک بەسەریدا نەڕۆن.

ویستم هەڵیبگرم و لە سەر شەقامەکە دووری بخەمەوە، کاتێک بە خۆم زانی لە گەڵ ئێوە لەناو ئوتوموبیلەکەدام. بۆ بێ بەختی خۆم و بۆ ئەو منداڵە بێ تاوانە دەگریم، ڕۆڵە گیان.

ئای دایە گیان، ئەگەر دەزانیت کوڕەکەت لە ناو گیراوەکاندا لە هەموویان باشترە... . سەد خۆزگە بۆ بێکەسیەکەم دەبەیت.

دایە گیان هەر کە زانیت خوێنە ڕژاوەکە خوێنی من نیە، گوێ بە دوکان و کەلوپەلەکان مەدە، جێیان بهێڵە و بڕۆماڵەوە.

ئاسودە بە، ئاسودە! منیش هیچم نیە و لە ناو گیراوەکاندا لە هەمویان باشترم. دایە گیان ئێستا من زۆر گەورەم، حسابی گەورەیەکیان بۆ کردوم کە کارێکی گەورەی کردبێت.

ژورێکی زۆر تەنگ و ناخۆش بوو. قەپات و کونبڕ بوو. سەر باری ئەوەی دڵم تەنگ بوو، شەرمەزاری لای پیاوە جگەرسوتاوەکە بووم.

لە زیندانەدا کاتمان بیر چووبۆوە. نەماندەزانی چەند کاتژمێرە لێرەین. دەرگای ژورەکەیان کردەوە. جیڕەی دەرگا کە خۆی لە خۆیدا خورپەیەک بوو بە دڵدا دەهات. پاسەوانێک هاتە ژورەوە، ئەو کوڕەی لە گۆشەی ژورەکەدا، دانیشتبوو هەر لە سەرەتاوەکە هێنایانین و فڕێیاندابنە ئەو ژورەوە، ئەو کوڕە لەو سوچەدا گیرسایەوە و لەو کاتەوە جوڵەی لە خۆی بڕیبوو. لە سەرەتاوە کەم قسەیدەکرد، لەڕاڕەوەکەشدا توانای ڕۆشتنی نەبوو. زیاتر لە هەمومان ئەویان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا. لە سوچی ژورەکەدا، دانیشتبوو سەری بۆ ناو کۆشی داخست بوو. کابرای پاسەوان چاوی بە هەمووماندا گێڕا و هاواری کرد: ئەرێ کوڕە تۆ، ناوت چی‌یە؟ بۆ سەر هەڵنابڕیت؟ پێت وایە ناتبینم ئەو

سوچەت گرتووە... زۆر بە کەساسی سەری هەڵبڕی چاوەکانی بڕیە ناو چاوی پاسەوانەکە و قسەی نەکرد.

ـ بۆ قسە ناکەیت؟ ئەگەر ناتوانیت هەستیت، با بێم و بە شەق لەو سوچەدا دەرتبهێنم.

ـ من ناتوانم هەڵبسم، ئیتر تۆش خۆت و ویژدانت.

پاسەوانە مل ئەستورەکە ئەوەندەیتر ڕق ئەستور بوو. بە دەستە زلەکانی سەر شانی گرت و وەک منداڵ بەرزیکردەوە.

هەر ئێستا بە شەق دەدبەم، لە ناو بازاڕدا خەریکی ئاژاوە نانەوە و پیاو کوشتنن، لێرەش خۆتان کردووە بە مەڕی مردو.

بە ڕاکێشان بە ناو ژورە تەسکەکەدا بردی. قاچی ڕاستی شل بوو کەوتە خوارەوە لە ناو ژورەکەدا ئەو قاچەی بە جێما. تا ئەو کاتە کەس لە ئێمە نەیدەزانی قاچی دروستکراوی هەیە و قاچی خۆی نیە.

دەزانم دایکم هەتاکو ئێستا هەر نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە و بە دوای مندا هەر وێڵە. هەر دەگەڕێت و دەگری و دەلاوێنێتەوە، بە دەم هەنسکی گریانەوە لەو کەسانەش هەواڵم دەپرسێت، کە من ناناسن...

دایە گیان خۆت ماندو مەکە، لەوە زیاتر بە دوامدا مەگەڕێ. بچۆ ماڵەوە. هەرگیز نامدۆزیتەوە ئەگەر هەموو شاریش بەدوامدا بگەڕێیت. من لە جێگایەکم کە ناتوانیت بێیتە ئێرە. لە بەر ئەوە برۆ ماڵەوە پشو بدە. ئەمەندەش بە گریان و خۆ کۆشتن بە ناو شاردا بگەڕێیت، شێتە شێتە منداڵ و گەورە دوات دەکەون، شێتت دەکەن.

دایە گیان هەفتەیەکیش بگەڕێیت نامدۆزیتەوە. خەمی منت نەبێت، من زۆر باشم. ئەو باشە نا کەقەناعەتم بە زیندانی دوژمن هەبێت. گەر دەزانیت لە گەڵ کام کەسانەدا بەندم، زۆر ڕازی دەبیت بە بەختم.

خۆی هەر دەڕواتەوە، چی دەکات؟ کە شەو داهات ناچار دەبێت بەرەو ماڵەوە بڕواتەوە. هەر لە سەری کۆڵانەکە لە گەورە و بچوک هەواڵی من دەپرسێت، ئایا من گەڕاومەتەوە بۆ ماڵەوە؟ بەڵام کەسێک نیە لە کۆڵانەکەدا منی بینیبێت.

پورە خونچەی دراوسێمان هێشتا هەر لە بەر دەرگایە. دڵی زۆر بە ئێمە دەسوتێت. هەر لە دورەوە بەرەو ڕوی دایکم دەچێت «ها ئایشێ خان هەواڵی کوڕەکە؟» ئیتر دایکم هەستدەکات کە من نەگەڕاومەتەوە. لە ناو بەرد و دار و خۆڵی کۆڵانەکەدا، دا دەنیشێت و بە هەر دوو چەپۆک بە سەری خۆیدا دەدات، خۆی دەکوژێت. ژنانی گەڕەک لە دەوری کۆدەبنەوە، دەستی دەگرن و نایەڵن ئەوەندە بە سەری خۆیدا بکێشێت، قسەی بۆ دەکەن و دڵخۆشی دەدەنەوە، کە ئارام بگرێت و جارێ هیچ نەبووە بۆ لە ئێستاوە خۆت دەکوژیت. بەڵام سودی نیە. من دایکی خۆم دەناسم. پورە خونچە دەیباتە ماڵی خۆیان، بەڵام ئەو ناچێت، لە هیچ ماڵێک ئارام ناگرێت، بە بێ من چاوی بەرایی نایەت بۆ هیچ شوێنێک بچێت.

نا دایکەکەم نایەم... . بۆ ماڵی کەس نایەم دەچمەوە کاول بووەکەی خۆم، بچم تێر بۆ بالآی بگریم. خۆم دەزانم ئێستا کوشتویانە، کوڕی من منداڵ بوو، منداڵ.

دایە گیان، من منالم تۆ ڕاست دەکەیت، لە هەموو گیراوەکانیتر منداڵترم. بەڵام دایە گیان باوەڕت هەبێت لە هەموویان باشترم. ئەوانی تر سەربازی دەستگیر کردنیان هەر یەکە کۆمەڵێک گرفتی تری هەیە. ئەوەندە مەگری و لە خۆت مەدە، ئارام بگرە و دڵت لە لای من نەبێت.

قاچە دروستکراوەکە بە تەنها لە ژورەکەدا کەوتبوو. دوای ڕاکێشانی لە لایەن پاسەوانەکەوە، کوڕە کەڕ و لاڵەکە قاچە جێماوەکەی هەڵگرتەوە و لەو جێگای کە دانیشتبوو قاچەکەی

دانا. ئێمە هەموو بێدەنگ بووین، کەس قسەی لە گەڵ کەسیتر نەدەکرد، هەرواش باشتر بوو. هەتا قسەمان لەگەڵ یەکتردا بکردایە، زیاتر خەفەت و زوخاو ئاشکرا دەبوو.

یەکەم شەو هەر لە خەیاڵی دایکمدا بووم، شارەزای دایکی خۆم بووم. باشم دەناسی. دایکەکان هەموویان دڵسۆزن، وەک هەموویان لە یەک دایکی گەورە دروستبووبێتن.

دوای ئازاد بونیشم لە زیندان، هەمیشە ئەو ڕۆژەم بۆ دەگێڕایەوە، کە چۆن دایکم هاتبووە بەر چاوم. لەڕاستیدا هەر وابوو کە من بۆی چوو بووم، خۆیشی هەروا بۆی باسکردم کە من لە بەر چاوم بوو. هەر یەکەم ڕۆژ لە بەندیخانە ئازاد کرام، زۆربەی ڕۆژەکانی زیندانم بۆگێڕایەوە. من وا هەستم دەکرد دایکم لە دڵمایە و ئاگاداری هەموو کات و ڕوداو پێشهاتەکانی ژیانی منە. دڵی دایک هەروایە ئەو ڕۆژانەی کە زیاتر بێزار دەبووم لە زیندانـدا، داوای لێبوردنم لە دایکم دەکرد ئەگەر جارێک دڵیم ئازار دابێت.

مامۆستا گیان ئەگەر ئەو بەیانیە بە قسەی دایکم بکردایە نەچوومایە بۆ دوکان توشی ئەم گرتنە نەدەبووم، ئەم هەموو چەرمەسەری و ئازار و ناخۆشیانەم بە سەر نەدەهات. دایکیشم توشی ئەو خەفەتە گەورەیە نەدەبوو. زۆری پێگوتم: کوڕم مەڕۆ بۆ دوکان، ئەمشەو خەوم بینیوە. چی دەبێت ئەگەر ڕۆژێک دوکان نەکەیتەوە، خۆ لە برسان نامرین.

دایە گیان چۆن دەکرێت بۆ دوکان نەچم؟ دەزانم ئەگەر ئەمڕۆ نەچم لە برساندا نامرین. بەڵام تۆ هەمیشە خەو دەبینیت، شەو نیە خەوێکی تازە نەبینیت. ناکرێت هەموو خەوێک بۆ بەیانی من دوکان نەکەمەوە.

_ ئەگەر بە قسەی دایکت بکردایە ئێستا لێرە زیندانی نەدەبوویت و منیشت نەدەناسی و لێرە تەنیا دەبووم.

_ مامۆستا هەر دەبوایە بچومایە. ئەگەر ئەو ڕۆژە لەوێ نەبوومایە ئەو کارەساتە هەر ڕویدەدا. ئەو سا چارەنوسی من خراپتر دەبوو هەزار بەزمیان بۆ دروست دەکردم.
_ ئێستاش چارەیەکمان نیە، دەبێت خۆڕاگر بین. ئەوەی کە بوو تازە ڕویداو بڕایەوە. خوا گەورەیە هەر ڕزگارمان دەبێت.
_ منیش دەزانم... . ڕزگارمان دەبێت. لەو باوەڕە دام بەم نزیکانە ئازادم بکەن. چیان لێم دەوێت؟ ماوەیەکی زۆرە لێرەم و هیچیان بۆ ئاشکرا نەبووە، خۆیشم بێتاوان گیراوم.

دوێ شەو کە بانگیان کردم بە قسەکانی ئەفسەرەکەدا دیار بوو کە بەم زووانە ڕزگارم دەبێت. هەر چەندە لە سەرەتا هەندێک قسەی بێسەر و بەری کرد. یەکەم جار کە بینیمی سەیری پێهات، ئەو هەمیشە لە لای دوکانەکەی منەوە ڕادەوەستا. ئەفسەری زیندانەکەی ئاسایش پێیگوت: ئەمە یەکێکە لەوانەی کە ڕۆژی ڕوداوەکە گومانمان لێکردووە و لەو جێگایەدا گرتومانە، ئایا کەسێکی لەم شێوەیەت بینیوە؟

ئەفسەرە بریندارەکە بە تەواوەتی چاکببۆوە، وا دیار بوو بریندار بونەکەی جێگای کاریگەری نەگرتبوو کە بیکۆژێت. بە پێکەنینەوە گوتی: «ناشێت بە پلانی تۆ ئەم کارە کرا بێت، تۆ ڕێگا و شوێنت بۆ ئامادە کردبێتن». من بە قسەکانی زۆر تێک چووم. بیرم لە بێوەفایی و ترسنۆکیان دەکردەوە. بیرم لەو کاتە دەکردەوە کە لەناو دوکانەکەداکەوتبوو، تف و لیک بەدەمیدا دەهاتە خوارەوە. نەمتوانی هیچ بڵێم، خۆمم لە بیر چوو بۆوە، هەرگیز چاوەڕوانی ئەو قسانەم لەو نەدەکرد. لەو باوەڕەدا بووم هەر کە بینیمی فەرمان دەدات زوو ئازاد بکرێم. ئەو کاتەش کە پێیان گوتم «ئەفسەرەکە ماوە و سەردانی ئێرە دەکات، ئەو کەسانە بە باشی دەناسێتەوە کە تەقەکانیان لێکردووە». زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کە دێتە ئێرە. بەڵام ڕۆژی ڕوداوەکە ئاواتە

خواز بووم کە نەمێنێت و ئەو شەقام و گوزەرە رزگاریان ببێت. من لە ناو خەیاڵ و بیرەوەریە ئاڵۆزەکاندا بە پەشێویەوە چاوەروان بووم، ئەویش چاوەڕوانی قسەیەکی تری لە من دەکرد.

ـ بۆچی؟ قسە ناکەیت. ئەگەر شتێک دەزانیت پێمان بڵێ!

ئەمجارە هێمنتر بوو، تورەیی و دەمارگیری و جدیەت لە قسەکانیدا دیار نەبوو. ئەفسەرەکەی تر کە بەرپرسی ئاسایش بوو، دارێکی ئەستوری لوسی بە دەستەوە بوو، دەیکێشا بە دەستەکەی تریدا و بە پێکەنین و گاڵتە جاڕی و فیزەوە سەیری منی دەکرد، کە خۆی بە کەسێکی سەرکەوت و براوە دەزانی.

من نەمدەزانی چی بڵێم و قسەی چی بکەم؟ ئەو باش دەیزانی کە من ئاگاداری ئەو روداو و بەرنامەیە نیم.

تۆ بۆ خۆت زۆر لە مێژە دێییتە ئەو شەقامە و لە لای من رادەوەستیت بە بێ ئەوەی هیچ روبدات « قسەکانم زۆر بە پچرپچری دەکرد ». من چاوەڕێی ئەو قسانە نەبووم کە کردی. ئەویش دڵنیا بوو کە من دوورم لە بەشداریکردنی ئەو روداوە. نە کەسیش چاوەڕوان بوو نە ئەوانیش خۆیان کە کارەساتیکی بەو جۆرە لە ناو جەرگەی بازاڕدا و لە ناو کۆمەڵێک بارەشدا روبدات. ئەو هەستی بە پەشۆکاوی من کرد، هێمن تربوو.

دەزانم تۆ ئاگاداری ئەو کارە نیت، ئەوانەش تەقەیان کرد خۆم دەیانناسمەوە، زۆر نزیک بوون. ئێستا دەچیتەوە ژورەکەی خۆت، بەیانی یان دوو بەیانی لێرە ئازادت دەکەین، بەڵام هەر کاتێک گومانت لە هەر کەسێک هەبوو، دەبێت ئاگادارمان بکەیتەوە، ئێمەش یارمەتیت دەدەین.

چەند دڵم بەوە خۆش بوو کە بەیانی یان دووبەیانی ئازاد دەکرێم، دوو ئەوەندە زیاتر قێزم لەو قسانەی تری دەکردەوە. ئەمانە چییان لە من دەوێت، جگە لە خۆتان کێ لەم شارەدا بە گومان و ئاژاوە گێڕە. دەی بۆ خۆیان با هەر بڵێن.

ئـەو شـەوەم بـەیـاد دێتـەوە، کـاتێـک سـەرکـەوت گـەڕایـەوە ژورەکە، من بە ئاگاهاتمەوە و چاوەکـانم هـەڵبـڕی. ئـەوە یـەکـەم جـار بـوو ئـەو بـەرن بـۆ لێکۆڵینـەوە و پرسـیار کـردن، چـاوەڕێـی هاتنەوەی نەکەم، تاکو گەڕایەوە خەوملێکەوتبوو.

_ مامۆستا گیان هەڵمەسە، بخەوە. ئەمشەو و لەهەمـوو شـەوێک ئاسودەتر بخەوە، لەو باوەڕەدام هەر یەک دوو ڕۆژیتر لێرە دەبم و ڕزگارم دەبێت.

_ هیوادارم وا بێت. دەمزانی هەر بۆ ئەوە ناردویانە بە دواتا . بـانگکردنی جـاری پێشـوتر کـە پێیـان وتبـوون مـاوەیـەکـیتـر ئـەفسـەرە برینـدارەکـە چاکـدەبێتـەوەو بـۆ ئێـرە دێـت . بـۆ تەماشاکردنی ئەوانەی کە بە گومـانی ئـەو تاوانـە گیـراون، ئـەو کەسانە دەناسێتەوە کـەتـەقـەکانیـان لێکـردون. کـە تـۆ ڕۆشـتیت وەک جـارەکـانی پێشـو دڵـم لـە لات نـەبـوو، هـەسـتم بـە خـۆشـی دەکـرد، وەک کـەسێک پێم بڵێـت کـە بـەم زووانـە لێـرە ڕزگـارت دەبێت و بێ خەم ئەمشەو بنوو، لە خەیاڵی دەرچونی تۆ بووم لـە زینـدان وردە وردە خـەوم لێکـەوەت، ئـەگـەر وانـەبوایـە هـەرگیـز نەمدەتوانی بخەوم هەتاکو تۆ دەگەڕایتەوە.

ئەگەر لێرە ئازاد کرایت، لە پێشدا بۆ دوکان دەچیت یان بۆ لای دایکت؟

مامۆسـتا مـن دایکـم زۆر خۆشـدەوێـت، دەزانـم ئێسـتا لـە چ حاڵێکدایـە، ئـەگـەر مـابێتیش هـەر باشـە. ئـەگـەر لێـرە دەرچـووم دووەم سەردانم بۆ ماڵی ئێوە دەبێت. یەکەم سەردانیشم بۆ ماڵی خۆمان بۆ لای دایکم. هەموو ڕۆژەکە لـە لایـەوە دادەنیشـم، باسـی زیندانی بۆ دەکەم، ئەگەر ماندوبووم سـەر دەکـەمـە سـەر ڕانـی و سەر خەوێک دەشکێنم، دەست بە سـەر مـا دێنێت و پـەنجـەکـانی بە ناو قژمدا دەگێڕێت منیش وردە وردە بەرەو خەوێکی شیرین و

ئاسودە غلۆر دەبمەوە. لەو بڕوایەدام ئەو ڕۆژەی من دەڕۆمەوە ئەو لە ناو کۆڵانەکەدا ڕاوەستاوە و چاوەڕوانم دەکات. سەیری ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵانەکە دەکات. دڵنیام ئەوە پیشەی هەموو ڕۆژێکی ئەوە. جارجارەش دەچێت بۆ ناو بازاڕ بۆ سەیری دوکان و هەواڵی من لە دراوسێکان دەپرسێت. هەر وەک یەکەم ڕۆژ بە نائومیدی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. لە ڕێگا هیوا و ئومێدێکی بچوک بە خۆیدەدات. بەڵکو کەسێک ببینێت کە من بم. یەکە یەکە سەیری دەموچاوەکان دەکات بەڵام من نابینێت هەتاکو دەگاتە ناو کۆڵانەکە هیوا و ئومێدەکانی بەرەو کەمبوونەوە دەچن. لە سەری کۆڵانەکە کەس بەرەو پیری ڕاناکات کە مژدەی هاتنەوەی کوڕەکەی بداتێت، ئیتر بێهیوا لەلای ژنانی گەڕەک دادەنیشێت و دەیکات بە شیوەن. نازانم دایك بۆ هێندە میهرەبانو بەسۆزو پیرۆزن؟

_ من کە دەڵێم ئێرە قوتابخانەیە، بە ڕاستی وایە. ئەگەر چەند ڕۆژێکیتر لێرەبیت، دەزانیت بۆچی دایک ئەوەندە پیرۆزە. وەستا بە خەتی خۆی لە سەر دیوارەکەی ئەو بەر لە سەر پیرۆزی دایک نوسیویەتی. ئەگەر بەیانی بیخوێنیتەوە لە پیرۆزی دایک تێدەگەیت.

_ ئەگەر لێرەش نەیخوێنمەوە، کە ئازاد کراین هەر شوێن و کاتێک دەبێت کەتۆ بۆم باسبکەیت. من هەموو پەند وقسەکانی وەستام لە تۆوە بیستووە، خۆ من ئەوم بە زیندوی نەبینیوە.

من هەر چیەکی وەستا بزانم لە تۆشی دەگەینم، ئەوەی کە ئێستا نوسراوە و خۆت دەتوانی بیانخوێنیتەوە، ئیتر بۆ هەڵبگیرێت بۆ کاتێکی تر. با هەر لە قوتابخانەکە دا فێر ببین، ئەگەر پێ ڕابگەین، بە تایبەتی ئەو باسانەی کە ڕۆژانە دێنە ناو گفتوگۆکانمانەوە.. ئێمە دوو هاوڕێین لێرە و لە دەرەوەی زیندانیش. چەند لێرە پێ ڕابگەین خەریک دەبین، هەر چیەکیش

مایــەوە بــۆ دەرەوەی زینــدان. شــەو درەنگــە و هــەر دووکمــان ماندوین، مەلاش خەوتووە. بە نیازی ڕۆژێکی نوێ و پڕ شادی.
_شەو شاد.
_شەو شاد.

## 5

خەوەکان بوون بەشێك لەژیانی، پیاوەپیرەکەش بوو بەهاوڕێی شەوانی. ژیانی واقعیو خەوەکانی بەجۆرێك ئاوێتەببوون، هەندێکجار نەیدەزانی خەودەبینێت یاخود بەئاگایە، بەڵام هەرنەیدەزانی ئەو پیاوە کێیە شەوان دێتەخەویو قسەی بۆ دەکات. لەسەرەتادا من زۆر گرنگیم بەگێڕانەوەی خەوەکانی نەدەدات، دواتر هەستم بەو ئیرادە یەکبینەیەی ناخیکرد کەسەرو دەسەڵاتی خۆی وەك حاڵەتی خەوبینین دەڕژێتە ناو هەموو گیانیەوەو هەموو هەستەکانی داگیردەکات، بەتایبەتی لەدوای ئەو ڕۆژەی کە کۆمەڵێك خەڵکی زۆر لەلای دوکانەکەی خۆی لەدەوری کۆببوونەوەو ئەویش وەك ڕابەرێك قسەی بۆ دەکردن. ئیتر منیش نەمدەتوانی بەپەرۆشەوە گوێی بۆ ڕانەگرم، بەڵام نەمدەزانی وەك هاوڕێیەك خەوەکانی بۆ من دەگێڕێتەوە یاخود چارەنوسی خەوەکان دەبێت بەو شێوەیە بێتە دەرەو تێکەڵ بەژیانی واقیع ببێت. حاڵەتێکیتر سەرسامیکردبووم، جگەلەوەی بەڕوخساریدا دیرابوو خەوێکیتری تازەم بۆ بەیان دەکات، لەکاتی گێڕانەوەیدا هێدیهێدی منیش دەچوومە ناو دونیای خەوەکەوە. پاش تەوابوون وامدەزانی لەڕۆژگاری زیندانەدا لەگەڵ وەستای هاوڕمێدابووم، ڕەنگو بۆنی وشەکانی سەرکەوت کەلەزاری پیاوەپیرەکەی بیستبوون، هەمان ئەو شێوەو ڕەنگو بۆنانەبوو کە لەژورەکەی زیندانەدا وەستا بەڕیتمێکی هێمنو نەرم قسەی بۆ دەکردم. جارێك گوتم: سەرکەوت هەموو قسەکانت لەهی وەستا دەچن! ئەو زوو

حاڵیبوو، گوتی: ڕەنگە وابێت، بەڵام هەموو ئەو قسانەم لە پیاوە پیرەکە بیستووە، ئەگەر وەستابێت، دێتە خەوی تۆوە، خۆ ئێمە یەکتریمان نەناسیوە. گوتم: مەبەستم ئەوەنەبوو، منیش دەڵێم وەستا نییە، چونکە ئەو هێندە بەتەمەنەبوو وەك تۆ باسی پیری ئەو پیاوە دەکەیت. ئەگەر وەستاشبێت، خەو پەیوەندی بەناسینو نەناسینەوە نیە.

ئەمرۆش دەیەوێت دیداریخۆی پیاوە پیرەکەی هاوڕێی شەوانیم بۆ بگێڕێتەوە. هەموو وشەکان بە ڕوخساریەوە دیارن، وەختە لەناو چاوەکانیەوە بڕژێنە دەرەوە ئەگەر کەمێکیتر لەزاریەوە نەڕژێن. لەسەرەتادا بەشێوەیەك دەستیپێدەکرد کە وتارێکی سیاسی یاخود کۆمەڵاتەیم بەنهێنی بۆ بخوێنێتەوە، هێدیهێدی بۆ ناو خەوەکەی خۆیو قسەکانی پیاوەپیرەکە پەلکیشی دەکردم. ئیتر من بێدەنگدەبووم تاکو ئەو خەوەکەیم بۆبگێڕێتەوە، چیتر لەدەرونیدا پەنگنەخواتەوەو لەچاوەکانیدا وشەکان نەڕژێنە دەرەوە.

ویژدان پەیامێکی خودایی بوو. ڕۆژگارێکی زۆر کۆن بەر لە ئێستا، زۆر پێش هەڵکردنی بارەشەکانی بیابانە دورەکان، خوا لە ڕێگەی ئاگرەگەورەکەوە بە ئێمەی ناساند. ویژدانمان بە هۆی ئاگرە گەورەکەوە ناسی. گرنگی ویژدان لە لای ئێمە لەوەدا بوو کە خوداشمان لە ڕێگەی ویژدانەوە هەست پێکرد.

کاتێک ویژدان گەیشتە لای ئێمە و ڕەنگ و ڕیشەی لە ناو کۆمەڵ و یاساکان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا داکوتا و بڵاو بۆوە. هەستمان بەوە کرد کە کۆمەڵ پێویستی بە بونی خودا هەیە. پێویستی بونی خودا پەیرەو کردنی زیاتری مەسەلە ویژدانی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان بوو. خوا سەرقاڵی ئەو کۆمەڵانە بوو کە «شتە» بێکەڵکەکانیان دەپەرست. ئەو بەردانەیان

دەپەرست کە پێشتر هەر خۆیان میز و گویان پێدا دەکردن و سەری دەعباکانیان پێدەسڕی. پەرستنی ئەو نمونە بێکەڵکانە ڕەنگدانەوەی بێمێشکیو نەفامی خەڵکی ئەو سەردەمە بوو.

ئێمە هەستمان بە بوونی و پێویستی خودا دەکرد. ئەم فکری پێویست بوونە سەرچاوەی لە ویژدان و ئەرکی لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ دەور و پشت وەرگرتبوو. ویژدان پەیامی خودا بوو، گرنگترین پەیامەکانی خودا بوو. هەموو دیارییەکانی خودا بەجۆرێك ئاوێتەی یەکتریببوون، لەپیرۆزیدا یەکترییان خوڵقاندبوو. خوا کەسێکی خۆشدەوێت کە ویژدان لە ڕۆح و دەرون و هۆشیدا ڕەنگیدابێتەوە. گرنگی ویژدان لە فکر و ئەرکی مرۆڤدا، قاڵبونی مرۆڤەکەیە لە تێگەشتن لە داوا ڕۆحێیو نهێنیەکانی خودا. خودا ویژدانی بە یەکێک لە دیارییە پیرۆزەکانی خۆی بۆ مرۆڤ نزیک بە سیفاتی خۆی دروستکردووە. سیفاتەکانی ویژدان نزیک بە سیفاتەکانی خودا خۆین. ئەو خوایەی کە سەرچاوەی هەموو شتەکانە، کە ڕەنگ و دەنگ و بۆنی نیە، نابینرێت و لە هەموو لایەکدایە.

ویژدان دیارییەکی پیرۆز بوو بۆ ئێمە، دەنگ و ڕەنگی نەبوو، نەدەبینرا، لە هەموو جێگایەکدا هەبوو، لە ناو هزر و بیر و دەرونــدا هەبوو، لە ژیانی ڕۆژانە و لە گەڵ هەموو مامەڵەیەکماندا هەبوو.

بە درێژای خەوەکە قسەی بۆ دەکردم و منیش زۆر بە پەرۆشەوە گوێم بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو. لەناخیشەوە ئارەزومدەکرد کەبزانم کێیە؟ بەڵام ئەو هەر قسەی بۆ دەکردم، بواری پرسیارکردنم نەبوو.

_ تۆ بیرت ماوە یەکەم جار هاتمە خەوت لە گردێک کە هەمووی دار و سەوزایی بوو، نزیک بە شارەکە؟

_ من هەرگیز یەکەم خەوم لە گەڵ تۆدا بیر ناچێتەوە، هەموو خەوەکانی‌تریش کە وەک زنجیرەیەکی پەیوەست بە یەک لە یادگاری مندا ماونەتەوە. نەخێر هەرگیز بیرم نەچوونەتەوە، بە تایبەتی یەکەم خەو چونکە گومانم لە لا دروست بوو، گومانێک پرسیارێکی گەورەی بەجێهێشتووە. ئەو پرسیارەی کە هەمیشە لە خەیاڵمدایە بە تایبەتی ئەو کاتانەی لە گەڵ تۆدام. پرسیارێک ئاواتمە بە زوویی بزانم.

_ من دەزانم تۆ چ پرسیارێکت لە لا دروست بووە. دەزانم ئەتەوێت چی بزانیت. من توانای لێکدانەوە و خوێندنەوەی بیر و خەیاڵی تۆم هەیە. ئاگاداری پرسیارەکانی مێشک و دڵتم. ئەو کەسانەی کە تۆ بۆی چوویت، من هیچ کەسێک لەوان نیم. مامە یارە نیم. زۆر کۆنترم، هەر چەندە بۆچونەکەت گونجاو بوو گەر من وەک مامە یارە تەماشا بکەیت. من ئەو دەناسم، ئەگەر حەز بە بینینی دەکەیت، جارێک سەردانی دەکەین.

سەیرم بە قسەکانی هات، بە تایبەتی دواجار کە گوتی، «دەچین بۆلای مامە یارە». نازانم چەندە دوور بوو رۆحیانەتەکەم لە جەستەمەوە کە خەوتبووم، لە ساتێکی زۆر کەمدا گەڕایەوە ناو جەستە خەوتووە سارد و سڕ بووەکەم. بەدەم ڕاچڵەکینەوە بە ئاگا هاتمەوە، دایکم بووشانی ڕادەوەشاندم.

_ هەستە کوڕم! هەستە درەنگە، من دەچم بۆ نانەوخانەکە نان دەکرم، ئاگاداری چایەکە بە لە سەر ئاگرەکە جێم هێشتووە.

_ نانی چی و چای چی؟ ئیتر چۆن بزانم کێ بوو؟ تازە ڕۆشت و ناگەڕێتەوە، چۆن بچین بۆ لای... .

_ ڕۆڵە گیان، ئەوە چیتە؟ باسی کێ دەکەیت؟ دیسان غەیبیەکان هاتنەوە خەوت؟

_ باسی کەس ناکەم. بچۆ نانەکە بهێنە، من ئاگاداری چایەکە دەبم. کە دایکم ڕۆشت دووبارە خەوتمەوە، ئەمجارە مامە پیرە نەهاتەوە خەوم. جارێکیتر لە دەنگی ئەڵقەڕێزی دەرگای حەوشە بە ئاگا هاتمەوە، دایکم بوو هاتەوە. چایەکە وەک دوکەڵکێشی حەمام هەڵمی لێهەڵدەستا.

هەر لەسەرەتاوە بە جدی خەوەکانی بۆدەگێڕامەوە، بەڵام زۆر گرنگیم پێنەدەدا، بە پێکەنینەوە گوتم: ئەگەر هەروا بڕوات بە دەم خەوەکانەوە تێک دەچیت.

_ مامۆستا گیان ناهەقمە ئەگەر تێکبچم. ڕۆژ تا ئێوارە چاوەڕوانی شەو دەکەم کە خەو بە مامە پیرەوە ببینم، کاتێک دێت و دوو قسەم بۆ دەکات، دایکم خەبەرم دەکاتەوە. بە دەم هەڵسانەوە وڕێنە دەکەم، ئەویش گاڵتەم پێدەکات: «چییە، دیسان غەیبییەکان هاتنەوە لات». تێناگەم دایکم چۆن وا دەڵێت! ئەو هەرگیز ئەو پیاوەی نەبینیوە و نازانیت چەندە نورانییە. ڕەنگە باپیرە گەورەی خۆمانبێت؟ ئەگەر نا بۆ دێتە خەوی من؟ هەر باپیرە گەورەی خۆمانە، یا خود چۆنماڵمان دەدۆزێتەوە؟

_ ماڵ دۆزینەوەی چی؟ تۆ ناڵێیت یەکەم جار لە گردێکی بەرزی نزیک شار بوو هەمووی سەوزایی و دار بوو؟ ئەو چۆن بۆ لای تۆ دێت؟ ئەوە ڕۆحیانەتەکەی تۆیە بە دوایدا دەگەڕێت.

_ مامۆستا بە منداڵی هەتاکو گەورەش بووم، نە حەزمدەکرد خەو ببینم، نە خەوەکانیشم بۆ دایکم دەگێڕایەوە، ئێستا بە پێچەوانەوە هەموو شەوێک ئارەزودەکەم ئەو پیاوە پیرە بێتە خەوم و بۆ بەیانی بیگێڕمەوە. بۆ مەسەلەی قوتابخانەش قەد حەزم بە قوتابخانە نەدەکرد. ئەم حەز نەکردنە دەبووە مایەی شەرمەزاریم لە لای مامۆستاکان. هەموو هۆکارەکانیش هەر خۆیان بوون لە گەڵ ئەو پەروەردە خراپە کەپەیڕەو دەکرا. مناڵ هەر لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانەدا ڕقی لە کتێب و قوتابخانە و

مامۆستا دەبۆوە. مندالْ پێشتر لە خەیاڵیدا قوتابخانەی بە شێوە ڕاستیەکەی کێشا بوو وە بیری لێدەکردەوە، دواتر چاوسور کردنەوە و لێدان هەموو حەز و ئاواتەکانی خەیاڵە سادە و بێگەردەکەی تێک و پێک دەدا. ئێستا من بە جۆرێکی‌تر بیر دەکەمەوە و دەڕوانمە قوتابخانە. جاران وام دەزانی تەنها ئەو شوێنانە قوتابخانەن کە ئێمە دەیزانین و ناونراون قوتابخانە، هەتاکو ئەو ڕۆژەی کە گیرام و دواتر هاتمە ژورەکەی ئێوە. سەرەتا گاڵتەم بە قسەکانت دەهات، کە دەتگوت، ئێرە قوتابخانەیە. گاڵتە کردن و بێ‌بڕوایشم لە ئازارەکانی جەستەمەوە سەری هەڵدا بوو. ئەو ئازارانەی دواتر بوون بە هاندەر کە بەندیخانەم بۆ ببێت بە قوتابخانە. ئەو زیندانە قوتابخانەیەکی بچوکی چڕ بوو. ئازارەکان خوڵقێنەری وانەکان بوون. ئەو وانانەی مانای ژیانیان فێر دەکردین. هەر بۆیە قوتابخانەیەکی خۆشەویست بوو. ئێستا کە ئازادم و لە دەرەوەی زیندان دەژیم، بە واتایەکی‌تر لە زیندانێکی گەورەتردا دەژیم، هەموو شارەکەم لە لا قوتابخانەیەکی گەورەیە و ڕۆژگارە سەخت و پڕ لە مەرگە ساتەکان دەبنە وانەکان. هەر تۆ ڕاستت کرد کە دەتگوت، ئێرە قوتابخانەیە.

_ ئەمە قسەی من نەبوو، من نەبووم کە زیندان بکەم بە قوتابخانە. هەتاکو ناویبنێم ئێرە قوتابخانەیە. ئەوە وەستا بوو... . وەستای هاوڕێم، هاوڕێی زیندانم. ئەو پیاوەی کە جەللادەکان بە مردویش ئازاریان دەدا. ئەو پیاوەی بە مردویش حەزم بە هاوڕێیەتی دەکرد و ئارەزوم دەکرد لە ژورەکەدا بمێنێتەوە. هەڵبەت ئەویش بەندیخانەی وەك قوتابخانە نەدەبینی، لەناو زینداندا قوتابخانەیەکی بۆخۆی خوڵقاندبوو. ئەو مامۆستایە بوو کە ئاگری لا خۆشەویست کردم. دەیگوت: «نوێژەکانتان لە ڕوناکیدا بکەن». ئاگرێک لە ناخ و دەرونمدا

سەوز بوو، وانەی خۆراگری فێر دەکردین، وانەی بەرگری و ژیانی لە رۆحماندا دەچاند.

منیش وەک تۆ سەرەتا زۆر بێزار بووم، باوەرم بە خۆم نەمابوو بە رێکەوت بردیانم بۆ ئەو ژورەی زیندان کە وەستای لێبوو. رۆژانی گەرمەی ئازار دانم بوو، زۆر ماندو و بێهێز بووم، ئۆمێدم بە هیچ خۆشییەک نەمابوو، وردە وردە وەستا قسەی بۆ دەکردم و دڵخۆشی دەدامەوە. پاش ماوەیەک ئازار و ئێشی جەستەم بەرەو کەمبوونەوە دەچوون، قسەکانی وەستا جۆرێکیتر بوون کە کاریگەری لە سەر حاڵەتی من هەبوو. سیمای زیندانەکە لە بەر چاوم گۆرا، ئەوەی راستی بێت هەر ئەو زیندان و ژورە بوو. ئەوەی کە گۆرا بوو سیمای مێشک و بیر و بۆچوونی خۆم بوو، ئەوەی کە گۆریشی مامۆستاکەم بوو، وەستا بوو. ئەوەندە گەورە بوو، پێیخۆش نەبوو بە مامۆستا بانگی بکەم. دەیگوت: من لە ئاستی پیرۆزی ئەرکی مامۆستادا نیم. رۆژ بە رۆژ نرخ و سەنگی بەرز دەبۆوە بە هۆی ئەو هەموو زانیار و وانانە کە فێری دەکردم. کەسێک بوو زۆر گەورە و خۆشەویست، خۆشەویستی من بوو. ئەوەی لە دڵمدا بوو، بەرامبەر ئەو نەمدەتوانی نەیدرکێنم. هێندە گەورە و راستگۆ بوو، ئەو بابەتانەی کە قسەی لە سەر دەکرد، دەسنیشانی هەموو سەرچاوەکانی دەکرد. یا خود قسەیەک، رستەیەک هی خۆی نەبوایە، ناوی خاوەنەکەی دەبرد. هەرگیز لە زیندان باسی نەکردووە کە مامۆستای زانکۆ بووە. بە هۆی زیندانی کردن و هەڵوێستی دژی بارەشەکان، لە مامۆستای زانکۆوە کردبوویان بە مامۆستای سەرەتایی.

دوای ئازاد کردنم لە زیندان، بۆ یەکەم جار چووم بۆ ماڵی وەستا. ئەو کاتە من زانیم کە ئەو مامۆستای زانکۆ بووە. زۆر بە

شەرم و بە هەستەوە قسەم لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەکرد و باسی ڕۆژانی زیندانم دەکرد کە وەستا چەندە قارەمان و خۆڕاگر بووە. هەڵوێستی وەستام بەرامبەر بە خێزانەکەی بۆ باسکرد. ئەو گوتی: لە ژیاندا ئەوەندە بەختیار بووم کە خێزانی ئەو بووم، دەمەوێت ئەو بەختیاریەم بەردەوام بێت هەتاکو لە ژیاندا بم، هەرگیز نامەوێت لە هاوسەری ئەو دەربچم.

پێش ئەوەی بچم بۆ ماڵیان خۆم ئامادە کردبوو کە هەندێک قسەی تایبەت بە وەستای بۆ بکەم و دڵنەوایی بدەمەوە، هەر نەبێت لە ئێش و ئازارەکانی کەم بکەمەوە. ئەو ئافرەتە ئەوەندە ڕۆشنبیر و تێگەشتوو بوو، من هەر قسەم بۆ نەدەکرا. تەنها گوێم گرتبوو. وا هەستم دەکرد کە ڕۆحی وەستا چووبێتە جەستەیەوە، ئێستا وەستایە قسەم بۆ دەکات.

وەستا پیاوێکی زۆر گەورە بوو، زۆر بە ویژدان بوو. ویژدانی لە سەرو هەموو شتەکانەوە دادەنا. لە سەرو هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتیەوە دادەنا. گەورەیی ویژدانی بوو، خۆڕاگر و خۆشەویستی کردبوو.

ڕۆژێک گوتم، وەستا ئەوەندە خۆشەویست و گەورەی، هەق وایە لە جێگەی ئەو هەموو وێنە بێمانایانەی کابرا، لە هەموو شوێنێکی شاردا وێنەی تۆ هەڵبواسرێت. لەسەر خۆ گوتی:

_ «من پێویستم بە وێنە هەڵواسین نیە». وێنەی ئەوانە هەڵبواسن کە حەزیان بە وێنەی خۆیانە هەڵبواسرێت. کوڕی باش، خۆشەویستی چۆن وادەبێت، دەتەوێت بمکەیت بە پەنگ لە شارەکەدا! خەڵکەکە ئەوەندە زۆرەکۆمەڵێک هەردەبێت کە منیان لە لا پەسەند نەبێت و منیان خۆشنەوێت و حەز بە چارەو بینینم نەکەن، گو بکەن بە تۆپەڵ و بیدەن بە سەروچاوی وێنەکاندا. بە هۆی منەوە سیمای جوانی شارەکە بشوێت و ناشیرین ببێت.

وەستا کۆمەڵێک شتی خۆشەویست، یەکێک لەوانە ئاگر بوو. ئاگر بۆ ئەو قودرەتێک بوو لە ناخدا، مرۆڤی هاندەدا بۆ خۆشەویستی سروشت. ڕۆژێک زۆر بە وردی باسی خۆشەویستی ئاگری کرد، بنەماکانی ئاگر و کاریگەری لە سەر ژیانی مرۆڤ و پیرۆزی ئاگری بۆشیکردمەوە. ئەو شەوە خەوم بە ئاگرەوە بینی. لە خەوەکە دا خانووکەمان ئاگری گرتبوو. خەڵک و دام و دەزگای ئاگر کوژاندنەوە هاتن بۆ یارمەتیمان و کوژاندنەوەی ئاگرەکە. منیش هاوارم دەکرد و ڕێگەم نەدەدا کە ئاگرەکە بکوژێننەوە. باوەشم بە هەموو کەلوپەلە ئاگراویەکاندا دەکرد و بە دەستەکانم هەڵمدەگرتنەوە و دەمئاخنینەوە ناو باخەڵ و گیرفانەکانمەوە و هەندێکیانم ماچ دەکرد. دەست و پل و دەم و چاوو هەموو گیانم سوتا. کەوتمەوە هاوار و قیژەقیژ بۆ یارمەتی. لە هاواری من وەستا بە ئاگا هات و ڕایدەوەشاندنم.

_ مامۆستا ئەوە چیتە و چی بووە؟ نەخۆشی؟

بە ڕاوەشاندنەکەی وەستا منیش بە ئاگا هاتمەوە. پەشۆکاوی خەوەکەم پێوە دیار بوو. وەک کەسێکی شپرزە و ماندو و ئازاراوی ڕەنگم گۆڕا بوو. وەستا زۆر بە پەرۆش بوو بۆ حاڵی من. هاتمەوە سەر خۆم، «وەستا گیان، ئاساییە. هیچم نیە، تەنها خەوم بینی». هەر ئەو کاتە خەوەکەم بۆ وەستا گێڕایەوە. هەرگیز وەستام نەدیبو، ئەوەندەی ئەو شەوە پێکەنیبێت. خۆیشم زۆر بەختەوەر بووم کە توانیم بە هۆی خەوێکی ئاگراویەوە بۆ چەند خولەکێک وەستا دلخۆش بکەم.

_ مامۆستا تۆ ئاگرەکە تاوانبار مەکە! ئەو هیچ گوناهی نەبووە. تاوانی خۆتبووە، پەلاماری دار و تەختە و کەلوپەلی ئاگراویت داوە. ئەو ئاگرەی لە لای من خۆشەویست و پیرۆزە، زۆر جیاوازترە لەو ئاگرەی بە هۆی سوتاندنی شتێکی‌ترەوە ئاگر دەگریت. ئەوەی من باسیدەکەم گڕێکی ڕوتە و هەر خۆی

پارچەیەک ئاگرە. ئەو ئاگرانە دەبنە خۆڵەمێش و نامێنن. ئاگرەکەی کە من مەبەستمە، شتەکان ناسوتێنێت، دەست و دەم و چاو ناسوتێنێت، ئەو هەمیشە لە دڵ و دەروندایە و دڵ و دەرون ناسوتێنێت. گڕێکی خوایی پیرۆزە، نە هەرگیز دەکوژێتەوە، نە پاشماوەی خۆڵەمێشی هەیە.

ئێمە دەتوانین بە هۆی ئەو ئاگرە پیرۆزە خواییەوە هەموو ئاگرەکانیترمان خۆشبوێت. بەڵام دەبێت ئاگادار بین و بزانین چۆن مامەڵەی لە گەڵدا دەکەین و لە خۆمانی نەوروژێنین. ئەو ئاگرەی کە ئێمە خۆشمان دەوێت، پیرۆزە. شتە پیرۆزەکان سودمەندن، بێزیانن، خودا بە پیرۆزی دروستی کردون. خودا شتە پیرۆزەکانی کە بە دیاری بۆ مرۆڤی ناردون نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کردون. سیفاتێکی پیرۆزی ئاگر «یەک» ئاگری پیرۆز هەیە. شتە پیرۆزەکان یەک دانەن وەک چۆن خودا بۆ خۆی «یەکە».

وەستا ژمارە «یەکی» لە لا پیرۆز بوو. یەکجار پەیمانی بە خۆی دابوو کە ڕاستگۆبێت لە گەڵ سروشت و هەموو کەسێکدا.

پێم گوت: وەستا تۆ ژمارەی یەکت لا پیرۆز و گەورەیە، بەڵام ژمارەی یەک لە هەموو ژمارەکان بچوکترە. بە پێچەوانەی خواوە کە ئەو «یەک» ە و لە هەموو شتەکانی گەورەترە.

_ بە لای منەوە ژمارەی «یەک» بۆیە پیرۆزە چونکە خوا لە گەڵ خۆیدا ژمارە «یەکی» هێنا. ژمارەی یەک لە هەموو ژمارەکان گەورەترە، چونکە خوڵقێنەری هەموو ژمارەکانی ترە. وەک چۆن خوا لە هەموو شتەکان گەورەترە و خوڵقینەری هەموو شتەکانە. هەرچی ژمارە هەیە لە ژمارە یەکەوە دروست بووە. ئەگەر یەک و یەک نەبێت، ژمارەی دوو دروست نابێت. هەروەها یەک و دوو نەبێت، ژمارەی سێ دروست نابێت، هەموو ژمارەکانیتر بەم شێوەیە. گەورەترین ژمارە سەرەتای لە ژمارە

یەکەوە دروست بووە. لە بەر ئەوە ژمارە یەک لە هەموو ژمارەکان گەورەترە و خوڵقێنەری هەموو ژمارەکانی دوای خۆیەتی.

گوتم: وەستا چۆن ئەمانەت بە بیر داهاتووە و لێکداوەتەوە. بەداخەوە تۆ زیندانیت، شوێنی تۆ نابێت ئەم زیندانە بێت.

_ مامۆستا گیان من هیچم بە بیر دا نەهاتووە. ئەمە فەلسەفەی ئەفلاتونە و من تەنها دووبارە دەیگێڕمەوە. جێگای منیش ئەبێت هەر زیندانبێت، ئەی پێت وایە دەبێت زیندان جێگای کێ بێت؟ زیندان جێگای جەللادەکان خۆیان بێت؟ خۆیان زیندان بۆ خۆیان دروست بکەن، خۆیان لە ئەنجامی تاوانەکانیان خۆیان زیندانی بکەن. ئەگەر ئێرە جێگای ئێمە نەبێت، دەبێت جیاوازی ئێمە و ئەوان نەبێت. ئێرە جێگای ئێمەیە. جێگای مامۆستاکەی ئەفلاتونیشە.

بۆ یەکەمجار بوو کە پرسیم، لە سەر چی گیراویت؟

_ لەم وڵاتە زیندانیکردنی مرۆڤەکان ئاساییە. لەسەر هەموو هەڵویستێک بەند دەکرێیت. خواپەرست بیت، ئاگرپەرست بیت، پێشکەوتوو خواز بیت، زۆردار بیت. هەرچۆنیک و هەر چیەک بیت، ئاساییە ئەگەر زیندانی بکرێیت. تەنانەت لە گەڵ خۆیشیاندا هاوبیر بیت. دواجار توشی گرفت و گرتن دەبیت. حەزیان بە هاوڕێیەتی یەکتریش نیەهەتاکو سەر. باشتر وایە هەر لە سەرەتاوە پێچەوانەی بۆچونەکان و هەڵسوکەوتیان بیت و دژایەتیان بکەیت. لەم وڵاتە بەندیخانەکان لە هەموو جیگایەک زیاتر و گەورەترن. ئەگەر بێگوناح و بێتاوان و هەرەمەکی خەڵک نەگرن، چۆن ئەو هەموو ژورانەی بەندیخانەکان پڕ بکەنەوە.

بەندیخانەکان لە جێگا خزمەتگوزاری و قوتابخانەکان گەورەترن. ئەمانە بۆ خۆ فەرز کردنیان بە سەر کۆمەڵدا، تەنها

بۆچونکەکانی خۆیان لە لا پەسەندە، خواست و حەز و بۆچونی بەرامبەر بۆ هەمیشە ڕەفز دەکەن. مرۆڤ بوونی ئەوان تەنها هەر ئەوەندەیە کە لە شێوە و شکڵی مرۆڤدان و بە جەستە و سیما لە مرۆڤ دەچن، ئەگەرنا زۆر دوورن لە بنەماکانی بوونی مرۆڤـەوە. وەک مرۆڤێکـی ئاسـایی بیـر ناکـەنـەوە، وەکـو ئاژەڵەکانیش بیرناکەنەوە. هەموو ئەو ئاژەڵانەی لە ڕەگەز و شێوە دا جۆریکن، زۆر تەبان لە گەڵ یەکتردا و هەمووشیان یەکترییان لە لاپەسەندە. سەگەکان یەکتر پەسەند دەکەن و یەکتری ناخۆن و یەکتری ناکوژن. ورچەکانیش، کەرەکان و مشک و بۆق و باڵندەکانیش، پەپولەکان و هەر هەموو ئەوانیتریش، هەموو ڕەگەزە چوون یەکەکان لە گەڵ یەکتردا گونجاون. زۆر ڕەگەزی جیاوازیش پێکەوە گونجاون و ئاسودە و تەبان.

ئاژەڵە درەندەکانیش لە ناو خۆیاندا یەکتریان لە لا پەسەندە و ڕێزی لێکچوونی خۆیان دەگرن. تەنها ئەمان دژ بە مرۆڤ و بە ڕەگەزی خۆیانن. بە بێ هیچ تاوانێك لە گۆشەی بەندیخانەکان بەندت دەکەن و ئازار و ئەشکەنجەت دەدەن و تاوانی فکرێکی دژ بە مرۆڤایەتیت بە سەر دا دەسەپێنن.

من ئاگرم خۆشەویت. هەموو شتە پیرۆزەکانی دەستکردی خودا، کە نزیکن لە خۆیەوە و یەکێک لە سیفاتەکانی خوایان تێدایە خۆشم دەوێن.

ئەو جەللادانە بە دینی خۆیشیان نامۆن. ئەوانەی ئاگریان خۆشدەویت، خوداشیان خۆشدەوێت و مرۆڤێکی پاک و میهرەبانن. ئەو کەسانە ئاگر لە دەرونیاندا سەوز دەبێت و ڕۆحێکی پاک و بێخەوشیان پێدەبەخشێت. ئەوان بە ناو هێنانی ئاگر پەست دەبن، ناوت خراپ دەکەن و وەک کەسێکی بێباوەڕ و بێدین تەماشات دەکەن. خۆیشیان هیچ بیر و باوەڕێکی دینییان نیە.

تێناگەم بۆ نابێت ئاگرمان خۆش بووێت؟ چ گوناهێکە ئەگەر خۆشمان بووێت؟ کە بۆ خۆی سەر چاوەی بوونی ژیانە.

من مامۆستای قوتابخانەیەکی سەرەتای ناو شار بووم. لە گەڵ خواستی دەست و دائیرەی رژێمدا نەبووم. هەر جارەی بە بییانویەک بانگیاندەکردم و ئازاریاندەدام و سوکایەتییان پێدەکردم. لە پێشڕەوی چالاکی قوتابخانەکاندا کە سازیاندەکرد بۆ بەرژەوەندی و بۆنەکانی خۆیان، بەشداریم نەدەکرد. بەلای ئەوانەوە تاوانبار بووم. منیان بە کەسێکی ئاژاوەگێڕ و تێکدەر دەناسی. جاربەجار ئاستی ئیش و کاریان کەمدەکردەوە. ئایا ئاگرت خۆشبوێت تاوانە؟ یا خود قوتابییەکان بۆ بۆنەی هیچ و بێبناغە نەبەیت. دواجار منیان کرد بە سەرپەرشتکاری چالاکی هەمو قوتابخانەکان. بە بۆچونی خۆیان پلە و پایەی منیان بەرز کردۆتەوە، بەلام مەبەستیان هەبوو. بەرنامە بوو بۆ تاوانبار کردنی من دایانڕشتبوو. ئەوان باش دەیانزانی کە من هەرگیز ئەو بڕیارەی ئەوان قبوڵ ناکەم. چالاکی قوتابخانەکان بە بەشداری ئەو قوتابیانانە بوو کە باوک و کەس و کاریان لە گەڵ ئەواندا بوون. ئەو قوتابیانە خۆیشیان، ئەو کار و چالاکیانەیان پێخۆش نەبوو، بەلام ئەو ڕۆژگارە، چارەسەرێکیتریان نەبوو. چالاکیەکان تەنها بۆ بۆنە و جەژنەکانی خۆیان ئامادەیان دەکرد. ئەگەر چالاکییەکیتری قوتابیان کە تایبەت بە خۆیان بوایە، ڕێگر بوون و قبوڵیان نەدەکرد. ئەوان چاکیان دەزانی بۆ کارێکی لەو جۆرە ئامادە نابم.

پاش ماوەیەک جەژنی نەورۆز بوو. جەژنی نەورۆزی کورد، ئەو بۆنە نەتەوەییە پیرۆزە کە چەندین ساڵە لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکدا یادیکراوەتەوە. منیش وەک ئەرکی نەتەوەیی سەرشانی خۆم، هەستام بە ئامادە کردن و کۆ کردنەوەی قوتابییەکان. هەر ئەو ئێوارەیەی کە ئاگرەکە کرایەوە،

بـارەشـەکـان وەک گێـژەڵوکـە هـاتن و گرتیـانم. هێنایـانم بـۆ ئـەم زیندانـەی کە ئێستا من و تۆی تێدا بـەندکراوین. جـەژنـی دێرنـی نەتـەوەیـەک، یـاد کردنـەوەی بـە تـاوان دادەنـێن. ئاشکرایە هـەر بۆنـەیـەکـی نـەتـەوەیـی قـەدەغـە بکرێـت لـە لای خـەڵـک زیـاتر خۆشەویست دەبێت. جەژنی نەورۆز خـۆی لـە خۆیـدا لـە نـاو دڵ و دەروندایە لە گەڵ ڕۆحماندا دەژی. ئەگەر قەدەغە بکرێت و ڕێگر هـەبێت، هێنـدەیتـر خۆشـەویست دەبێت و زیـاتر تامـەزرۆی یـاد کردنەوەی دەبین.

هـەر کـاتی ئـاگر کردنـەوە قۆڵیـان گـرتم و فڕێیاندامـە نـاو ئوتومۆبیلـەکەوە و چاویان بـەستم، ئـەوەنـدەی بڵـێیّ یـەک و دوو گەیاندمیانە ئەم زیندانەی بە ناو ئاسایشە. بـەڕاڕەوێکـی دوور و درێژدا ڕۆشتین. من ئـەو کـەسانـەم نـەدەبینـی کـە بـەرامبـەرمـان دەهاتن. چونکە چاوم بـەسترا بوو. بەڵام بە دەنگی پێڵاوەکانیـان هەستم دەکرد کە کەسیک بـەرامبـەرم دێت و خـۆم ئامادە دەکـرد بـۆ مشـتـە کۆڵـەیـەک. بـە درێژایـی ئـەو ڕاڕەوە هـەر کـەسێکم پێدەگـەشت بێدڵـی نـەدەکـردم، مشـتـە کۆڵـە یـان شـەقێک، هـەر نـەبوایـە کـەشکێکی بـە پـەنجـە گـەورە و مستیلە ئاڵتونیـەکـەی لێدەدام. بەختی من ڕاڕەوە کـە کۆتـایـی هـەر نـەدەهـات. دوا جـار گـەشتینـە ئـەو سـەر و بـە لای چـەپدا لامـان کـردەوە و تـەپ و وڕ چـەند پلینـەکانـەیـەک چوینـە خـوارەوە. دەرگایـەکیـان کـردەوە، پـەڕۆکـەی کـە چاویـان پێبـەستبوم، ڕایانکێشا. ئـەوەنـدە تونـد بـەستبوویان، بـرۆ و برژانـگ و چـاوم تێکـەڵ بـە یـەکتـر ببـوون. دەستـەکـانم لـە پشـتەوە بـەسـترا بـوو، کردیانـەوە و بـۆ ژورەکـە پاڵێکیان پێوەنام. پێش ئەوەی دەرگای ژورەکەم لە سەر دابخات، گوتـی: چاوەڕوانبـە! هەتاکو شەو دێینەوە بە دواتا بۆ لێکۆڵینەوە. دەستـەکـانم ئـەوەنـدە تونـد بـەسـترا بـوون، شـێوەی دوو بازنـەی سوری بە خوێن لە مەچەکمدا نەخشا بوو.

مامۆستا گیان هەموو ئەمانەت کە بۆ باسدەکەم، بۆ ئەوەی خۆراگر بیت و ئازا بیت. ترس و بێ هیوای ئەوان خۆشحاڵ دەکات. بۆیە هەمیشە هەوڵی کارێکبدە کە ئەوان پێی دڵتەنگ بن. زۆر شت هەیە کە مرۆڤ لە گێل و نەفامی ئەمانەوە فێر دەبێت. ئێرە قوتابخانەیە. من باکم نەبوو لە گرتن و ئازار و ئەشکەنجە. دەبوایە هەر چاوەڕوانی ئەوەمان بکردایە. گرتن و لێدان و ئەشکەنجە دان مانای هەڵویست وەرگرتنە بەرامبەریان. بەمەش چەند  ئازار بدرێت لە لای کۆمەڵ خۆشەویست دەبیت. هەموو ئازار و ئەشکەنجەکان منی خۆشەویست دەکرد، بەلام جەستەم ئازار دەدرا و بە دڵ ئەو ئێشەم ئەچەشت. ئەوەی کە من قەرزاری بووم، دڵم بوو کە توشی ئازار و ئەشکەنجەم کرد بوو. زۆر باکی ئەویشم نەبوو، چونکە دڵیش خۆی ئاگر و نەورۆز و خاکی لە لا خۆشەویست کرد بووم. دەربەستی جەستەشم نەبووم، لە پێناوی شتێکدا بوو کە هەمیشە قەرزاری بوو. پێشتر، چەند جارێک بۆ ماوەی کەم کەم، زیندانی کرا بووم، ڕوداو و بە سەرهاتەکانی زیندانم بینیبوو، زۆریشم بیستبوو. جەلادەکان حەزیاندەکرد لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان لە شەوە تاریک و بێئاگاکاندا ئەنجام بدرێت. پاسەوانەکەی زیندان پێشی نەگوتمایە، من خۆم دەمزانی لە نیوە شەودا بە دوامدا دەنێرن. هێشتنەوەی زیندانیەکان هەتاکو نیوە شەو جۆرە ئازاردانێکی دەرونی بوو کە مرۆڤی بێئارام دەکرد. سەرباری ئەوەی کە ئەو کەسە تاکو نیوە شەو نەیدەتوانی بخەوێت و پشو بدات یا خود لە خەودا ڕایاندەچڵەکاند و توشی پەشێوی و شپرزەیی و خراپی باری دەرونی دەبوو.

زۆر گوێم بەوانە نەدەدا. من گیراوم و لە بەر دەستیاندام. کەی دێن و دەمبەن بۆ لێکۆڵینەوە و ئازار دان. بۆ من جیاوازییەکی نەبوو. ئەو ڕۆژە هەتاکو شەوێکی زۆر درەنگ هەر

چاوەڕوانبووم. لە نیوە شەودا کردیان بە هەرا و دەنگەدەنگ. بە قۆناغی تفەنگەکانیان دەیانکێشا بە دەرگای ژورەکاندا، بە مەبەستی ترساندن و ڕوخاندنی باری دەرونی زیندانیەکان. دەرگای ژورەکەی منیان کردەوە. لایتێکی گەورەی دەستی پێبوو، هێندەی گڵۆپی ئوتوموبیلێک ڕوناکیەکەی بە هێز بوو. بەرەو ڕوی دەم و چاوم ڕایگرت. زۆر بە خێرای چاوە ماندووە خەواڵووەکانم داخست.

دوو پاسەوان بوون. پارچە گوریسێکیان پێبوو. لە پشتەوە دەستیان بەستم. یەکەم جار چۆن و بە چ ڕێگایەکدا هێنایانم بە هەمان ڕێگادا بردیانمەوە بۆ ژوری لێکۆڵینەوە. شەو درەنگ بوو کەمتر مستە کۆڵە و شەق و کەشکم خوارد. ڕاڕەوەکە لە ئێوارە کەمتر خەڵکی پێدا دەڕۆشت. بەڵام ئەو برادەرەیتر لە گەڵ پاسەوانەکەدا بوو، لە پشتەوە لە بری ئەو هەموو خەڵکەی ئێوارە ناخنۆکی وردە کەشک و نوکە شەقی تێهەڵداوم.

لە بەر دەرگای ژورێکدا ڕاوەستاین. یەکێک لەوان ڕۆشت و من و پاسەوانەکەیتر چوینە ژورەوە. سەلامێکی سەربازی بۆ ئەفسەرەکە کرد کە چاوەڕوانی منی دەکرد.

_ «گەورەم، فەرموو ئەمە پاڵەوانەکەیە».

کابرای پاسەوان وەک پەرداخە ئاو بۆ گەورەکەی بەرێت، فەرموی لێدەکرد کە منی بۆ هێناوە. بە پاڵەوان ناوی بردم کە ڕۆستەمی زاڵیان گرتبێت. ئەو چووە دەرەوە و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست. من کابرایەکی لاواز دیار بووم، هیلاک و ماندو، برسی و شەکەت، بەلام لە ناخمدا زۆر بە هێز بووم. ئەویش بە لەش و لار بە پاڵەوانێک دەچوو، بەڵام لە هۆش و هەست و بیردا زۆر لاواز بوو. خۆیشی نەیدەزانی بۆ بەو شەوە ژنەکەی بە جێهێشتووە و لە ژورێکدا دەکەوێتە چەنە حالیّ لە گەڵ مندا. کابرایەکی زۆر زلە بوو، سەری گەشتبووە نزیکی بنمیچەکە بەڵام

عــەقڵــی لــە خــوار ئــەو مێــزەوە بــوو کــە تۆزێــک لــە ســەرو ئەژنۆکانیەوە بوو، ڕاوەستا بوو. دەمانچەیەکی ستیلی بە لاقەدە وەبوو. چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاودا بوو. چاویلکەکەی لە سەر میزەکە دانا و هاتە پێشەوە. دوو چاوی سەوزی گەورەیی هەبوو. هــەر پێــدەچــوو زۆڵبێــت. دەســتێکی بــە فیــزەوە خســتە ســەر دەمانچەکەی. یەکەم قسە کە کردی، ئەوەی دەرخست کە باوکی خۆی ناناسێت.

ـ پێویست بە جنێودان ناکات، چیتان دەوێت و بۆ چی منتان گرتووە؟

ـ چیمان دەوێت؟ بە خوا جوانە. لە دەرەوە جورێکیترن کە دەگیرێن و بۆ ئێرەتان دەهێنین یان لە ترساندا لاڵ دەبن یا خو خۆتان گێل دەکەن. جەنابت لە گەڵ مندا ئەوەندە زمانت درێژە، ئــاخۆ لای پاســەوانــەکــان چــەنــد جنێــوت دا بێــت و قســەت بــە حوکمەت وتبێت و یاسا و دەستورت شکاندبێت.

مـن هـیچم نـەگوتبـوو، ئـەو ملوانـەکـەیـەک لـە درۆ و تـاوان و پوختـانی بـۆ هۆنیمـەوە و بـە نیـاز و بیکاتـە مل و گـەردنـم. ئـەم جــۆرە ڕەوشــت و هــەڵســوکەوت و لێکۆڵینــەوانــەم زۆر بیســتبوو. پێمگوت:

ـ ئێمـە لـە دەرەوە و لێـرەش یـەک جـۆر هـەڵوێستمان هـەیـە. ئەگەر قسەکەی تۆش ڕاست بێت، ئێمەش وەک ئێوە. ئێوەش لێرە جۆرێکیترن، ئازا و بەجەربەزە، پڵنگ ئاسا هەڵمەتبەرن، هیچ دیلێک لە بەر دەم چەپۆکتاناخۆی بۆ ڕاناگیرێت. لە دەریشەوە بــە تایبــەتــی کــاتی لێقــەومانتــان زەلیـل و لاڵ دەبـن. دەربــارەی پاســەوانــەکــانیش ئــەوەی کــە خــوا حــەز ناکــات، ئــەوان بــە زینداـنیـەکـانی دەکـەن، بـە مـن زۆر زیـاتر. مـن لـە گـەڵ ئـەوانـدا هیچم نەگوت، «گەر پیـاو گلـەیـی و سکاڵایـەکـی هـەبێت، لـە لای گەورەکان بیکات».

ئەفسەرەکە تەنها گوێی گرتبوو، دانەکانی لە یەکتری جیڕ دەکردەوە و لە ناخیدا پیش و قینی لێدەخواردمەوە. ئارامی نەما، قسەکانی پێبڕیم و قیژاندی بە سەرما

_ بەسە، بەس، ناپیاو. ناشێ خۆت بە پیاو بزانیت. ئێمە تۆمانکرد بە لێپرسراوی هەموو قوتابخانەکان بۆ بەڕێوە بردن و ئامادە کردنی چالاکی قوتابخانەکان بۆ بۆنە پیرۆزەکان. کە چی بە پێچەوانەی خواستەکانی ئێمەوە کار دەکەیت و قوتابیان هاندە دەیت لە ئاهەنگە پڕ و پوچەکاندا بەشدار بن و نەورۆز لە دژی ئێمە ساز بکەن و فێری ئاگر پەرستن ببن.

_ ئەو پلە و پایەیەی بە منتان بەخشی، بۆ خۆتان. من پێویستم بە پلە و پایەی ئێوە نیە. مەبەستیشتان لەو کارە ئەمەی ئێستا بوو کە من گیراوم. کەسیشم بۆ کاری خراپ هان نەداوە و ئاگر پەرەستیش نین. ئەگەر ئاگر پەرستیش بین، چ پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە. ئاگر پەرستی لە عەبد پەرستن باشترە. ئەرکی ئێوە پەیرەوی دینەکەی خۆتانە، نەک چەواشە کردنی.

کابرای ئەفسەر چاوی پەڕییە پشتی سەری، ناو دەمی پڕ کرد لە تف و بەڵغەم، هەتا توانی هەڵیدا بە ڕومدا. پێش ئەوەی تفەکەم بەر کەوێت خۆمم لادا. بەڵغەمەکە بە دیوارەکەی پشت منەوە نوسا کە تۆزێک سەروتر وێنەی کابرای گەورەیان، «فەرماندە زلە زلەکە» هەڵواسرا بوو. تف بە هەر لایەکدا هەڵبدەیت بەر وێنەی ئەو دەکەوێت. زۆری ئەو وێنانە بە هەموو لایەکدا ئەوە سەرئەنجامەکەی بوو. ئەوانیش ئەوەندە کارامە و وریا بوون لە تف هەڵدانیدا، بە جۆرێک بە دیوارەکەوە نوسا بوو دەتگوت، مۆخی سەگە.

لـە ژێـر مێـزەکـەدا قامچیـەکـی دەرهێنـا، بـەراست و چـەپدا کەوتە لێدانم. جێگا قامچیـەکـان لـە سـەر شـان و مـل و پـستم بـە خـەتێکی پانـی سور نیشانـە ببوون.

_ سەگباب، لـە سـەر ئـەو زمان درێژیـە، دەبێت زمانت ببڕم.

ئـەوان فێر بوون لـە سـەر زمـان بـڕین. کاتێک پـەست دەبـوون، خۆیان دەخواردەوە کە توانای زاڵ بوونیان نەدەبوو بـە سـەر هـزر و بیـر و هۆشـی بـەرامبـەرەکانیـان، دەکـەوتنـە زمـان بـڕین. وایاندەزانی بیری ئازادی بە زمان قرتاندن کۆتای دێت.

سەگبـاب ئـەوەنـدەیتـر تۆ خـۆت تاوانبـار کـرد، دەرکـەوت کـە هەمیشە خـەریکی ئـاژاوەنانـەوە و پیلان گێڕیت دژی ئێمـە. هـەر ئێستا بـە خێرایی دیوارەکە پاک بکـەرەوە، تاکو بـە قامچی ڕۆحتم دەرنـەهێناوە.

ئـەوان جـەللاد بوون. هەرگیز لـە لێدانی زیندانیەکان دەستیان نـەدەپاراست. ئـەو بـەڵغـەمـە بـە دیـوارەکـە بمێنێتـەوە یـا خـود پاکیبکـەمـەوە لـە گرفـت و لێـدانی مـن کـەمناکاتـەوە. بـە سـەر لـەقاندن پێم گوت کە پاکی ناکـەمـەوە.

_ ئەگـەر پاکینـەکـەیتـەوە ئـەوەندەیتر تاوانبار دەبیت.

من هـەرگیز پاکمنـەدەکردەوە، ئـەگـەر بیشیکوشتمایە. ئـەویش دەیزانی کە من گوێی پێنادەم، زیاتر لێم کەوتە ڕقەوە.

_ مـن پاکیناکـەمـەوە. تـف و بـەڵغـەمـی کێیـە، ئاشکرایە و دەزانرێت، با ئـەو کـەسە پاکیبکاتـەوە. خۆت پاکیبکـەرەوە.

لـە گیرفانیدا دەسرێکی دەرهێنا. زەنگێکی لێدا و پاسـەوانێک هاتـە ژورەوە. بـە جۆریک قاچـی بـە زەویـدا دا و سـڵاوی سـەربـازی بۆ کرد، شەقەی قاچی دەنگی دایەوە و ژورەکـە لـەریـەوە. تـەنها بۆ ئـەوەی کابرای گـەورەی لـە سڵاوەکەی ڕازیبێت.

ئـەم جـۆرە سـڵاو کردنـە لـە نـاو ژیـانـی سـەربازیـدا، بـاو بـوو، نـەریـت بـوو. هـەر کـەسـە بـە پێـی پلـەی سـەربـازی بـۆ کـەسـی

گـەورەتـر لـە خـۆی، کـاتـی سـڵاو کـردن شـەقـەی لـە زەویـەکـە هەڵدەستان و پێی خۆی داغان دەکرد، تاکو ئەفسەرەکە ڕازیبکات کە بە پلە و پایە لەخۆی بەرزترە. پلـە بـە پلـە بـەم جۆرە بـوو، هەتاکوو دەگەشتە فەرماندە زلە زلـەکـەیان. ئـەوەی هێندەی زل هینێک دەبوو. ئیتر کەسیتر نەبوو، لـەو زلتر کـە ئـەو سـڵاوی سەربـازی بـۆ بکـات. زۆر جـار لـە پاداشـی ئـەو سـڵاوەدا بـە شـەق وەڵامی سەلامـەکـەی دەدانـەوە. ئیتر شـەق وەشـاندنی ئـەفسـەری گەورە لە خوار خۆی ببوو بە پیشەی ئاسای لە ناو سەربازخانەی دەوڵەت و دام و دەزگای سەربازیـەکـانیتر. ئـەوەنـدە لـە شـەقـی یەکتر ترسا بوون کابرای ئەفسەر ئیتر ئەو شەوە نەیتوانی زیاتر لە گەڵ مندا چەنە حالێ بکات و ئارامی هەبێت بەڵغەمەکە بە خوار وێنەکەوە بێت. هەرچی زوتر بوو ئاواتەخواز بوو تف و بەڵغەمەکە لە دیوارەکە بکاتەوە.

دەسرەکەی هەر بە دەستەوە بوو، بە پاسەوانەکەی گوت: ئەم دەم درێژە بەرە ژورێکی تەنها کە هەر خۆیبێت، نان و ئاوی نا دەنێ هەتاکو خۆم دەنێرمەوە بە دوایدا.

زرم سـڵاوێکی سـەربـازی بـۆ کـردەوە. بـە ڕاڕەوە باریکـەکـەدا ڕاپێچیان کردمەوە. بە هەمان شێوەی جارەکانی پێشوتر، شەرە بۆکس و شەقە یەکلایەنەکە بە درێژایی ڕارەوەکە بەردەوام بوو.

وەک جاری پێشوتر بەلای چەپدا بە چەند پلـە قادرمـەیـەکدا چوینە خوارەوە. ئەمجارە زیاتر ڕۆشتین. ڕارەوێکی باریکتر لـە خـوارەوە هـەبـوو. تـاکو ئـەو سـەری ڕاڕەوەکـە چـووین. گڵۆپێکی زەردی بچوک داگیرسا بوو. گڵۆپەکەش لە تاریکی ڕاڕەوەکە بێزار بوو. چەند دەرگایـەکی ئاسنی بچوک و باریک لـە ڕیزی یـەکتر بوون. یەکەم دەرگامان بەجێهێشت، پێدەچوو زیندانی تێدابێت. لای دەرگای دووەم وەستاین.

تۆپەڵێک کلیلی زۆری لە گیرفانیدا دەرهێنا، پێدەچوو زۆر لە مێژ بێت خزمەتکاری ئەو بەندیخانەیە بێت. بە ئاسانی کلیلی دەرگاکەی ناسییەوە. دەرگاکەی کردەوە و هەتاکو توانی پاڵێکی پێوەنام بۆ ژورەوە.

تەنها لە سەر زمانی ئەوان، ئەوە ژور بوو. هەر هێندەی دۆلابێکی بچوک دەبوو. جێگای جنۆکەیەکی غەیببوو نەدەبۆوە. پیاو بە دڵنیا نەدەهات کە شەیتانیشی تێدا بەند بکات.

نەمدەزانی چەند لەو دۆلابەدا دەمێنمەوە. هەر لە سەرەتاوە بە تەواوی بێزار بووم. ئاواتە خواز بووم، هەر بە زوویی بانگم بکەنەوە بۆ لێدان و قسە و تف کردن تەنها لەو گۆڕە جنۆکەیە ڕزگارم بێت. پێم خۆشبوو هەر گەرماوگەرم لە سەر برینە کۆنەکان و قامچییەکانی پێشوتر کە هێشتا هەر خوێنیان لێدەچۆرا و هالاوی ئێش و ئازارێکی بە سوێیان لێهەڵدەسا، دووبارە لێم بدەنەوە، تەنها لەو ژورە قاڵبەدا ڕزگارم بێت.

6

زرم وکوتی پۆستاڵی پاسەوانەکان دەنگی دەدایەوە کە بە ڕاڕەوەکەدا دەڕۆشتن. ئەو دەنگانە زۆر سامناک بوون بە تایبەتی لە شەوانی درەنگ وەختدا..

کردبوویان بە پیشە هەمیشەییان، بۆ ئەشکەنجە و ئازاردان و لیکۆڵینەوە نیوەی شەو دەهاتن و دەیانبردین. ئەگەر بۆ تاکە کەسێکیش بهاتنایە، بە هەرا و هوریا و تەق و وڕ لە دەرگاکان، هەموو زیندانیەکانیان لە خەو هەڵدەستان. دەنگی پۆستاڵ و هاتنیان بە ڕۆژ ئەوەندەی شەو ترسناک نەبوو. هەر چەندە بۆ کارێکی خێر و چاکە هەرگیز نەدەهاتن. زیندانەکە خۆی لێوان لێو بوو لە خراپە و ئازاردان، بەڵام هاتنیان بە ڕۆژ تایبەتی‌تر بوو.

سەربار ی ئازار و ماندو بوون، لاشەی وەستا ئەوەندەی‌تر مێشک و دەرونی هیلاک کردبوو. هەرچەندە لەسەرەتای هاتنی بۆ ژورەکەی ئێمە، مردنی وەستام لەلا باسنەکرد تاکو بەیانی کەکەمێك هۆشی بەخۆی هاتەوەو کەوتینە پرسیارو قسەکردن. دەنگی هاتنی پاسەوانەکان نزیکتر بۆوە. سەیرێکی‌کردم، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، دەمزانی چی دەپرسێت، وەڵامم دایەوە.

_ دەبێت ئەوان بن و بۆ ئێرە بێن و بیبەن. ئێستا قارەمانێتک وەک پەڕۆکۆن هەڵدەگرن و دەیبەن. بەرەو شوێنێکی نادیاری دەبەن، بەرەو گۆڕێکی ون.

وەستا هێندە میهرەبان بوو، هەر وەک نوستبێت، هاکا لە دەنگی دەرگا کردنەوەکە بە ئاگا بێت. چاوەکانی نەرم،

دەستەکانی سارد دیار بوون. سەری لە سەر ڕانم بوو. قژە خاوە درێژە ماش و برنجیەکە بە سەر قاچمدا پەخشببوو. سەرکەوت تەنها ئەوەندە وەستای بینیبوو کەڕۆژبووەوەو پاسەوانەکان هاتن بردیان، بەڵام وەك هاوڕێیەکی دێرینی خۆی هەمیشە لەناو یادگارو نوسینەکانی وەستادا دەژیا. هەردووکمان بێدەنگ تەماشای لاشە بێگیانەکەی وەستامان دەکرد، مەلاش لەبەرخۆیەوە نزای بۆ گیانی پاکی دەنارد. وەستا وەك خەویلێکەوتبێت سەری لەسەر ڕانمبوو، بەڵام لاشەیەکی بێگیانوبێجوڵەبوو. مرۆڤ هەمیشە بەگومانە لەڕۆحەکان، بۆچی لاشەبەجێدەهێڵنو ڕوو لەکوێ دەکەن؟ ڕەنگە ئێستا ڕۆحی چوبێتە ناو باڵندەیەکی میهرەبانەوە و لە دەرەوە چاوەڕوانی لاشەکەی بکات، بە سەر بەندیخانەکەدا دەسوڕێتەوە، هەتاکو دێنە دەرەوە و دوورا و دوور چاودێری دەکات. بە چی دەچێت، ڕۆح بێدەسەڵاتە هیچی بۆناکرێت. هەر ئەوەندەی کە بینی لاشەکە فرێدەدەن، ئەویش دەڕوات، دەفرێ بۆ ناو باخ و دارستانەکان بۆ گوێ ڕوبار و چیا بەرزەکان.

ڕۆحم نیشتبووە سەر دەریایەك لەفرمێسکی ژانو خەم، وەختەبوو خوێنیشم دەبوو بە ئاوو لەچاوەکانمەوە دەرژان، بەڵام نەمدەزانی بۆچی گریانم نایەتو لەو ئەشکەنجە دەروونیە ڕزگارمبێت، ڕەنگە خۆشەویستیمبێت بۆ وەستا، ئارەزووبکەم فرمێسکەخەماویەکانی ئەو لەناخمدابمێننەوەو بۆ هەمیشە ئاوێتەی ڕۆحمبن. چاوەکانی سەرکەوتیش هەوری گریانێکی حەزینیان لێنیشتبوو. ویستم بڵێم، خۆڕاگر بە! مەگری! ئێرە قوتابخانەیە.

بۆچی نەگری؟ با بگری هەتاکو خۆی حەز دەکات. گریان تەنها مۆلکی مناڵ نیە. با ئێرەش قوتابخانە بێت. ئێمە ئەوەندەی لە قوتابخانەدا گریاوین بە دەست مامۆستاکانەوە، لە

هیچ جێگایەکیتر ئەوەندە نەگریاوین. گریانی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە، مایەی ڕێز و وەفایە. بگری...! هێندە بگری هەموو زیندانیەکان لە گەڵتا بگرین. هەموو شار بگری. دەشت و ڕوبار و باڵندەکانیش بگرین. هەتا دوا فرمێسک بگری.

دەرگاکە کرایەوە و دوو پاسەوانی زلە هاتنە ژورەوە. تورەکەیەکیان پێبوو. وەستایان هەڵگرت و خستیانە ناو تورەکەکە و هەر یەک لە پاسەوانەکان سەرێکی تورەکەکەیان هەڵگرت و بردیان. هەر ئەوەندە بوو بردنی ئەو پیاوە بلیمەتە. کە لاشە ڕۆشت و ڕۆح هەڵفری، ئیتر شتێک نیە پێیبوترێت وەستا. گریان تەواو و ئیتر بۆ کێ بگرین؟ ئەمەی ئەوسا وەستا بوو، ئێستا بوونی نیە. تەنها هەڵسوکەوت و خوڕەوشت و یاداشت و بیرەوەریەکان ئەو کەسەن. نوسینەکانی سەر دیوارەکانی و قسەکانی ڕۆژانەی وەستان، دەبن بە وەستا.

هەر دووکمان بە درێژایی ئەو ڕۆژە نوسینی سەر دیوارەکانی ژورەکەمان دەخۆیندەوە. لە خوار هەموو نوسینێکدا بە بچوکی نوسرا بوو، ئاگر. بەڕامانەوە پرسی

_ مامۆستا؛ وەستا ناوی ئاگر بوو؟

_ ناوی ئاگر نەبوو، ئاگری خۆشدەویست.

_ مانای ئاگرپەرست بوو؟

_ نا، ئاگرپەرستیش نەبوو. هەر کەسێک شتێکی خۆشبوێت، ئیتر بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو شتە دەپەرستێت. تۆ لە دوێنێ ئێوارەوە هاتویت بۆ ئەم ژورە، نە من پرسیومە ناوت چی‌یە؟ نە خۆت پێت گوتم، کە ناوت چییە. من ئەم بەیانیە هەر تۆزێک هاتیتەوە سەر خۆت، پێم گوتی بە مامۆستا بانگم بکە و خۆشم ناوم «وریا» یە.

_ مامۆستا گیان، من ناوم ... یە.

_ زۆر باشە، ناوێکی خۆشە، بەڵام من پێتدەڵێم" سەرکەوت" .

_ حەز دەکەم هەر بە ناوی خۆمەوە بانگم بکەیت. چونکە باوکم ئەو ناوەی لێناوم.
_ هەر چۆنێکت پێخۆشبێت، دەبێت وا بانگت بکەم، بەلام من تەنها ناوەکەتم کردووە بە کوردی. هەر دوکیان هەر یەک مانایان هەیە. ئەگەر لێرەش ئازاد کرایت، لە باوکت پرسیار بکە، باوەڕ ناکەم ئەو پێیناخۆشبێت.
مەلا کەلە ژورەکەدا لە گەڵماندا بوو، هەر بێدەنگ بوو. تەنها کاتێک وەستایان برد، پەڕتوکە سەوزە بچوکەکەی دەرهێنا و لە ژێر لێوەکانیەوە هەندیک نزای بۆ گیانی وەستا کرد.
_ مامۆستا کورەکە راستدەکات، باوکی خۆی ناوی ناوە، دەبێت هەر بەو ناوەش بانگبکرێت. ناوەکەی خۆی پیرۆزە. بۆ چی بیگۆڕێت.
_ مەلا گیان، ئەوەی تۆ گوتت، منیش دەزانم. من لە پیرۆزی ناوەکەم کەم نەکردۆتەوە. تەنها ئەوەندە نەبێت گۆڕیومە بۆ کوردی. بەم گۆڕینەش پیرۆزەیەکەی لە دەست نادات. ناوی خوا و ئەڵڵا پیرۆزن. هەر دوکیان یەک ناون و یەک مانایان هەیە و جیاوازیان نیە. ئیتر بۆچی بۆمان نیە، ناو و دەقە پیرۆزەکان بۆ سەر زمانی خۆمان بگۆڕین، تاکو باشتر حاڵی بین.
_ سەرکەوت گیان، وەستا ئاگر پەرست نەبوو. ئەو پیاوێکی موسڵمان بوو. ئاگری خۆشدەویست. بە چاوێکی جیاوازتر لە ئێمە سەیری ئاگری دەکرد. ئەو ئاگرەی لە بەر چاو و خەیاڵ و بیری ئێمەدایە، ئەو جۆرێکیتر مامەڵەی دەرونی لە گەڵدا دەکرد و بیری لێدەکردەوە. سەرەتا لە زیندان بووم، وەک تۆ بیرمدەکردەوە، دەمگوت بەهای ئاگر چییە؟ ئەو پیاوە ئەوەندە هۆگری بووە.
ئاگر لای وەستا ئەو تەختە و دار و کەلوپەلانە نین کە ئاگر دەگرن. هەمیشە دەیگوت:

ئەو ئاگرەی من خۆشم دەوێت، ئاگری ڕوتە و گڕێکە لە دەروندایە و نامانسوتێنێت و سۆز و بەختەوەریمان پێدەبەخشێت. ئەم ئاگرەش کە لە ژیاندا ئاشنایەتیمان لە گەڵیدا هەیە، سەر چاوەی لەو ئاگرە ڕوتە نەبینراوەی دەرونماندا وەرگرتووە. ئەویش بۆ خۆی مانای گەورە و پیرۆزی خۆی هەیە. ئاگرەکەی دەرونمان نە زیانی هەیە، نە هەرگیز دەبێت بە خۆڵەمێش و نە تەواو دەبێت. یەکێکە لە دیارییە گەورەکانی خودا بۆ مرۆڤ. خوا نزیک بە یەکێک لە سیفاتەکانی خۆی دروستی کردووە. ئاگرەکەی دڵ و دەرونمان، دەمانژێنێت، نە هەرگیز تەواو دەبێت، نە دەمانسوتێنێت. کێ دەتوانێت گەرمی ئامێزی دایک ببینێت؟ کە هەمووومان هەستی پێدەکەین. کێ گەرمی دەبینێت، ئەو گەرمییەی کە باڵندەکانی پێدەخولقێت.

ئەو ئاگرە لە زۆر کۆنەوە باپیرە گەورەکانمان بە پیرۆزی ناویان بردووە و لە دڵ و دەرونیاندا جێگیر بووە. ئێمە بە بێ ئەوەی هەستی پێبکەین نەوە دوای نەوە بۆمان گوازراوەتەوە و لە دەرون و هەست و نەستماندا ماوەتەوە. «ئەوە تەواو نەبوونی ئەو ئاگرەیە». ئەوان ئاگرێکیان پەرستووە نزیک بە سیفاتەکانی خوا، خوا یەکێک لە سیفاتەکانی خۆی پێبەخشیوە. ئاگر بۆ ئەوان مانای ژیان و گەورەیی و پیرۆزی بووە. زۆر جیاواز بووە لەو خێڵانەی کە مشک و گا و بەردیان پەرستووە. ئەو نمونە بێکەڵکانە نە سیفاتی خوایان تیدا بووە، نە بۆ خۆیان پیرۆز بوون. هەر یەکێک لەوانە ئەگەر کەڵکیشیان لێوەر بگیرێت، ئەو سود و کەڵکە ماوەیەکە و تەواو دەبێت و تەمەنیان دیاری کراوە و هەتاکو سەر نیە. ئاگرەکەی دڵ و دەرون هەرگیز تەواو نابێت و کۆتایی پێنایەت. ئەو سەر چاوەی هەموو ئاگرەکانی ترە.

دیاریـە پیـرۆزەکـانـی خـوا بـۆ مـرۆڤ، خـوا نزیـک بـە سـیفاتـی خۆی، یا خود یەکێک لە سیفاتی خۆی پێبـەخشیون. ئـەو دیاریـە پیرۆزانـە هـەرگیز تـەواو نـابن، چـەند بـە کـار بـێن و سودیان لێـوەر بگیرێت، هـەرگیز کـەم ناکـەن و تـەواو نـابن. هـەر هـەمووشـیان خـوا سیفاتـی «یـەک» ی خۆی پێداون. ئـەو گایانـەی کـە خێڵـە دورەکـان دەیانپـەرسـتن و بـە خـوای خۆیـان دادەنـان، گایـەکـی ڕوت و بێکـەڵک بـوون. دوور لـە سیفاتـی خـوایـی بـوون. توانـای هیچیـان نـەبـوو. زوو دەبڕانـەوە و لـە نـاو دەچـوون. جگـە لـەوەی کـە ئـاژەڵێکـی بـێهـۆش و هـزر بـوون کـاتـی پـەرسـتن و پاڕانـەوە و گەشتن بـە خواستـەکانیـان، شۆخ و جوتـەیـان لـە خـاوەنـەکانیـان دەدا. هیچ پەیوەندییـەکی ڕۆحی و دەرونـی لـە نێوانیانـدا نـەبـوو. ئـەو گایانـە دوای پیـر بـوون، دەمـردن و لـە نـاو خـەڵکـەکـەدا بـە بۆگـەنـی دەمانـەوە و دەبوونـە هـۆی بـڵاو بونـەوەی نـەخۆشـی. مشکەکانیش جگە لەوەی کە گیانـەوەرێکی پیس و مشەخۆر بـوون، هیچ کەڵک و سودێکی تریان نەبوو. بەردە زلـە گواویـەکـانیش کـە دەکران بە بت و دەیانپەرستن، بە هەمان شێوەی مشک و گاکـان، بێکەڵك و ڕەق و تەق بوون.

ئەو ئاگرە پیرۆزەی کە باب و باپیرمان بە پیرۆزیان دەزانین، هەتاکو ئێستا بە پیرۆزی و ماوەتەوە. ئێمـە بـە بیرمانـدا نایـەت، هێنـدە نـەبێـت جـار بـە جـار دێتـە خـەومـان، دێنـە خـەوە پچـر پچڕەکانمان، کەس لە ئێمە بیری ئەو ڕۆژگارەی نایەتەوە، تەنها پشکۆی ئاگرێکی بچوک لە دەرونماندا ماوە و لە گەڵ خـەوەکانـدا دێنـە بـەر چاومـان، بـە سـەر هاتـەکانمـان بـۆ دەگێڕنـەوە. ئـەو ئاگرەی کە گڕێکی ڕوتی نەبینراو بوو. بۆ پیرۆز ڕاگرتنـی هـەموو دیارییەپیرۆزەکانی تر بوو. سەرچاوەی هەموو ئاگرەکانی تر بوو. ئەو ئاگرەی لە ویژدانیاندا سەریهەڵدا بوو، بۆ ڕێنمایکردن و ماف

و ڕێز لە یەکتری گرتن. ئاگریان بە سەرچاوەی ژیان وەک خوای خۆیان قبوڵ کردبوو. ئەو ئاگرەی لە ویژدانەوە هەڵقوڵا بوو.

ئاگرە گەورەکە لە پیرۆزیدا خۆی پیشانی خەڵکەکە نەدەدا، تەنها لە دڵ و دەرونیاندا بوو. وەک خوا خۆی پیشانی بەندەکانی خۆی نادات. کەس ناتوانێت تەماشای نوری خوا بکات، تەنانەت ڕوبار و چیا و کێوەکانیش لە بینینی دەسوتێن و ئاگر دەگرن. ئەو ئاگرە گەورەیە خۆشەویستی خودا بوو، یەکێک بوو لە دەستکردە پیرۆزەکانی خودا، وەک خودا یەک دانە بوو، بێکۆتای و بێبڕانەوە بوو.

ئەو شتانەی کە نابینرێن و بونیان هەیە، زۆرن. ویژدان یەکێک بوو لە بوونە نەبینراوەکان و لە هەموو جێگایەکدا هەیە. خوا زۆربەی شتە پیرۆز و جوان و باشەکانی لە ناو ویژداندا کۆ کردۆتەوە و لە ڕێگای ویژدانەوە بە ئێمە دەگات. بە هۆی بوونی ویژدان لە دەرون و هەستماندا بە ئاگایی و هوشیاری خۆمان، ڕێز و هەق لە بێئاگاکان دەنێین و مامەڵەی دروست و هەق لە گەڵ هەموو دەور و پشتماندا دەکەین. یەکێک لە دیاردەپیرۆزو جوانەکانی ناخی مرۆڤ خۆشەویستییە کە سەرچاوەی لە ویژدانەوەیە، یا خود ویژدان خوڵقاندویێتی.

باپیرە گەورەکانمان لە ڕێگەی ویژدانەوە، هەستیان بە پێویستی خوایەک کرد بۆ ڕێز گرتن و خۆشەویستی و بە هاو نرخ و پیرۆزی ئاگر چووە دڵیانەوە و کردیان بە خوای خۆیان. لە ناو پیرۆزی و بەهای ئاگردا هەستیان بە گەورەیی و پیرۆزی دیارییەکانیتری خودا دەکرد، ڕێزیان لە جوانی دەشت و چیا و ڕوبارەکان دەگرت. مانگ و خۆریان لا پیرۆز بوو. ئەو دیاریانەی دەستکردی خوا، پیرۆز و تاکن.

ئەو ئاگرە پیرۆزە بە جۆرێک لە دڵیاندا دەگەشایەوە دەبووە مایەی خۆشەویستی بۆ یەکتر. ڕێزیان لە یەکتر دەگرت و

چیاکانیان خۆشدەویست و ڕووبارەکانیان ماچ دەکرد و تاڵەقژی دار و گوڵە گەنمەکانیان شانە دەکرد.

دڵدارەکان ئەو رۆژگارە زۆر ئاسودە بوون. بە چێژی ماچی لێوی یەکتر، دەکەوتنە دنیایەکی پڕ لە خۆشی و شادی کە ڕێز و وەفای بۆ خۆیان و بۆ هەموو شتەکانی تر لێدروست دەبوو. ڕێزیان لە منداڵەکان دەگرت و خۆشیان دەویستن. جیاوازی نێوان منداڵی کوڕ و کچ نەبوو. ئافرەتەکان خۆشەویستی پیاوەکان بوون، یەک ئاست و پلەیان هەبوو. ئەو ڕۆژانەی کە ئافرەتە دووگیانەکان منداڵیان دەبوو، پیاوەکان ماچ و گوڵیان بە دیاری بۆ دەهێنان. ئەگەر منداڵەکە کچ بوایە، گوڵ و گوڵاو شیرینیان دەبەخشیەوە. ئەگەر کوڕیان ببوایە، شیری ئەو مانگا و مەڕانەیان دەبەخشیەوە کە بەرخ گۆلکەکانیان لە شیر بڕا بونەوە و گەورە ببوون.

پیاوەکان لە لای ئاگرەکەی ناو دەرونیاندا نزایان بۆ ئافرەتەکانی خێڵە دورەکان دەکرد، بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دووگیان بوون و مناڵەکانیان کچ بوایە کە مێردەکانیان، کە سوکاریان سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی بچێتە دڵیانەوە و کۆرپەلە تازە بووەکان زیندە بە چال نەکەن. ئەو گیژۆڵە بچوکانە تازە دەهاتنە دنیاوە، بە باوەشی گەرمی دایکیان شاد نەدەبوون، چۆرێک شیری دایکیان تام نەدەکرد، دایکەکانیش مناڵە ساواکانیان لە سەر سنگی میهرەبانی خۆیان نەدەبینی و پێ ڕانەدەگەشتن سۆزی دایکایەتیان بە سەردا بڕژێنن، پیاوەکان ئەو منداڵە کچانەیان لە بەر چاوی دایکەکان دەفڕاند بۆ ئەو شوێنانەی کە پێشتر چاڵەکانیان بۆ ئامادە کرد بوون.

خەڵکی ئەم ناوچانەی کە سۆز و خۆشەویستی ئاگریان لە دڵدا بوو، ئەگەر توانا و دەسەڵاتیان ببوایە بۆ یارمەتی و ڕزگار کردنی ئەو منداڵە بێتاوانانە دەچوون. بەڵام ئەوان دوور بوون

لە پەنا بردنە بەر شەڕ و کەرەستەی جەنگیان نەبوو. خۆیشیان بە دروستکردنی شیر و تیر و شمشێر خەریک نەدەکرد. پەیامی ئەمان خۆشەویستی بوو بۆ یەکتر، ڕێز گرتن بوو لە دڵدارەکان و لە منداڵەکان. پیرۆز ڕاگرتنی دیاریەکانی خودا بوو. ئەو خێڵانەی کە دوور بوون و پیشەیان شەڕ و کوشتن و زیندە بە چاڵ کردن بوو، پەیامی پیرۆزی ئەمانیان لە لا قبوڵ نەبوو. ئەو پیاوە میهرەبانانە کە هەڵگری پەیامێکی پیرۆزی پڕ لە نور بوون، چارەنوسی ئەو دایکانەی کە کچەکانیان هەر بە منداڵی زیندە بە چاڵ دەکران لە لای هاوسەرە دوو گیانەکانی خۆیان باس نەدەکرد. دەیانگوت، نە وەک خورپەیەکی ئاوا ناخۆش و دڵتەزێن مەرگیان بە میوانی بۆ بهێنێت. دەیانزانی دڵی ئافرەت وەک گوڵ ناسکە، بە شنەی باش هەڵدەوەرێت.

کوڕە دڵدار و پیاوە ئەویندارەکان بەرە بەیانیان دەچوونە ناو باخەکان و گوڵە ناسک و ڕەنگاوڕەنگەکانیان دەچنیەوە و لە سەر جێگای دڵدارەکانیان دایاندەنان، هەتاکو ئەو پەرییە دڵدارانە، ئەو پەرییە میهرەبان و ناسکانە چاویان بە بینینی گوڵەکان هەڵبێت و بە بۆنی گوڵاوی گوڵەکان هەستیان بکرێتەوە.

هەموو ئەو ژن و پیاوانە ڕۆژانە دەچوونە سەر گۆم و ڕوبارەکان و بە ناز و خۆشەویستی، بە تکەی ئاورنگی بەیان و ئاوی ڕوبارەکان یەکتریان دەشوشت. ئەو ڕوبار و کانیاو چەمانە بەرەو خوار دەڕۆشتن و مناڵەکان مەلەوانیان تێدا دەکرد، هەتاکو خۆشەویستی دایک و باوکەکان بە شان و مل و گەردنیاندا بچۆڕێتەوە.

بە درێژایی ڕوبارەکە گوڵی زەرد و سور و شین ڕوا بوو. کاتێک ئافرەتەکان مناڵیان دەبوو، هاوسەرەکانیان نزایان بۆ دەکردن کە سەلامەت بن، هاوکات بۆ ئافرەتە دوو گیانەکانی خێڵە دوورەکانی بیابانەکان بە چرپە لە نورەکەی دڵیان

دەپاڕانەوە کە چارەسەریان بکرێت و یارمەتیان بدرێت. ئەو چالانەیان بەنەفرەت دەکردکە پێش لە دایک بوونی کچەکان ئامادەیان دەکرد. حەزیان نەدەکرد کاتی منال بوون، هاوسەرەکانیان ئەو ئافرەتانەیان بە بیر بێتەوە کە ساواکانیان لە سەر سنگیان دەفراندن و چالنێژیان دەکردن. بە باشیان نەدەزانی ئەو ئازارە جەرگ بڕە بە بیر هاوسەرەکانی خۆیان بهێننەوە، هەر بۆیە بە چرپە و هێمنی نزایان بۆ دەکردن. ئەو ڕۆژگارەی کە ئەوان ئاگرە پیرۆزەکە لە دڵ و دەرونیاندا بوو، پەیامیان ویژدان و خۆشەویستی و وەفا و ڕاستگۆی بوو. مانگ و ڕۆژ و چیا و ڕوبار و زەریایان خۆشدەویست. گوڵە کانیان لا جوان بوو، منداڵە کوڕ و کچەکانیان لا میهرەبان بوو، میوەی دارەکان و گوڵە گەنمەکانیان لە لا پیرۆز بوو.

ئەو ڕۆژگارە خودا زۆر بێزار بوو لەو خێڵانەی کە بەردە گواویەکانیان دەتاشی و دەیانکردن بە بت و دەیانپەرستن. بتە بێجوڵە و حیکمەتەکان هیچ گەورەیی و پیرۆزی تیدا بەدی نەدەکرا. ئەو بتانە نەیاندەتوانی بچنە دڵ و دەرونەوە و ببنە بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و وەفا بۆ یەکتری. سۆز و وەفای بۆ ئافرەتە دووگیانە بێچارەکان نەبوو. ئەو ئافرەتانە نەیاندەزانی ڕوو لە چ خودایەک بکەن هەتاکو کچە ساواکانیان بەو دەردە نەچن. خواکانی خۆیان کە بتەکان بوون، ئەوان باش دەیانزانی کە هیچیان بۆ ناکرێت و نزا و پاڕانەوەکانیان هەر وا بە خۆڕایی دەڕوات. ئەو ئافرەتە جەرگ سوتاوانە بۆ تەنها چرکەیەک منالەکانیان لە سەر سنگی خۆیان نەدەبینی.

ئەگەر منداڵەکە کچ بوایە، دوو حاڵەتی سروشتی جیاواز لە بیابانەکان ڕویدەدا. لە لایەک گێژەلۆکەیەکی خوایی دروست دەبوو. دەشتە لماویەکان تورە دەبوون. ئەوان هەستیان بەم حاڵەتە سروشتیە نەدەکرد. چونکە خواکە یان بەردێکی ڕەق و

بێجوڵە و بێحیکمەت بوو، دەشتەکان تورە دەبوون و چاویان بەو زوڵم و مەرگەساتە هەڵنەدەهات و بە تورەیی و غەزەبی خۆیان چاڵە هەڵکەندراوەکانیان بە لم پڕ دەکردەوە. دوا بە دوای تورەیی بیابانەکان، لەو دەشتە گەرمانەدا بارانێکی بە لێزمە هەموو بیابانەکانی دەگرتەوە و بواری نەدەدان چاڵێتر هەڵکەنن و ئامادەی بکەن. ئەو ڕۆژە هەموو مێرگ و لەوەڕگاکان سەوز دەبوون. لە دایک بوونی کچەکان دەبوو بە خێر و بەرەکەت.

ئەوان هەست و سۆزی خواییان نەبوو، ڕقیان لە باران دەبۆوە. هاتنی باران بارینیان دەبەستەوە بە بێکەڵکی و بێخێری بونی کچەکان. بە هۆی باران بارین چاڵەکانی پێشو پر دەبونەوە و توانای چاڵێتریشیان نەدەبوو. لە بتەکانیان دەپاڕانەوە بارانەکە و گێژەلۆکە بیابانیەکان ڕابگرێت و یارمەتیان بدات. بەڵام بتەکان کە خواکانیان بوون، هیچیان بۆ نەدەکرا. هەر بەردە گواویەکانی پێشوتر بوون. ئەوانیش لە خواکانیان بێزار دەبوون و بە کەرەستەکانی دەستیان کە چاڵەکانیان پێهەڵدەکەندن دەکەوتنە سەر و چاو و لوت و دەست و قاچیان. دواتر پەشیمان دەبوونەوە و لە سەر و قۆڵ و لوتە شکاوەکان دەپاڕانەوە و داوای لێبوردن و لێخۆشبونیان لێدەکردن.

* * * * *

ڕۆژگاری دواتر، پاش ئازادبوونمان لەزیندان، بەتایبەتی ئەو دەمەی کە سەرکەوت ژیانی واقیعیو ژیانی خەوەکانی تێکەڵ بەیەکتریببوونو خەوەکانی خۆیو پیاوە پیرەکەی بۆ دەگێڕامەوە، بیری سەردەمی زیندانم دەکەوتەو کە وەستای هاوڕێم ڕۆژانە قسەی بۆ دەکردم. هەستمدەکرد کە دووبارە وەستایە قسەم بۆ دەکات. وشەکان ڕەنگو بۆنی یەکتریان

گرتبوو، هەرچەندە منیش زۆر لە ڕۆژانی زیندانی هەردووکمانم بۆ سەرکەوت باسکردبوو، زۆر لەقسەو بیروبۆچوونەکانی وەستام بۆ گێڕابووەوە.

چەند ڕۆژێک تێپەڕ ببوو لە دوای بردنی لاشەی وەستا. لە ژورەکەدا تەنها هەر سێکمان بووین. هەمیشە قسەکانی وەستام بۆ دەگێڕایەوە. جاربەجار سەرکەوت خۆیشی نوسینی سەر دیوارەکانی دەخوێندەوە. هەندێک لە نوسینەکان سادە نەبوون کە سەرکەوت خۆی تێیان بگات. پرسیاری دەکرد و لە قولایی بیرەوەریکانی دادەبریم.

_ مامۆستا گیان ئەمجارەش دەمەوێت پرسیاری ئەم ڕستەیە بکەم، کە وەستا لێرەدا نوسیویەتی.

سەرکەوت هەستیکرد لەناو خەیاڵی خۆمدابووم ولە بیرەوەریەکانی دابڕیووم. داوای لێبوردنیکرد. گوتم: ئاساییە، ویستت چییێ بڵێیت؟ بەشەرمەوە گوتی:

_ ئەمجارە تازە پرسیارەکەی خۆم ناکەم، بەڵام دەمەوێت بپرسم لە چ خەیاڵێکدا بوویت؟ هەموو جارێک دەچیتە قولای ناخی خۆتەوە.

_ زۆربەی جار لە خەیاڵی وەستادام. هەمیشە لە ناو بیرەوەریەکانی ئەودا دەژیم. هەر وا بە ئاسانی بیرم ناچێتەوە.

_ دەڵێم ئاخۆ بۆ کوێیان بردبێت؟ ئەگەر کردبێتیان بە ژێر تۆزێک گڵەوە هەر باشە.

_ وەستا بۆ خۆی بە لایەوە گرنگ نەبوو، ئەگەر بیکوژن و تەرمەکەش هەر چییەک لێبکەن. جارێک کاتی لێکۆڵینەوە کابرای ئەفسەر هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات و پێی دەڵێت: ئەوەندە زمانت درێژ بێت بە دەستی خۆم دەتخنکێنم و لاشەکەت لە کەلاوەیەک فڕێ دەدەم.

ئەویش زۆر دڵیرانە وەڵامی دەداتەوە، هەرگیز ترس لە بونیدا نەبوو، پێیدەڵێت.

تۆ دەتوانی بمکوژیت و بمخنکێنیت، بەڵام ناتوانیت زمانم بگریت، بیر و هۆشم بەند بکەیت. من دەربەستی ژیان و مردنی خۆم نیم، لە بەر دەم ئێوەدا. هەتاکو زیندووبم، ئەوەی لە بیر و باوەڕمدایە بە ئێوەی نافرۆشم و ڕێگا نادەم لێم زەوتکەن. هەر کاتیش مردم و بە دەستی ئێوە خنکام، چی لە لاشەکەم دەکەن، بیکەن. ئەو کاتە من ژیانی خۆم حەڵاڵ کردووە، ئەمە لە لای من گرنگە. من وەک ئێوە بە تەنگ ژیانێکی مردووەوە نایەم. تەمەن هەر تەواو دەبێت، ئەگەر کەسێک خۆی بە ئێوە بفرۆشێت مانای وایە تەمەنی خۆی بە دەستی خۆی ئەوەندەی تر کورت کردۆتەوە بەو ڕادەیەی کە لە مەرگا دەژی. بمکوژن و فڕێم بدەن. ئەو کاتەی دەمکوژن با وەک ئەو هەموو ساڵانەی پێش بوونم بێت. گرنگ ئەو زەمەنەی کە تەمەنی من بووە و من تێیدا ژیاوم، پڕاوپڕی هەڵویستی دلێرانە و بە گژ داچونەوەی نەیارانم بووە.

شەو نەبوو بۆ ئەشکەنجەدانی نەبەن. باکی نەبوو هەر کاتێک بە دوایدا بێن. هەر جارەی لە سەر بابەتێک لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا دەکرد. پیاوێکی زۆر خۆڕاگر و ئازا بوو. سەر بە هیچ پارتێک نەبوو. هەر گرتنێک بە بیانوی سەر بە لایەنێک تاوانباریان دەکرد. جارێک بە هۆی ئیسلامی و جارێک دەیانخستە پاڵ چەپەکان. ئەو هیچ نەبوو. بەڵام زۆر شتیش بوو. پیاوێکی گەورە و ڕاستگۆ بوو. پشتگیری ڕاستی و هەق بوو.

_ مامۆستا زۆر جار دەمەوێت قسە لە سەر بابەتێک بکەم، هەر نەبێت تۆزێک لە بیرەوەری وەستا، دوورت بخەمەوە، بەڵام هەر چۆنێک قسە بکەین، لە کۆتایدا هەر دێینەوە سەر باسی وەستا و یادگار و قسە و نوسینەکانی.

ـ وەستا پیاوێکی گەورە بوو. بۆ هەر لایەک بڕوانێن نوسینەکانی ئەوە. هەر چۆنێک بیر بکەینەوە، دەچینەوە ناو بیرەوەریەکانی ئەو. لە سەر هەر بابەتێک قسە بکەین لە ناو یادگارەکانی ئەودا خۆمان دەبینینەوە. ئەو هەمیشە لە ژورەکەدایە و نزیکمانە. ناتوانین لە وەستا خۆمان دوور بخەینەوە... . تەماشاکە هەر چوار لامان نوسراوەکانی وەستایە. بێتاوان گرتیان و کوشتیان. تاوانی ئەوە بوو، ڕاستگۆ بوو.

لە یەکەم ڕۆژەوە سەرکەوت بۆ ئەم ژورە هاتبوو، ئارەزوی بوو بزانێت بۆچی و لە سەر چی گیراوم. ڕۆژێك ئەو بەربەستەی ڕوخاندو پرسی

ـ مامۆستا: دەکرێت بپرسم بۆ چی و لە سەر چی زیندان کراویت؟

ـ شتێک نیە هەق بەوان بدات کە خەڵکی پێبگرن و زیندانی بکەن. چونکە خۆیان لێوان لێون لە تاوان و گوناهکردن. ئەوانەش کە دژایەتیان دەکەن، تەنانەت بە چەکیش بە رەنگاریان دەبنەوەبۆیان نیە و هەقیان نیە کە بیانگرن. هەموو دوو دژە یەکتر یەکێکیان سەرچاوەی دژایەتی لە خودی بەرامبەر وەرگرتووە. ئەگەر ئەوان زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەیان بەرامبەر بە خەڵک نەبێت، بۆ چی دژە بەرامبەریان دروست دەبێت؟ لەو ڕوانگەیەوە ئیتر مافی گرتنی کەسیان نیە. جگە لەمەش زۆربەی زیندانیەکان بێتاوانن، هیچیان نەکردووە، ئەمان تاوانباریان کردون، وەک من و تۆ و وەستا و مەلا. ماوەیەکی زۆرە بانگم ناکەن بۆ لێکۆڵینەوە. خۆشیان نازانن چ تاوانێکی ترم بۆ بدۆزنەوە و چیم لێبکەن. ئەمە دەلالەت لە بێتاوانی من دەکات جگە لەوەش ڕۆژانە هەمیشە زیندانی و گرتوی تازەیان بۆ دێت کە سەرقاڵی ئەوان دەبن. دواجار

ئەوەندەی جارەکانی پێشو قسەیان لە گەڵدا نەکردم. تەنها ئەوەندە نەبێت، گوتیان: ئەگەر لێرە دەرچویت، ڕێگات پێنادەین بچیتەوە سەرکاری مامۆستایی و یارمەتی کەسانی تێکدەر بدەیت.

بە لای منەوە گرنگ نەبوو. ئەوەی کە گرنگ بووزیندانەکەی ئەوان بۆ من قوتابخانەیەکی گەورە بوو کە زۆر شت لە وانەکانی ژیانن فێر بووم و لە دەرەوەی زیندان بتوانم بازاڕ و کۆچە و کۆڵان و هەموو جێگایەکی ئەم شارە بکەم بە قوتابخانە و وانەکانی تێدا بڵێمەوە. هەڵبەتە مەبەستم ئەوەنییە کەئەوان قوتابخانەیەکیان لەناوزینداندا بۆ ئێمە سازدابێت، بەڵام وەستا توانی زیندانەکانی ئەوان بکات بەقوتابخانەی ژیان.

_ هیوادارم لێرە ئازاد بکرێیت، بەڵام کێ وانەکانی وەستام بۆ بڵێتەوە؟

_ وانەکانی وەستا هەر ئەوانەنین کە من دەیزانم. زۆر شتی تر هەیە لە سەر دیوارەکان نوسیویەتی، بەم زووانە خوێندنەوەیان تەواو نابێت. لەوانەشە تۆ لە پێش منەوە لێرە ڕزگارت بێت. ئەگەر منیش زوتر ئازاد کرام، نوسینەکان زۆرن. ئێرە تەنها ژورێک نیە، قوتابخانەیە، قوتابخانە. هەتاکو ئێستا من نەمپرسیوە ڕۆژی کارەساتەکە زۆر بوون کە گرتیانن؟

_ بەڵێ، زۆر بووین. ئەو ئوتومبیلەی کە منی تێدا بووم، چەند کەسێک بووین. من لە هەموویان باشتر و ساغتر بووم. ئەوانیتر یەکێک پیر بوو. یەکێک لاڵ و توانای قسە کردنی نەبوو، کوڕێك لە ناوماندا کەم ئەندام بوو، قاچێکی نەبوو. پیاوێکی داماو لە هەمووومان کەساستر و بێبەختتر بوو، هەر لە جێگای کارەساتەکەدا ئەو منداڵەی کە لە گەڵیدا بوو بە گولەی بارەشەکان کوژرا بوو. بارەشەکان لەو کاتانەدا بە هەموو لایەکدا تەقە دەکەن. چەند کەسێکیترمان لە گەڵدا بوو. هەر ئەو

ڕۆژە دوای لێکۆڵینـــەوە جیایـــان کردینـــەوە و کـــەســـیانم نەبینیوەتەوە. نازانم لە کوێن و چیان بە سەر هاتووە.

ـ ئەوانەی لە سەر یەک بابەت و ڕوداو دەگیرێن پێکەوە لە ژورێکدا دایاننانێن.

* * * * *

ژیـانێکی ئاسـایی لـە ژورەکـەدا بـەسـەردەبـرا. هـەسـتم بەئارامبوونەوەی دەروونی سەرکەوتیشکردبوو، ئیتر کەمتر خۆی لـەپرسـیارە سـادەو منداڵانـەکـان دەدا. گـەیشـتبوو بـەو بـاوەڕی کـەژورەکـەی جـاران فروانتربببینێـت. لـە نـاو هـۆش و لـە هـزر و بیریدا قەبـارەی ژورەکـە لـە پێشـوتر گـەورەتـر بـوو، بیـر کردنـەوە بەرەو ئاسۆیەکی ڕون و گەشبینی و گفتۆگۆی ڕۆژانە لە سەر قسە و پەندەکانی وەستا، گاریگەری گرنگی هەبوو، ئەوەش هەر تا کە چارەسەر بوو بۆ خۆڕاگری لە زیندانەدا.

هەر چەندە وەستا بە ڕۆح و لاشە لە ژورەکـەدا نـەمـابوو، بـە هۆی نوسین و یاداشت و قسە و بیرەوەریـەکانیـەوە، جـارێکیتر لـە زەمەنێکی ڕابرد و خۆیدەهاویشتەوە ناو ساتە نوێکانی ژورەکـە و لە ناو بیر و قسە و با سەکانی ئێمەدا خۆی دوبارە دەکردەوە. وا پێدە چوو هەندێک جار ڕۆحیانەتەکەی لە ژورەکـەدا بێت و وەک پـەپولــە هــەڵفرێـت و بــە ســەر وشــان و مـل و دەم و چاومـدا بنیشـێتەوە، بـەوەی کـە نـاوی وەسـتام دەبـرد، خۆشـی و ئـارامی و زەردەخـەنـە بـەڕومـەوە دیـار بـوو. ئـەشـێ ڕۆحیانـەتـی دۆسـت و خۆشـەویسـتەکانمـان کـە نـەمـاون بێنـە لامـان، بـەڵام ئێمـە هـەر هەست بە بینینیان نەکەین و نەتوانین کە بیانبینین.

وەستا خۆی دەیگوت: «هەلسوکەت و بیر کردنـەوەی مـرۆڤ لـە ژیاندا، دواتر وەک میراتی بۆ ڕۆح جێدەمێنێت، ڕۆحیش جار جارە بە خـەنـدەوە دەچێتـە سەر لێوی دۆست و ئاشـناکانی و لـە سـەر ئەو لێوانە خەندە و خۆشی دەبەخشیت».

وەستا، ڕۆحی بە لاوە زۆر پیرۆز بوو. ڕۆحێک کە بەردەوامی بە ژیان بدات بۆ بەرگری لە ڕاستی و هەق. پیرۆزی ڕۆحی دەگەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆحە گەورەیەی کە هەموو ڕۆحەکان لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەو ڕۆحە گەورەیە هەرگیز تەواو نابێت و کەم ناکات. ڕۆحی مرۆڤیش پیرۆزی لەو ڕۆحە گەورەیەوە وەرگرتووە کە خوا بە پیرۆزی و نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کردووە.

ژمارەی مرۆڤ و گیاندارەکان چەند لە زیاد بوون دابن لە ڕۆحە گەورەکەوە ڕۆحیان بۆ دێت. بە بێ ئەوەی هەرگیز کەم بکاتەوە. پیرۆزی ئەو ڕۆحە گەورەیە کەم نەکردن و تەواو نەبوون بوو کە بۆ خۆیشی هەر «یەک» دانە بوو. ئەمانە سیفاتی نزیک بە خوا بوون، کە خوا بە شتەکانی بەخشیبون و پیرۆزی کرد بوون.

سەرەتایی بوونی مرۆڤایەتی و هەموو گیانلەبەران، ژمارەی ئەوان کەمبووە. وەک ئێستا زۆر نەبوون. بێگومان ڕۆحەکان بە قەد ژمارەی لاشەکان هەبوون. بە پێی زۆر بوونی خەڵک و گیان لەبەرەکان ژمارەی ڕۆحەکانیش لە زیادبوندا بوون. بە بێ ئەوەی لە ڕۆحە گەورەکە کەم بێتەوە. لە گەڵ بوونی هەر گیانلەبەرێک ڕۆحێکی نوێش لە ڕۆحە گەورەکەوە دروست دەبێت. یەکێک لە بەها پیرۆزەکانی تری ڕۆح، هەمیشە هەر دەبەخشێت، بە بێ ئەوەی کەم بکات و چاوەڕوانی وەرگرتنەوە بێت.

ژمارەی ڕۆحەکان بەندن بە ژمارەی لاشەکانەوە، وە ک چۆن ژمارەکان بەندن بە شتەکانەوە. ئێمە ناتوانین وەک ئەوەی کە خۆمان دەمانەوێت «ژمارە» دەستەبەر بکەین. بە کۆتایی دوا شت لە گەردوندا کە بونی هەیە دوا ژمارەشمان دەست دەکەوێت. بێ بۆنی شت لە ژورێکدا لە ناو گیرفان و دەستماندا ناتوانین

ناوی هیچ ژمارەیەک بهێنین. ئەگەر ناویشمان هێنا، ژمارەیەکی بێمانا و ڕوت و بێبەها دەبێت.

ئەو کاتەی کە گەردون نەبوو، ژمارەش نەبوو، تەنها ژمارەیەک هەبوو، ئەویش لە ئەزەلەوە لە گەڵ بونی خوا دابوو. کە گەردون و شتەکانی ناوی دروست بوون، بە پێی بوونی ئەو شتانە ژمارەکانیش هاتنە کایەوە. پیرۆزی ژمارە یەک و گرنگی خودی ژمارە «یەک» لە ئەزەلەوە لە گەڵ بونی خوا دابووە.

ئەگەر لە ژورێکی خاڵیدا کە هیچی تێدا نەبێت، ناتوانین هیچ ژمارەیەک بە دەست بهێنین. لەو حاڵەتەدا گەر تۆپێک بخەینە ژورەکەوە لە گەڵ بونی تۆپەکەدا ژمارەی «یەکیش» دروست دەبێت. بە پێی زیاد بوونی تۆپ لە ژورەکەدا، ژمارەکانیش زیاد دەبن. ڕۆحەکانیش بە پێی زیاد بوونی جەستەکان زیاد دەبن. هەموو ڕۆحە نوێکانیش لە ڕۆحە گەورە پیرۆزەکەوە سەر چاوە دەگرن.

ئەو پیاوەی لە ژورەکەدا بوو، هەمیشە بێدەنگ بوو، یان چاوەکانی دادەخست و دەچووە حاڵەتی خەوەوە، یا خود کتێبە سەوزە پیرۆزەکەی دەردەهێنا و بە دەنگێکی هێواشی پڕ سۆز، دەستی بە خوێندنەوەی دەکرد. هەر کاتێک مەلا کتێبەکەی دەخوێندەوە، وەستا تەنها گوێی بۆ ڕادەگرت. نە شتی دەنوسی، نە قسەی دەکرد. مەلا زۆر سەر سام دەبوو بە هەڵوێسوتی وەستا.

_ وەستا، من لە تۆ تێناگەم. هەندێک جار ئەوەندە خودام لا شیرین و خۆشەویست دەکەیت، زیاتر لەوەی لە دەرونی خۆمدا هەیە. زۆر بە سۆز و میهرەبانیەوە گوێم لێدەگرت. هەندێ جاریش قسە و باسەکانت زۆر سەیرن وەک بتەوێت دژ بە دین و خوا قسە بکەیت. زۆر قسە هەیە نەکردنی باشترە. بە تایبەتی لە لای ئەوان. خۆیان بە بێهیچ لە ئێمە بە بیانون. ئەگەر ئاگاداری خۆت نەبیت، توشی ئازار و ئەشکەنجەی زیاترت

دەکەن. وەستا گیان، ئەو قسانەت، نە بۆ ئەم دنیات باشە، نە بۆ ئەو دنیات.

ـ مەلا گیان، من لە تۆ تێدەگەم، بەڵام وا دیارە تۆ لە قسەکانی من نەگەشتوویت. لەوانەیە ئامۆژگاریەکانی تۆ بۆ من سودیان نەبێت. دەزانم تۆ بە بەرژەوەندی و سەلامەتی منت دەوێت. منیش بۆ تۆ هەروەها. بەڵام بۆ چوونەکانمان جیاوازە، خۆی لە خۆیدا زۆر جیاوازیش نیە. ئەوەی کە جیاوازە تەنها ئەوەیە کە تۆ باش لە من نەگەشتوویت. من باوەڕم بە خوایە و بە هەموو دیارییە پیرۆزەکانی خوا بۆ مرۆڤ. هەموو ئەو شتانەی بە لای منەوە پیرۆزن و قسەیان لە سەر دەکەم، دەسکردی خودا خۆین و بە پیرۆزی و نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کردون. هەر یەک لەو دیارییە پیرۆزانە سیفاتێک یا خود چەند سیفاتێکی خودایان تێدایە. باوەڕ ناکەم قسەیەکەم کرد بێت کە دژایەتی دین و خوام کردبێت. هەموو ئەو شتانەی کە من خۆشم دەوێن و لە لام پیرۆزە و لە دڵ و دەرونمدا جێگیرە و بنەمای ژیان و خوڵقاندن و بەردەوامی مرۆڤایەتیە و دیاری خودان بۆ مرۆڤ، وەک مانگ و خۆر و ویژدان و خاک و دایک و ڕۆح. هەر یەک لەمانە سیفاتێک یان چەند سیفاتێکی خوایان تێدایە کە خودا خۆی بۆ پیرۆزی بەو دیاریانەی بە ئێمەی بەخشیوە، ئێمەش دەبێت لە دڵ و دەرونماندا پیرۆز ڕایانبگرین و خۆشمان بوێن. ئەم جەللادانە بە هەموو خۆشەویستیەکی مرۆڤ نامۆن و بە هەموو هەڵوێستێکی مرۆڤانە پەست و بێزار دەبن. خۆشەویستی ئێمە بۆ «خاک» کە یەکێکە لە دیاریە پیرۆزەکانی خودا بۆ مەردومی خۆی، دەبێت لە پێش هەموو خۆشەویستەکانی ترەوەبێت. پارێزگاری لە خاک، پارێزگاری کردنە لە دەستکردە پیرۆزەکانی تری خوا. بارەشەکان بەم هەڵوێستە دەمارگیر دەبن و بە تاوانبارمان دادەنێن و لە بەندیخانەکان ئەشکەنجەمان

دەدەن. هەموو دیاریە پیرۆزەکان بە تایبەت «خاک» پێویستی بە پارێزگاری و بە خۆشەویستی هەیە. پێویستی بە بەخشینی رۆح هەیە. رۆح خۆی یەکێکە لە دیارییە پیرۆزەکان، تەنها لە رێگای پارێزگاری لە خاک خۆی دەبەخشێت. ئەوانەی گرنگی خاکیان لە لا نیە و پیرۆزی خاک لە دەرونیاندا نیە، ئەوانە خاوەنی رۆحی خۆشیان نین، جگە لە دەست دانی خاک رۆحی خۆشیان فرۆشتووە و لە دەستداوە.

من لای ئەمان بەرگری لە نیشتمان دەکەم. باسی پیرۆزی خاک دەکەم کە دیاری خودایە. هەرکەس لە ئێمە «یەک» نیشتمانی هەیە، کەسێک نیە خاوەنی دوو خاک بێت. ئەوە خەڵکە دژ بە مرۆڤ و کردەوەکانی خوان کە خاکەکانیان بەشکردووە. سیفاتی ژمارە «یەک» لە بونی خاکدایە، جگە لەوەش خاک خولقێنەرە و بەخشەندەیە. بەخشینی خاک وەک رۆح هەرگیز کەم ناکات و تەواو نابێت. ئەوان هەوڵ دەدەن کە نیشتمانمان داگیر بکەن، لە بەر چاو بخەن، گرنگی و پیرۆزی لە دڵماندا نەمێنێت. سڕینەوە و کۆتایی بوونی ئادەمیزاد بە داگیر کردنی نیشتمانەکەی دێت. ئەو قسانەی کە منیان پێ تاوانبار کردووە، هەر ئەوەندەیە کە دیارییە پیرۆزەکانی خوام خۆشدەوێت و لە دڵ و دەرونمدا جێگیرە و بە رۆح پارێزگاریان لێدەکەم. ئەم هەڵوێستە لە بەرژەوەندی خواستی داگیرکەرانەی ئەواندا نیە. بە کابرایەکی دژ بە دین و خوام دەزانن، کە ئەمەش زۆر پێچەوانەیە.

خودا لە رێگەی دروستکردنی دیارییە پیرۆزەکانی بۆ ئێمە، گەورەیی خۆی پیشانداوە. بوونی ئێمە و مانەوەمان بەرگریکردنە لە پاراستنی هەموو ئەو دیاریانە بە تایبەتی «خاک». مرۆڤی بێخاک و بێنیشتمان وەک مرۆڤی بێسەر وایە. بوونی سیفاتی «یەک» دانەی لە خواوە چووە بۆ هەموو دیاریە پیرۆزەکان.

هــەمــوو شــتــە پیــرۆزەكــانی دەســكردنی خــودا، یــەک دانــەن. هێشتنەوەی ئـەو سیفاتە پیـرۆزە ئـەركی هـەموو كـەسێكە، بـە تایبـەتی ڕاگرتنی سیفاتی یـەكدانـەیی لـە نیشتمان. هـەوڵـی نـەهێشـتنی ئـەو هۆكـار و كاریگـەریانـەی دەبنـە بـەشـكردنی نیشتمان لە ئەستۆی مرۆڤدایە كە بە دیاری لە لایەن خواوە پێی بەخشراوە.

تاوانەكانی من بـەرز ڕاگرتنی دیارییە پیـرۆزەكانی خوایە. ئـەم هـەڵوێستـەی مـن لـە گـەڵ بـەرنامـە و ئامانجـە دژ بـە مرۆڤایـەتی و بـە دین و بـە خواكـەی ئـەواندا ناگونجێت و یـەک ناگرێتـەوە. ئـەشـكەنجـەم دەدەن و دەمگـرن و نـاوم بـە خـراپ دەزڕێنن، هەموو بۆ چون و هـەڵوێستـەكانیـان دوورە لـە ڕاستی و لـە هـەق و لـە ویژدانـەوە و لـێم تێناگـەن. تێدەگـەن، خۆیـان لـە ڕاستیەكان گێل دەكەن.

ڕۆژانە هەموو قسـەو بیرەوەریـەكـانی وەستام بـۆ سـەركـەوت دووبارە باسدەكردەوە ودەگێڕایـەوە، ئـەو بـاسو بابـەتـانـەی زۆر پێخۆشبوون، وەك سارێژی زامو ئازارەكانی بكـات، بـەتاسـەوەبـوو بـۆ گـوێگرتنو بـەڕۆح ئاوێتـەی باسـەكـان دەبـوو. هـەنـدێكجار دەیگوت: خۆزگە وەستام هـەرنـەناسیبایە، یاخود منیش وەك تـۆ هاورێیەكی ئەو بوومایەو لەنزیكەوە گوێم لە وتەكانی ببوایە.

## 7

دایک یەکێک بوو لە دیارییە پیرۆزەکانی دەستکردی خودا کە نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کرد بوو. دایکەکان زۆر گەورە و پیرۆزن. یەکسانن بە نیشتمان. دایک لە گەورەی خۆیدا زۆر سادە دەبێتەوە. ئەو سادە بونەش وایکردووە کە هەمیشە بەخشەندە بێت. بەخشەندەیی دایک وەک خاک و ڕۆح بێبڕانەوەیە. دایک لە سۆز و خۆشەویستی و بەخشەندەیی بۆ هەموو ئەوانەی کە لێی بوون، نە بێزار دەبێت، نە لە توانای کەم دەکاتەوە. دایک خوڵقێنەرێکی گەورە بوو، بەڵام بەپلەی خودا نەبوو. ئێمە خوڵقاوی خاک و دایکین، لە ڕێگای توانای خواوە. هیچ کام لە شتە پیرۆزەکان، خوا وەک خۆی توانای خوڵقاندنی پێ نەبەخشیبوو. دایک ئەو بونەوەرە پیرۆزەیە لە بێدەنگیدا هەست و سۆزی پڕاوپڕی ئەو خواست و ئارەزوانەیە کە لە دەرون و هۆشی ئەوانە دایە کە لێیبوون، کە خوڵقانوونی. هەستی دایک هاوکاتە لە گەڵ کاتی ڕوداو بە سەرهاتەکانیاندا.

دایک و خاک دوو دروستکاری دەستی خوان کە لە زۆر سیفاتەدا هاویەکن. یەکێک لە سیفاتەکانی دایک، وەک خاک هەر کەسێک دایکێکی هەیە کە ئەوەش سیفاتی پیرۆزی ژمارەیەکی تێدایە. کەسێک نیە کە بتوانێت دوو دایکی هەبێت، یا خود لە دوو دایک بوو بێت، «ئەمە مەحاڵێکی نەگۆڕە، هەتا هەتایە».

لە دوای ئازادبوونمان لە زیندان، زووزوو سەردانی ماڵیشیانم دەکرد. دایکی سەرکەوت هەستی بە هەموو گۆڕانکاریەکانی

فکری‌و هەڵسوکەوتی کورەکەی کردبوو. سەرکەوتیش زۆربەی ڕوداوەکانی نێوان خۆی‌و دایکی بۆ دەگێڕامەوە.

مامۆستا ماوەیەکە دایکم دەیەوێت لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵدا بکات. من دەزانم دایکم خەمی دووبارە گرتن و ئەشکەنجەدانی منی هەیە. ئەم بەیانییە وەک هەموو بەیانیەکی تر، دوو بە دوو نان و چای بەیانیمان دەخوارد. ناوبەناو چاوەکانی هەڵدەبڕی‌و تەماشای دەکردم. هەستمکرد دەیەوێت شتێك بڵێت.

ـ کوڕی خۆم، هەست دەکەم لە دوای زیندانی ئەو زاڵمانە، گۆڕاویت. وەک کوڕەکەی جاران نایەیتە بەر چاوم.
ـ نازانم مەبەستت چیە؟ لە بارەی چی‌یەوە گۆڕاوم؟ بۆ چی دەتەوێت هەر کوڕەکەی منالێبم و قەد نەگۆڕێم؟
ـ مەبەستم ئەوە نیە هەر منالْ بیت. تۆ نازانیت چەندە حەز دەکەم گەورە بیت و ببیت بە پیاو. ڕۆڵە گیان زوخاوم زۆر چەشتووە و سوێ زۆر بە دڵما چووە، بە تایبەتی ئەو ماوەیەی کە لە زیندان بوویت. ئەگەر لە ناو دڵما دەبیت، دەزانیت چۆن ناو جەرگ و دڵم ڕەشبۆتەوە، ئەوسا تێدەگەیت مەبەستم چی‌یە کە دەڵێم گۆڕاویت. کوڕی خۆم جارێکی تر بەرگەی ئازار و خەمی وا گەورە ناگرم. کوڕێکی باش بە و خۆت دووبارە مەخەرەوە ژێر چنگیان. ئەوانە زاڵمن. بێڕەحم و بێویژدانن. بێدینن. جەرگیان بە ڕۆڵەی کەس ناسوتێت. لەو ڕۆژەوەی کە ڕزگارت بووە، مامۆستای هاوڕێت هەمیشە هاتوچۆی ئێرە دەکات، هەر چرپەتاندێت و نازانم باسی چی دەکەن. من ترسی ئەو چرپە چرپەمە.
ڕۆڵە گیان ئێوە لە زیندان پێکەوە بوون و دوا بە دوای یەکتریش ئازاد کران. باش نیە ئەوەندە پێکەوە بن. هەتا ئێستا

چاودێریتان هەر لە سەرە. تۆ دەڵێی ئەمانە ناناسیت، چەندە دڕندەن. ئەگەر بەزەیت بە خۆتا نایەتەوە، بەزەیت بە مندا بێتەوە. ڕەحمێک بە من بکە، ئەمجارە بەرگەی خەمێکی تر ناگرم. ئەمەیە مەبەستم کە گۆڕاویت.

ـ دایە گیان، من و ماموّستا لە زیندان یەکترمان ناسی. هەر یەکەشمان لە سەر تاوانێکی درۆ و هەڵبەستراوی جیاواز گیرا بووین. ئەگەر درۆ و بوختان نەبوایە، ئازاد نەدەکراین. هەر چەندە چەندین کەسیان بە خۆڕایی و بە بێ تاوان فەوتان. ماموّستا ئێستا وەک برام وایە. وەکو کەسی خۆی تەماشای ئێمە دەکات و دێتە ماڵمان. تۆی زۆر خۆشدەوێت. هەر بە دایە وەک من بانگت دەکات. کە بۆ ئێرە دێت، زیاتر بۆ سەردانی تۆ دێت. دایکی نەماوە، خۆشەویستی دایکی بە تۆ داوە. ئەگەر ئەمجارە هات بۆ ئێرە، لە گەڵماندا دانیشە، بزانە باسی چی دەکەین.باسی شتێک ناکەین کە ئاسایی نەبێت و قەدەغە بێت. ئەگەر لە بەر تۆ بۆ ئێرە نەیەت، جێگای تر زۆرە کە یەکتری ببینین... . دایە گیان، من ئێستا گەورەم، ناتوانم وەک جاران بیر بکەمەوە و هەڵسوکەوتم وەکو جاران بێت. هەر ئەو ترسەی منالّی بوو کە نەتوانم پرسیارێکت لێبکەم. لە منداڵیەوە تاکو دوێنێ شەو، ئەو هەموو ساڵە ڕۆشتووە، نەمزانی بوو بۆ چی و بە چی باوکم مردووە. هەمووی لە بەر ئەو ترس و گومانە بوو کە بەرامبەر بە پرسیار کردن هەمبوو. وام لێهاتبوو لە ناو بازاڕیشدا، لە ناو خەڵکدا نەتوانم پرسیاری شتێک لە کەسێک بکەم. ئەو گۆڕانەی لە مندا کە تۆ هەستت پێکردووە، ئەو پرسیارانەی منالییە گەلاڵە بوون و ناچارم یەکە یەکە پرسیارەکان بکەمەوە. زیندان ئەو ترسەی لە دڵدا شکاندم. فێری کردم کە وروژاندنی هەموو پرسیارەکان هەقی خۆمن.

ــ ڕۆڵە گیان، منیش دەزانم پرسیارەکان هەقی خۆتن. من چی بکەم تۆ خۆت ترسا بویت و خۆت لە پرسیار کردن تۆراندبوو. مەرج نەبوو هەموو پرسیارەکان وەک ئەو پرسیارە بێت کە زللەت لە سەر خوارد. هەموو دایکێک لە منداڵەکەی دەدات، ئەوە زۆر ئاساییە. من گوناهم چیە؟ تۆ بۆ خۆت پرسیارت نەکردووە. منیش هەرگیز حەزم نەکردووە مردنی باوکت بە بیر بهێنمەوە. خۆت دەزانی بێباوک چۆن بە خێوم کردوویت. کە گەورە بوویت و پرسیاری باوکت کرد، کە دوێنێ شەو بوو هەموو شتێکم بۆ باس کردیت.

دەربارەی ماموستاش، من وەک تۆ خۆشم دەوێت. ئامۆژگاریەکانم هەر بۆ تۆ نیە، بۆ ئەویشە. بەرژەوەندی ئەویشم وەک هی تۆ ئەوێت. ئەو داماو بێکەسە، ئەگەر ئەمجارە توشی گرتن بێت، کێ بە تەنگیەوە دێت و تۆزێ فرمێسکی بۆ هەڵبرژێت. ڕۆڵە گیان ئێوە وەک گوێ بە خۆتان نادەن، رەحمییش بە کەس و کارتان ناکەن.

ڕۆڵە گیان من کە دەڵێم گۆڕاویت، بە خۆڕایی ناڵێم. تۆ دەبێت لێم تێبگەیت. ئەو ڕۆژەی ماموستا لێرە بوو، چایەکانم بۆ هێنان، من حەزم دەکرد تاوێک لە گەڵتاندا دابنیشم. بە تایبەتی لە بەر ماموستا. پێش ئەوەی بێمە ژورەوە، لە ناو دەرگاکەدا گوێم لە قسەکانتان بوو، زۆر تێنەدەگەشتم، پچڕ پچڕ قسەتان دەکرد. لە ورێنە کردن دەچوو. وەک لە گەڵ غەیبیەکاندا قسە بکەن. باسی ڕۆح و هۆش و بیرتان دەکرد، باسی دایک و خاک و وەستاتان دەکرد. قسەی هەلەق و مەلەقتان دەکرد.

ماموستا من هەر ئەوەندەم گوت کە ماموستا دێت بۆ ئێرە، بۆ چی تۆزێک لە گەڵماندا دانانیشیت. خۆ ماموستا بۆ لای تۆ دێت.

دەیگوت «بۆ کوێ بێم، ئێوە هەر خەریکی قسەی هەڵەق و مەلەقن».

_ گوێ مەدەرێ. قسەی دایک هەر چۆنێک بێت، هەر خۆشە. خۆزگە بەم گەورەییەش دایکم هەبوایە و ڕۆژی دەجار لەو جۆرە قسانەم پێ بگوترایە. بە بیرت دێت، ئەو شەوەی بۆ بەیانی ئازاد کرایت، دەتگوت: دایکم دڵی خەبەر دەدات کە من ڕزگارم دەبێت و ئەو لە کۆڵانەکەدا چاوەڕوانم دەکات. ئەو ڕۆژە هەتاکو ئێوارە سەر دەکەمە سەر ڕانی و تاوێک ئاسودە بم.

ئەو ڕۆژەی منیش ئازاد کرام، کەسێک نەبوو چاوەڕوانم بێت. کۆڵان چۆڵ و ماڵەوە چۆڵتر بوو.

_ مامۆستا گیان، تۆ هەر دەبێت سەردانی دایکم بکەیت. دایکم وەک من تۆی خۆشدەوێت. خۆشەویستی دایک تەواو نابێت. بەشی تۆش دەکات. وەک خۆت دەتگوت: «دایک گەورەیە، گەورەیی دایک نابڕێتەوە». بەس نیە باوکیشت ماوە.

_ سەرکەوت گیان، من بیر لە مانەوەی دایک و باوک ناکەمەوە. ئەوە قەدەر و چارەنوسە. هەر کەس بەشی خۆیەتی ئەگەر دایک یا خود باوکی مابێت. باوکیشم پیاوێکی دڵسۆزە، بەڵام پیاو چۆن دەتوانێت سەر کاتە سەر ڕانی باوکی هەتاکو ئاسودە بێت؟ کێ وەک دایک گەورەیە؟ تەنها وەستا دەیتوانی هەست بە گەورەیی و پیرۆزی دایک بکات.

شەوێک پێش دەرچوونت لە زیندان، باسی دایکمان دەکرد، پێم گوتی لە سەر دیوارەکە ئەوباسەی وەستا بیخوێنەرەوە، بزانە وەستا دەربارەی دایک چی نوسیوە. دایکی لە پێش هەموو ئەو شتانەوە نوسیوە کە خوا نزیک بە سیفاتی خۆی دروستی کردون. وەستا دەیگوت: «دایک جگە لەوەی خوڵقێنەرە، بوونی سیفاتی ژمارە یەکی تێدایە، کەس نیە دوو دایکی هەبێت. کەس نیە لە دایکی خۆی بە گومان بێت».

ـ ڕۆژێک بە گاڵتەوە بە وەستام گوت: وەستا، من دایکم نیە، تەنها باوکم هەیە. مانای وایە لە بوونی ئەو بە گومانبم کە باوکمە؟

ـ مامۆستا مەبەستی من بەو جۆرە نیە. هەموو باوکەکانیش باوکی منداڵەکانیانن. من مەبەستم مانا زانستی و فەلسەفیەکەیەتی کە بوونی دایک گومانی تێدا نیە. کەس نیە کە گومانی لە دایکی خۆی هەبێت. هەر کەس ئەتوانێت لە دایکێک ببێت. ئەوەی کە لێیبووین، ئەو کەسە دایکمانە. خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکانی، وەک خۆشەویستی خوایە بۆ مەردوم. هەرگیز تەواو نابێت. گەورەیی دایک وەک گەورەیی ڕۆح، بەخشەندە و بێبڕانەوەیە. بەخشەندەیی دایک وەک بەخشەندەیی خاک پڕ لە سۆز و بێبەرامبەرە. خۆشەویستی دایک بۆ منداڵێک چەندە، بۆ هەموو منداڵەکانیتر بە هەمان پێوانە و قەبارەیە. خۆشەویستی دایک، نابینرێت وەک ویژدان وایە، وەک بیر و هۆشە. ئەو شتانەی ک نابینرێن و دەستیان لێنادرێت و ناگیرێن و بۆن ناکرێن، وەک خۆشەویستی دایک، بیر ۆ هۆشی مرۆڤ، ویژدان. زۆر بەوردی ئەو بابەتانەی بۆ شیدەکردمەوە.

بیر و هزری مرۆڤ وەک خۆشەویستی دایک، کەم ناکات و نابینرێت. ئێمە دەتوانین بیر لە چیاکان بکەینەوە، بیر لە دەریاکان بکەینەوە، بچینە ناو قوڵایی گەردون و بیر لە هەموو شتەکان بکەینەوە. بیر لە خەڵک و دۆست و خۆشەویستەکانمان بکەینەوە، بە بێ ئەوەی بیر کردنەوەکە هیچ لە بیرە گەورەکەی مێشکمان کەم بکاتەوە. دەتوانین هەمیشە دوا بە دوای یەک بیر لە هەموو شتێک بکەینەوە، بە بێ ئەوەی لە بیر کردنە گەورەکەمان کەم بێتەوە. بەڵام ئەو کاتەی بیر لە چیاکان

دەکـەینـەوە یـا خـود بیـر لـە هـەر شـتێکیـتـر دەکـەینـەوە، ئـەو زەمـەنـەی کـە بیـری تێدا دەکـەینـەوە، پـەیـوەست دەبێـت بـە چیاکانەوە یا خود بەو شتانەی تر کـە بیرمـان لێکردۆتـەوە. بیـرە گەورەکەی ناو مێشک و هۆشمان پێویستی بە گەڕانەوەی ئەو بیـر کردنەوانە نیە کـە پـەیوەستن بـە شتەکانـەوە، بـوون بـە موڵکـی ئـەوان. ڕۆحـەکـانیش لـە ڕۆحـە گـەورەکـەوە دەبـەخشـرێن بـە لاشەکان، جارێکیتر ناگـەڕێنـەوە نـاو بـاوەشـی ڕۆحـە گـەورەکـە. دەبـن بـە مـوڵکی لاشـەکـان. ڕۆحیانـەتـە گـەورەکـە هـەرگیـز بـە بەخشین کـەم ناکـات، پێویستی بـە گـەڕانـەوەی ڕۆحیانـەتـەکـان نیە.

* * * * *

لە دوای زیندان، بێئیش و کـار بـووم، وەڵامێکم وەرنـەگرتبـوو کە بچمەوە سەر ئیش و کـارەکـەم. چاوەڕوان بـووم، هـەر چـەنـدە زۆر گوێم بەوە نەدەدا، هەموو کارێکم بە خزمەت دا دەنا ئـەگـەر مرۆڤ خۆی مەبەستی خزمەت کردن بێت. سەرکـەوتیش لـەڕۆژی ڕوداوەکـــەوە کـــە گرتبوویـــان، دووکانـــەکـــەشـــی وێرانکرابـــوو، کـەلوپـەلـەکانیشـیان بـەتـاڵانبـردوو. لـەبـەردەم دووکانـە وێرانـەکـەیدا، مێزێکـی دانـابوو کـەلوپـەلـی لـەسـەر دەفرۆشـت. سەرەڕای بارودۆخی خۆی دڵنەوایی منی دەدایەوە.

_ مامۆستا دەبێت گوێ بە کاری مامۆستای نەدەیت و بیریشی لـێنـەکـەیتـەوە. بـە تایبـەتـی کـە بڕیـارەکـە لـە دەست بـا ڕەشـەکـەکانـدا بێت. ئـەوان جگـە لـەوەی کـە ئـازاری جـەستـە و دەرونی دەدەن، هەوڵی تێکدانی باری ئابوریشمان دەدەن. گرنگ ئەوەیە لە گەڵ کێشەکاندا بـەرەنگـار بینـەوە و خـۆڕاگر بـین. لـە ڕۆژی ڕودانی کارەساتەکەدا جگە لەوەی دوکانەکەیان ڕوخانـدم، «دەڕابە و مێز و تەختەکەیان شکاند»، کـەلوپـەلـەکانیشیان بـە تاڵان برد. ئێستا ناچارم مێزێک لە بەر دەم دوکانەکەدا دابنێم و

ئـیش و کـاری لـە سـەر بکـەم،بـەوکـارەش ڕوبـەڕوی بـارەشـەکـان دەبینـەوە.

بارەشەکان هەمیشە هـەوڵـی خراپـی بـاری ئابوریمـان دەدەن. ئێمە لـە زۆرەوە هـەمیشـە بـەرەو کـەمبوونـەوە دەچین لـە بـواری ئابوری و ماڵ و ساماندا. من لـە دوکانێکـەوە دێمـە سـەر مێزێـک، دوا جار لەوانەیە مێزەکەشمان پێ ڕەوا نەبینن. ئێمە پێشتر زۆر زیاترمـان هـەبـووە، وە ک دایکـم بـۆی بـاس کـردم. دایکـم باسـی چۆنیەتی کوشتنی باوکمی بۆ کردم. ئەو بینا گەورەیەی کەوتۆتە سـەر و شـەقامـەکـە ئێستا دوکـان و بـازارە، کـاتی خـۆی دوکـانی باوکم بووە. ماڵی خۆشیان لـە پشت دوکانـەکـەوە بـووە. هـەر لـە دوکانەکەشدا کوشتویانە. بە تاوانی ئەوەی لە گـەڵ ڕێکخراوێکـی ئیسلامیدا کاری کردووە. بـەڵام تـەنها بوختـان و بیـانوبووە. ئـەو تـەنها پیـاوێکی لـە خـواترس بـووە. مـەبـەستیان بـووە دوکـان و خانووکەی لێ داگیر بکەن. ئەویش بە ئاسانی خـۆی بـە دەستەوە نەداوە و بە داوا کاریەکانیان ڕازی نـەبـووە. بـەیانییـەک زوو لـە کاتی دوکان کردنەوەدا کوشتویانە و دواتر بە زۆر و بە پارەیەکی کەم دوکان و خانووەکەیان لە دایکم کڕیوە. دایکیشم بەو پارەیـە ئەم دوکان و ئەو خانووە بچوکەی کە تیا دەژین، کڕیبـوو. هـەمـوو ئـەم ڕوداوانـەش بـەنهێنـی مابوونـەوە تـاکو دوای ئـازادکردنم لەزیندان، دایکم چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە.

کـاتی ڕوداوی کوشـتنی بـاوکـت، تـۆ زۆر منـداڵ بوویـت. کـە گـەورەشـبوویت، حـەزم نـەکـردووە ئـەو بـە سـەرهاتـەت بـۆ بـاس بکـەم، توشـی ئـازار و خـەم و خـەفـەتـت بکـەم. لـە گـەڵ ئـەو کەسانەشدا هیچمان بۆ نەدەکرا کە کارەکـەیـان ئـەنجامـدا، جگـە لـە توشـبونی گیـر و گرفتـی زیـاتر. بـەڵام ئێستا گـەورە بوویـت و هەموو شتێکت بـۆ باسدەکـەم. بـۆ ئـەوەی ڕاستیەکـان دەربـارەی

نـەمـانـی بـاوکـت بـزانـیـت. ئـەو جـارەش کـە بـە منـداڵی زڵلـەکـەم لێـدایت، پـەیـوەنـدی بـەمنـەوە نـەبـووە، خـۆت لـەپرسـیـارکردن تۆرابوویتو ترسابوویت، ئیتر با گلەیی و بۆڵـەم لـە کـۆڵ بێتـەوە، ئەوە هەموو ڕاستی ڕوداوەکانبوو. بە بیرم دێت جارێکیترش لێم داویت، ئەو جارەیان مناڵتر بوویت، بیرت نایەت ئـەگینا لێدانی ئەو جارەشت لێنەدەبڕیمەوە.

_ دایە گیان، من مەبەستم موڵک و دوکان و بازاڕ نیە، تۆ لـە منداڵیەوەئەم ڕوداوەت لە من شاردۆتەوە. من کوڕی ئـەو پیاوەم کـە کـوژراوە، دەبێـت بـزانـم کـە چـۆن و بـە چـی کـوژراوە. تـۆ گەورەترین تاوانی پیاو کوژەکانت شاردۆتەوە. ئـەمـەش بـۆ خـۆی تاوانـە. بەڵام تێدەگەم بۆ چی حەزت نەکردووە کـە مـن ئاگـاداری کوشتنی باوکم بم. هەر چیەک بووە و ڕویداوە ڕۆشت، ماوەیـەکـی زۆرە بە سەر ئەو ڕوداوەدا تێپەریووە. با بزانم ئـەو جـارەیتر بـۆ چی و لە سەر چی لێداوم؟ با ئەمەشیان بزانم.

_ کـوڕی خـۆم ئـەوە زۆر دەمێکـە. هـەر چـی بـە سـەرهـات و ڕوداوی کۆنە ئەمڕۆ بـە منـی زینـدو دەکـەیتـەوە ... . ڕۆژێکیـان لـە گـەڵ منـداڵانی کۆڵانـەکـە ئاگرتـان کردبـۆوە. نـازانم کامتـان لـە ماڵەوە شقارتەتان پەیدا کرد بوو. ئێمە شارەزاتـان ببووین، هـەر خافڵ بووینایـە ئاگرتـان دەکـردەوە. نـازانم بـۆ چـی ئـەوەنـدە حـەزتـان لـە ئـاگر کردنـەوە بـوو، لـە بـەر ئـەوە شـقارتەمـان لـە جێگایەک دانەدەنا کە ئێوە پێیبزانن یا خود دەستان پێی بگات. هـەمووتـان لـە دەوری ئـاگرەکـە کـۆ ببونـەوە، تـۆش خـەریکـی میـز کـردن بوویـت بـە ئـاگرەکـەدا. منـیش لـە سـەر ئـەوە لـێم دای کـە جارێکیتر شتی وا نەکەیت.

_ یا خوا دەستەکانت خۆشبێت، هەر چاکت لێدابێتم، باشـە؟ بەڵام بابزانم بۆچی لێتداوم؟ تەنها لەبەر میزکردنەکە؟

ـ ئەمەیان تێناگەم. چەند وەختە ئەو زللەیەم لێنابڕیتەوە کە چی بۆ ئەمەیان دەڵێیت: «دەستەکانت خۆشبێت»! هەر لە زووەوە، لە زەمانی باوک و باپیرمانەوە وامان بیستووە کە:

«گوناهێکی گەورەیە میز بە ئاگردا بکرێت»، چونکە ئاگر نوری خوایە. ڕۆڵە گیان ئەو کاتە منداڵیش بوویت خەمی گەڵوگونتم بوو نەسوتێت، ئاگر ئامانی نیە.

ـ کە دایکم باسی ئاگری کرد، لە سەر شتیتر زۆر نەڕۆشتم. گوتی هەر لە کۆنەوە ئاگر پیرۆز بووە و جێگای خۆف و ترسیش بووە و ئامانی نیە.

ـ سەرکەوت گیان، ترس پەیوەست نیە بە ئاگرەوە. ئەوە ئێمەین ترس دەخەینە پاڵ ئاگر. هەموو ئاگرەکان لە ئاگرە گەورەکە دروست بوون، ئەو ئاگرەی بەو گەورەییە لە دڵ و دەرونی ئێمەدا جێگای بۆتەوە. هەموو ئاگرە بچوکەکان پابەندی سیفاتی ئاگرە گەورەکەن. ئەو ئاگرە بچوکانەی کە ئێمە بە کاریاندەهێنین بۆ پێویستەکانمان، دوا جار خامۆش دەبنەوە و لە بەر چاومان ون دەبن و نابینرێن وەک ئاگرە گەورەکە. ئەو ئاگرانە لەو پەری کڵپەشدا بن، وردە وردە خامۆش دەبن، دەچنەوە ناو ئاگرە گەورەکە.

ئەو چیرۆکانەی لە مەڕ گۆڕە کۆنەکانەوە دەگێڕدرایەوە، ئەو گۆڕانەی کە ناوی خراپیان لێنرا بوو، بوختان و درۆ درابووە پاڵیان کە تاکو ئێستا شەوانە لە بەر گوناهی گەورەیان لاشەکەیان لە ناو گۆڕەکاندا بە ئاگری جەهەنەم دەسوتێن، ئەو ئیماندارانە زۆر بێهۆش و نەفامانە، ئاگری جەهەنەمیان لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە بە بێ ئەوەی لە خوای خۆیان بترسن دەهێنایە خوارەوە و لاشەی ئەو پیاو چاکانەیان پێ دەسوتان.

لاشەی ناو ئەو گۆڕانە کەسانێک بوون لێوان لێو لە ویژدان، لە عیشق و وەفا و خۆشەویستی بۆ دیارییە پیرۆزەکان، بۆ گوڵ و

ڕوبار و چیا و پەپولە و باڵندە و مرۆڤ. ئەو کەسانە بوون کە دەمارە پڕ لە خوێنە گەشەکانی هزر و دڵ و مێشکیان لە کاتی هاتنی با ڕەشەکان بۆ بەرگری لە جوانی سروشت و لە بەهاونرخی گوڵ و کانی و گەنم وباخە پڕ لە میوەکان، لە عەشق و خۆشەویستی بۆ دیارییە پیرۆزەکانی دەسکردی خوا، ڕۆحی خۆیان بەخشی خوێنی گەشیان کە وەک نور دەگەشایەوە، بە سەر دار و بەرد و گوڵ و گیادا ڕژان، ئەوە ئاگری جەهەنەم نیە کە هاتبێتە خوارەوە. ئەو لاشە پڕ لە نورانە بسوتێنێت کە بە کافر ناویان دەبردن. ئەوە ڕۆحیانەتە گەش و پیرۆزەکەیانە بۆ ڕەوشەن کردنی شەوە تاریک و ڕەشەکان لە بەر چاوی مەردوم وەک گڕێک وەک ئاگرە پیرۆزەکە لە ناو گۆڕەکانیاندا دێتە دەرێ.

* * * * *

باجی گوڵچین ئەو ئافرەتە بوو لە هەموو گەڕەکدا زیاتر لە ژنەکانی تر ناسراوتر بوو. زۆربەی گەڕەکانی شار دەیانناسی. تێکەڵاوی لە گەڵ خەڵک و ماڵەکاندا زۆر بوو. جگە لەوەی کە ئافرەتێکی کراوە و قسە زان بوو، بە دەست و برد و زیرک بوو، کاری مامانی و نانی تەنوریشی بۆ خەڵک دەکرد.

دوای تەواو بونی نانکردن لە یەکێک لە ماڵەکانی کۆڵانەکەدا بیری دەچێت ئەو کاتەی تەواو دەبن، سەری تەنورەکە بە پارچە لەوحە گەورەکە دابپۆشێت، بۆ ئەوەی منداڵ یا خود گیانەوە ڕێکی ماڵی تێنەکەوێت. ئەو ڕۆژە پێش ئەوەی تەنورەکە تەواو سارد بێتەوە، منداڵێک بە دوای پشیلەیەکدا ڕادەکات و دەکەوێتە ناو تەنورەکەوە، هەتاکو لە ناو تەنورەکە دەریدەهێنن، دەست و قاچی دەسوتێت.

ڕودانی ئەو کارەساتەیان خستە پاڵ هەڵە و بێخەمی باجی گوڵچین و ئەویان گوناهبار کرد. تاکو ماوەیەکی زۆر ئەو ڕوداوەیان لێنەدەبڕیەوە و لە هەموو جێگایەک تانەیان بە ڕویدا

دەدا. ئەویش لە خەڵکەکە تورە دەبوو، هاواری بە سەردا دەکردن. ئەرێ خەڵکینە بە زۆر پەلم گرت و خستمە ناو تەنورەکە؟ یان ئاگرەکە بۆی هاتە دەرەوە و دەست و قاچی سوتاند؟ ئەو ئاگرە بە سز مانە دوای ئەوەی کە زانی ئیشمان پێی نەماوە، وردە وردە دەیویست دامر کێتەوە و بڕوات و لە بەر چاوماندا نەمێنێت و کەس خۆی پێ نەسوتێنێت. من و ئاگرەکە چی بڵێین؟ ئەو خۆی فڕێداوەتە ناو تەنورەکە. جارێک قسە بە من دەڵێن و من تاوانبار دەکەن، جارێک ئاگری بێ‌تاوان بە نەفرەت دەکەن. ئەوا من بیرم چوو سەر تەنورەکە دابپۆشم، با کەسێکی‌تر لە بری من دایپۆشیایە. دەبێت هەر من بم؟ خوا منتان لێبستێنێت. دەست و قاچی سوتاوە، وەک جەرگی من سوتا بێت، کزە لە دڵمەوە دێت. هەر چاکدەبێتەوە، چاکدەبێتەوە و عاقل‌تریش دەبێت.

باجی گوڵچین هەموو مناڵانی گەڕەکەکەی خۆشدەویست. ئەو لە هەموو ژنەکانی گەڕەک زیاتر لە گەڵ منداڵان و هاوسێکانیدا تێکەلاو بوو. جگە لە نان کردن، مامانیشی دەکرد. منداڵێک نەبوو لەو گەڕەکەدا ئەو دایکی دووەمی نەبوو بێت و گوێکانی نەگرتبێت بۆ هێنانە ناو ئەم دنیایە.

باجی گوڵچین بەو کارەساتە دەستی لە نان کردن هەڵنەگرت. هەر چەندە زۆر کەس هەبوو توانجیان لێدەدا و لە کۆڵانیش لە کاتی هەرا و هوریا و یاریکردندا، قسەیان بە مناڵەکانی دەگوت. بەو هەموو سەرزەنشتکردنە، نە بێزار دەبوو، نە وازی لە کاری نان کردن دەهێنا. زۆر کەسیش هەبوون دڵنەواییان دەکرد.

من ناتوانم بە هۆی سوتاندنی دەست و قاچی منداڵێک، چەندین منداڵی‌تر بە بێ‌نان و کولێرە بکەم. ئەوە تەنها ئاگرە کە دەتوانێت بژێوی ئێوە مسۆگەر بکات. ئەویش نانە. ئەو نانەی

کە ڕۆحی ئاگر چۆتە جەستەیەوە و پیرۆز بووە. کەسێک نیە کە نانی لا خۆشەویست و پیرۆز نەبێت.
وەک باجی گوڵچین دەیگێڕایەوە منداڵەکە هەر زوو چاکببۆوە، هەتاکو گەورەش بوو هەموو نان کردنێک کولێرەیەکی گەرمی لە باجی گوڵچین وەردەگرت. ئەو منداڵەش بەختیاربوو، کەبووبە هاوڕێمان، بەتایبەتی هاوڕێی سەرکەوت.
باجی گوڵچین ئافرەتێکی زۆر سادە و قسە خۆش و دڵ فراوان بوو. هەر لە گەنجیەوە و بە هۆی کارەکەیەوە ئاگری خۆشدەویست بە بێ ئەوەی لە پیرۆزی ئاگر و مێژوی ئاگر بزانێت. «لە ناو ئاگردا نهێنیەک هەیە لاشعوری مرۆڤ هەست بە پیرۆزی و خۆشەویستی دەکات». هەمیشە لە سەر زاری بوو، هاوین ماڵی هەژارانە، ئاگر لە زستاندا هاوینی هەموو هەژاران و هەموو کەسێکە. ئەو حەزی نەدەکرد لە جێگایەک کە تاریک بێت مامانی ئافرەتێک بێت و منداڵێك بە تاریکی بێتە دنیاوە. هەر کەسێک کتێبە پیرۆزەکانی بۆ بخوێندایەتەوە لە شەواندا، شەوقی چراکەی زیاد دەکرد، «ئەم نوسراوانە زۆر پیرۆزن. دەبێت لە بەر ڕوناکییەکی گەورەدا بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی هەڵەیان تێدا نەکەین و گوناهبار نەبین».
باجی گوڵچین و بەختیار هەر دوای ڕودانی کارەساتی تەنورەکە ببوون بە دوو دۆستی خۆشەویست، وەک دایک و کوڕ. هەر چەندە هەموو منداڵەکانی کوڵانەکەی خۆشدەویست، بە هۆی سوتانی دەست و قاچی، بەختیاری لە هەمویان خۆشتر دەویست. هەموو نانکردنێك کولێرەیەکی گەرمی وەردەگرت. تام و بۆنی کولێرەکە ئەوەندەیتر باجی گوڵچینی خۆشەویست کردبوو. بەختیار نەک تەنها ئازارەکەی بیر چوو بۆوە، هەموو ڕۆژ ئارەزوی بوو کە تەنورەکە گەرم بێت و کولێرە وەربگرێت.

پەیوەندی نێوانیان لە گەڵ گەورە بوونی بەختیاردا، گەرمتر و بتەوتر دەبوو. هەموو کەس دەیانزانی ئەم پەیوەندیە لە چ ڕوداوێکەوە سەر چاوەی گرتووە.

سەرکەوت پەیوەندی لە گەڵ خەڵکی گەڕەکەکەدا بە هێز کرد، لە دوای زیندانەوە گۆڕانێکی گەورە و بەرچاو بە سەر هەڵسوکەوت و بیر کردنەوەیدا هات. پەیام و قسە و باسەکانی لە گەڵ خەڵکدا باس دەکرد و بڵاو دەکردەوە. جگە لە کوڕ و کچە لاوەکانی گەڕەک، باجی گوڵچین یەکەم ئافرەت بوو کە لایەنگری بۆ چوونەکانی سەرکەوت بوو. ئەو بۆ خۆیشی ئافرەتێکی وریا و لێهاتوو بوو، دواتر لە ناو ئافرەتەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو.

ئەو شەوانەی کە هەموویان کۆ دەبونەوە، سەرکەوت لە هەمویان زیاتر بابەتەکانی دە وروژاند. ئەو باسانەی کە پەیوەندی بە دیاریە پیرۆزەکانەوە هەبوو. گرنگترین دیاریەکان بۆ مرۆڤ و بۆ ئەو ڕۆژگارەکە قسە و باسی لەسەر دەکرا، «خاک» بوو.

پەیوەندی ڕاستەوخۆی مرۆڤ بە دیارییە پیرۆزەکان، لە سەر ئەم زەمینە دروست دەبێت. خاک «نیشتمان» گرنگترین بەشی زەوییە سەبارەت بە مرۆڤاکان. مرۆڤ هەر چەندە لە خاک و ئاوی نیشتمانەکەی خۆی خوڵقاوە، لە گەڵ ئەوەشدا دیارییەکی پیرۆزە بۆ کە دەبێت وەک ئامانەتێک بیپارێزین، ئێمە منداڵی خاکین، چۆن منداڵی دایکمانین و دەبێت دایکەکان بیپارێزن، بەو جۆرە نیشتمانیش بپارێزین. نیشتمانەکەی ئێمە، کە دایکمانە و کە ئامانەتیشە لە ژێر پێماندا بریندارە. هەموو شتە پیرۆزەکان پەیوەستن بە مرۆڤەوە، مرۆڤیش پەیوەستە بە خاکەوە. بە هاو گەورەیی و پیرۆزی دیاریەکانی خوا بۆ ئێمە لە سەر خاکێکی بریندار و ئامانەتێکی بایەخ پێنەدراو، بەهاو پیرۆزی کەم دەبێتەوە.

دیارییە پیرۆزەکان لە دەست دەچن، ئەگەر گرنگترین و گەورەترین دیاری لە دەستماندا نەمێنێت. لە سۆز و خۆشەویستی و گەرمی و میهری باوەشی دایک بێبەش دەبین ئەگەر دایکمان بریندار و ئازاراوی بوو، ئەگەر دیل و زیندانی بوو.

ئەو شەوانەی کوڕ و کچە لاوەکان بابەتە هەمە ڕەنگەکانی ناو بیر و هۆش و حەز و هیوایان دەهاتە سەر زمانی گفتوگۆ. هەموو ئەو ئاوات و هیوایانە دواجار لە سەر نیشتمانێکی پاک و ئازاد و پیرۆز بە دیدەهات. هەر شەوە و باسێک، هەر باسە و تێگەشتن و شیکردنەوەیەکی نوێ، هەر شەوە و کەسێک گومانی لە حەقیقەتەکان دەبوو، یا خود دەرکی بە حەقیقەت دەکرد و گومانی لە ناو ڕاستیەکاندا دەتوایەوە.

بەختیار لە ناو گەنجەکاندا زوو هەستی بە ڕاستیەکان دەکرد و دیاریە پیرۆزەکانی بە مولْکی مەردوم دەزانی. باجی گولْچین ئاگاداری هەموو باس و ڕوداوەکان بوو.

سروشت کچێکی هێمن و جوانی کۆلانەکە بوو. لە گەلْ زۆربەی منالانی گەڕەک خوشک و برای شیری بوون. باجی گولْچین ئاگاداری هەموو ئەو کوڕە و کچانە بوون کە هاوتەمەنی یەکتر بوون و شیری دایکی یەکتریان خوارد بوو. ئەو دیاردەیە لە ناو زۆربەی دایکەکاندا باوبوو، بەم کردارە ئەو کوڕ و کچانە دەبوون بە خوشک و برا. مندالْەکانی گەڕەک هەر لە مندالْیەوە زۆر جار بەر گوێیان کەوتبوو، لە گەلْ کێدا خوشک و بران. هەندێك جار دەبووە ناڕەزایی و بۆلْە لە ناو گەنجەکاندا. هەموو نیگایەکی سەر شێت، سەد جار ئەو جۆرە شیرەیان لە خۆیان بە دەردوحەرام دەکرد. کچان و کوڕانی گەڕەک لە دلْداری و ئەوینداری بێبەش دەبوون. لە لای خەلْک ئاشکرا بوو کە سەرکەوت لە گەلْ هیچ لە کوڕ و کچانی گەڕەک خوشک و برا نین. سەرکەوت منالْی ئەو کۆلانە نەبوو، بە گەورەیی هاتبوون

بۆ ئەو گەڕەکە، ئەو کاتە شیرەخۆر نەبوو. نیگاکانی سەرکەوت و سروشت شەوانە، کاتی گفتو گۆ و قسە کردن هەمیشە لە سەر یەکتر بوون. نزیک بە هەڵسوکەوت و خوڕەوشتی یەکتر بوون، نەدەبوونە قسەی سەر زمانی خەڵکیش کە خوشک و برای شیری بن. هەندێک کچ و کوڕ خوشک و برای شیریش نەبوون،بەڵام هەر بەگومانبوو ببنە دڵخوازی یەکتری و دڵ بە یەکتر بگۆڕنەوە، چونکە ئەگەریان بۆ ئەو حاڵەتە دادەنا.

سەرەتای دروستبونی خۆشەویستیان بوو کە سەرکەوت لە ناو بازاڕ داگیرا. ئەو ماوەیەی لە زیندان بوو بۆ تەنها جارێکیش لە لای منباسی عەشقی خۆیو سروشتی نەکرد. هەر لەیەکەم ڕۆژەوە لە ژورەکەی مامۆستا بە کەسێکی مردو ئاشنابوو کە زۆر شتی تایبەت بە ژیانی خۆی بیرچووەوە.

سەرکەوت لە زینداندا خولیای خوێندنەوەی نوسینەکانی وەستا و ئامۆژگاری و قسەکانی من بوو. زیندان چەندە گۆشەگیرە، ئەوەندەش دنیایەکی تازە بوو بۆ سەرکەوت. ئەو ژورە ببوو بە قوتابخانە. ئەوەندەی مانای ژیان و هەموو بابەتەکانیتر لەو ژورەدا فێر بوو، بە درێژای ژیانی پێشوی نەبیستبوونی نە فێریان ببوو.

پێش گرتنی بە دەستی بارەشەکان، سەرەتای ئەویندارى ئەوان بوو. ماوەی زیندان تەنها جاریک سروشت توانی فرسەتێک بدۆزێتەوە، هەواڵی سەرکەوت لە دایکی بپرسێت. سەرەتای عەشقیان بوو بەڵام گڵپەیەکی بە گوڕی خۆشەویستی لە دڵی سروشتدا هەڵگیرساند کە بێ ئارامی بە ڕویەوە دیار بوو. ئەو ماوەیەی کە لە زیندان بوو، زۆر کەس هەواڵی لە دایکی دەپرسی، هەواڵەکان هەمووی ئاسایی بوون، بەڵام پرسینی سروشت جۆرێکیتر بوو، دایکی سەرکەوت هەستی بە جۆرێک لە سۆز و تەنیای دەکرد کە سەرچاوەی هەواڵ پرسینەکەی لە

خۆشەویستیەوە بوو. سەرکەوت بۆ سروشت مانایەکی گەورە بوو کە هەموو پیرۆزیەکی لە خۆ گرتبوو. سروشت هەر زوو هەڵسوکەوت و بیر کردنەوەی سەرکەوتی بە دڵدا چوو. نەریت و کلتوری کۆمەڵگا هەر ئەوەندە بواری دەدا بە پێی ئەو ماوەکەمە ئەوانیش ڕازی دڵی خۆیان بە ئاشکرا و بە تەواوەتی بۆ یەکتری هەڵبڕێژن. سەرکەوت بۆ خۆیشی کوڕێکی شەرمن و داخراو بوو لە سەرەتادا بە پێی ئەو ژیانە گۆشەگیرییەی پێشوی کە بە سەری بردبوو.

لە دوای دەرچوونی لە زیندان، ئەو ڕۆژانەی کە سروشت و سەرکەوت پێکەوە دەچوونەوە بۆ ماڵەوە. دایکی سەرکەوت ئەو ڕۆژەی بە بیر سروشت دەهێنایەوە کە هەواڵی سەرکەوتی زۆر بە شەرم و بەزەییەوە پرسیوە. من بەبێدەنگی تەماشای چاوەکانیانم دەکرد، هەردوکیان سەیری یەکتریان دەکرد، سروست چاوەڕوانی قسەی سەرکەوت بوو کە ئایا ئەو چۆن بووە ئەو ڕۆژانەی کە لە زینداندا بووە. سەرکەوت بەو نیگا شیرینەی سروشت کە دەیگرتە چاوەکانی، لە هەموو مەبەستەکان تێدەگەشت.

گووتی: ڕۆژانی سەرەتای زیندان بۆ ئێستا پڕن لە بیرەوری تاڵ و ئازاراوی، بۆ ئەوساش لێوان لێو بوون لە ئەشکەنجە و ژانی بە سوێی برینەکان و لێکۆڵینەوە بێتام و دوور لە ئەخلاقی مرۆڤانە، زۆر ئاستەم بوو کە پێڕابگەیت لە سەر ئەو حاڵەتە ناخۆش و مەرگاوییە، بیر لە کەسانی تر بکەیتەوە. کاتێک نەبوو بۆ بیر کردنەوە. هەموو ساتەکان گیرا بوون بۆ شینی ئاخ و ئۆفی جێگا لێدان و برینەکان. خۆشم هەرگیز نەمدەویست عەشقێکی پاک و تازە بهێنمە ناو زیندانێکی پۆخڵەوە. خوێندنەوەی نوسینەکانی وەستا و گفتوگۆی ڕۆژانە لە گەڵ مامۆستا دا، دواتر پیشەی هەمیشەی ڕۆژانەمان بوو، کە دەتوانم بڵێم دەرمانی

برینەکان و تەنیایش بوو، جگە لەوەی وەك قوتابخانەیەك فێری خۆڕاگری دەکردین بەرامبەر بە جەلـلاد و ئـازار و بەرامبەر بە دووری و عەشق خۆشەویستی کە لە دڵما بە پاکی و بە گەشاوەیی بمێنێتەوە. ئەگەر ئەمجارە زیندانی بکرێم، زۆر کەس هەیە کە بیریان لێبکەمەوە لە ناو ئەوانەدا کەسێک هەیە بیرەوەریەکانی لە زینداندا دەمژێنێت، بە هێزم دەکات کە خۆڕاگرتر بم.

سەرکەوت و سروشت، دوو کەسی زۆر گونجاو بوون. دوو خۆشەویستی تێگەشتوبوون. شەوانە هەموویان کۆ دەبوونەوە، بە تایبەتی سەرکەوت و سروشت و باجی گوڵچین و بەختیار. دۆستایەتی بەختیار و باجی گوڵچین هەر لە سەردەمی سوتاندنی دەست و قاچی بەختیارەوە بوو، ئەویش زیاتر بە هۆی باجی گوڵچینەوە هەر لە منداڵیەوە هەموو نانکردنێک کولێرەیەکی گەرمی دەدایە. بەختیار هەموو جارێک زیاتر و زیاتر ئاگری لا خۆشەویست دەبوو... بۆ ئەوەی بەختیار ئازاری سوتاویەکەی بیر چێتەوە.

ـ بەختیار گیان، وەرە ئەم کولێرە گەرمە بخۆ، بزانە ئاگر چەندە شتی خۆشت بۆ دروست دەکات و بۆدەبرژێنێت. ئەو کولێرە گەرمە ئاگر سوتنداوێتی و برژاندوێتی بۆیە وا خۆش و بە تامە. تۆش لای من لە هەموو کەسێک خۆشەویستریت چونکە ئاگر چۆتە دەست و قاچەکانتەوە.

قسەکانی شەوانی سەرکەوت دەربارەی شتە پیرۆزەکان، بە تایبەتی ئاگر، لە گەڵ وتەکانی باجی گوڵچین سەبارەت بە ئاگر، لە ناو هزر و هۆشیدا ئاوێتە ببوون. بەختیار کەسێک بوو هەر زور پیرۆزی ئاگر چووە دڵ و دەرونیەوە.

ڕۆژانی نزیک بە نەورۆز و هاتنی بەهار، تەنها خوێن جمان نەبوو بە وەرزێکی نوێ و بە جوانی دەشت و دەر و بە خۆشی

ئاوهەوا. جۆرێک لە بزواندنی دەمارەکانی مێشکیش بوو بۆ شتە پیرۆزەکان، بە تایبەت پیرۆزی خاک.

بەختیار تەنها سەردەمی منداڵی، کە دەست و قاچی سوتا رقی لە ئاگر دەبۆوە، دواتر بە هۆی کولێرە گەرمەکانی باجی گوڵچین وخۆشەویستی ئەو بۆ بەختیار و قسە خۆشەکانی دەربارەی ئاگر، هەر زوو سوتانەکەی بیرچووەوە. ئاگر وەك سنبوڵێکی پیرۆز لەدڵو دەرونیدا چەسپی.

زۆر شەوان بارەشەکان بە شەقام و کۆڵانەکاندا دەگەران و لە گەردن و ملی ئەو کەسانە دە ئالان کە شەوان دەکەوتنە بەر دەستیان. ئەوانیش لە گفتوگۆی گەرمی شەوانیان دادەبڕان و هەر کەس دەچۆوە ماڵی خۆی. ئەو شەوانە بەختیار ئەوەندە بە پەرۆش بوو بۆ گوێگرتن، لە بارەشەکان بێزار دەبوو، حەزیدەکرد ببێت بە ئاگرێکی ئەفسوناوی لە سەر و باڵی ئەو بارەشە زەبەلاحەنە بئاڵێت کە شەوان وەک بایەکی ڕەشی شوم دەسوڕانەوە.

هەموو گفتوگۆیەک سەبارەت بە هاتنی جەژنی نەورۆز و خۆ ئامەدە کردن بۆ ئەو بۆنەیە، بەختیار پێی دادەگرت کە ئاگری نەورۆز بە دەستی خۆی لە ناوچەکەی خۆیان بکاتەوە.

هاورێکانی قوتابخانەی ئێوارانی سەرکەوت، هەر زوو بڕیاری جێگا و چۆنیەتی بەرێوەبردنی نەورۆزیان دابوو. ئەوان زۆر بە جدیتر و زانستیانەتر شتە پیرۆزەکان لە دڵ و دەرونیاندا جێگیر ببوو، کاریان لە سەر دەکرد و خوێندنەوەی وردیان بۆ دەکرد. ئەو قوتابیانە بڕیاری جێگا و چۆنیەتی بەرێوە بردنی نەورۆزیان دابوو. ئەو کەسانە بوون لە شەوە تاریکەکاندا بە گڕی ئاگر و بە ڕوناکی وانەکانیان دەخوێند. ئەگەر شەوێک لە ڕوناکی بێبەش بونایە لە وانەکانی ئەو شەوە بێبەش دەبوون. بەها و پیرۆزی نەورۆز وەک تاکە جەژنی نەتەوەی کە سیفاتی بونی ژمارە

یەکی لە خۆ گرتبوو، جگە لەوەی کە ئاگر بوو وەک سنبوڵی ڕزگار کردنی خەڵک و نیشتمان.
هێرش و هاوڕێکانی دەربارەی ئاگری نەورۆز لە گەڵ منوسەرکەوتدا گفتوگۆمان کرد بوو. خۆیشیان پێشتر لە قوتابخانە لە گەڵ ئەو برادەرانەی کە پەیوەندیان پێیانەوە هەبوو بڕیاریاندا بوو ئاگر لە چەند شوێنێکی شاردا بکەنەوە. هەموویان لە «یەک» کاتدا، دانانی یەک کات بۆ ئاگر کردنەوەکە دەبێتە یەکخستنی کۆی هەموو ئاگرەکان.
من ڕێگام پێنەدرا بوو کە بگەڕێمەوە سەر کاری مامۆستایی، بێئێش بووم. ڕۆژانە بۆ یارمەتیدانی باوکم دەچووم بۆ دوکان، پەیوەندیم لە گەڵ زۆربەی هاوڕێکانی باوکم و کوڕانی ئەو گوزەرە هەبوو. زۆر بە شێوەیەکی گونجاو کە هاوتای تێگەشتنی ئەو پیاوانە بێت بابەتەکانم شیدەکردەوە و دیارییە پیرۆزەکانم بۆ باس دەکردن. شەوانە باوکم کێش دەکرد بۆ ناو باس و بۆچوونەکانی خۆم و گرنگی و ڕێز گرتن لەدیارییە پیرۆزەکان. ئەو دیارییانەی کە بونی سیفاتی یەک یان پێیەوەبوو. بوونمان لە سەر خاکێکی دیلکراو و زامدار، قەرزا بونی ڕۆحمانە بە ئەرکی خۆی بەرامبەر بە نیشتمان. ئەو جێگا پیرۆزانەی بۆ نزا و عیبادەت تەرخانە، دەبێت ئازاد و سەربەست بن، ئەو شوێنانە وەک پێویستی خۆی پیرۆزی و کاریگەری نامێنێت. ڕابەرانی ئەو جێگا پیرۆزانە لە ڕۆژانی هەینی و ئەو ڕۆژانەیتر کە تایبەت بە خۆیان بوون، نەیاندەتوانی پڕ بە گەروی خۆیان و ڕازی دڵیان پەیامەکان بڵاو بکەنەوە، ئەو شوێنانە لەوێدا هەست بە گرنگی ئازاد بوونیان دەکرا، کە خودی ئازادکردنیان بەسترابۆوە بە ئازادبوونی دیارییە گەورە و پیرۆزەکەی خوا بۆ مەردومی ئەویش « خاک بوو».

خاک کە دەبێتە نیشتمان پیرۆزترین دیارییە بۆ مرۆڤ، دەبێت بە ئامانەتەوە بیپارێزێن، چونکە هەموو دیارییەکانی تر بەندن بە پاراستنی خاکەوە.

دیارییە پیرۆزەکانی خوا بۆ مەردومی خۆی، زۆر بە زویی لە ناو هەستی خەڵکدا بوژایەوە. گرنگی دان بە پیرۆزی نیشتیمان، گرنگی‌دان بوو بە هەموو ئەوانی‌تر.

ڕۆژێکی هەینی مامۆستای یەکێک لە مزگەوتە بە ناوبانگەکانی شار، باسی دیارییە پیرۆزەکان و گرنگیان لە سەر ژیانی مرۆڤ بە تایبەتی «خاک» لە پێش هەموو وتارەکانی‌ترەوە بوو. باسەکان لە مەڕ سەربەستی بۆ جێگای عیبادەت و ئازادی بۆ خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان، لە ناو نیشتمانێکی ئازاد و لە سەر خاکێک بەها و پیرۆزی خوای پێوە مابێت. خەڵکەکان لە دوای عیبادەت و نوێژەکانیان، باسی وتارە بە پێز و دروستەکانی مامۆستایان دەکرد. باسی خۆشەویستی نیشتمانیان دەکرد، باسی ئەو کەسایەتیە پیرۆزانەیان دەکرد کە چەندین ساڵ لەمەوبەر لە پێناوی مانەوەی نیشتمانەکەیان بە پیرۆزی، ڕۆحی خۆیان بەخشیوە، ئێستا ئەمان قەرزاری ئەو ڕۆحانەن کە ئێستا لاشەکانیان لە خاکێکدایە، داگیر کراوە و سیمای پیرۆزی لە دەست داوە. هەموو شتەکانی ناو خاکێکی داگیر کرا و بەند و دیلن.

هەرشەوی ئەو هەینیە کە مامۆستا وتارەکانی هاوتای حەقیقەتەکان بوو، بارەشەکان هەڵیانکردە سەر ماڵەکەیی و بە بەر چاوی تریفەی مانگەوە بۆ شوێنە نادیارە سەرنگومەکانیان برد. مامۆستا تەنها لاشەکەی دیار نەما، وتەکانی بە سەر باڵی ڕۆحیەوە هەموو هەینیەک بە سەر مزگەوتەکاندا دەسوڕایەوە و دەکەوتە سەر زاری خەڵک و دەگوترایەوە. ڕۆژانی هەینی دواتر چەندین کەس ئامادە بوون لە بری ئەو مامۆستا ڕاستگۆیە کە

ڕێگایــان پێبــدەن لــە مینبــەرەکانــەوە درێــژە بــە وتــارە حەقیقەتەکانی ماموستا بدەن.

بارەشەکان لە ڕۆژانی هەینیدا گیڤە و جم جۆڵیان زیاتر کرد، بە تایبەتی لە نزیک مزگەوتەکان و ئەو جێگایانەی کە خەڵک کۆ دەبوونەوە. چاودێری ئەو خەڵکانەیان دەکرد کە وتاریان دەخوێندەوە و قسەیان بۆ خەڵک دەکرد. زۆر کەس هەبوون بە ویژدانــەوە ســەیـری بــەهـا و پیـرۆزی دیارییــەکانیــان دەکــرد و واقعیانە بیریان لە بنەماکانی پەیوەندی کۆمەڵ بە نیشتمانەوە دەکرد، ئامادەیی خۆیان بۆ ڕابەرایەتی خوێندنەوەی وتارەکانی ڕۆژانی هەینی پیشاندەدا. باوکم لەناو ئەو خۆشییەی کە لە دڵیدا بوو، جۆرێك لەترس و دڵەڕاوكێشی هەبوو لە لەلای بارەشەکان، ئەوان زۆر دڕندانە دەکەوتنە گرتن و ئازاردانی خەڵکەکە.

_ باوکە! ئەو ترسەی کە تۆ باسیدەکەیت هەمیشە بە سەرمانەوەیە و دڵ و دەرونی داگیکردوین، ئێستا هەست بە ترس دەکەین کە ئەوان شپرزەبوون و ڕۆژانە بە هەموو لایەکدا گیڤەیان دێت، ئەو جموجۆڵ و هەڵمەت بردنە سەر خەڵک و گیڤە و هاژ و هوژیان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە ترسیان لە ئێمە زیاترە «ئەگەر دزێک بچێتە سەرماڵێک یا خود جێگایەک، بێگومان دزەکە ترس و شپرزەیی زیاترە لە خاوەن ماڵەکە». ئەوان دزن و ئێمە خاوەن ماڵ. ئەگەر ئێمە هەر چییەک بکەین، ئەوان هەر هەمان هەڵوێست و بیر کردنەوەیان بەرامبەرمان دەبێت. ئێمەش نابێت لە ئەرکەکانمان بەرامبەر بە پاراستنی دیاریە پیرۆزەکانی خوا دوا بکەوین یان بێخەم بین.

لەماوەیەکی کەمدا بارودۆخەکە بەشێوەیەکی خێرا گۆڕا. ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندی سەرکەوتیش لە گەڵ هەموو هاوڕێکانی

بەرەو چڕ بوونەوە دەڕۆشت. هەموو ئەو خەوانەی کە شەوان دەیبینی بۆ هاوڕێکانی دەگێڕایەوە. شەوان جگە لە باسی چالاکیەکانی ناو بازاڕ و شوێنەکانیتر، گێڕانەوەی خەوەکان جگە لەوەی کە هۆگری گوێگرتنی ببوون، زۆر بە گرنگیش وەریان دەگرت. وەک ژیانێکی واقعی سەرکەوت دەیانبینی. هەندێک لە هاوڕێکانی خۆزگەیان دەخوارد ژیانیان تێکەڵاوی خەوەکانی ئەوان بێت. هەرچی سەرکەوتیش بوو بەداخی ئەو خەوانەوە دەتلایەوە کە بزانێت ئەو پیاوە پیرە کێیە. زۆر جار لە خەوەکاندا پێش ئەوەی سەرکەوت پرسیاری لێبکات کە کێیە، ئەو قوتار دەبوو، یاخود لەخەو ڕادەپەڕی. هەندێک جاریش سەرکەوت ئەوەندە بە پەرۆشەوە گوێی بۆ ڕادەگرت، هەرچی پرسیار بوو، بیری دەچۆوە.

هەر شەوێک ئەو پیاوە پیرەی بەخەو ببینیایە، ئەو ڕۆژە هەستی بە گۆڕان دەکرد. وەک پیشەی هەموو جارێک خەوەکەی بۆ من دەگێڕایەوە، هەستم دەکرد کە زۆر بە جدی خەوەکان دەگێڕێتەوە، بە پەرۆشەوە گوێم بۆڕادەگرت. جار بە جارێک خەوەکانی بۆ دایکیش دەگێڕایەوە. ئەویش زۆر بە پەرۆشەوە گوێی بۆ قسەکانی شل دەکردو دەیگووت: ئەوە پیاو چاکە خەوی پێوەدەبینێت.

هەر کاتێکیش ئەو خەوانەی بۆ دایکی دەگێڕایەوە کە ئەو پیاوە پیرە پەیمانی پێداوە شەوێک لە گەڵ خۆی بۆ ئەو شارەی ببات کە بۆی باسکردووە چاوی بە خەڵکە میهرەبانەکان دەکەوێت. دایکی بەو جۆرە خەوانە دڵگران دەبوو، ئەو ڕۆژە هەتاکو ئێوارە سەرکەوت دەگەڕایەوە دڵی لە مشتیدا بوو، توشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبوو، دەست بە دوعا و پاڕانەوە کە خوا کوڕەکەی بپارێزێت.

ــ ڕۆڵــە گیــان، ئــەو جــۆرە خــەوانــە مــەگێــڕەوە، بــاش نیــە. خۆزگەم بــە جاران کــە قــەد خــەوت نــەدەگێڕایــەوە. هــەندێک لــە خــەوەکــان دڵخۆشــم دەکــات. لــە گــەڵ مــردوو لــە خــەوتــا بڕۆیــت هەرگیز بـۆ منـی مـەگێڕەوە، هـەر بـەیانـی زوو لـە گـەڵ دەموچـاو شتندا بۆ ئاوەکەی بگێڕەوە، یا بە دەم ئاوەکەوە بڕوات.

هەتاکو دوا خەوەکانیش نەیزانی ئەو پیاوە کێیە. بـەڵام هـەر زوو لە خەوێکدا پێیگوت: «کـەسێکی سـەردەمـە کۆنـەکـانم». ئـەو شارەی کە مامە پیرە پـەیمـانـی پێدا بـوو، سـەرکـەوت بـە بینینـی زۆر ئاسودە دەبوو. ئاواتـەخـواز بـوو هـەر چـی زوتـرە شـەوێک لـە شەوەکان بچێتە ناو شارەکەوە. دایکیشی هـەرگیـز ئـەو ڕۆشـتنـەی بە باش نەدەزانی. خۆزگـەی بـە ڕابـردو دەخـوارد کـە فێـر نـەببـو خـەو بۆ دایکی باسبکات. کـە بیـری ڕۆژانـی ڕابـردوی دەکـەوتـەوە سـەردەمـی زینـدانـی بـە بیـر دەهاتـەوە، تـەزویـەکـی سـار هـەمـوو گیـانـی سـڕ دەکـرد، هـــەمـــوو ڕۆژانـــی ڕابـــردوی بـــە ڕۆژانـــی زیندانیشــەوە بــە نــەفــرەت دەکــرد و لــە بیــرەوەریــەکانیــدا دەیسڕینەوە.

منیش ئاگاداری ئەو خەوانە بووم، دەمزانی کە شەوێک مامـە پیرە سەرکەوت لە گەڵ خۆیدا دەبـات بـۆ شـارەکـە. وەک سـەرەتـا نـەبووم، بە پەرۆشەوە گوێم بۆ خەوەکانی سـەرکـەوت ڕادەگـرت و گـرنگیم پێدەدا. هـەنـدێک جـاریش بـە گاڵتـەوە بـە سـەرکـەوتـم دەگوت: ئێستا پێم بڵێ، کەی سەفەر دەکەیت؟

ــ نـازانم کـەی دەبێت، بـەڵام بـێ گومـان ئـەو سـەفـەرە هـەر دەکەم.

سەرەتـا بڕیـاربوو تـەنها مامـە یـارە ببینێت، باسـەکـەشیان هەر لە مامە یارەوە دروست بوو. سەرکـەوت زۆر خۆشـحال دەبـوو بـە دیداری مامـە یـارە هـەر چـەنـدە ئاگادارییـەکـی وردی نـەبـوو دەربارەی ژیان و بـە سـەرهـاتـی، تـەنها ئـەوەنـدە نـەبێت لێرە و

لەوێ ناوی مامە یارە و گردی مامە یارەی بیستبوو. داوای لەمن دەکرد ئەگەر دەربارەی مامە یارە زانیاریم هەیە، شتێکی بۆ باسبکەم.

_ پێویست ناکات من هیچت بۆ باسبکەم. دەتوانیت بە هاورێکانی قوتابخانەت بڵێیت، ئەگەر ئەوان پەرۆتوکیان لا بێت دەربارەی ژیانی، لێیان وەر بگریت. دوای ئەوە تۆ بۆ خۆت سەردانی دەکەیت، ئیتر پێویستت بە باس و کتێبی کەسیش نیە، چیت ویست پرسیاری لێبکە. من هەر چییەکت بۆ باسبکەم، هەر ئەوەندەیە کە دەماودەم بیستومانە.

ماوەیەک بوو مامە یارەی بیر چوو بۆوە. سروشتیش حەزینەدەکرد ئەوەندە پەیوەست بێت بە مامە یارەوە. گرنگی خەوەکانی سەرکەوت ئامۆژگاری و قسەکانی مامەپیرەبوو کە هاوتای بیر و باوەڕ و بەرنامەکانی ئەو سەردەمە و ئەو ڕۆژگارەبوو.

_ سەرکەوت، پێویست ناکات ئەوەندە باسی ئەو سەفەرە و مامە یارە بکەیت. هەندێکەس زۆر بێ بەها گوێت بۆ ڕادەگرن و گرنگی قسەکانی مامە پیرەش کەمدەبێتەوە لە لای خەڵک. ئەوەی گرنگە لە خەوەکانتا هەر ئەو باسانەیە کە پەیوەندی بە ئەمڕۆی گرفتەکانی ئێمە و بەرنامەکەمانەوە هەیە. ئیتر تۆ مامە یارە ببینیت و نەیبینی یا خود سەفەر بکەیت و نەیکەیت چ گرنگیو نرخێکی هەیە؟

_ سروشت گیان من تەنها ئەوەندە ئارەزوو دەکەم، ئەو شارە ببینم کە مامە یارەی لێیە، سەفەرەکەشم تەنها لە خەومدایە، بەیانی کە هەڵدەستم لە سەر جێگاکەی خۆمم.

نارەزایی دایکی و قسەکانی سروشت، ماوەیەک مامە یارەی بیربردبۆوە. بەڵام ئاواتی سەفەرەکەی هەر لە مێشکیدا بوو.

ڕۆژانە وەک جاران بەردەوام خەوەکانی شەوانی بۆ هاوڕێکانی دەگێڕایەوە، بەڵام باسی مامە یارەی نەدەکرد.

شەوێک لە خەویدا پیرەمێردەکەی هاوڕێی باسی شارە خۆشە بەهەشتیەکەی بۆ دەکات، باسی هەموو پیاوە ناودارەکانی کە خزمەتی خەڵک و شارەکەیان کردووە بۆ دەکات، ئەو خەڵکانەی کە ڕۆحی خۆیان بە خاک بەخشیبوو، ئەو خەڵکانەی لە خزمەتی کۆمەڵدا بوون . لە کۆتای قسەکانیدا پێی دەڵێت لە وانەیە باوکیشت لەوێ بێت، زۆر کەسیتر هەن لە وێن، لەو شارەن، تۆ نایانناسیت.

هێشتا خۆر نەکەوتبوو، زۆر زوو بوو. بە دەم خەو بینینەوە لە ناکاو هاواری باوکی کردبوو. لە قیژەی هاواری خۆی بە ئاگا هاتبووەوە. دایکی هەر زوو لە سەر سەری بوو. سەری سەرکەوتی خستبووە سەر ڕانی خۆی. سەرکەوت لە سەر ڕانی دایکی پاڵنەکەوتبوو، لە سەر جێگاکەی خۆی دانیشت. بە خۆشحاڵیەوە خەوەکەی بۆ دایکی گێڕابووەوە.

_ ڕۆڵە گیان، چەند جارم گوت، ئەو جۆرە خەوانە گێڕانەوەیان باش نیە، بۆ ئاوەکەی بگێڕەوە لە گەڵ خۆیدا بیبات و بەتاڵ بێتەوە. بۆ کوێ دەچیت، بۆ لای باوکت؟ ئەو داماوە ئێستا ئێسقانیش نەماوە.

بە گلەییەوە قسەکانی دایکی بۆ من باس دەکرد:

_ من تێناگەم، کەسێکی وەک من لە هەموو ژیانمدا تەنها جارێک باوکم نەبینیوە. پیاو چاکێک دەستم بگرێت و بۆ لای باوکم بەرێت، ئەویش ڕاستی نیە و خەوە، من بە خەویش باوکم ببینم ئاسودە دەبم. کەچی دایکم ئەوەش بە من ڕەوا نابینێت. خەریکە دەکەومە گومانەوە لە دایکم.

_ سەرکەوت گیان، ئەوە دایکتە، دایک پیرۆزە وەک هەموو شتە پیرۆزەکانیتر. ئێمە نابێت گومان لە دیارییە پیرۆزەکان پەیدا

بکـەیـن. بـە تایبـەتـی «دایـک». دایکـی تـۆش لێکدانـەوەی بـۆ خەوەکان هەر ئەوەندەیە کە بیستوێتی، «بـە باشـی نازانێت لـە خەودا سەردانی کەسانی مردوو بکەیت». ئەو تەنها تۆی هەیە. سۆز و خۆشەویستی دایک بۆ منداڵ زۆر گەورەترە لەوەی کە منداڵ هەستی پێدەکات. دایکت پەروەشی تەمەن درێژی تۆیە.

_ مامۆستا گیان، قسەکانت ڕاست و دروستن، بەڵام من لە ژیانمدا باوکم نەبینیوە، لە هەر جێگایەک و چارەنوسی هەر چۆنێک بێت، پێم خۆشە ببینم، ئاسودە دەبم. هیوادارم هەر چی زوترە بچم بۆ لای لە هەر جێگایەک بێت، حەز دەکەم لە گەڵ ئەو بژیم.

_ مافی خۆتە حەز بکەیت لە گەڵ ئەو بژیت. بەڵام دایکت وەک تۆ بیر ناکاتەوە، ئەویش ئارەزودەکات کە تۆ لە گەڵ خۆی بمێنیتەوە و پێکەوە بژین .

8

نزیک ئێوارە بوو چووم بۆلای بۆ دوکانەکەی، چەند کاتژمێرێک دوای ئەو تەق و تۆقەی لە بازاڕەکانی خوارەوە گوێی بیستیبوون. بە دڵنیاییەوە ئەو رۆژە بێ تاقەت بوو. ئەو رۆژانەی پەست بوایە، جگە لەوەی هەر زوو هەستم پێدەکرد، هۆکاری ئەو پەست و بێزارییەشم دەزانی.

_ ئەمرۆ باش نایەیتە بەرچاوم... . لە دوو هۆ زیاتر نییە. کابرای پیرە لە خەودا لە پڕ بە جێیهێشتویت یا خود دایکت لە خەودا لە گەڵ ئەو بە ئاگای هێناویت و خەوەکەی لێپچڕاندویت.

_ هەر دوو هۆیەکە بۆ من یەک ئەنجام و یەک کاریگەری هەیە، ئەویش دابڕانی منە لە گەڵ ئەو پیاوە دا. ئەو دابڕانە، کاریگەری خراپی بۆ سەر ڕەوشی من هەیە. دەزانم تۆ بە گرنگ خەوەکانی من وەرناگریت، منیش لە گێڕانەوەیان کۆڵ نادەم هەتاکو باوەڕ بە من و بە خەوەکانم دەکەیت. من و ئەو پیاوە لە خەودا دوو هاوڕێین، بەڵام هەستدەکەم کاریگەری لە سەر ژیانی واقیعم هەیە و تێکەڵ بە ژیانی رۆژانەمە.

_ من باوەڕم بە خەوەکانت هەیە. ئەوەی جێگای سەر سوڕمانی منە، کاتێک لە گەڵ ئەو پیاوە پیرە دایت، دایکت چۆن هەست بە خەوەکەی تۆ دەکات؟ خێرا بە ئاگات دەهێنێت؟

_ هەموو جارێک دایکم لە خەوەکاندا بە ئاگام ناهێنێت و لە مامە پیرەم دابڕێت. ئەوەی کە من هەستی پێبکەم، دایکم لاشعوری ئەمە دەکات. ئەویش پەیوەندی بە رۆحی دایکەوەیە کە ئاگاداری رۆحی منداڵەکانیەتی، لەو روانگەیەوە کە زۆربەی

خەوەکان کە بۆم گێڕاوەتەوە، ئەونیگەرانە بەو خەوانە کە من لە گەڵ ئەو پیاوەدا بڕۆم بۆ شارەکەی کە بەڵێنی پێداوم. نازانم دایکم خەوەکان چۆن لێکدەداتەوە. هەرئەوکاتەی من لە گەڵ ئەو پیاوەدام لەخەوەکانمدا، ئەو دڵی خەبەر دەدا و بە ئاگام دەهێنێت، حەز ناکات لە خەو بینین بەر دەوام بم.

مامۆستا! ئەوەی بۆ من گرنگ و سەیرە، من ئیرادەی ئەوەم نیە بە خواستی خۆم خەو بەو پیاوەوە ببینم، چۆن ئەو زۆربەی شەو دێتە خەوم و خەوەکانیش وەک زنجیرەیەک، یەک لە دوای یەک پەیوەستن بە یەکترەوە، هەر خەوە و درێژە پێدەری ئەوانیترە. ئەو نهێنییەیە کە تێکەڵ بە ژیانی ڕاستەقینەم بووە.

_ سەرکەوت گیان، منیش جار بە جار بە پەرۆشترەوە گوێڕایەڵی گێڕانەوەی خەوەکانم، دڵی دایکیش چەندە گەورەیە، ئەوەندەش بە سۆز و بەزەییە تەنها وەستا بوو کە بتوانێت نهێنیەکانی ڕۆح و دەرونی دایک وەک خۆی شیبکاتەوە و بیانخاتە ڕوو. وەک خۆت گوتت، بەردەوام بە لە گێڕانەوەیان هەتاکو بڕوات پێدەکات.

_ بەردەوامی من پەیوەستە بە بەردەوامی مامە پیرەوە بە خەوەکانمەوە. ئەوە مامە پیرەیە کە وا دەکات من بەردەوامی گێڕانەوەی خەوەکانم بم. گێڕانەوەی خەوەکانە، کە خودی خەو بینینەکە وەک ژیانێکی ڕاستەقینەیە بۆ من، یا خود تێکەڵاوی ژیانی ڕاستەقینەم بووە. ئیرادەی من تواناى بێدەنگ بوونی نیە، گێڕانەوەی خەوەکان لە ئیرادەی مندایە کە هاوتای سەرقاڵبونی ژیانی ئەم ڕۆژگارەمانە.

بە پەرۆشتر گوێم ڕاگرتبوو، کتێبەکەی کە لە شێرزادم وەرگرتبوو، هەر لە دەستمدا بوو.

ـ سەرکەوت گیان، ئەوە کتێبەکەی شێرزادە، لە خوێندنەوەی تەواو بووم، ئەگەر هات بۆلات، بیدەرەوە و بە ناوی منەوە سوپاسی بکە. ئەگەر بوارت هەبوو خۆشت بیخوێنەرەوە.

ـ هەوڵدەدەم ئەگەر بوارم هەبوو، ئەرکی قوتابخانەم زۆر بە سەرەوەیە، بە ڕۆژیش خەریکی کاری بازاڕم. بەڵام هەر هەوڵی خوێندنەوەی دەدەم.

ـ لە گەڵ وانەکانتا چۆنی؟ هەر وەک سەرەتا ئارەزوی قوتابخانەت هەیە؟

ـ بریارم داوە لە قوتابخانە بەردەوام بم. بە هۆی قوتابخانەوە کۆمەڵێك هاوڕێی باشم ناسیوە. بە خۆشحاڵیەوە یادی ئەو ڕۆژە دەکەمەوە کە کەڵکەڵەی قوتابخانە چووە مێشکم. ئەو ڕۆژە بوو کە شێرزادم لە لا دانیشتبوو، کە تۆ هاتی ئەو ڕۆشت. نازانم ئەو ڕۆژەت بیرماوە؟ زۆر لە مێژ نیە.

بە دەم بیر کردنەوە گەڕامەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە سەرکەوت باسی لیدەکات. بۆ لای سەرکەوت دەهاتم، پێش ئەوەی بگەمە دوکانەکە، شێرزاد هەستا و ڕۆشت.

ـ سەرکەوت، دوو جارە کە دێم بۆ لات ئەو کوڕە دەزانیت بۆ لای تۆ دێم، هەڵدەسێت و دەڕوات. دیارە من دەناسێت.

ـ ئەو کوڕە ناوی شیرزادە، دوکانەکەیان سەرو خۆمە. خۆی خوێندکارە، هەندێک جارێش بۆ یارمەتی باوکی دێت بۆ دوکان. هەست دەکەم حەز بەو قسانە دەکات کە خۆمان گفتوگۆی لە سەر دەکەین. پێش ئەوەی زیندانی بکرێم، یەکترمان دەناسی، بەڵام پەیوەندی دۆستانەمان نەبوو. دوای ئازادکردنم لە زیندان، بەو بۆنەیەوە سەردانی کردم. سەرەتا هەندێک قسەی ئاسایمان کرد، دواتر گفتوگۆکەمان گۆڕی بۆ شێوەیەکیتر. من لێی دڵنیام، زۆر دەمێکە لە گوزەرەکەداین. دوراودوور یەکترمان ناسیوە. باوکی ئەویش یەکێک بوو لە گیراوەکانی ڕۆژی کارەساتەکە،

بەڵام ئەو لە ئوتومبیلێکیتردا بوو، زووتریش لە من ئازادکرا بوو. لەو ڕۆژەوە زوو زوو دێت بۆ لام و لێرە تۆی بینیوە. دەربارەی تۆش هەندێک شتم بۆ باسکردووە. دەزانێت دوکانەکە وەک جاران نەماوە وبەسەریەکدا ڕوخاوە و تەنها مێزێکە، کە تۆ بۆ ئێرە دێیت، ئەو لە دورەوە دەتبینێت و زوتر دەڕوات. بارەشەکانیش هەمیشە چاودێری دوکان و شوێنە قەرەباڵەغەکان دەکەن.

شێرزاد حەزدەکات لە نزیکەوە بتبینێت و یەکتری بناسن، بەڵام نایەوێت لێرە بووبینێت. ئەو وای پێباشە پێشتر پرسیارت پێبکەم، ئەگەر تۆش ئارەزوو بکەیت بیناسیت. جگە لە خۆی کۆمەلێک هاوڕێی هەیە، دەیەوێت لە گەڵ ئەوانیشدا یەکتری بناسن.

_ منیش پێم خۆشە خۆی و هاوڕێکانی بناسم، بەڵام دەبێت زۆر ئاگاداری خۆمان بین، بزانین چی دەکەین و باسی چیش دەکەین. من حەز ناکەم لێرە یەکتر ببینین، ئێرە جیگای سەرنجی بارەشەکانە، سیمای دوکانی پێوە نەماوە. جێگا گرنگ نیە، هەر کوێیەک بێت، گرنگ ئەوەیە جێگایەکی هێمن و دڵنیا بێت و بە وریاییەوە گفتوگۆکان و بۆچوونەکانمان دەربارەی ئەو بابەتانەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین، ئەگەر شێرزادت بینی ڕازی بوونی منی پێڕا بگەیەنە. هەر کاتێکیشتان دەستنیشان کرد، من دەتوانم ئامادە بم.

_ مامۆستا، من هەر ئەو ڕۆژەی کە ئێمە و هاوڕێکانی شێرزاد چاومان بە یەکتر کەوت، کەڵکەڵەی خوێندنم دووبارە کەوتەوە سەر. چوونم بۆ قوتابخانە و بەردەوام بوونم لە خوێندن لە چاوی ئەو هاوڕێ خۆشەویستانەی دەناسم. کتێبەکە دابنێ، دوایی خۆم بۆیدەبەمەوە. ئەگەر زانیم جارێ پێویستی پێی نیە، دووبارە لێیی وەردەگرمەوە و دەیخوێنمەوە. کتێبەکە باسی چی دەکات؟

_ ناوەڕۆکی کتێبەکە هەمە ڕەنگە. کتێب هەر چۆنێک بێت و باسی هەر چییەک بکات، بە پێی بۆچوون و لێکدانەوە و بیری خوێنەرەکەی، سودی هەیە. ئەم کتێبەی کە قسەی لە سەر دەکەین بۆ من زۆر گرنگ بوو. لەوانەیە بۆ تۆ یا خود کەسێکی‌تر گرنگییەکەی لە بابەتێکی‌تردا بێت، بەڵام بە گشتی بۆ هەموو کەس سودی هەیە. پێش چەند ساڵێک قوتابییەکم پرسیارێکی گەورەی لێکردم کە وەڵامەکەی لای من نەبوو. من باسی گەورەیی گەردونم بۆ کردن، باسی هەسارەکانم بۆ کردن. هەر چەندە ئەو بابەتانە لە ئاستی تەمەنی ئەواندا نەبوو، بەڵام هەر خۆیان پرسیاری ئەستێرەکانیان کرد و باسەکە دروست بوو.

هەندێ جار پرسیارەکانی منداڵ زۆر لە خۆیان گەورەترن. قوتابیەکە پرسی: گەردون ئەوەندە گەورەیە، ئەی دوای گەردون کوێیە؟ من هیچ وەڵامێکم پێنەبوو، لای کەس نەبوو. وەک مامۆستایەک حەزمنەکرد بە بێ وەڵام بم. گوتم: کەس نازانێت، هەر خوا خۆی نەبێت.

منداڵەکە جارێکیتر پرسی: ئەی خوا لە کوێیە؟

_ خوا لە هەموو جێگایەکدایە. لە ئاسمان، لە ماڵەوە، لە سەر سەرمان. دەتوانێت لە یەک کاتدا لە هەموو جێگاکاندا بێت. ئەو وەڵامانە لە لای من تاکو ئێستا جێگای گومانن. لەم کتێبەدا خۆشبەختانە بابەتێکی تێدایە، دەگونجێت هاوتای وەڵامی پرسیارەکانی ئەو منداڵە و هەموو کەسێکیتر بێت. من دەمێک بوو بە دوای ئەو وەڵامانەدا وێل بووم. ئەوەیە کە دەڵێم گرنگی بۆ من زیاترە و بۆ هەموو کەسێکیش گرنگە. لە کتێبەکەدا هاتووە کە فەیلەسوفێکی کۆن چەند قوتابییەکی دەبێت. لەتاقیکردنەوەیەکدا دەبێت هەموو پرسیارەکان وەڵام بدەنەوە. قوتابییەک دەڵێت: لە کۆی ئەو پرسیارانەی کە بۆت داناوین،

هـەر نـەبێت پرسـیارێک بـە ئـارەزوی خۆمـان تـەرک بێـت. فەیلەسوفەکە دەڵێت:

ئەگەر هەر قوتابییەک بە ئارەزوی خۆی پرسیارێک تەرک بکات. ئەشێ لە کۆی پرسیارە تەرککراوەکانی هەمووتان، هەر هەموو پرسیارەکان بەر تەرک کەوتن بکەون، ئەگەر هەر قوتابییەک پرسیارێکی جیاواز لەوەیتر تەرک بکات. کەواتە کۆی هەموو پرسیارەکان تەرک کراوە. ئەو پرسیارەی کە تۆ دەتەوێت وەڵامی نەدەیتەوە، بێگومان وەڵامەکەی نازانیت و خۆتی لێدەدزیتەوە. وەڵام بدرێتەوە باشترە، ئەگەر هەڵەشبێت. دەکرێت لە سەر وەڵامە هەڵەکە گفتوگۆ ئەنجامبدرێت بگەینە وەڵامێکی گونجاو یا خود بابەتیتر فێر بین. تەرک کردنی پرسیار دوور خستنەوەیە لە وەڵام و لە زانین.

قوتابیەکە دەڵێت

_ بە بۆ چوونی من وەڵامێک ڕاست نەبێت، مانای کەوتوینەتە ناو هەڵەوە.

_ مەبەستی من وەڵامێکی گونجاوە، کە لە ئەنجامی بیر کردنەوەوە هاتبێت، جێگای باوەڕی خۆتان بێت و شایانی گفتوگۆ بێت.

_ بەڵام تۆ دوو پرسیارت داناوە، گفتوگۆیەکی زۆر و بێسەرئەنجام هەڵدەگرێت، تاکو ئێستاش کەسێک نەیتوانیوە دروست وەڵامیان بداتەوە.

_ ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە. منیش پرسیارێکم ناوێت وەڵام درابێتەوە. ئەو پرسیارانەی وەڵام دراونەتەوە لە ناو چوارچێوەی پرسیاردا نەماون، لە ناو وەڵامەکانی خۆیاندا تواونەتەوە. ئەوەی مەبەستی منە گفتوگۆ کردنە لە سەر پرسیارەکان، پرسیارە بێوەڵامەکان. ئەشێ لە ڕێگەی گفتوگۆ وشیکردنەوە

بگەینە ئەنجامێک کە نزیک بێت و گونجاو بێت لە وەڵامێکی ڕاست.

ئەو دوو پرسیارەی کە فەیلەسوفەکە نوسیبوی بۆ قوتابیەکانی هەر هەمان ئەو دوو پرسیارە بوو کە قوتابیەکەی من ئاراستەی کردم. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەمجارەیان مامۆستایەک پرسیاری لە قوتابیەکانی کرد. دوو پرسیارەکە:

1_ دوای گەردون کوێ دێت؟

2_ خوا لە کوێدایە؟

فەیلەسوفەکە دەڵێت: منیش دەزانم ئەو دوو پرسیارە ئاڵۆزن و گەورەن. وەک گەورەیی هەر دوو پرسیارەکە. چەندە بۆ چوون و وەڵام هەبێت، هێشتا هەر جێگای گومانن و لێکۆڵینەوە زیاتر هەڵدەگرن.

مەبەستی من گفتوگۆ کردنە لە سەر بابەتەکان. بە بۆچوونی من بۆ وەڵامێک بگەڕێین کە هەر دوو پرسیارەکە لە خۆی بگرێت. بەم کردارە لە پرسیارێک ڕزگارمان دەبێت، وەک ئەوە وایە وەڵامی پرسیارێکمان دابێتەوە.

بۆشیکردنەوەی پرسیاری یەکەم، ئەگەر بڵێین لە دوای گەردون شتێک هەیە، دیوارێک یان شاخێک یا خود هەر بەر بەستێکی‌تر کە گەردون لەوێدا کۆتای پێدێت، جارێکی‌تر هەمان پرسیار دێتەوە پێش، ئەویش ئەی دوای دیوارەکەی پشت گەردون چی دێت؟ کەواتە ئێمە ناگەینە ئەنجام، دەبێت خۆمان دوور بخەینەوە، چەندە لێکبیدەینەوە پرسیاری‌تری هەمان شێوە بە دوای خۆیاندا دەهێنن. ئەگەر بڵێین گەردون هەرگیز تەواو نابێت و کۆتایی نایەت و هەر درێژ و گەورە دەبێت، ئەم بۆ چوونەش نامەنتیقە و گونجاو نیە و ناکرێت کۆتایی نەیەت.

پرسیاری دووەم، بە پێی هەموو بۆچونەکان و نوسراوە ئاینیەکان خوا خوڵقێنەری هەموو گەردونە، گەورەی هەموو

شتەکانە و گەورەترین قەبارەی هەیە بەو پێیەی لە هەموو جێگایەکدا هەیە بە بێ ئەوەی جێگا و ڕێگاشی گرتبێت. خوا بە توانایە دروستکەری گەردون و هەموو شتەکانی ناو گەردونە. ئەگەر خوا دروستکەری گەردون بێت، ناکرێت تەنها لە ناو گەردوندا هەبێت، ئەوسا گەردون کە دەستکردی خوایە لە خوا گەورەتر دەبێت. ئەمەش گونجاو نیە کە خوا لە گەردون بچوکتر بێت. هەر شتێک لە ناو شتێکیتردا بێت بێگومان ئەوەی ناوەوە بچوکترە. کەواتە خوا دەبێت لە دروستکراوەکەی خۆی گەورەتر بێت کە گەردونە. ئەگەر خوا لە گەردون گەورەتر بێت کەواتە لە دەرەوەی گەردون خوایە کە پڕاوپڕی هەموو قەبارەی گەردونە، بەم بۆچونەش گەردون لە خوا بچوکترە و لە باوەشی خوادایە و پشت گەردون خوایە ئیتر ناکرێت و ناگونجێت لە پشت خواوە شتیتر هەبێت. هەموو گەردون و شتەکان هەر ئەوەندەن کە خوا لە ناو باوەشی خۆیدا دروستی کردون، ئەمە وەڵامی هەر دوو پرسیارەکەیە، دوای گەردون پڕاوپڕی دەرەوەی گەردون خوایە، خوا جگە لەوەی لە دەرەوەی گەردوندایە لە ناو گەردونیشدا لە هەموو جێگایەکدایە. ئەم وەڵامانە بۆچوونی منن. هەر کەسێک لە ئێوەی قوتابی گومانی هەیە یا خود بۆچونیتری لە لا دروست بووە، دەتوانین گفتوگۆی لە سەر بکەین.

سەرکەوت زۆر بە پەرۆشەوە گوێی بۆ چیرۆکەکە ڕاگرتبوو کە لە ناو کتێبەکەدا هەبوو. جارێکیتر بە سەرکەوتم گوتەوە کە بواری بوو کتێبەکە بخوێنێتەوە.

_ هەوڵدەدەم کە بیخوێنمەوە. هەر یەکەم ڕۆژ توانای زیرەکی و ڕۆشنبیری ئەو کوڕانەم بۆ دەرکەوت، ئەم جۆرە کتێبانە دەخوێنەوە. ئێستا بیرم دەکەوێتەوە، پێش ئەوەی کە تۆ بۆ ئێرە بێیت، دەنگی تەقە لە بازاڕەکانی خوارەوە هات،

نەمانزانی چی ڕویداوە؟ لێرەوە دوور بوو، کەس خۆی شپرزە نەکرد.

ـ منیش پێش ئەوەی بێم بۆ ئێرە، لە ماڵەوە بووم. باوکم زوو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئاسایی نەبوو وا زوو لە دوکان بگەڕێتەوە، تەقەکان لە خوار ئەوانەوە بوون، ئەوانیش لە ترسی بەڵا و هەڵکردنی بارەشەکان دوکانەکانیان داخستبوو، زوو گەڕابوونەوە بۆ ماڵەوە، کاتێک کە ئەو هاتەوە من خۆم ئامادە کردبوو کە بێم بۆ ئێرە. زۆریشی لێکردم کە نەچمە دەرەوە لە بەر ئەوەی ڕەوشی ناو بازاڕ تەواو نیە و ئالۆزە. گوتم: هەتاکو لای سەرکەوت دەچم، ئەگەر ئێوارەش دوا کەوتم، سەرێک لە دایکی سەرکەوت دەدەم. لە بەر ئەوە ئێوارە لە گەڵتا دێم بۆ ماڵەوە بۆ سەردانی دایکت. چەند ڕۆژێکە نەمبینیوە، بیری دەکەم.

ـ تۆ دەزانیت ماوەیەکە دایکم گۆڕاوە، هەست دەکەم گوێ بۆ قسەکانم ڕادەگرێت، بە تایبەتی لە پێرێ شەوەوە کە خەوەکەم بۆ گێڕایەوە. هەرگیز چاوەڕێ نەبوو جارێکیتر خەوی بۆ بگێڕمەوە.

ـ دیسان هەر خەوەکەیە، هاتم پەست دیاربوویت گوتم، بەیانی کاتی خەو بینین لە خەو ڕاپچڵەکاندویت.

ـ مامۆستا، دایکیشم وەک تۆ باوەڕی بە خەوەکانم نەبوو، بەڵام من لە گێڕانەوەیان کۆڵم نەدا. شەوان من نازانم چ کات خەو بەو پیاوەوە دەبینم. پێرێ شەو واپێدەچوو هەر لە سەرەتای خەو لێکەوتنمدا، ئەو پیاوە پیرە هاتبێتە خەوم، بۆ بەیانی کە بە ئاگاها هاتمەوە، وا دیار بوو دەمێکبوو خەوەکەم بینیبێت. لە بەر ئەوە ئەمڕۆ پەستی ئەوە نیم کە دایکم لە خەوەکەی دابڕیبێتم. تۆزێک بێتاقەتی ئەو تەق وڕەی خوارە بووم، شتێک ڕویدا بێت و بکەونەوە گیانی خەڵک، کە تۆ هاتی بیرم چۆوە پێتبڵێم.

لە خەوەکەمدا لە ناکاو بە یەکتر گەشتین. سەرەتا زۆر ئاسودە بووم، کە چی وردە وردە هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، دەستی بە سەرما دەهێنا، ئای دەستەکانی چەندە گەرم و نەرم و پڕ سۆز بوون، هەر چەندە باوکم نەدیوە، بەڵام لە دەستی باوک دەچوون. ئەو هەمیشە هەستی بە دەرون و ناخی من دەکرد، خوێندنەوەکانی لە سەر من زۆر دروست و تەواو بوون. گووتی

_ من هەرگیز تۆ بە جێناهێڵم، دڵتەنگ مەبە. ئاگاداری هەست و نەستی تۆم. ڕۆحیانەتی مردووەکان ئاگاداری ئێوەن، بەڵام توانای دەسکاریکردنی گۆڕینی کارەکان و ژیانی ئێوەیان نیە. هەر ئەوەندە دەتابینین و لە ڕێگەی خەو خەیاڵەکانتان دێینە لاتان و ئامۆژگاری و ڕێنمایتان دەکەین. ئێمە هەموومان قەرزاری دایکەکانین. دایک لای خوداش پیرۆزە، یەکێکە لە دیارییە پیرۆزەکان. پیرۆزی دایک وەک پیرۆزی خاکە. خوا ئێمەی لە خاک لە ڕێگەی دایکەوە خوڵقاندووە. خاک و دایک دوو دیاری پیرۆزن تەواو کەری بوونی ئێمەن، وەک هەور و باران، بە نەبوونی یەکێکیان ئەویتریشیان لە دەست دەچێت. دیارییە پیرۆزەکانی خوا بۆ ئێمە، ئامانەتێکن لە ژیانماندا دەبێت پارێزراو بن. دەبێت دایکمان لا خۆشەویست و پیرۆز بێت، وەک چۆن نیشتمانمان لا پیرۆزە. ئێمە موڵکی خاک و دایکین. ئەوانیش موڵکی ئێمەن. ئێمە لەوان خۆشی و بەختەوەری و ئاسودەیی وەردەگرین. ئەوانیش پێویستیان بە پارێزگاری و خۆشەویستی ئێمە هەیە، دەبێت بەرامبەریان بە وەفا بین.

ئەو شەوە قسەی زۆر بۆ کردم. ناتوانم هەموو قسەکانم بیر بکەوێتەوە. ئەوەندە نەبێت لە کۆتایدا گوتی: « دایک هەرگیز گومانی لێناکرێت». بەیانی خەبەرم بۆوە، خەوەکەم بیر کەوتەوە. چوومە ژورەوە دایکم وەک هەموو بەیانییەکیتر بە دیار قۆری و پیاڵەکانەوە دانیشتبوو، چاوەڕوانی منی دەکرد.

نازانم چۆن بوو کە بە جێیهێشتم، هەندێک جار خەوەکان زۆر نائاسایین. من بیرم چوو کە پرسیاری مامە یارەی لێبکەم،، ئەویش لە ناکاو بەجێیهێشتم. ئەو شەوە زۆر باسی پیرۆزی دایکی بۆ کردم. هەندێک لە خەوەکەم بۆ دایکم گێڕایەوە. ئەو بە لایەوە سەیر بوو کە هەمدیسان خەوی بۆ دەگێڕمەوە. گوتی: ڕۆڵە گیان ئەوە پیاو چاک بووە، بۆیە ئەوەندە باسی پیرۆزی دایکی بۆ کردویت، دەتۆش بە قسەی من بکە و توشی ئازار و خەفەتم مەکە.

_ دایە گیان، تۆ باش تێنەگەشتی، باسی ئەوەی دەکرد، چۆن نیشتیمانەکەمان وەک دایکمان خۆشبوێت و بیپارێزین. ئەگەر دایکمان خۆشنەوێت خاکەکەشمان خۆشناوێت، یا خود بە پێچەوانەوە. ئەو نیشتمانەی چەندین ساڵە برینەکانی سارێژ نەبووە، نەوە لەدوای نەوە لە خاک و خۆڵ و ئاوو نیشتیمانێکی بریندار و پڕ لە ئازار و ژان دەخولقێین. ئێمە هەموومان بە ڕۆح قەرزاری سارێژ کردنی برینەکانی نیشتمانین.

ئەم قسانەم بۆ دایکم دەکرد وەک جاران بە توندی وەلامی نەدامەوە. گوێی بۆ قسەکانم ڕاگرتبوو، وەک بیر لە شتێک بکاتەوە چاوی لە قۆڕی و پیاڵەکان بڕیبوو، وەک بیەوێت ڕاستی قسەکانم بسەلمێنێت هێواش هێواش سەری دەلەقاند.

_ تۆ هەست دەکەیت کە خەوەکەت زۆربەی قسەکانی وەستان؟

_ من خۆشم کە خەوەکەم بۆ دایکم گێڕایەوە، قسەکانی وەستام بیر دەکەوتەوە، بەلام هەر ئەو پیاوە بوو کە جاران دەهاتە خەوم. من هەموو خەوەکانم بۆ دایکم نەگێڕایەوە، تەنها ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دایکەوە هەیە. قسەکانی وەک چیرۆکێکی ڕاستەقینە بوون، ئەو چیرۆکانەی ئێمە تامەزرۆی

گوێگرتنیان بووین. خۆزگە جارێک پێی دەگوتم: کە کێیە و ناوی چیە.

_ سەرکەوت، دەبێت هەر وەستا بێت و ڕۆحیانەتەکەی لە شێوەی ئەو پیاوە پیرەدا بێتە خەوی تۆوە.

_ نازانم... . نازانم بڵێم چی؟ باوەڕ ناکەم وەستا بێت. بەڵام گەر ئەو بێت، دەبێت بێتە خەوی تۆوە لە بەر ئەوەی ئێوە هاوڕێ بوون.

_ وایە، ئێمە هاوڕێ بووین، بەڵام خەوەکان جۆرێکیترن، هەندێک جار خەو بە کەسانێکەوە دەبینین پێشتر لە ژیانماندا نەمانبینیوون. مەرج نیە من دەناسێت بێتە خەوی منەوە. ئیمە زۆر پێکەوە بووین و شتم زۆر لێوەر گرتووە. هەر چەندە خۆت باسکردووە کە ئەو پیاوە زۆر پێش ئێستا ژیاوە.

_ ئەگەر کتێبەکەی شێرزادت لامایەوە، بیخوێنەرەوە.

_ دەیخوێنمەوە... . لە پێشدا بۆیدەبەمەوە نە وەک پێویستی پێیبێت. ئەگەر نەیویست لێیوەردەگرم..... تۆ لێرە دانیشە هەتاکو بیرم نەچووە با بۆیبەرمەوە، کە گەڕامەوە کەلوپەلەکان کۆ دەکەمەوە و دەڕۆین. لێرەوە کە ڕۆشتین سەردانێکی هاوڕێیەکی قوتابخانەم دەکەم، لە سەر ڕێگاکەمانە، پاشان دەڕۆین بۆماڵەوە سەر لە دایکم بدە و منیش ئێوارە دەچم بۆ قوتابخانە.

سەرکەوت هێشتا لە دوکانەکەی باوکی شێرزاد نەگەڕابۆوە، دەنگی چەند تەقەیەک لە نزیک بیسترا. لە گەڵ زیاتر بوونی تەقەکان، بازاڕیش وردە وردە بێئارام و خەڵکەکەش شپرزە بوون و جم و جۆڵیان تێکەوت. دەنگی لورەی بارەشەکان نزیک بۆوە، هەتا دەهات تەقەکان زۆرتر دەبوو. هەنگاوی خەڵکەکان لە خێرا و خێراترەوە گۆڕا بۆ نەرمە ڕاکردن. تەپەی ڕاکردن و تەقەی دەستڕێژ و شریخەی داخستنی دەرابەکان تێکەڵ بە

یەکتر ببوون و ئاوازێکی ناشاز و ترسناکیان پێکدەهێنا. لە خوار بازاڕەکەوە بارەشەکان ئوتوموبیلەکانیان ڕاگرت و خۆشیان کەوتنە گیانی ئەو خەڵکەی بەوێدا دەڕۆشتن و ڕایاندەکرد و وەک ڕەشمار لە ملی خەڵک و دوکاندارەکان خۆیان دەئاڵاند و ڕاپێچی ناو ئوتوموبیلەکانیان دەکردن. بارەشەکان گیڤەیان بەرەو سەر و نزیک بۆوە. زرمەی تێکدانی کەلوپەلی دوکان و هاڕەی شکاندی شوشەی جامخانەکان و هەموو دەنگەکانیتر ئاوێتەی یەکتری ببوون.

من هەر چاوەڕوانی سەرکەوتم دەکرد لەلای شێرزاد بگەڕێتەوەو بڕۆین. بێئارام ببووم. ڕاکەڕاکی ئەو خەڵکە بەبەر دوکانەکەدا و قیژەی ژن و منداڵ ئەوەندەیتریان شپرزە کردبووم. بارەشەکان وەک پیشەی هەموو جاریان لە هەر کوێیەک کارەساتێک ڕوبیدایە، ئەوان کوێرانە دەکەوتنە چەند ناوچە و گوزەرێکیتر و دوکانەکانیان بە تاڵان دەبرد و خەڵکەکەیان ئازار دەدا و دەیانگرتن. دەنگی شکاندنی کەلوپەلەکان بەرەو لای ئێمە نزیک بۆوە. منیش وەک هەموو کەسێک شپرزە و بێئارام ببووم، هەر ملە قوتێم بوو بۆلای دوکانەکەی باوکی شێرزاد، چاوەڕوانی سەرکەوتم دەکرد. سەرکەوت بە ڕوخسارێکی پەشۆکاوەوە لەناکاو لەپێشمدا قوت بۆوە.

_ مامۆستا، ئەوە هەر لێرەیت؟ چاوەڕێی چی دەکەیت؟ خێرا با بڕۆین، وا گەشتنە ئێرە.

_ ئەی کەلوپەلەکان و مێزەکە...؟

_ خێراکە ڕاکە، وەختی ئەوە نیە، پێڕاناگەین.

شان بە شانی یەکتری بە ناو خەڵکەکەدا ڕامان دەکرد. هەموو بەرەو سەرەوە ڕایاندەکرد و خۆیان لە بارەشەکان دوور دەخستەوە. بارەشەکان زۆربەی دوکانەکانیان وێران کرد. لە ناو

بازاڕ دورکەوتینەوە. لەجیگایەبووین لەمەترسی دەستدرێژی بارەشەکان دووربوو.

سەرکەوت هەناسە بڕکێی هێواش ببۆوە، ڕویتێکردمو گوتی

_ هەتاکەی ئەم ڕاکردنە لە سەر خاکی خۆمان پیشەمان بێت. هەتاکەی ئەوەی کە هەمانە و ڕەنجی چەندین ساڵمانە بە فیڕو بڕوات و کەم و کەمتر بێتەوە. کاتی ڕاکردنەکە بیری قسەکانی هاوڕێ خەوەکەم دەکردەوە. پیرۆزی و گەورەیی خاک هیچ بەهایەکی نەمابوو، هەموومان بە ڕاکردن قاچمان دەخستە ناو قوڵایی برینەکانی خاکەوە. بە سەر ئەو خاکە بریندارەدا بۆ پاراستنی ڕۆحمان غارماندەدا. ڕۆح بۆ خۆی لە بەخشینی پاراستنی خاکدایە. ئەو هەموو ئافرەتە کە هەر یەکیان دایکیکی پیرۆزن، چەندین جار لە بەر پۆستاڵ و شەقی بارەشەکاندا دەکەوتن و هەڵدەستانەوە و پیرۆزییان لە ژێر پۆستاڵی بارەشەکاندا دەتلیسایەوە. ئامۆژگاری و قسەکانی پیاوە پیرەکەم بە شەرمەزاریەوە بیر دەکەوتەوە. لە کاتی وادا چۆن دەتوانین پیرۆزی و خۆشەویستی دایک و خاک لەبەر چاو بگرین، کە ئێمە پێڕاناگەین ڕۆحی خۆمان لەتێوە ئالاندنی بارەشەکان رزگار بکەین.

_ ئێمەش هەمیشە ژیانمان ڕاکردن نیە. زۆربەی کاتەکانمان بواری ئەوەی تێدایە کە چۆن بیر لە پاراستن و بەرز ڕاگرتنی پیرۆزی دایک و خاک و ئەوانیتر بکەینەوە. ئەوەی کە ئیتر زۆر گرنگە و کە دەبێت ئەنجام بدرێت پتەو کردنی بنەمای پیرۆزی دیارییەکانە لە سەر ژیانمان و بڵاو کردنەوەی بە ناو خەڵکدا و ببنە ئەڵقە لە نێوان هەموماندا. ئەم ئێوارەیە ناتوانم سەردانی دایکت بکەم، هەتاکو زوترە دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. ئەگەر گونجا و شەو شار هێمن بوو، سەردانتان دەکەم و

بـە دوور و درێـژی گفتوگـۆ لـەسـەر کـارەکانمـان دەکـەیـن. نـازانم ئـەمشەو دەچیت بۆ قوتابخانـە؟

ـ خۆیشم نـازانم، جارێ بـا بچمـەوە بـۆ ماڵـەوە و دایکـم دڵنیـا بکـەم کـە نـەگیراوم. ئێستا هەواڵـەکەی بیستووە و ئـارامـی لێبڕاوە.

ئـەو ئێـوارەیـە لـەیـەکتری جودابووینـەوە . سـەرکـەوت بـەرەو ماڵـەوە دەڕۆشت. خـەڵکێکی زۆر بـە شپرزەیی و نـائـارامیـەوە بـەرەو ماڵـەکانیـان دەڕۆشتنـەوە و بـە دڵنیاییـەوە ئـەم شـەویش لـە نـاو تاریکی جەستـەی شاردا بـە ترس و دڵـەڕاوکێـوە شـەویـان بـە سـەر دەبرد.

دەڕۆشـت و سـەیـری بـەرپـێی خـۆی و هـەمـوو شـوێن قاچـەکـانـیتـری دەکـرد. تـەپ و تـۆزی خاکـەکـەی بـە فرمێسکی خاکەکەی دەزانـی. بیری لـە پیرۆزی خاک و قسەکانـی مامـە پیرەی دەکـردەوە و بـە شـەرمـەزاریـەوە لـە گـەڵ رۆحـی خۆیـدا قسـەی دەکرد. رۆح یـەکێک بوو لـە دیارییـە پیرۆزەکـان. هـەموو دیارییـە پیرۆزەکان لـە پێناوی ئاسودەیی رۆحدا بـوون کـە ئـەو بـۆ خۆیشـی یـەکێک بوو لـەوان . بـە تـەنها ڕۆحیش دەیتـوانـی خـۆ بـەخـش بێت بـۆ پاراستنـی ئـەوان بـە تایبـەتـی دایک و خـاک. کـە چـی ئێستا ڕۆحـەکان چنگ لـە سـەرشـان بـۆ ڕزگـار کردنـی خۆیـان پـێ بـەنـاو برینـەکانی خاکدا دەنێن و لـە ئاستی پیرۆزی دایکـەکانـدا لـە ژێر پۆسـتاڵـەکانـدا خۆیـان گێـل دەکـەن. بـە دەم خـەیـاڵ و بیـر کردنـەوەوە گـەشتـە سـەری کۆڵانـەکـەی خۆیـان، لـە سـەر گۆشـەی کۆڵانـەکە دایکی بینی ڕاوەستا بوو.

دایکی هـەر زوو هـەواڵی نـاو بـازاڕی بیستبوو، کـارەساتـی نـاو بـازاڕ و ڕەوشـی نـائـاسـایی و خراپـی ئـەو ڕۆژگـارەی ئاوێتـەی خـەوەکانـی ئـەم دواییـەی سـەرکـەوتـی دەکـردن و نـائومێدی و دڵـە کوتـێ و دیمـەنـی کارەساتێکی خراپی سـەبـارەت بـە کـوڕەکـەی بـە

بەر چاو بە هۆشی خۆیدا دەهێنا و لە گەڵ بیستنی تەقەکانی ناو شار لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

ـ چەند جارم گوت، ئەو خەوە شومانە مەگێڕەوە. گێڕانەوەیان باش نیە. بە پەلە لە ماڵەوە دەهاتە دەرەوە و لە سەر سوچی کۆڵانەکە ڕادەوەستا و چاوەڕوانی سەرکەوتی دەکرد. باش بوو ئەوا هاتەوە. لە خوا بە زیاد بێت کە توشی بەڵایەک نەبووە. تاکو نەیبینیوم با بگەڕێمەوە ماڵەوە، هەست نەکات لە سەری کۆڵانەکە چاوەڕوانم کردووە.

بە ئەسپای گەڕایەوە، لەناو کۆڵانەکەدا. سروشت لەبەر دەرگای خۆیان ڕاوەستا بوو. دایکی سەرکەوت هەستیکرد کە سروشتیش چاوەڕوانی هاتنەوەی سەرکەوتە، باش بوو هاتەوە، لە دوورەوە بینیم گوتم با نەزانێت چاوەڕوانم کردووە، گەڕامەوە ماڵەوە.

لە حەوشە بچوکەکەی خۆیاندا ڕاوەستا بوو، وا خۆی پیشان دەدا کە نە چۆتە دەرەوە. سەرکەوتیش خۆی ئاشکرا نەکرد کە لە دوورەوە دایکی لە سەر گۆشەی کۆڵانەکەدا بینیوە.

ـ دەڵێی هەواڵی ئەو فەرەتەنەیەی ناو بازاڕت نەبیستووە کە بارەشەکان کەوتنە گیانی خەڵک و وێرانکردنی دوکان و تاڵان کردنی کەلوپەلەکان؟ هەر پێڕانەگەشتم کەلوپەلەکانیش کۆبکەمەوە.

ـ کوڕی خۆم، هەر ئەوەت باشکرد خۆت هاتیتەوە. کەلوپەل هەر دەبێتەوە، ئەوان دەست ناپارێزن لە ڕوخاندنی دوکان و وێرانکردنی کەلوپەلەکان، دوایش خاوەنەکانیان دەگرن و لە زیندانەکاندا دایاندەرزێنن. لە خوا بە زیاد بێت کە خۆت بە سەلامەتی هاتیتەوە. چەند ئاسودەم لە پێش چاومدایت.

ئوتومبیلی بارەشەکان لە خوار بازاڕەکەوە ڕاوەستا بوون، پڕیانکرد بوون لە خەڵکی بێتاوان. لە ژن و پیر و پەککەوتە و

کوڕی گەنج. ناو بازاڕ لە چاو تروکانێکدا چۆڵ و هۆڵ بوو وەک خۆڵی مردوی بە سەردا کرا بێت.

بارەشەکان لە خوارەوە بە شکاندنی چامخانە و مێز و کەلوپەلی دوکانەکان بەرەو سەرەوە هاتن. مەبەستی ئەوان وێرانکردنی شارەکە بوو، نەهامەتی و خراپی باری ئابوری خەڵک بوو، ئازار و ئەشکەنجە و گرتن و کوشتنی خەڵک بوو.

ئەو ئەفسەرەی پێش چەند مانگێک لەو شەقامەدا بریندار کرا بوو، لەو کاتەوە یەکمجاری بوو چاوی بەو شەقامە بکەوێتەوە. بیری ڕۆژی بریندار بوونی خۆی و ڕوداوەکەی کەوتەوە. ڕقی لە هەموو شارەکە دەبۆوە. بەرەو سەروتر هات، چووە بەردەم دوکانەکەی سەرکەوت. ئەو دوکانەی کە جێگای وەستانی ڕۆژانی زوویبوو. ئەو شوێنە بوو کە ژیانی نزیک بە مەرگ بووەوە. بارەشەکان نەگەشتبوونە ئەو سەر هەر لای دوکانەکەی سەرکەوت. کەلوپەلەکان لە سەر مێزەکە زۆربەی وەک خۆیان مابوون. دوکانێکی چۆڵ و بەتاڵ. دەرابەیەکی شکاوی تاکو نیوە داخراو. ئەفسەرەکە زانی ڕۆژی ڕوداوەکە بە دەستی خۆیان وێران بووە. سەیری ئەو جێگایەی کرد کە بە برینداری کەوتبوو. چاوی بە سەر کەلوپەلی سەر مێزەکە داگێڕا، بە دەست جگەرەکانی بڵاو کردەوە. پاکەتی جگەرەی ڕۆژمانی نەدۆزیەوە. سەیری پاسەوانەکانی دەور و پشتی خۆی کرد، فەرمانی پێدان بە شکاندنی مێز و کەلوپەلەکان. هەموویان بە سەر یەکدا شکاند و بە سەر شۆستە و شەقامەکەدا بڵاویان کردەوە و بەرەو لای ئوتومبیلەکان ڕۆشتن.

ئێوارەیەکی ئاڵۆز و تەماوی بوو، تاریکی تەنها شاری نەگرتبۆوە، دڵ و دەرونیش تاریک بوو. بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو. نەیتوانی بڕیاری چوونی بۆ قوتابخانە بدات. پاشان چووە ژوورەوە، کتێبەکانی هێنا. سەیری دایکی کرد، زانی کە

پرسیارێکی لێدەکات... . دایە گیان دەبێت بچمم بۆ قوتابخانە ئەمشەو تاقیکردنەوەمان هەیە.
_ بۆچی مامۆستاکان دەچن هەتاکو تۆ تاقیکردنەوە بکەیت. هەڵبەت خۆتت لێتەوقە. لە بازاڕ دەربازبوویت لە چنگیان، بزانە ئەمشەو لەو ڕێگە و بانە خۆت ناخەیتە داویان.
_ دایە گیان، دڵنیابە هیچ نابێت. تەقەکان دوور بوون لێرەوە، لە ناو بازاڕ بوو. وردەوردە ڕەوشەکەش ئارام دەبێتەوە. دوای ئەوە ناکرێت هەر ڕوداوێک لە بازاڕدا بێت، ئیتر خەڵک واز لە ئیش و کار و قوتابخانە بهێنن‌و و لە ماڵەوە دابنیشن.
بەختیار و باجی گوڵچین هاتنە ژورەوە. بەختیار کتێبەکانی بە دەست سەرکەوتەوە بینی.
_ ئەگەر بۆ قوتابخانە دەچیت، منیش لەگەڵتا دێم.
دایکی ئاهێکی هەڵکێشا:
_ من دەمەوێت ڕێگای نەدەم، ئەمشەو بچێت بۆ قوتابخانە، کەچی تۆش هاتیتە پاڵی. تۆ دەڵێی چیٚ گوڵچین خان؟
_ خۆتان دەزانن، من تەنها بۆ هەواڵی سەرکەوت هاتوم کە بزانم هاتۆتەوە. ئەگەر هەر حەز بکات بچێت و پێویست بێت، منیش بۆ دڵنیای لە گەڵیان دەڕۆم. گەر زانیم ڕێگا و بان باش نیە و نائارامە، دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.
هەر سێکیان لە ماڵەوە هاتنە دەرەوە، لە ناو کۆلانەکەدا بە سروشت گەشتن بەرەو ماڵی ئەوان دەچوو. ئەویش بە کتێبەکانی دەستی زانی بۆ قوتابخانە دەچێت.
_ لەوە دەچێت بۆ قوتابخانە بچیت!؟ بەم ئاگربارانە؟
_ دەڕۆین، گەر زانیمان ئاگر بارانە بە دەم گفتوگۆوە بەرەو ماڵەوە دەگەڕێینەوە.
_ دیارە باجی گوڵچین و بەختیاریش دێن، گەر وایە منیش لە گەڵتاندا دێم.

لە سەر ی کۆڵانەکە دەرچوون. سەر شەقامەکە کەمتر خەڵکی پێوە بوو لە ئێوارانی پێشوتر. هەورێکی ڕەش ئاسمانی داگیر کردبوو، هێندەیتر زوتر شەوی بە سەر شاردا هێنا. ئوتوموبیلی بارەشەکان بە خێرای بە سەر شەقامەکەدا گیڤەیان دەهات و هاتوچۆیان دەکرد. ترس و پەژارە شەو و ڕۆژی پێکەوە بەستبۆوە. هاتوچۆ و دەنگی خەڵک لە ناو ترسدا ڕەوییوونەوە و خۆیان شارد بۆوە. ترسیش بۆ خۆی لە دەرونی خەڵکدا قەبارەیەکی گەورەی داگیر کرد بوو. دەرگای خانووەکانی ئەمبەر و ئەو بەری شەقامەکە خڕ داخرا بوون. دوو دەرگا گەورەکەی مزگەوتەکەش. ئەم ئێوارەیە پێدەچێت کەس گوێی لە بانگ نەبێت. شار و هەموو شتەکانی ناوی هەمووی بە جارێک کڕببوون. بە ئاستەم دەنگە دەنگێک دەهاتە گوێی ئەمان، ئەویش دەنگی ئاخافتنی خۆیان بوو. سەرکەوت ویستی باجی گوڵچین بنێرێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام ئەو زوتر بە قسەداهات.

_ باشتر وایە ئێوە لێرەدا چاوەڕوانبن، یا خود بگەڕێنەوە. قوتابخانەکە زۆری نەماوە بە خێرای دەڕۆم، بزانم کە کراوەتەوە و دەگەڕێمەوە و ئاگادارتان دەکەم. با ئێوە توشی بڕوبیناوی بارەشەکان نەبن، بەم ئێوارە نائارامە ئەم کۆمەڵە خەڵکە پێکەوە باش نیە.

دەنگی تەقە و لورەی ئوتوموبیلەکانی بارەشەکان لە دوور و لە نزیکەوە دەبیسترا. شەقامەکە چۆڵتر و تاریکتر بوو. پێدەچوو لە پڕ شەقامەکە ئەو تاکە تاکە خەڵکەشی پێوە نەمێنێت. ئەوانیش بڕیاریاندا بگەڕێنەوە. کاتی گەڕانەوە باجی گوڵچین و بەختیار باسی هەموو پەیوەندیە تازەکانیان دەکرد کە لە گەڵ خەڵکەکاندا ئەنجامیان دابوو. پەیوەندی ئەوان بە خەڵکەوە باسی دیارییە پیرۆزەکانی خوا بوو. بەرز ڕاگرتن و پاراستنیان ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە. نیشتمان پیرۆزترین ئەو

دیارییە بوو کە هەموو دیارییەکانی‌تر پەیوەست بە مرۆڤ، بە خاکەوە بەند بوون. پاراستنی خاک لە پێش هەموو ئەوانی‌ترەوە بوو. سروشت و سەرکەوتیش چەند هەنگاوێک لە دوای ئەوانەوە دەڕۆشتن. سروشت باسی هەموو جم و جۆڵە تازەکانی ناو قوتابیانی دەکرد و چەندە پەیوەستن بە بڕوابوونی پیرۆزی دیارییەکانی خوا بۆ مرۆڤ بە تایبەتی نیشتمان.

گفتوگۆکان کەمێک تاریکی دڵ و دەروونیانی ڕۆشنکردەوە. دەنگی لورەلور و تەقە کردن بەرەو زیاد بوون دەچوو، ئەوانیش هەنگاوەکانی خێراتر و گەورەتر کرد. نزیک کۆڵانەکە بە تەواوەتی شەقامەکە چۆڵ ببوو. چوونە ناو کۆڵانەکەوە. دەرگاکەی ماڵی سەرکەوت هەر لە ئێوارەوە بە کراوەیی مابۆوە. دایکی دیار بوو هەر چاوەڕوان بوو، دەرگای دانەخستبوو. سەرکەوت چووە ژورەوە.

_ باشتر گەڕانەوە ڕۆڵە گیان، دڵم هەر لاتان بوو. دەبوایە هەر نەڕۆشتنایە و ئەوانیشت توشی زەحمەت نەکردایە. ئەوان چییان لێهات؟ بۆ ماڵەوە ڕۆشتنەوە؟

_ ئەوان ڕۆشتنەوە... . باش بوو ڕۆشتین شارەکەمان لە ترس و تاریکیدا بینی، بەڵام بەداخەوە بە تەنها جێمانهێشت. ئەگەر نەچووینایە لە ناو تاریکیدا نەماندەبینی، هەستمان بە پیرۆزی و خۆشەویستی زیاتری نەدەکرد. لەناو ترسێکی گەورەدا بە جێمانهێشت. ئەوان خۆشیان حەزیانکرد کە هاتن و بەو شێوەیە شارەکەی خۆیان بینی، لە بەر من نەهاتن، دەبوایە هەر بهاتنایە.

_ بەم شەوە ترسناکە پیرێژنێکو کوڕێکی گەنج بۆ ئاگادار بوونت لە گەڵتا هاتوون، کەچی هاتنەکەی بێ‌نرخ وەردەگریت. جگە لەو کچە نازدارە کە تازەمارەت کردووە، ئێستا زۆر جیوازتر لە جاران دڵی بە تۆو بەم ژیانە خۆشە.

ــ بێنرخی ناکەم، ئەو ژنە قارەمانە. خۆی ویستی بێت و شارەکەی خۆی لەتاریکیدا ببینێت و بیگرێتە باوەشی هۆش و بیری. ئێمە هەمیشە لە باوەشی ئەم شارەداین. لە شەوێکی وا ترسناکدا دەبێت ئێمە شارەکە بگرینە باوەش و بە تەنها جێینەهێڵین. هەروەها بەختیارو سروشتیش. منداڵەکان ناتوانن لە باوەشی دایکێکی شپرزە و بێئارامدا ئاسودە بن. ئێمەش ئەمشەو لە ماڵەکانی خۆشماندا ئاسودە نابین، لە کاتێکدا شارەکەمان لە بەر ترس و هەڕەشەی بارەشەکاندایە. ئەمشەو تۆ ئاسودەی کە من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەتاکو بەرامبەرت دانیشم. دڵنیایت لە سەلامەتیم. شارێکمان لەناو ترسا جێهێشت کە ئێمە ڕۆڵەی ئەوین و لە ئامێزی گرتووین. ئەمشەو بارەشەکان بە ئارەزوی خۆیان قاچ بە برینەکانی شارەکەدا دەنێن. ئەم خاکە دایکی ئێمەیە، دەبوایە خەڵکی ئەم شارە هەموویان لە سەر شەقامەکان بوونایە و بە تەنیا شارەکەیان جێنەهێشتایە، لەو شەوە پڕ لە ترس و سامناکەدا هاوڕێی شارەکە بوونایە. ئەمشەو دایکمان لەناو خەما جێهێشت. ئەمشەو ویژدان و وەفا و خۆشەویستیمان لەناو ترسی ڕۆحماندا تواندەوە، پیرۆزی خاکمان لە ژێر پێی بارەشەکاندا تلیساندەوە. ئای دایەگیان، بۆ ناو ئامێزی تۆ گەڕامەوە، بەڵام ئامێزی سارد و سڕ و تەنیای دایکێکی گەورەترم بەجێهێشت؟

ــ ڕۆڵە گیان، بەخوا لە قسەکانت ناگەم. ئەم جۆرە قسانە ماوەیەکە زۆریان دەبیستم. ئەو ڕۆژە باجی گوڵچینیش لەناو ژناندا وەک وڕێنە بکات و گەرمای ئاگری تەنورەکە ماندوی کردبێت، قسەی هەلەق و مەلەقی دەکرد. ڕۆڵە گیان تۆش ئەمشەو زۆر ماندویت، بڕۆ پشویەک بدە بەڵکو خەوت لێبکەوێت.

ــ من ماندونیم، ئەگەر ماندوشبم پێت وایە کە چووم بخەوم بۆ بەیانی کێشە و گرفتەکانمان چاسەرە سەربوون،

شەرمەزاریمان بەرامبەر بە خاک و شارەکەمان ڕەویوەتەوە. بۆ بەیانی ڕوبەڕوی ناو بازاڕێکی ئاسودە دەبم؟ من ماندو نیم، شەرمەزارم. ئەو شارەی سبەینێ کە هەڵدەستین و بە سەریا دەڕۆین و ناز دەکەین، هەر درێژەی ئەم شارە برینداەرەی ئەمشەوە کە لە ناو ترس و تاریکیدا لە ژێر پۆستاڵی بارەشەکاندا بە تەنیا جێمانهێشت. ئەمشەو هەموو دیارییە پیرۆزەکان بەدیار تەنهایی ئەم شارەوە دەگرین، دەگرین و رۆحمان ئەتۆرێنن. قسەکانی باجی گوڵچینیش ، قسەی هەلەق و مەلەقی بەر گەرمای تەنورنین. قسەی حەقیقەتن و چەندین ساڵە لە سەر زمانی ئەو دیل بوون، ئەمڕۆ گەرمای ئاگرە کە لەو شەختە وسەهۆڵ بەندانەی ڕزگار کردن.

ـ ڕۆڵە گیان، تاکو بەیانی قسە بکەیت نازانم دەڵێیت چی. ئەگەر تۆ خەوت نایەت من دەچم دەخەوم، بەڵام کە خەوتی فویەک لە چراکە بکە، بیرت نەچێت....!

چرایەک لە سوچێکی ژورەکەدا، هێواش هێواش دەسوتا. گڕێکی زەردی بێجۆڵەی هەبوو، وەک بۆ ئەم شەو بگری بە بێدەنگی گوێی لە ڕازی دڵم دەگرت. هەر شەوێک بارودۆخوئاسایشی شار نائاسای بوایە و پێشتر لە هەر شوێنێک ڕوداوێک ببوایە، هەر لە ئێوارەوە کارەبای شاریان دەبڕی.

بە تەنیا لە گەڵ چراکەدا مامەوە، چاوەکانم لە سەر ئاگری ناو چراکە بوو، وەک چراکە گوێی بۆ ڕازی دڵم شلکردبێت، کەوتمە قسە و پرسیار کردن... من چۆن فوت لێبکەم و بتکوژێنمەوە. لە سەر هەڵکردنی تۆ زۆرمان ئازار چەشت. ئەگەر تۆ خامۆش کەم دووجار ئەمشەو شارەکەم لە تاریکیدا جێدەهێڵم، دوو دیاری پیرۆز دەخنکێنم. ئەی پیرۆزترین و خۆشەویسترین بەهاکانی ناو دڵ و دەرونم. لە ناو چاوەکانتا زۆر بە ڕونی ئەم

گەردونە و هەموو شتەکانی ناوی دەبینم، ئەوە گۆی زەوییە وەکو دەنکێک یاقوت لە ناو ڕۆحتا دیارە. ئەوە نیشتیمانەکەمە لە ناو چاوەکانتا ڕاکشاوە. ئەوە شارەکەی خۆمانە چەندە ڕونە وەک ئەمشەوەی بە سەردانە هاتبێت جوان جوان دەیبینم. ئەوە کۆلانە پڕ لە بیرەوەریەکانمانە و دار تووەکان باش دەبینم گەلاکانیان کردووە بە دەست و مەلە ئاوارەکان، چۆلەکە چەواشەکان بۆ سەرلقەکانیان بانگدەکەن و لە ئامێزی خۆیانیان دەگرن. لە ناو کۆلانەکەدا چاوم لە خانوویەکە کەوتۆتە ناو بیلبیلە سەوزەکانی ئاگری چراکەوە. ئەو خانووە کچێکی تێدایە، چاوم لێیە تاکو ئێستا هەر نەخەوتووە، ئەم دڵە پڕ لە حەسرەت و شەرمەزارەی ئەم شەوی منی داگیرکردووە.

سروشت گیان چاوم لێتە تۆش بیر لەم ئێوارە ناوەختەی ئەم شارە دەکەیتەوە و ئاخەکانت بە سنگی شەرمەزاریەدا هەڵدەواسی. تۆش وەک ئەو گڕە ئاگرت لە ڕۆح و جەستەت و بەرداوەو لەو ئێوارە ئەنگوستە چاوەدا بەردەم چاو و دەرونمت ڕوناکدەکردەوە. دەبمبورە لە ئێوارەی شارێکی تەماوی پڕ لە ئێش و ژانا نیگاکانم کوشت و بەرەو مەنزڵی ماچە ڕەنگاوڕەنگەکانم نەبردن. ماچەکانیش تاکو ماون ڕەشپۆش دەبن، لە دڵێکی تاریک و پڕ لە سوێدا لە دایک دەبن.

سروشت گیان، دەزانم ماندوی حەزێکی سەرکێشیت، دەزانم ماندوی تەنیایی ئەمشەو و شارەکەشی. چاوم لێتە تۆش تاکو ئێستا بە دیار گڕی چراکەوە دانیشتویت و سرودی خۆشەویستی بۆ ئەم ئێوارەیە دەڵێیت و لای لایە بۆ من دەکەیت و لە ناو جۆلانەی دڵە پڕ لە سەوداکەتدا لە پاڵ پیرۆزی ئاگرو خۆشەویستی خاکدا دەمخەوێنیت. چاوم لێتە، تۆ و هەموو شارەکە دەبینم، ماڵەکەی خۆشمان دەبینم. لە ناو ماڵەکەدا ژورەکەم دەبینم، کەسێک بەرامبەر گڕێکی بچوک دانیشتووە

«وەک شەو زکرییێت بۆ ئاگر». ئەو کەسە دڵ پڕ لە عیشقە بۆ خاک بۆ دایک و مانگ و خۆر، بۆ ویژدان، بۆ سروشت بە ڕۆح سەمای بێحاڵی دەکات، سەمای تەنیای و شەرمەزاری دەکات. ئەو کەسە خۆمم، خۆم دەبینم لە ناو گڕێ چراکەدا بەرامبەر بە چراکە دانیشتوم. ئاگرێکی چەندە جوانە، چەندە پیرۆزە. لە ناو تۆدا هەموو دنیا و لە دنیادا هەموو شتە پیرۆزەکان دەبینم، خۆم دەبینم. کێ وەک تۆ بەهانای ئەم شەوە تاریکە و ئەو دڵە تەنگە ئەو ڕۆحە تەنیایەمەوە دێت. کێ وەک تۆ بۆ ئەمشەوی تەنیای من، هەموو شتە پیرۆزەکانی لە ئامێز گرتووە، جارێکیتر ڕونتر و پاکتر لە بونیان، خۆیان بە پەردەی چاوما دەدەن و دەخزێنە ناو دڵ و دەرونم. چۆن دەتوانم فوت لێبکەم، خامۆشت کەم. خۆزگە دەمزانی کە خامۆش دەبیت بۆ کوێ دەچیت؟ دەچیتەوە ناو ئاگرە گەورەکە؟ ئەو ئاگرە پیرۆزە چ پێویستی بە گەڕانەوەی تۆ هەیە؟ چۆن دەتوانم خامۆشت بکەم، لە ناو تۆدا شارەکەم و کۆڵان و ماڵەکان دەبینم. چۆن دەتوانم خامۆشت بکەم، بە خامۆش بوونی تۆ هەموو شتەکانی ناوت و شارەکەشم خامۆش دەبن. ئەو شارەی ئەم شەو لە ناو زامەکانی خۆیدا بە تاریکی شەو بە سەردەبات. ئەوە شارەی ئەمشەو بە تەنها لە ناو چاوەکانی تۆدا بە ڕوناکی دەیبینم. ئەدی ناکرێت جارێک لە خامۆش بوندا من و شار و سروشت و نیشتمانەکەم خامۆش بین و لە گەڵ خۆتدا بچینەوە ناو ئاگرە گەورەکە هەتاکو لە دۆزەخی ئەم قەدەری ژیانە ڕزگارمانبێت.

ئای ئاگرە پیرۆزەکە، نە تۆ بۆ باوەشی خۆتم دەبەیت، نە جارێک مامە پیرە لە خەوێکدا بۆ لای باوکم.

چراکە هێواش هێواش دەسوتا، کوناوکون و هەمیشە بە دوای تاریکی ژورەکەدا دەگەڕا. جێگایەک نەما کە تاریکی ناو ژورەکە خۆی تێدا حەشار بدات. تەنها چاوە مانووەکانی من نەبێت،

ئەوێ تا کە جێگا بوو بۆ حەشاردانی تاریکی ناو ژورەکە. هەموو تاریکییەکە بوون بە گورزەیەکی بچوک و خۆیان کرد بە ناو چاوەکانمدا و پێڵوی چاوەکانمیان لە سەر خۆیان داخست.

لەناکاو لاشەیەکی شەکەت و ماندو ئاگرەکەی جێهێشتو بە بێ جوڵە لە سەر کومبارە ڕەقەکە بە پاڵ چراکەوە درێژ بوو. بەڵام کەس نازانێت، خەوێکی ئاسودەیە یان نا.

چەند جارێك ئەوشەوە خەماوییەی بە فرمێسکەوە بۆ دەگێڕامەوە، هەموو جارێك وەك یەکەمجار بەپەرۆشەوە گوێم بۆ ڕادەگرت.

شەوێکی زۆر نائاسایی بوو. شتەکان هەموو یەکتریا بە جێهێشت. خەڵکەکە شارەکەیان لەتەنیایدا، دایکی سەرکەوت، سەرکەوتی لە ژورەکەد بەجێهێشت، ئەویش چراکە. ئەوەی لە گەردن و شان و ملی خەڵک نابێتەوە، ترسی بارەشەکان بوو. جگە لە لورەی دەنگی ئوتومبیلی بارەشەکان، هیچیتر نەدەبیسترا. بێدەنگی و تاریکی ئاوێتەی یەکتر ببوون. پێکهاتەی ئەم ئاوێتەیە وەک خوێ بوو بۆ زامەکانی جەستەی شارەکە. ئەم جۆرە شەوانە زۆر جار دووبارە دەبوونەوە. قوتابیەکانی ئێواران زۆر جار لە وانەکان بێبەش دەبوون. ئەو شەوانە هەر لە دوای نیوەڕۆوە بە سیمای بازارەوە دیار بوو، خەڵکەکە دەستیان لە کار هەڵدەگرت و دوکانەکانیان دادەخست و خۆیان لە گیڤە و بەڵای بارەشەکان دەپاراست. کەس نەیدەزانی ئەم ژیانە مەرگەساتە چەندە درێژە دەکێشێت. دەیگوت: لەژوریشەوە ئارامم نەمابوو، نەمدەزانی چۆن لەو حاڵەتە سەختو دژوارە خۆم ڕزگار بکەم، کەپێموابوو هەرگیز بیرمناچێتەوە.

ژورەکەش سیمای شارەکەی گرتبوو، هەموو شتێک دیمەنی تەڵخ و تەماوی شارەکەی پێوە دیار بوو. تەنانەت مناڵەکانیش کە دەڵێن «مانای ژیان نازانن»، خەنەی سەر لێویان دەتۆراو

ڕوی گــەشــیان وەک شــەوی شــارەکــە تاریــک دەبــوو. هــەر لــە ئێوارەیـەکـی  هێجگـار زوودا خۆیـان دەخزانـە نـاو ئـامێزی پڕ لـە ئاخـی دایکیانـەوە.

ژورەکەش بێدەنگ سیمای شارەکـەی گرتبـوو، جگـە لـە ئـاگرە زەردەکــەی چراکــە. ئــەو گــڕەبــوو پــێش کــەمێـک لــەچــاوەکــانی سەرکەوتدا هەموو دنیا و شار و کۆلانـەکـەی تێدادەبینـی. ئێستا ئاگرەکە نەرم نەرم سەیری لاشـەی خـەوتـو و مانـدوی سـەرکـەوت دەکات. ئەشێ ئێستا ڕۆحیانـەتـەکـەی ئـەمیـان بـە جێهێشتبێت و بـە هەوای باڵ شەقـام و کۆلانـەکـانی شـارەکـە بـە سـەر بکاتـەوە، یاخود سەرقاڵی کێشەیەکیتر بێت.

لـە ژورەکەدا دەنگی هەناسەیەکی ماندوو، دووترپـەی نـەرمـی تێکەڵ بـە یەکتر دەبوونو دەبیسترا. دووترپەی هێواش دەگەشتنە سنوری یـەکتر و بـاوەشـی حـەسرەت بوونیان بـە یـەکتردا دەکرد.

ترپـەی گڕی پیرۆزی چراکە کە سەرکـەوت هـەمـوو دنیـای تێدا دەبینی، لـە گەڵ ترپـەی دڵێکـی مانـدوی پڕ لـە کێشـە و ئـارەزو و هیوا. دەشێت ئەو ڕۆحە لاشەکەی بە جێهێشتبێت یا خود هەر لـە ناو لاشە خەوتووەکەدا مابێتەوە. کێ ڕۆح دەبینێت؟ تاکو بزانێت.

ژورێکی کش و مـات، گڕێکـی بچـوکی پڕ لـە ڕونـاکی. سێبـەری چراکە بـە گەورەی وەک پەڵە تارماییەک بـە دیواری پشت چراکـە و سەقفی ژورەکەدا پەخشببوو.

دەنگـی هــەنـاســەی ســەرکــەوت کــەمێـک بــەرز بــۆوە، بــە دەم خـــەوەوە زەردە خـــەنـــەیـــەک کـــەوتـــە ســـەر لێــوەکـــانی. پێڵــوی چاوەکانی بـە نـەرمی لـە سەر یەک نـابوو، وەک نازدارێکیـان دوور لـە بەڵا و دەرد تێدا حـەشاردا بێت. لـە قـولایی خـەوێکـی هـەمـە ڕەنگدا بوو، پێدەچوو سەفەرە خەوێک بۆ جێگایەک بکات. کەمێك خۆی جوڵاندەوە، وەک کەسێک بیجوڵێنێت، گڕی چراکەش دوو سێ پرتەی خێرای کرد.

تارماییەکی سپی لە شێوەی کۆترێکدا لە جەستەی هاتە دەرەوە، بە هێواشی هەڵفڕی. بە بێ ئەوەی دەنگی کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەی ژورەکە بێت، ژورەکەی جێهێشت. حەوشە و کۆڵانێکی تاریک لە ناو باوەشی شەوێکی ترسناکدا سەری خۆیان کز گرتبوو. باڵندەی سەردارەکانی حەوشە و کۆڵان بە خەوتویی هەڵنیشتبوون. نەرمە جوڵەی لق و چڵی دارەکان بە شنەی شەو ببوو بە جۆلانە و بێدەنگیش ئەمشەو لای لایە بوو، «بڵێی ئەمانیش لەتاو بێزاری ئەم شەوە تاریک و سامناکەدا خەویان لێکەوتبێت»؟ ئەشێ وا بێت، شار شاری ئەوانیشە. تەنها باڵندەیەک لەم شەوە پڕ لە مەرگەساتەدا بە ئاگایە، ئەویش کۆترێکی سپی بوو، ڕۆحی ئەو بوو. هەموو ڕۆحیانەتەکان لە ناو مەترسی ئەمشەودا کڕبوون.

هەر زوو دار و باڵندە و حەوشە و کۆڵانەکەی بەجێهێشت. سەرەتا بە نزمی بە سەر کۆڵان و شەقامەکەدا هەڵدەفڕی. هەستی بە ئازادییەکی گەورە دەکرد. زۆر بێترس دەفڕی وەک باڵندەیەک بە سەر ڕوبارێکدا هەڵفڕێت و ناو بە ناو ئاو بخواتەوە، دەنوکی لە بەرد و گڵ و زیخ و خۆڵی شەقام و کۆڵانەکە دەدا و ماچی دەکردن. گەڵا و دار و چلکە و پوشی هەڵدەگرت و قەدەرێک لە گەڵ خۆیدا سەفەری پێدەکردن و بە ئەسپای لە جێگایەکیتر دایدەنان.

حەزی بە چرینی گۆرانی دەکرد. نەیدەتوانی بە ئارەزوی دڵی خۆی بچریکێنێت. مەلی سەردارەکانی ئەم بەر و ئەو بەری شەقامەکە بە خەوتویی هەڵنیشتبوون. خۆشی و ئازادی لە چاوەکانیدا دەبینرا. ئارەزوی بوو هەموو باڵندەکانی تر بە ئاگا بهێنێت و لەو خۆشی و کامەرانیە بەشدار بن. شەو لەو پەڕی قولایی خۆیدا بوو. هەرگیز لەو شارەدا هێندەی ئەمشەو بەختەوەر نەبووە. دڵی بە جەستە ماندو شەکەتەکەی باڵندە

خـەوتـووەکـان دەسـوتا، هـەرواش ئـاسـان نـەبـوو لـەو خـەوە بـە ئاگایـان بهێنێـت. بـە ئـەسـپای بـە سـەر شـەقـام و کۆڵانـەکانـدا هەڵدەفڕی. هەموو جێگایەکی بە سەر کردەوە. لە سەر دارێکی بـێگـەڵا و بێبالّنـدە نیشـتـەوە، وەک بیـر لـە شـتێک بکاتـەوە، بـێئـارام بـوو. جـارێکیتـر باڵـەکـانی بـەیـەکدادایـەوە و بـەرەو زنجیـرە چیاکـەی پشـتـی شـارەکـە هـەڵفـڕی. بـە بـێوەسـتان و نیشتنەوە لە هیچ جێگایەک هەتاکو سەر لوتکەی چیاکە فڕی. وەک عەودالّی شتێک بێت چاوەکانی بە ئاراستەی ناو شارەکە تیژ کردەوە. لە دەریایەکی ڕەشی بێشەپۆل دەچوو، هەر لەو لوتکەیەوە شەقام و کۆڵانەکانی بە سەر دەکردەوە. شار تاریک و بێتروسکە. تەنها چاوەکانی ئەو بوون وەک ماسی لە ناو تاریکی ئەو دەریا ڕەشەدا مەلەیان دەکرد.

لە بەرزایی ئەو چیایەوە گڕێکی بچوکی بەدیکرد. ئاگرێکی بچوک سەرەتا هەڵدەبوو و دەکوژایەوە. وەک پەپولەیەکی ڕەنگ ئاڵتونی کە باڵەکانی بەیەکدا بدات و دابخاتەوە. هەستی بە خۆشـیو ئاسودەیی کرد. ئاگرەکە وردەوردە قەوارەی گەورەتر دەبوو، ئەویش هەستی بە خۆشی زیاتر دەکرد. ئاگرەکەش لەو دورەوە بۆ بەرزای چیاکان دەیڕوانـی، وەک بـۆ کـەسێك بگـەڕێت بست بە بستی چیاکە دەیڕوانی. لە ناکاو چاوەکانی ئەمیان لە سەر لوتکەی چیاکەدا بینی، لە ناو چاویدا بریسکەی ئاگرەکە بە دیـدە کـرا. بـزەیـەک کـەوتـە سـەر دەنوکـە ئاڵـەکـەی وەک عەودالّەکەی دۆزیبێتەوە، ئاگرەکە هەر گەورە و گەورەتر دەبوو بە جۆرێک دڕی بە تاریکی ئەو چوار دەوردە دابوو. هەستی بە خۆشی و ئاسودەیی کرد، باڵەکانی بە یەکدادا، بایی باڵەکانی و شنەبای ئەو شەوەی سەر چیاکان گوڕێکیتری خۆشی پێبەخشی. لـەچاو تروکاندنێکدا بـە نـاو دۆڵـەکانـدا هاتـە خـوارەوە. بـە نـاو دامێنی دارستانە سەرو و دار بە ڕووکانی قەراغی شاردا شۆڕ

بۆوە. بە ناو دار و بەڕووەکاندا تێپەڕی و گەشتە ناو شار. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گەشت بە ئاگرەکەی کە لە سەر چیاکەوە. بەدیکرد، ئاگرەکە، گڕێک بوو، نورێک بوو لە شێوەی پیاوێکی میهرەباندا. پیاوێك کە مامە پیرە خۆی بوو. لە بەر دەمیدا نیشتەوە. سەرکەوت و مامە پیرە بەچاوە ئاگراویەکانیان بە سۆز و خۆشەویستیەوە لە یەکتریان دەڕوانی.

هەرکاتێك ئەمخەوەی بۆ دەگێڕامەوە چاوەکانی پڕدەبوون لەدەنکە فرمێسکی وردو ڕوون. چەند جارێك دەیگوت: دەزانی لەخەونەکەدا کۆتربووم؟ بڕوادەکەیت کۆترێکی سپیبووم، دووباڵی گەورەی سپیمپێوەبوو. وەك ئێستاش بیرمدەکردەوە، وەك مرۆڤ قسەمدەکردوو بەشوێن پیاوە پیرەکەدا دەگەڕام. هەرخۆمبووم، کەچی کۆتریشبووم. لەسەر لوتکەی چیاکەوە پیاوەپیرەکەم بینیو لەساتێکی زۆر کەمدا گەیشتمە لاەو پێیگوتم.

ـ بۆ گەشتیتە سەر ئەو لوتکەیە؟ من لێرە چاوەڕوان بووم.

وەڵامم نەدایەوە، دەمزانی ئەو بۆ خۆی هەموو شتێکی من دەزانێت. هەستم زۆر بە ماندوبوون نەدەکرد. چاوەڕوان بوو دەستم بگرێت و لە گەڵ خۆیدا بمبات.

مامە پیرە هەستی بە ئازار و خەمەکانی ئەو شەوە تاڵەی من دەکرد، هەر چەندە لە بەردەم مامە پیرەدا ئاسودە و بەختەوەر بووم. منهەمیشە لە خەوەکاندا بە نیازبووم بۆ ئەوشارەبچم کە مامە پیرەپەیمانی پێمدابوو.

سەرکەوت دڵنیابوو هەموو بەیەک گەشتنەکان هەر خەو بوون، بەڵام ئومێدێکی گەورەی پێیبوو، چونکە ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیانی واقیعی ئەو ڕۆژگارەی سەرکەوت و هەموو شارەکە هەبوو. سەرکەوت هەرگیز لە ژیانی واقعیدا بە باوکی

نەدەگەشتەوە، تەنها خەوەکانی بوو لە گەڵ مامە پیرەدا کە هیوای پێدەبەخشی چاوی بە باوکی بکەوێت. ژیانی واقعی و خەوەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاوێتە دەبوون. نەیدەتوانی دەست لە خەوەکان هەڵبگرێت وەک چۆن ناتوانێت دەستبەرداری ژیانی ڕاستی خۆی ببێت، سەرباری ئەوەی کە خەوەکان بۆ خۆیان دوور لە شعور و هەست و توانای ئەم تێکەڵ بە ژیانی دەبوون و دەهاتنە ناو خەوە سروشتیەکانیەوە.

لە ژیانی ڕاستی خۆیدا بە جۆرێک خەوەکانی بۆ هاوڕێکانی دەگێڕایەوە، وەک بە سەرهاتێکی ڕاستی باسبکات. لە ڕاستیدا زۆر جیاوازییان نەبوو. ئەو خەڵکەی کە گوێی بۆ خەوەکان و بۆ باسەکانی و وتەکانی ڕۆژانەی ڕادەگرت، بە هەمان پەرۆشی و عەقڵەوە گوێیان دەگرت.

سەرکەوت خەوەکانی زۆر بە گرنگ وەردەگرت، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بوو سەردانی ئەو شارە بکات و باوکی ببینێت. هەندێک جاریش بە شک بوو لە خەوەکان و پرسیاری لە خۆی دەکرد.

ئەو کاتانەی کە من بە ئاگام، ئایا ئەوان لە کوێن؟ هەمیشە بەهیوای گەشتن بەوشارە دەخەوتم. لەخەوەکانیشدا چاوەڕانبووم پێمبڵێت ئێستا دەتبەم بۆلای باوکت.

بە دەم قسە و گفتوگۆوە دەڕۆشتین، چەند گوێم بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو ئەوەندەش خەیاڵم لای ئەوە بوو، لە ناکاودا لەبەر دەم دەرگایەکی گەورەدا خۆمان دەبینینەوە و دەچینە ژورەوە بۆ ناو شارەکە و یەکەم کەس باوکم دەبینم.

_ چاکترە گوێ لە قسەکانم بگریت. تاکو ئێستا ماندوبوون و دڵتەنگیت پێوە دیارە. هەر چەندە هەست بە خۆشی و ئازادی دەکەیت لە گەڵ مندا. نمونەی ئەمڕۆی شارەکەی ئێوە زۆرن لە مێژوماندا، بە تایبەتی لە دوای هاتنی ئەو بارەشانەی لە

بیابانەکانەوە هاتن. لە دوای ئەوانیش لە سنورە نزیکەکانەوە بە بیناوی هەمان پەیرەو وەک بارەشەکان بە شێوەی جۆراوجۆر هەڵیانکردۆتە سەر ناوچەکانمان. ئەو بارەشانە زۆر درندانە هاتوون لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان پروپاگەندەی ناراستیان بۆ هەڵداوین. چەندین جار ناچاریان کردوین لە سەر هەمان باوەڕی خۆمان سوێندمان بدەنەوە و باوەڕ تازە بکەینەوە. ئێمە خۆمان لە هەموو سەردەمەکاندا لەوان بە باوەڕتر بووین. لە سەردەمی ئاگرە پیرۆزەکەدا لە هەموو کات بەر چاومان ڕوناکتر بوو. ئەوانەی کە دەهاتن درندە بوون، لە هەستکردن بە درندەیی خۆیان ئێمەیان بە درندە و کوڕی چیاو جنۆکە ناو دەبرد. ئەو سەردەمە کۆمەڵێک نەبوو هێندەی ئێمە پەیوەست بە دیارییە پیرۆزەکان بێت. ئێمە هەوێن بووین بۆ باوەڕی ئەوان.

پیاوێکی زۆر نورانیبوو، توانای خوێندنەوەی ناخو خەیاڵی منی هەبوو. لەمیژبوو ئەو توانایەی ئەوم دەزانی، بەڵام نەمدەزانی بۆچی هێندە بێباکە لەبەردەم داواکاریەکەی من کە ئاواتمبوو شەوێك زووتر لەگەڵ خۆیدا بۆ ناو شارەکەم ببات. ئەوشەوە زۆر تایبەتبوو، هیچ خەوێکمان وەك ئەمشەوهێندە دووورودرێژ نەبوو. بیرمچووبووەکە کە کەمێك پێشتر کۆترێکی سپیبوومو دووباڵی سپی درێژم پێوەبوو. وەك کوڕەکەی جاران بەشەرمەوە لەتەنیشتیەوە دەرۆشتمو گوێم بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو. دوو بە دوو بە سەر شەقامێکی چۆڵدا دەرۆشتین.

بێدەنگ گوێم بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو.

جگە لە دەنگی مامە پیرە و هەنگاوەکانمان و سۆزی شنە بایەکی نەرم و فرەی پەپولە وردەکان بە دەور و پشتماندا هەڵدەفرین، دەنگیتر نەدەبیسترا. بە درێژایی شەقامەکە تاریکایی بوو، بەڵام هەمیشە پەڵەیەک ڕوناکی گەورە لە

جێگاکەماندا بوو. لە گەڵ هەموو هەنگاوێکدا ئەو پەڵە ڕوناکییەش بە شوێنماندا دەڕۆشت. مامە پیرە بەردەوام قسەی بۆ دەکردم. باسی هاتنی بارەشەکان و ڕۆژانی ڕابوردوی دەکرد. باسی پیرۆزی ئاگر و دایک و ویژدان و خاکی دەکرد، باسی گرنگی و گەورەیی چیا و ڕوبار و مانگ و خۆر و گوڵ و کچی دەکرد. منیش بێدەنگ و بێ‌چرپە چووبوومە دنیای گوێگرتنەوە.

من پیاوێکی زۆر کۆنم، ئەو ڕۆژانەم وەک ئێستا لە یادە. بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارە هەرگیز لە بیرناچنەوە. ئێمە لە قاڵبونی ویژدانماندا هەستمان بە بوونی خوایەک دەکرد. بوونی خوا بۆ کۆمەڵ پێویستییەکی گرنگی ئەوسەردەمە بوو. نهێنیەکانی ئەم گەردونە گەورەیی خوا پیشاندەدەن. ئاگر نهێنییەک بوو گەورەیی خوای دەرخست، ئێمەش پیرۆزمان کرد. پیرۆزی ئێمە بۆ ئاگر هەستکردن بە پێویستی خوا بوو. خوا لە ڕێگەی گەردونەوە گەورەیی خۆی پیشانی ئێمە داوە، ئێمە لە گەردوندا لە سەر خاکی خۆمان هەست بە بوون دەکەین. خاک پیرۆزە بۆ ئێمە کە ئێمە لە خاک خوڵقاوین. نیشتیمان دیارییەکی پیرۆزی خوایە بۆ مەردوم زۆر سیفاتی گرنگ و پیرۆزی خوا خۆی بە نیشتیمانی بەخشیوە، بوونی «یەک» نیشتیمان بۆ هەموو کەس یەکێکە لە گەورەترین سیفاتەکانی خوا کە بە خاکی داوە.

ئێمە بە هۆی دایکەوە لە خاک دروست بووین. پێش دروست بونمان هەستمان نەبوو، خۆشمان هەر نەبووین، گەورەیی خوا لەبوونی ئێمە و هەستی ئێمەدا دەرکەوت. ڕێز گرتن و گەورە ڕاگرتنی هەموو شتە پیرۆزەکان، هەستکردن بوو بە گەورەیی خوا. ئێمە پێش هەموو کۆمەڵگاکان دیارییە پیرۆزەکانی خودامان هەست پێدەکرد. هاتنی بارەشەکان وەرچەرخانێکی گەورە بوو

لـە ژیـانـی ئێمـەدا. ئـەوان خـوای خـاوەن دیارییـە پیـرۆزەکانیـان پێناسـاندین، بـەڵام دیارییـە پیـرۆزەکانیـان لێسـەنـدین، لێیـان زەوتکـردین. پیرۆزتـرین دیارییـان لـە ئێمـە زەوتکـرد. لـە هـاتنی بارەشەکانەوە ئەو خاکەی کە کۆمەلێک سیفاتی خودای تێدا بوو، کە خوا نزیک بە خۆی دروستی کردبوو.

ڕۆژانـی کـارەسـاتەکـە وەک خـۆی لـە یادمـدا مـاوەتـەوە. بـە جۆرێک بـەژارە ببـووین تـاکو ئێستا کۆنـەبووینـەتـەوە و پـەرش و بڵاوین. ڕۆژانـی سـەردەمـی ئێمە زۆر جیاواز بـوو، ئـاڵۆز و دژوارتـر بوو. لە دوای بزربوونی خاکەکەمان ئاگرە گەورەکەش لێمـان بـزر بـوو. لـەو سـەردەمـەوە تـاکو ئێستا ئاسـودەنـین. بـە خودایـان ئاشـناکردین، بـەڵام پیرۆزتـرین دیاریشـمان لـە دەسـت چـوو. سەردەمە ڕابوردووەکان شاهیدی ئەو ڕاستییەن کە ئێمە لـە سـەر خاکی خۆمان، لە سەر پیرۆزترین دیاری خودا بۆ مەردومی پەرش و بـڵاو بـووین و لـەو سـاتەوە ئاسـودە نـەبـووین. پـێش هـاتنی بارەشەکان ویژدان وەک پەڵە هەورێکی سپی بـە سـەر سـەرمانـدا ڕاوەستا بوو.

ئێمـە بـە چـاوی ویـژدان سـەیـری شـتە پیـرۆزەکانمـان دەکـرد. ویـژدان ڕابـەری ژیانمـان بـوو. ئـەگـەر سـەیـری دەفتـەری سـنگی ویژدان بکەین هەموو ڕاستیەکان تاکو ئێستا هـەر نوسـراون، ئـەو ڕۆژگـارە زۆر شـەکـەت و مانـدو بـووین، پـەرش و بـڵاو بـووین. کەسمان یەکترمـان نـەدەناسیەوە، خاکیـان لێمـان زەوت کردبـوو. مـرۆڤ بـە بێپیـرۆزی خـاک، وەک ئـادەمیزادێکـی بـێ سـەر ناناسرێتەوە. خاکـەکـەمـان پڕ بـوو لـە دار و کـانـی و چیـا و بـاخ، باخە میوەکانیان لێداگیر دەکردین و باخە خەیاڵاتـەکـەی خۆیـان پێدەگۆڕینەوە. ئەوان سەرسام بوون بە سروشتی خاکەکـەمـان و جێیانـنەدەهێشت. دەیانگوت، ئێمە فریشتە و نێراوی لای خواین، خێر و خۆشی بە هاتنی ئێمەوە پەیوەستە بۆ ئێوە. لـەو ڕۆژەوە

ئێمە ئاسودە نین و باخ و باخەتەکانمان بە تالان دەبەن. ڕۆژانی دوای کارەساتەکانیش، زمانمان گۆی نەدەکرد، وڕ و کاس بووین. نەماندەتوانی گێڵکە و ڕوبارەکان بدوێنین، هۆشمان نەبوو بیر لە شتە پیرۆزەکان بکەینەوە. کەس لە ئێمە هەواڵی ئاگرە گەورەکەی نەدەزانی. ئاگرەکەمان بیر چووبۆوە. ئەو ئاگرەی وانەکانی چاکەمان لە بەر ڕوناکیەکەی دەخوێندەوە. فێری «کرداری چاکە و وتەی چاکە و بیری چاکەی دەکردین».

لەو ڕۆژە سامناکەدا ئێمە و شتە پیرۆزەکان هەر یەک لە لایەک بووین. خۆرمان نەدەناسییەوە، لە تریفەی مانگ خەم ساردبووین، گوێمان لە ئاوازی شەپۆلی ڕوبارەکان نەدەگرت. چاومان سوربوو بە خوێنی هیلاکی جەستەمان، بە خوێنی دەمارەکانمان، خاکەکەمان سور بوو، بە خوێنی جەنگاوەرەکانمان، ئاسمان سور بوو، بە خوێنی ئاگرەکە، شمشێرەکانیان سەرتاپا سور بوو، بە خوێنی کوڕ و کچە قارەمانەکان. ئاگرەکە لە دڵماندا نەمابوو، ترس و مەینەتی هەموو شتێکی لە یەکتر کردبوو. بەر چاومان تاریک بوو. گیڤەی بارەشەکان تەمیان لە دوای خۆیان جێدەهێشت و ئێمەیان هیلاک و بێئارام کردبوو. شەو ڕۆژمان هەست پێنەدەکرد، نەماندەزانی چەندە شەو و چەند ڕۆژە لەو مەرگەساتەداین. لە لاپەڕەکانی سەر سنگی ویژدان ڕۆژانی کارەساتەکان بە خەتێکی ئاگرین نوسراوە.

ماوەیەک دوای هاتنی بارەشەکان و دروستبوونی کارەساتەکان، بەرەبەیانییەک خۆر زۆر کز و مات دەرکەوت، وەک لە هەموو شتێک تۆرابێت. ئێمە هەستمان بە کز و ماتی خۆر نەکرد، خۆشمان کز و شێواو و ماندوبووین. لە ژان و مەرگا ڕۆژانی کارەساتەکانمان بە بیر نەدەهاتەوە، خواکەی خۆمان نەدەناسیەوە. ئەو خوایەی ویژدان هەستی بە پیرۆزی و گرنگی

دەکرد. خاکمان لە دەست چوو، هەموو شتە پیرۆزەکانمان لە دەوروپشت نەما، هەستمان، ویژدانمان لە ناو ئازار و خەمەکاندا تواببوونەوە. ئەوانیش مامەڵەیەکی خراپیان لە گەڵدا دەکردین. مێشک و دەرون و جەستەیان سڕ کردبووین. توانای گوێگرتن و تێگەشتنمان نەبوو، زۆر بێحەواس بووین. ئەوان بەو حاڵەتەی ئێمە بێزار دەبوون، پێیان دەگوتین، هەق وایە لەمەی ئێستا خراپترتان بە سەر بێت، ئێوە وڕوگێژ و بێمێشکن، قەومێکی بێبناغە و بێباوەڕن، رابوردوی ئێوە پوچەڵە، بێخوا و بێڕابردون، وەک جنۆکەی دۆڵەکانن، درندەی چیاکانن. خوا زۆر لە ئێوە پەستە هەر بۆیە کارەساتی دژوارتان بە سەر دێنێت. ئێوە دژ بەخوان. ئەو هەموو لاشانەی کەوتوون، دژ بە ئێمە جەنگاون، دوژمنی پەیڕەوی خوان. ئەو لاشانە دەبێت دور بخرێتەوە و لە ئێوە جیا بکرێتەوە. هەرگیز بیر لەوان نەکەنەوە کە کەس و کارتان بوون. ئەوان ویستیان ڕێگا لە پەیامەکەی ئێمە بگرن. ئێوە دژ بەم سەردەمە نوێیەن کە ئێمە بۆمان هێناون. دەبێت ئەو لاشانە لە دوری ئاواییەکان بخەنە چاڵی قوڵەوە و کەس لە ئێوە خۆی بە خاوەنیان نەکات.

ئێمە هەموومان کز و مات و کاس، کەس توانای حاڵی بوونی نەبوو، کەس نەدەپەرژایە سەر لاشەکانی ڕۆژانی کارەساتەکە، کە جەنگیبوون.

ڕۆژانی کارەسات وردە وردە کۆن دەبوون، بیرو زەینو هۆش دەهاتەوە بەر جەستەی مێشک. هەستمان وردە وردە دەبزوا. کێلگەکان پێویستیان بە ئێمە بوو، گوڵەکان بە پەپولە، دڵدارەکان بە عەشق، شتە پیرۆزەکان بە خۆشەویستی. ئاگرە گەورەکە تەرەبوو، هەر نەهاتەوە، جگە لەوەی بریسکە بریسکی ئاگرێکی بچوک لە دەرونماندا سەریهەڵدا، ویژدان لە ڕوانینی گێڵکە وشکەکان و کانیە بێنازەکان و باخە سوتاوەکان جارێکیتر

چووەوە ناو هزر و هۆش. ئێمە ڕۆژانی پێش هاتنی بارەشەکان بە هۆی ویژدانەوە هەستمان بە پێویستی و بونی خودا دەکرد. خواکەی ئێمە لە خوای هەموو کۆمەڵەکانی‌تر گرنگتر و پیرۆزتر و نزیکتر بە سیفاتی خوابوو. خواکانی ئەوان شتە بێکەڵکو ئاژەڵە بێدەماخەکان بوون.

ئەو ڕۆژگارە بە جۆرێک پەروازە ببووین کەس لە ئێمە خوا و شتە پیرۆزەکانی نەدەناسیەوە. ئەوان ڕۆژانی دوای کارەساتەکان خوایان بە ئێمە ناساند. پێیان دەگوتین، کەس بێخوا نابێت. کۆمەڵگای بێخوا بێهەست و بێعەشق و بێهۆش و بێویژدانن. کەچی ئەوان بۆ خۆیان عەشقیان بۆ هیچ نەبوو. ویژدان و هەستیان لە سەر نوکی شمشێرەکانیان بوو، لە هۆش و هزریاندا نەبوو. ئەو هەموو لاشانە لە دەشتەکاندا پێڕانەدەگەشت بخرێنە چاڵەوە و بدرێنەوە بە خاک. زۆربەیان قەل و داڵەکان خواردیانن، ئەوانە ڕۆژگارێک بوو ویژدان بۆ پاراستنی شتە پیرۆزەکان و ئاگر و خاک هانیدان جەستەی خۆیان بکەن بە قەڵغان و قارەمانانە بجەنگن. ئەو هەموو لاشەی کوڕ و کچە جوانانە لە ویژدانی ئەواندا گوناهبار بوون و پێویست بوو ببن بە خۆراکی قەل و داڵ و مێرو.

ئەو شەوە درێژترین خەوی من بوو لە گەڵ ئەو پیاوەدا. هەرچی پرسیار هەبوو بیرم چووبۆوە، تەنها گوێم ڕاگرتبوو. شەوێکی بێدەنگ و هێمن بوو. بە کەناری شەقامە درێژەکەدا زۆر لە سەر خۆ دەڕۆشتین و مامە پیرەش بەردەوام قسەی بۆ دەکردم.

ڕۆژانی کارەساتەکە من جەنگاوەرێکی بریندار بووم. خوێنی خۆم بە سەر دار و بەرد و گەڵاکاندا ڕژاند. ماوەیەکی زۆر لە ترسی بارەشەکان خۆم حەشاردابوو، نەوەک بە برینداری چاڵ

نێژم کەن و دوور لە ئاوایی و لە باخ و کانی لە کەس‌وکار. گەورەترین کەس لە ناو ئێمە ئەو پیاوە میهرەبانە بوو کە پارچەیەک ویژدانی ڕووت بوو. ئەو وەک پیاوێکی دەرون پیرۆز و بە مەعریفەت پێشوازی لە بارەشەکان دەکرد، وەک میوان ڕێزمان لێگرتن. ئەو پیاوە یەکەم کەس بوو بە دەستی خاوەن شمشێرەکان بریندار بکرێت. بە بریندارى ئەشکەنجەدرا هەر نەمرد و هەر ڕێزی دەگرتن و لە سەر کردەوە و بیر و وتەی چاک بەرامبەریان هەر بەردەوام بوو. وەک ڕوبار خوێن لە جەستە پاکەکەی دەچۆڕا و هەر نەمرد. بارەشەکان وەفایان بۆ هیچ نەبوو لە سەر ئەو حاڵەتەشی هەر سۆز و بەزەییان بەرامبەری نەبوو. لە ناو ئازار و ژاندا خەندەی خۆڕاگری لێدەپژا و هەر نەمرد.

بارەشەکان خۆیان لە ڕاستی و پیرۆزی ئەو پیاوە گێل دەکرد. بە پیاوێکی سەرسەخت و گوناهبار ناویان دەبرد. ئەویان زۆر دوور لە ئاوایی و لە خەڵکەوە کرد بە ژێر گڵدا، لە چاڵێکی زۆر قوڵیاننا و هەر نەمرد و زیندو بوو. هەموو ئێوارەیەک لە گۆڕەکەی گڕێکی گەشی جوان بەرەو ڕووی ئاوای تاکو بەرەبەیان دادەگیرسا.

بارەشەکان جارێکیکەش خۆیان لە ڕاستی دەشاردەوە و بە بەر چاوی حەقیقەتەوە خۆیان گێل دەکرد و ئەو پیاوە چاکەیان بە گوناهبار و کافر ناوبرد، ئاگری جەهەنەمیان دادەگرت و دەیانخستە پاڵ جەستەی پیرۆزی و درۆیەکی‌تریشیان دەخستە پاڵ درۆکانیتری خۆیان. بەم کارە بوختاناویە جارێک ئەو پیاوە میهرەبانە پیرۆزەیان لە بەرچاو و لەبەر دڵ دەخستین، جارێکیتر ئاگری پیرۆزیان لە بەر چاو دەخستین.

لەناو ئاوێتە بوونی ئێمە و ئەواندا، ئەمانە هەمووی بە جۆرێک بیر چوونەوە کارەسات و هاتنی بارەشەکان بوو بە ڕۆژی

خێر و خۆشی و بوژاندنەوە. ئێمە و دیارییە پیرۆزەکان ئاشنا بووینەوە، تەنها خاک نەبێت لە نێو ئەو دیاریانەدا تاکو ئێستا هەر بە بریندارى ماوەتەوە و سارێژنەبووە و جاربەجاریش راستی رۆژگارەکانی زوومان بە بیر دێنێتەوە.

دوای کارەسات و هێمن بوونەوە و پەیڕەو کردنی پەیام و خواستی ئەوان، ئازار و ئەشکەنجەمان لە سەرنەما. ئێمە و ئەوان ئیتر جیاوازییەک نەبوو لە نێوانماندا و بە شانازییەوە لە گەڵماندا دەژیان و بوون بە خاوەنی باخ و باخاتەکانمان، سەرقاڵی کێڵگەکانمان بوون، ئاوی شیرینی کانیاوەکانیان دەخواردەوە و بیریان لە گەڕانەوە نەدەکردەوە. ئێمەش بووین بە بەشێك لەوان، بووین بە خاوەن شمشێر، هەموو لە بازنەیەکدا بووین و بە دەوری چەقی هەمان بازنەدا هەڵدەسوڕاین. هەر کەس لە ئێمە باسی نەهامەتی رۆژانی زووی بکردایە و پیرۆزی ئاگری لە دڵدا بوایە لە ناو کۆمەڵی خۆشماندا بە بەد و خراپ باسدەکرا و شمشێرە تازەکانیان بە ملیان تاقیدە کردنەوە و خوێنەکەیان حەڵاڵ دەکرد و لاشەکەیان گوناهبار دەکرد.

کەسایەتە پیرۆز و بەرێز و گەورەکانی ناو کۆمەڵ، ئەو کەسانە بوون کە پەیڕەوی پەیام و دەستوری ئەوانیان دەکرد. رۆژانی هاتنی بارەشەکان و رووداوەکان، بوون بە مێژوی زێڕین. بەڵام ئازاری خاک هەر سارێژ نەبوو، پیرۆزی خاک لە بەر چاو نەگیرا، سیفاتەکانی خاک کە نزیک بە سیفاتی خوان، هەر نەگەڕایەوە. لە ناو خاکێکی بریندارردا هەموو دیارییە پیرۆزەکانیتر بە هاوگەورەییان وەک خۆی نامێنێت.

رۆژگارەکانی ئەو سەردەمە زۆر ئاسایی بەڕێوەدەچوون. وردە وردە کارەساتەکان بیردەچونەوە. تەنها زامی خاک و بێسەر و شوێن کردنی ئاگرە پیرۆزەکە نەبێت. پیرۆزی ئاگرەکە گۆڕا بوو

بۆ موسیبەت، هێمای شومی بارەشەکان شۆڕابوونەوە بۆ گەشی و پیرۆزی و پڕ لە خۆشی و بەرەکەت. بارەشەکان دواتر بوون بە کەسانی پیرۆز و ڕێزدار، جیاوازییەک لە نێوان ئێمە و ئەواندا نەبوو، بەڵام ئەوان بوون بە خاوەنی موڵک و باخ و باخاتەکانمان، ئێمەش بووین بە خاوەنی پەیامەکەی ئەوان. دیارییەکی پیرۆز بوو چووە بری بەروبوومی باخەکانی ئێمە. زۆر کەسایەتی لە ناو ئێمەدا گەشتە پلە و پایەی ئەوان، گەورەتر و بەهرەدارتر و ڕاستگۆتر بوون. پلە و پایەی کەسە ناودارەکانی ناو ئێمە لە ڕێگەی پەیڕەو کردنی دروستی پەیامەکەی ئەوان بوو. ئەو کەسایەتیانە لە ویژدانەوە دەیانڕوانیە پەیام و پەیڕەو کردن. ئەو ویژدانەی هەر لەمێژبوو لەدڵ و دەروندابوو، هەرلە مێژ بوو باڵا دەستبوو لەسەرانسەری ئەو خاکەدا. بارەشەکان لە ناو خەڵکدابوون بەڕابەر و کەسانی پیرۆز، ئەوان خاوەن پەیامێکی پیرۆزبوون لە ناو ویژدانێکی لاوازدا، هەر ئەوە بوو لە تێگەشتن و پەیڕەوکردندا نەدەگەشتنە ئاستی کەسە پیرۆزەکانی ناو ئێمە. ئەوان هەڵگری پەیامێکی پیرۆزی خوایی بوون، نەیاندەتوانی بە ویژدانەوە لە دیارییە پیرۆزەکانی خوا بۆ مەردومی خۆی بڕوانن و بیر بکەنەوە. خاک پیرۆزترین ئەو دیاریانە بوو بۆ ئێمە کە برینداری شمشێرەکەی دەستی ئەوان بوو، بەدیلیش لەناو چنگیاندا مابۆوە.

گەشتن بە پلە و پایەی ئەوان و پەیڕەو کردنی پەیامەکەیان، جێگای شانازی بوو بۆ ئەو کەسانەی بەو پلەیە دەگەشتن. هەر کەس قسە و باس و ڕەخنەی دەربارەی ئەوان هەبوایە بە کەسێکی بێباوەڕ و بێخوا و بێویژدان دەناسرا، سزا دەدرا و لە سەر خاکی شیرینی خۆی وەدەر دەنرا.

ڕۆژگاری هاتنی بارەشەکان و ڕوداوەکان لە مێژبوو لە بیر چووبوونەوە. کەس نەبوو ڕاستی ئەو ڕۆژگارە بزانێت. ئەو

سەردەمە مەرگەساتە بە ڕۆژی هاتنی خێر و خۆشی لە هزری خەڵکدا تۆمارکرابوو. هۆش و خەیاڵ و هەڵسوکەوت لەناو دەقی پەیامەکاندا هەمیشە لەحاڵەتی عیبادەت بوو بۆ گەشتن بەو باخە میوە هاتانەی کە ئەوان بۆیان باسدەکردین و دیمەنەکانیان لە هزر و خەیاڵی ئێمەدا کێشا بوو. پێیان دەگوتین، هەموو باخ و باخاتێک کە هەتانە بە دارێکی ئەو باخانەی جەننەت نابێت.

هەموو باخ و کانیەکانی خۆمان وەلا نابوو، ئەوان خاوەنی باخەکانی ئێمە بوون کە هەرگیز بە جێیان نەدەهێشت و بگەڕێنەوە مەملەکەتەکانی خۆیان، ئێمەش چاوەڕوانی باخ و بێستانەکانی ئەوان بووین، هەر چاوەڕوان بووین و هەر چاوەڕوان بووین. سەبریش وشەیەکی پیرۆز بوو لە ناو دەقەکاندا زوو زوو لە کاتی بێئارامیدا بۆیان دەخوێندینەوە، زامی خاکیش هەر وەکو خۆی بە بێسارێژ کردن مابۆوە، لە ویژداندا وەدەریان نابوو، هەرگیز باسنەدەکرا. ئێمەش هۆشمان بیرمان عەقڵمان پڕاوپڕ بوو لە سەمای ڕۆح و قوربانی جەستە بۆ پیرۆز ڕاگرتنی پەیامەکەیان، بۆ گەشتن بە باخ و میوەهاتی بەهەشت.

درێژترین خەو بوو کەمن و مامە پیرە پێکەوە بووین. لە بەر ڕۆشنایی گڕێکی گەشدا وەستا بووین، ئەو ڕوناکیە مامە پیرە خۆی بوو. ئەو بە درێژای خەوەک قسەی بۆ دەکردم، منیش زۆر بە پەرۆشەوە گوێم بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو، حەزمدەکرد قسەی زیاترم بۆ بکات. تاوێک بێدەنگ ڕاوەستاین. مامە پیرە چەند هەنگاوێک دوور کەوتەوە و بە بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە، ڕوناکیەکە خامۆش بوو. ویستم دەستیبگرمو بەجێمنەهێڵێت، بەڵام بەباڵێکی سپی نەرمونیان هیچم بۆ نەکرا، لەبەر چاومدا ونبوو دیار نەما، وەك کۆترێکی تەرەی بێلانە لە تاریکی ئەو

شـەوەدا بـەتـەنها مامـەوە. باڵـەکـانم بـە یـەکدا دا و بـە خێـرای شـەقامـەکـانم دەبـڕی هـەتـاکو گـەشـتمە کۆڵانـەکـەی خۆمـان. باڵندەکـانی سـەر دارەکـان هێشتا هـەر خـەوتبـوون، بـە ئـەسپای خۆم کرد بـە حـەوشـەی ماڵی خۆماندا و چوومـە ژورەوە. جـەستـەی خـۆمم وەك هێلانـەیـەکـی ئـارام دەبینـی لـە ژورەکـەدا بـە دیـار چرایەکی کوژاوە بووەوە ڕاکشا بـوو، لـە سـەر سنگی نیشتمەوە و لـە ناکـاوداونبووم. لـە نـاو قـوڵایی خۆشـترین خـەودا، لـەناکـاو داچڵەکیم و بە ئاگاهاتمەوە. لە ئاستی خۆم هەڵسام و دانیشتم، چاوەکانم هەڵگڵۆفی و سەیرێکی پەنجەرەکەم کرد، دنیا هـەر تاریـک بـوو. چراکـەی کـە شـەو بـە داگیرسـاوی بـە دیاریـەوە خەوملێکەوتبوو، کوژا بۆوە. دەستم بۆ چراکە برد، کەمێک گەرمی تێدا مابوو، پێدەچوو تازە کوژابێتەوە و خامۆش بووبێت.

بیرم لە خەوەکەو لەقسەکانی مامە پیرە دەکردەوە. هـەمـوو وشـەکـانیم بـە بیـر خـۆم دەهێنایـەوە. خۆزگـەم دەخـوار هـەر لـە خەودا بومایە و مامە پیرە قسەی بۆ بکردمایە، زۆر ئاسودەبووم. هەوڵم دەدا هەموو قسەکانی ئەو وەکو خـۆی بڵێمـەوە تـاکو وشـە بـە وشـە لـە یادمـدا بمێنێتـەوە بـەو ئاواتـەی ڕۆژێـک هـەمـوو قسەکانی ئەو بۆ خەڵکی شارەکە بکەم.

کات بـەرەو بـەرەبـەیان دەچوو، دەرەوە کـەمێک ڕونـاک بـۆوە و ڕونـاکی دەهاتـە نـاو ژورەکـەوە و تـاریکی نـاو ژورەکـە بـەرەو کاڵبوونەوە دەچوو.

ماوەیەکـی زۆر دانیشتم و هـەر بیـرم لـە خـەوەکـە دەکردەوە. حـەوشـەکـە زۆر ڕونـاکتر بـۆوە، بـۆ دەسـت و دەم و چـاو و شـۆرین چوومـە حـەوشـەکـە. لـە دڵـی خۆمـدا گـوتم، «دیـارە دایکـم هـەر خەوتووە». بۆ یەکەم جار ویستم بەیانییەک نـان و چـا بـۆ دایکم ئامادە بکەم. لەناکاودا کارەساتی دوێنـێ ئێوارەی نـاو بـازاڕم بـە بیرهاتەوە. ئەوساتەم کەوتەوە خەیاڵ لەلای شێرازاد گەڕامەوە،

بە پەلە لە گەڵ تۆدا دوکانمان بە جێهێشت،، مێز و کەلوپەلەکانم بیر کەوتەوە. ئاگاداری ڕوداوەکانی دوایی نەبووین، بە سەرهاتی چارەنوسی کەلوپەلەکانم نەدەزانی.

شەو بە دیار چراکەوە هەر بە جل و بەرگی بازاڕەوە خەوم لێکەوت. جلەکانی دوێنێم هەر لە بەردا بوو بە پەلە بەرەو دەرگای دەرەوە چووم. دایکم لە حەوشەلەدا ڕاوەستا بوو.

_ دایە، ئەوە لە خەو هەستاویت؟ ئەم بەیانیە من ویستم نان و چای بەیانی ئامادەبکەم، وام زانی هەر خەوتویت.

_ زۆر باشە، ئامادەی بکە!... ئەی باشە بۆ کوێ دەڕۆیت؟

_ بۆ بازاڕ دەڕۆم، دەڕۆم بۆ دوکان. کارەساتی دوێنێ ئێوارەت بیرچۆتەوە؟ بڕۆم بزانم کەلوپەلەکانم ئەمجارە چیان بە سەرهاتووە.

_ هەر چییەکیان بە سەر هاتبێت، بچیت و نەچیت، تازە بە چی دەچێت بەم بەیانیە زووە دەچیتە دەرەوە. با تۆزێکیتر دنیا ڕوناک بێتەوە.

_ زوو نیە و دڕەنگە، دەبێت هەر ئێستا بڕۆم.

بە خێرای لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە، شپرزە و بێئارام هەستم لە لای خۆی نەبوو، ڕۆشتنم زۆر نائاسایی و جیاوازتربوو لەبەیانیانی پێشوتر. بە بێئاوڕدانەوە بە هیچ لایەکدا کۆڵانەکەم بڕی، ڕاستە شەقامەکەم گرتەبەر. سەرنجی هیچ لایەک و هیچ شتێکم نەدەدا. ڕێگا و بان زۆر ئاسایی و هێمن بوو، وەک دوێنێ ئێوارە کارەساتێک ڕوینەدەدابێت. خەڵک وەک ڕۆژانی پێشوتر ئاسایی بەرەو بازاڕ و دوکان و کارەکانیان دەڕۆشتن. ئەمە پیشەی هەمیشەی ئەم شارە بوو. ئەو شەوانەی هەراو وریا و فەرتەنە ببوایە، خەڵک کەمێک زوتر دەچوونە دەرەوە هەتاکو بزانن کە دوێنێ چی ڕویداوە. بەیانی ئەم شارە تەواو ڕوناکبۆوە. هەنگاوەکانی منیش خێرا و خێراتر

شەقامەکەی دەبڕی. بیر و هۆشم لە لای خەوەکە و قسەکانی مامە پیرە بوو، لەناکاو خەیاڵ دەیبردمەوە بۆ لای ڕوداوەکەی دوێنێ ئێوارە و بیری کەلوپەلەکانم دەکەوتەوە. دڵنیابووم کە هیچی بە سەر هیچەوە نەماوە، یان لە ژێر پۆستاڵی بارەشەکاندا تلیساوەتە یا خود بە دەستەپانەکانیان بە تاڵان براوە. هەر خۆیشم دڵخۆشی خۆم دەدایەوە و لە بەر خۆمەوە دەمگوت، ماڵی دنیا هیچ نیە، هەر سەر سەلامەت بێت. جارێکیتر بیر و خەیاڵ بۆلای خەوەکە کێشیان دەکردم و بیرم لە هەموو قسەکانی مامە پیرە دەکردەوە. لە بەر خۆمەوە هەموو وشەکانیم دەگوتەوە، هەوڵم دەدا وەک مامە پیرە لەسەرخۆ و بەجدی و بە پەرۆشەوە بدوێم. قسەکانی ئەوم بەبیر خۆم دەهێنایەوە. لاشعوری زۆربە خێرای بەرەو گوزەرەکە شەقامەکەم دەبڕی. نزیک بە شەقامەکەی خۆمان هەندێک کەلوپەلی ڕژاو و تێکەڵاوم بەرچاوکەوت. لە سنوری قەناعەت لامدا، «هەتا کەی بەم دەست درێژ کردنە ڕازیبین، مرۆڤ ماڵی نەما سەریشی نامێنێت». ئەمجارە ماڵ و سامان ناکەم بە قوربانی سەر، سەر دەبێت لە خزمەت و پارێزگاری ماڵدابێت. ئێمە هەمیشە بەرەو کەمبوونەوە دەچین، تاکو ڕۆژێک دێت خۆشمان نامێنین، ئەگەر سەریشمان نەما بڵێین چیخۆش؟ من دڵنیام ئێستا نە مێزەکە و نە کەلوپەلەکانم ماوە، چۆن بتوانم جارێکیتر بە گیرفانی خاڵی کەلوپەلیتر پەیدا بکەم، ئەمە ئەو خواستەی ئەوانە کە هەوڵی تێکشکاندنی گوزەرانمان دەدەن هەتاکو ناچاری داواو مەبەستیان بین. بە خێرای دیمەنی مێز و دوکانەکەم بە مێشکی خۆمدا دەهێنا و زۆر بە پەلەش بە هەنگاوە درێژەکانم شەقامەکەم دەبڕی. لەناکاو لەبەردەم دوکانەکەی خۆمدا، خۆم و کەلوپەلە پەرشو بڵاو مێزە شکاوەکەم بینی. ئەوەی ڕویدا بوو، هەر ئەوە بوو کە بەبیرمدا دەهات و بیرم لێدەکردەوە. مێزێکی

شکا و کەلوپەلی پەرش و بڵاو و تێکەڵاو، بێ کەڵک. سەرم گێژیدەخواردو دڵم دەگوشرا بەخەم، بەر چاوم تاریک بوو بە ناهەقی، بەڵام لە دڵەڕاوکێ و خەیاڵی جۆراوجۆر ڕزگارم بوو. ئەوەی حەزم پێنەدەکرد و بیرم لێدەکردەوە، ڕویدابوو، ئیتر پێویست بە دڵەڕاکێ و بیر کردنەوە ناکات. لە بەردەم دوکانەکەمدا ڕاوەستام، سەیری کەلوپەلەکانم دەکرد کە بە شەقام و سەرشۆستەکەدا بڵاوببونەوە و تلیسابوونەوە. تاکە تاکە خەڵک بە سەر شەقامەکەدا دەڕۆشتن و سەیری دوکان و بازاڕێکی خاپوریان دەکرد و پەرۆشی بینینی بازاڕەکانی خوارتر بوون. ئەو مێزەی کە دوێنێ ئێوارە کەلوپەلی لەسەربوو، بۆ من لەبری دوکان و مڵک و ماڵی چەند پشتم بوو، تەنها چەند پارچە تەختەیەکی شکاو و لە یەک ترازا و هیچیتری نەمابوو. پارچە تەختەکانم بە دەستەوە گرت، سەیری کەلوپەلە ڕژاوەکان و تەختە شکاوەکانم دەکرد و بە دوای چارەسەرێکدا دەگەڕام. قسەکانی شەوێی مامە پیرەم وشەبە وشەی بە بیر خۆم دەهێنایەوە. لە بەر خۆمەوە قسەکانم دەگوتەوە. وردە وردە وشەکانم بیر دەکەوتەوە. ناو بازاڕ و شەقامەکە زیاتر خەڵکی بەخۆوە بینی. منیش وەک قسە بۆ پارچە تەختەکان و کەلوپەلە ڕژاوەکان بکەم، بەردەوام بووم لە سەر وتنەوەی قسەکانی مامە پیرە. قسەم دەکرد و سەیری کەلوپەلە ڕژاو و تێکشکاوەکانم دەکرد. وەک مامە پیرە هەموو وشەکانی ئەوم دەگوتەوە، خەڵک زۆر زیاتر بە بازاڕەوە بوون و بە سەر ئەو شەقامەدا گوزەریان دەکرد، دراوسێ دوکانەکان و خەڵکانی تریش. منیش زۆر بەجدی قسەم لە گەڵ تەختە و کەلوپەلەکاندا دەکرد و هەموو وتەکانم دەگوتەوە، ئەو خەڵکانەش کە بەوێدا دەڕۆشتن بە دیقەتەوە لە ڕوداوەکەی دوێنێ ئێوارەیان دەڕوانی و لە دەورم کۆ بوونەوە و بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ قسەکانم ڕاگرتبوو. منیش هێدیهێدی

چوومە ناو دونیای خەوەکانو هیواکانم. بۆیەکەمجار لەناو کۆمەڵێك خەڵکی زۆردا راوەستام، وەک سەرکردەیەک قسەم بۆ دەکردن.

9

ماوەیەك پاش ئەو ڕوداوە هەمووەمان بڕیارماندا کۆ ببینەوە و لە سەر گیروگرفت و ئیش و کارەکانمان گفتوگۆ بکەن. سەرکەوت لە دوای کارەساتی ئەو ئێوارەیە و شکاندنی مێز و بە تاڵان بردن و پەرش و بڵاوکردنی کەلوپەلەکانی، کەمتر دەچوو بۆ بازاڕ. دەست مایە و پارەشی بە دەستەوە نەبوو سەر لە نوێ کەلوپەلی پێبکڕێتەوە و دووبارە خەریکی ئیش و کار بێت. خولیای قسە کردن و گێڕانەوەی خەوەکان و باسەکانی مامە پیرەی کەوتبووە سەر. ڕۆژێک دوای ڕوداوەکەی ئەو ئێوارەیە، بەرە بەیان چووە دەرەوە بۆ هەواڵی ناو بازاڕ و دوکانەکەی. لەبەر دەم و مێزێکی شکاو و کەلوپەلەێکی پەرش و بڵاودا خۆی بینییەوە. لە بەر خۆیەوە وەک قسە بۆ تەختە شکا و کەلوپەلەکانی بکات، وشەکانی شەوی مامە پیرەی دەگوتەوە و خەڵک وردە وردە لە دەوری کۆبوونەوە. ئەویش تاکو دەهات جدیتر و بە پەرۆشتر وەک سەرکەردەیەک قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد. دوا بە دوای ئەو ڕۆژە چەندین جاریتر لە شوێنە جیاجیاکاندا خەڵک کۆدەبوونەوە و ئەویش قسەی بۆ دەکردن. هەموو جارەکان سەرەتا باسی دیارییە پیرۆزەکانی بۆ دەکردن و گرنگی پێویستی بوونیان لە سەر ژیانی کۆمەڵ و مرۆڤ، گێڕانەوەی خەوەکانی مامە پیرە و ئەرکی سەرشانی خەڵک بەرامبەر بە پاراستنی دیارییە پیرۆزەکان. منو ئەو و هەموو هاوڕێکانیترمان پێمان وابوو پیرۆزی و خۆشەویستی بۆ خاک و ئەرکی پاراستنی ئەو پیرۆزی و خۆشەویستیە لە هەموو

دیارییەکانیتری خودا گرنگتر و پێویستره، هەموو دیارییەکانی خوا بۆ مرۆڤ پیرۆز بوون، هەر یەک لەو دیاریانە سیفاتێك یان چەند سیفاتێکی نزیک بە خوایان تێدا بوو. گرنگتین هەساره کە مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەو خۆی پێوەی هەبێت زەوییە، نیشتیمانیش پارچەیەک و بەشێکە لە زەوی. هیچ کەس و کۆمەڵێک بێ‌نیشتمان نابێت. نیشتیمان ماڵی یەکەمی کۆمەڵ و تاکە، مرۆڤ بێ‌ماڵ، بێ‌حاڵ و پەروازەیە. میللەتی بێ‌نیشتیمان وەک مرۆڤی بێ‌ماڵ و بێ‌سەره. هەر کەسێک یا خود میللەتێك لە ئەزەلەوە نیشتیمانێکی هەیە. سیفاتی بوونی ژمارەی «یەک» سیفاتێکی گەوره و پیرۆزی خوایە کە بە دیارییە هەره پیرۆزەکانی بەخشیوە.

پاراستنی ئەو دیارییە پیرۆزە ئەرکی ڕاستەقینەی مرۆڤە. بوون لە بێ خاکیا مەحاڵە، ژیان لە بێ‌نیشتیمانیدا پەرەوازە و تاڵە. لە سەر نیشتیمانێکی پیرۆز درێژە بە ژیان دەدرێت، مانەوەی زامەکانی خاک بە سارێژ نەکراوی کەمبوونەوەی پیرۆزی و گەورەییە. مەبەستی قسە کردن و بڵاوبوونەوەی خواست و ئاواتەکانمان، زامە قوڵە لە مێژینەکەی جەستەی خاک بوو. پێمان وا بوو لە سەر خاکێکی داگیر کراو و زامدار، نزاو ستیایش و پەیوەندیە ڕۆحانیەکەی مرۆڤ لە گەڵ خوای خۆیدا بەرجەستە نابێت.

لە سەر خاکێکی داگیر کرا و مرۆڤەکان بە دیلی دەبن و بە دیلی دەژین و دەمرن. دیارییە پیرۆزەکان لە سەر نیشتیمان پەیوەستن بە مرۆڤەوە. بەها و پیرۆزی ئەوان بە پیرۆزی و ئازادی خاکەوەیە. ئازادی گەوره ئەو ئازادییەیە کە هەموو مرۆڤێک لە گەڵ خۆیدا دەیهێنێت، لە سەر خاکێکی داگیرکرا و ئازادی گەورەی مولکی ئەزەلی مرۆڤ دەستە بەر نابێت. هەستکردن بە ئازار و ژانی نیشتیمان لە ناو زامەکانی خەڵک و

دیلی و بێئازادیدا سەریهەڵدا. پەرەسەندی بیر و باوەڕەکان و خۆشەویستی و بەگرنگ وەرگرتنی دیارییە پیرۆزەکان و ساڕێژ کردنی زامی خاک لە گەشەکردندا بوو. جگە لە سەرکەوت چەند کەسێکیتریش بە هەمان شێوە لە جێگا جیاجیاکاندا خەڵکیان کۆدەکردەوە و قسەیان بۆ دەکردن. کۆکردنەوەی هەموو هاوڕێکان بۆ یەکەم جاربوو. لەوێدا ڕومکردە هەموویان.

_ کوڕینە وەک ئەوەی کە تازە دروست بووە منیش وام پێباشە لە چەند لایەکەوە ڕۆژانە بەردەوام قسە بۆ خەڵک بکەن. ئەمە جگە لەوەی بیروباوەڕەکانمان زووتر و بە قەبارەیەکی گەورەتر بە ناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە، بارەشەکانیش ناتوانن و ناپەرژێن پەلاماری هەموو لایەک بدەن. سەرەتا وریا لە قوتابخانەکەی خۆیانەوە لە گەڵ هاوڕێکانیدا بەوکارە هەستێت، پاشان پەیوەندی دەکەین بە هەموو قوتابخانەکانیترەوە. ئەگەر تەنها کەسێک بەو کارە هەستێت، گرنگی زۆر نابێت لە ڕوی باوەڕ پێبوونمان لە لایەن خەڵکەوە. ئەگەر لە چەند لایەکەوە بێت مەترسی زیاتریش بۆ سەر بارەشەکان دروست دەکات و لەبەر چاوی خەڵکیشدا قەبارە و هەیکەلێکی گەورەتر وەردەگرێت.

چەند جارێک کاتی قسە کردن بۆ خەڵک، سەرکەوت زۆر بە پەلە لەدەست بارەشەکان هەڵهاتبوو، ئێستا بارەشەکان زۆر بە وردی چاودێری دەکەن و بە دوایدا دەگەڕێن. کەسێک بۆ ئەوان گرتنی ئاسانترە لە چەند کەسێک، بۆیە دەبێت بە تەنها هەر کەسێک نەبێت، بەڵکو چەند کەسێکی وریا و قسەزان بەو کارە هەستن و لە ناو بازاڕدا و شوێنەکانیتر خەڵکی کۆبکنەوە و قسەیان بۆ بکەن، هەر چەندە چەند جارێک جگە لە سەرکەوت ئەو کارە کراوە، دەبێت لە داهاتودا بە بەرنامەی داڕێژراو ئەو جۆرە چالاکییانە زیاتر بکرێت.

لــە ڕۆژی ڕوداوەکــەوە نــە دوکــانی مــابوو، نــە مێــزو نــە کەلوپەلـەکان. کاروکاسپی نـەبوو، زۆربـەی کاتـەکان لـە ماڵـەوە بوو. هەموو ژیانی هێندەی ئـەو ماوەیـە لـە ماڵـەوە نـەبووە. ئـەو کاتانـەی لـە نـاو بـازاڕ قسـەی بـۆ خـەڵک دەکرد یـا خـود لـە گـەڵ هاوڕێکانیدا کارێکی هەبوایە دواتر دەگـەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوە. من زوو زوو سـەردانیم دەکرد. دایکی زۆر خـەمـی کوڕەکـەی بـوو لـە بێئیشیدا زیاتر سەرقاڵی ئـەو کـارە نهێنیانـە ببێت. ئـەوەنـدەی خەمی ژیانی کوڕەکەی بوو، خەمی کاسپییەکی نەبوو کە بیکات. بـــەڵام پێـــی بـــاش بـــوو ئیشـــێک بکـــات و لـــەو کارانـــەش دوور بکەوێتەوە. دەترسا جارێکیتر توشی گـرتن و زینـدانی بێت. تکـای لێدەکـردم کـە ئـەوەنـدە خـۆی خـەریک نـەکـات بـەو کارانـەوە و لێیدوور بکەوێتەوە. سـەرکـەوتـی سوێند دەدا و لێـی دەپاڕایـەوە کە توشی خەم و ئازار و خەفەتی نەکات.

ـ ڕۆڵـە گیـان، تـەنها ئـەمجـارە بـە قسـەم بکـە و واز لـەو کارانـە بهێنە. ئەمجارە بتگرن، زۆر لە جاری پێشوتر خراپتـرت بـە سـەر دەهێنن، منیش توشی دەردەسەری دەبم و شێت دەبم.

ئەو کاتەش هەواڵی کوشتنی کوڕەکەی بیست، بـەو شێوەیـە نــەبـوو کــە پێشــتر چــاوەڕێــی دەکــرد، کاریگــەری ڕەنگدانــەوەی قسەکانی سەرکەوت بوو لە سەر دایکی.

ـ دایـە گیـان، تکایـەک لـە مامۆسـتا مـەکـە کـە حـەزی پێنـەکـات. مامۆســتا چــی لــە مــن بکــات کــە مــن بــۆ خــۆم ئــەم کــارەم هەڵبژاردووە، ئەویش بۆ خۆی وەک من سەرقاڵی ئەو کارەیە. کار لەوە تێپەڕیوە کـە تـۆ ڕێگـام لێبگریت یـا خـود تکـای واز هێنـانم لێبکەیت. نەک مـن، تـۆش دەبێت هاوکارمـان بیت و یارمـەتیمـان بدەیت. ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە. بە من دەڵێیت کـە واز بهێنم و خۆم لەو جۆرە کارانـە هەڵنـە قـورتێنم و بێدەنـگ بـم... . بێدەنگیمان ئاشکرایە ڕوداوی خراپتری لێدەکەوێتەوە. لە مێژەوە

لـە هـەمـوو بـارەیـەکـەوە لـە زۆرەوە وردە وردە کـەم دەکـەیـن و کـەممـان دەمێنێتـەوە تـاکو جارێک سـەر و گیانیشـمان نامێنێت. هـەمـوو دەبێـت هاوبـەش و هاوکـاربین، کـە ئێمـە هـەمووممـان بـەرهـەمـی خـۆڵ و خاکێـک بـین و هاوبـەش بـین لـە ئـازار و ئەشکەنجە و نەهامەتی. ئەوەی لەسەر ئەم خاکە بژی و هەنگاو بەسەر برینەکانی خاکدا بنێت، دەبێت کارمان لە گەڵدا بکات و ببێـت بـە دەرمـان بـۆ زامـی خـاک. پـەیـامی ئێمـە بـۆ خـەڵـک خۆشـەویستی و پیـرۆز ڕاگرتنـی دیارییـەکـانی خوایـە بـۆ مـرۆڤ. پاراستنی ئەو دیاریانە مانای وەفا و دڵسۆزی مەردومە بۆ خوای خـۆی. گـەورەتـرین دیـاری خـوا بـۆ مـرۆڤ «خاکـە». خـاک «نیشتمانە». نیشتمانی ئێمە بریندارە. گەورەترین دیاری خوا بۆ ئێمە دیل و زامدارە، سارێژ نەبوونی جەستەی خاک بێ وەفایی و دڵسۆز نەبوونە بەرامبەر بە خوا، تەنها ئەو کەسانە ئارامن، ئەو کەسانە بە وەفان دیارییەکانی خودایان بە پیرۆزی ڕاگرتووە کە ڕۆحیان کردووە بە قوربانی، ڕۆح دیارییەکیتری پیرۆزە کە خودا بـە مرۆڤـی بـەخشـیوە، ڕۆح تـەنهـا لـە پێنـاوی خاکـدا خـۆی دەبەخشێت، ئەو جەستانە ئاسودەن، ئەو دەرونانە پیرۆزن کە ڕۆحیان کردۆتە قوربانی «خاک». نیشتمان وەک دایکە، دایکیش خۆی یەکێکە لە دیارییە پیرۆزەکان. ئەرکی من بەرامبەر بە تۆ چەند پێویستە، بەرامبەر بە نیشتیمان دەبێت زیاتر بێت. خەمی تۆ، خەمی منە. ژانی تۆ، ژانی منە. زامی تۆ، ئازاری منە. خاک بۆ من دایکە. دایک و خاک هەر دوکیان دیارییە پیرۆزەکانن کە پەیوەندیان پێکەوە نزیکە. چۆن ناتوانم دەستبەرداری تۆ بم، ئاواش ناتوانم واز لەو کارە بهێنم و گرنگی بەدیارییە پیرۆزەکان نەدەم. دایەگیان جارێکیتر تکا لەماموستا مەکە، من لەوە دا نەماوم کەسێک بتوانێت ڕێگام لێبگرێت. ئێمە لە سەرەتای گەشەکردنداین. پێویستمان بە تۆ و هەموو کەسێکە. چەندین

ئـافرەتــی وەکـو تـۆ لــە گـەڵ ئێمــەدا لــە هــەوڵــی سـاڕێژ کردنــی برینــەکـانی جـەسـتـەی خاکـە، تـۆش جگــە لــەوەی یارمــەتیمـان نـادەیـت و هاوکارمـان نیـت و بــە ئــەرکــی ســەرشــانی خــۆت هەڵناسیت، تازە بە تازە گـەرەکتـە من دەست لـەو بیر و بـاوەڕە هەڵبگرم.

ـ ڕۆڵە گیان، دەزانم چی دەڵێیت و باسی چی دەکـەیت، باجی گـوڵچینیش زۆر شتی بۆ باسکردوین. دەزانـم کـە ئـافرەتـی وەکـو تـەمـەنـی منیشتان لـە گـەڵدایـە، بـەڵام ئێمـە چیمـان پێدەکرێت؟ مەگـەر هـەر دوعـا بکـەیـن و لـە خـودا بپاڕێیـنـەوە پـارێزراو بـن و بێوەیبن.

ـ دایـە گیـان، خـوا چـاکی ناکـات. خـوا بـەچـاکی و پـاکی هـەمـوو دیاریـەکانی پێبـەخشیوین. ئـەگەر ئێمە خۆمـان هـەوڵـی چاکردنی نەدەین، خواش یارمەتیمان نادات. ئێوە دایکن مانای توانا، ئێوە هـەمـوو شـتێکتان پێدەکرێت. ئـەگـەر توانـای کارێکتـان نیـە کـە پـەیـوەسـتـە بـە پیـرۆزی و گـەورەی خۆتانـەوە، ڕێگـریش مـەبـن بـۆ ئێمە. خۆڕاگربـە، ورەتان بەرز بێت، هەتاکو ئێمـەش لـە خـۆڕاگری و ورەی ئێوە توانا و کەڵک وەرگرین.

سـەرکـەوت خولیـای قسـە کردنــی بـۆ خــەڵـک زۆربـوو، ئــەو بابـەتـەی بـە گرنـگ وەردەگـرت. چێـژی لـەو وشـانـە وەردەگـرت کـە بیستبوونی و بـۆ خـەڵکـی دەگوتـەوە. بـە پـەرۆشـی خـەڵکـیش بـۆ گوێگرتن ئـەوەندەیتر سەرکـەوتـی بـۆ ئـەو کـارە هانـدەدا. خـەڵـک زۆر تـامــەزرۆی ئــەو جـۆرە قسـانـەبـوون. ناوبـانگی سـەرکـەوت و پـەیامـەکـەی زۆر بـە خێـرای بڵاوبـۆوە، لـەهـەر جێگایـەک و هـەر کاتێـک گونجـاو بوایــە خــەڵکـی کـۆدەکـردەوە. هــەمـوو چوونــە دەرەوەیـەک دایکـی چـاوەڕێـی هاتنـەوەی نـەبـوو. هـەر کـاتیکیش دەگەڕایـەوە بۆ ماڵەوە دایکی خـەمی چوونـە دەرەوەیـەکیتری بوو.

چالاکییەکان زۆر بەخێرای پەرەی سەند، زۆربەی ناوچەکانی تری گرتەوە و زۆر هاورێیتریش وەک سەرکەوت لە ناو خەڵکدا پەیام و بەرنامەکانیان بڵاو دەکردەوە. سەرکەوت لە هەموو کەسەکانی‌تر ناسراوتر بوو، بارەشەکان وێڵبوون بۆ گرتنی سەرکەوت. ئەوان بە شێت و نەفامیان ناو دەبرد. هەندێک جار خەڵک بە رووی بارەشەکاندا دەچوونەوە، «ئەگەر شێت و نەفامە بۆچی پەرۆشی دەستگیرکردنین؟ شێت ئەو قسە شیرینانە نازانێت، لێی گەرێن با قسەی خۆی بکات». لە هەر شوێنێک بواری هەبوایە و گونجاو بوایە قسەی بۆ خەڵک دەکرد، سەرنجی دەدا خەڵک چەندە گوێ بۆ قسەکانی و بۆ ناوهێنانی شتە پیرۆزەکان رادەگرن بە تایبەتی وشەی نیشتیمان.

چالاکی و کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ هاورێکانمانو لەگەڵ خەڵکدا بە خێرایی گەشەیان دەکرد. قوتابخانەکان باشترین جێگا بوون بۆ بڵاوبوونەوە وپەرەسەندنی بیر و باوەرمان بە ناو خەڵکدا.

من زۆر خۆشحاڵبووم بەو پەیوەندی و گەشەسەندنەی قوتابیە تازەکان و زیادبوونی ئەو کەسانەی وەک سەرکەوت لە جێگا جیاجیاکاندا قسەیان بۆ خەڵک دەکرد و باسی گەورەیی و گرنگی نیشتیمانیان دەکرد.

بەرێوەبەری قوتابخانەیەکی ئامادەیی لەلایەن بنکەی بارەشەکانی ئەو ناوچەیە بانگکرا بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو قسە و کۆبوونەوانە کە لە گۆرەپانی قوتابخانەکەدا ئەنجامدرا بوو. بە رێوەبەری قوتابخانەکە هەموو قسەکانی بارەشەکانی بەدرۆ خستەوە. زۆر بەجوامێری بە ئەفسەرەکەی گوتبوو... گەر شتی لەو جۆرەش کە ئێوە قسەی لێدەکەن لە قوتابخانەکەدا لە ئارادابێت، من ناتوانم رێگایان لێبگرم و دژایەتیان بکەم. رێگرتن، لە سەر رێگایان دەبم بە ژێر پێیانەوە، دژایەتی کردن

ئـەوان، دژایـەتیکردنـی خۆمـە. ڕۆژێکـی هـەینـی بـە ڕێـوەبـەری قوتابخانەکە دوای نوێژی هەینی ئەم بە سەر هاتەی بۆ هەموو خەڵکی ناو مزگەوتە گێڕایەوە و داوای لە مامۆستای مزگەوت کرد کە باسێک دەربارەی پیرۆزی نیشتیمان بخوێنێتەوە. سەرەتا مامۆستا ئامادە نەبوو، پیاوەکانی ناو مزگەوتەکە داوایان لە مەلا کرد کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خۆی وتارێک بخوێنێتەوە. ئەو خەڵکەی لە مزگەوتەکەدا بوون هەموویان خەڵکی ئەو گەڕەکانە بوون و یەکتریان دەناسی، بە ڕێوەبەرەکە پیاوێکی ناسرا و خۆشەویست بوو. ئەو ئێوارەیە باوکم لە ماڵەوە هەموو چیرۆکەکەی ئەو ڕۆژەی مزگەوتی بۆ گێڕامەوە.

من لە بەهۆی ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانەکەدا بوون و لەگەڵماندا پەیوەندیان هەبوو، بەڕێوەبەرەکەم باش دەناسی. هەڵوێستی بەرز و جوامێرانەی بەڕێوەبەرەکەم بۆ باوکم باسکرد.

بە سەرهاتی قوتابخانەکە و ڕوداوی ڕۆژی هەینی ناو مزگەوت هەر بە زویی بڵاو بۆوە. ڕۆژی دواتر لە ماڵی سەرکەوت بووم، ئەم چیرۆکەم بۆ سەرکەوت گێڕایەوە. سەرکەوت بەم هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو، شاگەشکە بوو. بە پەلە لە ماڵەوە هاتە دەرەوەو بەتەنها جێیهێشتم. دەمزانی بۆ کوێ دەچێت، بەڵام بەدەنگێکی بەرزی شادییەوە گوتم:

_ ئەوە بۆ کوێ دەڕۆیت؟ من لێرە بە تەنها جێدەهێڵیت؟ هێندە خێرا ڕۆشت، گەشتبووە ناو کۆڵانەکە. گوێی لێمنەبوو تاکو وەڵامم بداتەوە.

بە ڕێوەبەری قوتابخانەکە زوو لە سەر کار لابرا، بەڵام قوتابیەکان بە مامۆستایەکی پیرۆزتر ناویان دەبرد. کەس لە مامۆستاکان ئامادە نەبوون لە جێگای ئەو ببن بە بەڕێوەبەر لەو قوتابخانەیەدا. بارەشەکان مامۆستایەکی تایبەت بە خۆیان لەو قوتابخانەیە دانا. ئەو مامۆستایە تەنها دوو ڕۆژ توانی

بەردەوامبێت. قوتابیەکان چیتر درۆ وسوکایەتی بارەشەکانیان بۆ قبوڵ نەدەکرا. بە بێ بەڕێوەبەری گرفتێکی گەورە بوو بۆ بارەشەکان، هەنگاویکی سەرکەوتو بوو بۆ قوتابیەکان. بارەشەکان هەستیان بە هەڵەی خۆیان کرد لەو قوتابخانەیەدا. بە بێ بەڕێوەبەر جم و جۆڵ و چالاکی زیاترە و کەسێکیش نیە بەرپرسیار بێت. چەند جارێک بارەشەکان داوایان لە بەڕێوەبەرە کۆنەکە کرد بچێتەوە سەر کارەکەی، بەڵام ئەو قبوڵی نەکرد. هیچ کەس لە مامۆستاکانیش ئامادە نەبوون کە ببن بە بەڕێوەبەر. ئەو قوتابخانەیە بوو بە سەرچاوەی چالاکی و ڕێکخستنی بۆ هەموو قوتابخانەکانیتر.

پاش ماوەیەک قوتابیانی چەند قوتابخانەیەک هەستابوون بە کۆبونەوە و قسە کردن ، بەڵام نەیانتوانی بە ڕێوەبەرەکانی لە سەر کار لابەرن و گرفتی زیاتر بۆ خۆیان دروست بکەن.

دەسەڵاتی بارەشەکان لە ناو قوتابخانەکاندا وردە وردە بەرەو کزی دەڕۆشت، ئەوەش ئەنجامی هەوڵی قوتابیەکان و هەڵوێست و پشتگیری مامۆستاکان بوو. هەر زووش هەستیان بەوە کردهەتاکو بێدەنگ بن، بارەشەکان هەڵوێستیان خراپتر دەبێت.

ئەو خەڵکانە زۆر بوون وەک سەرکەوت قسەیان بۆ خەڵک دەکرد. ناوی سەرکەوت بە هەموو شاردا بڵاو بۆوە و هەموو کەسێک دەیانناسی. لە زۆر جێگای دەرەوەی شاریش ئەم کارە ئەنجام دەدرا. سروشت چالاکترین کەس بوو کە پەیام و بیر و باوەڕەکانی بە شوێنەکانیتر دا بڵاو دەکردەوە.

ڕۆژانە لە چەندین جێگادا چالاکی کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری ئەوانەی کە قسەیان بۆ دەکردن ئەنجام دەدرا. بە تایبەتی سەرکەوت هەمیشە قسەی بۆ خەڵک دەکرد. بارەشەکان زۆر بەجدی هەوڵی دەستگیرکردنیان دەدا. چەندین جار کاتی قسە کردن بۆ خەڵک لە دەستیان هەڵهاتبوو.

ئەو ڕۆژەی کە خەڵکێکی زۆری لێکۆببۆوە، زۆر بە پەرۆشەوە قسەی بۆ دەکردن. لە ناو زۆری ئەو خەڵکەدا بچوکترین دەنگ نەدەبیسترا. بڵاوە پێکردنی خەڵک بە هاتنی بارەشەکان ئاسایی بوو. هەر کاتێک بارەشەکان بهاتنایە خەڵک بڵاودەبوونەوە. لە ناو زۆری خەڵکدا بێدەنگی و گوێگرتن بۆ قسەکانی سەرکەوت جێگای سەرسوڕمان و هاندانی سەرکەوت بوو بۆ قسەی زیاتر هەر جارەی بابەتێکی تازەی باسدەکرد. بارەشەکان هەستیان بە گۆڕانی خەڵک کردبوو، کە وەک جاران بێدەنگی قبوڵ ناکەن، هەموویان وەک یەکەسن تەبایی و یەکگرتوی لەو پەڕی بە هێزیدایە. هەڵوێستی بارەشەکان بەرامبەر بە خەڵک بۆ ژمارەیەکی زۆرتر گۆڕا و لە جاران زیاتر لە ناو بازاڕدا دەسوڕانەوە.

بارەشەکان، ڕۆژانە بە دوای گرتنی سەرکەوتدا وێڵ بوون. ئەوان توانای خۆیان و خەڵکیتریان بۆ گرتنی سەرکەوت ئامادە کردبوو. هەمووومان هەستمان بە هەوڵی بارەشەکان کردبوو بۆ گرتنی، بەڵام ئەو هەرگیز دەستبەرداری هەڵوێستی خۆی نەبوو. ئەو ڕۆژەی لە گەرمەی قسەکردندا بوو، جم و جۆڵی خەڵک پەیدا بوو، گیڤەی بارەشەکان لە دورەوە دەهاتە بەر گوێ. خەڵک بەم کارە ڕاهاتبوون. بۆ پوچەڵ کردنی مەبەستی بارەشەکان هەر کەس بۆ دوکان و سەرکاری خۆی بڵاوەیان لێدەکرد. سەرکەوتیش زۆر بە وریایی خۆی لەناو خەڵکەکەدا ون دەکرد. پێش چەند ڕۆژێک کاتی کۆمەڵ بوونی خەڵك، پێکدادان لە نێوان بارەشەکان و خەڵکەکەدا ڕویدا بوو. چەند کەسێک دەستگیرکرا بوون کە هاوڕێی خۆمانیشی تێدا بوون. بارەشەکان دەیانزانی کە چەند کەسێک خەریکی کاری قسە کردنن بۆ خەڵک. گرتنی سەرکەوتیان لە لا گرنگتر بوو لە هەموویان. ناوی سەرکەوتیان دەمێک بوو بیستبوو. بارەشەکان هەوڵیان دەدا چالاکیەکان لەوە

زیاتر پەرە نەسێنێت و هەموو هەوڵێک پوچەڵ بکەنەوە. گرتنی سەرکەوت باشترین هۆ بوو بە لای بارەشەکانەوە بۆ نەهێشتنی کۆبوونەوەی خەڵك. لە ناو خەڵکەکەدا چەند کەسێکیان وەک سیخوڕ دروست کرد بۆ چاودێری کردنی سەرکەوت. دڵنیا بوون بە بێیارمەتی خەڵکی شارەکە گرتنی ئەو زەحمەتە. ئەو کەسانەش ئەوانەبوون کە بەها و پیرۆزی دیارییەکانی خوایان لە لا گرنگ نەبوو، خۆشیان وەک ئالەتێکی بەردەستی بارەشەکان لە خزمەتی ئەواندا ئیشیان دەکرد.

بارەشەکان هەموو هەوڵی خۆیان خستە پێناوی گرتنی سەرکەوت و هاوڕێکانی، بە گرتنی سەرکەوت هەموو ئەوانیتر گرتنیان ئاسان بوو. بەڵام ئەم بۆچونەیان دوور لە ڕاستیەوە بوو. هەرچەندە من داواملێکرد ماوەیەك خۆی ونبکات، بەڵام قبوڵینەکرد.

بەرنامەیەکی وردیان بۆ گرتنی سەرکەوت دارشت کە ئەمجارە کاتی کۆبونەوەی خەڵک لە دەستیان ڕزگاری نەبێت. سەرکەوت لە دوای هەموو قسە کردنێک لە ناو بازاڕدا بۆ خەڵکەکە، دواتر دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە هەتاکو دایکی دڵنیا بکات کە گەڕاوەتەوە.

دواین ڕۆژبوو کە سەرکەوت قسەی بۆ خەڵک کرد. هەر ئەو ڕۆژە لە کۆتایی قسە کردندا بارەشەکان پەیدا بوون و بڵاوەیان بە خەڵک کرد. سەرکەوت وەک هەموو جارێک بە خێرای بە ناو خەڵکەکەدا ڕۆشت و خۆی لە بارەشەکانی ون کرد و بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ. ئەو کەسەی کە گیان و جەستە و خاکی خۆی بە بارەشەکان فرۆشت بوو، هەنگاو بە هەنگاو چاودێری سەرکەوتی دەکرد. سەرکەوت بێئاگا بوو کە کەسێک وەک سیخوڕ بە دوایدا چاودێری دەکات هەتاکو گەرەک و ماڵەکەیان بۆ بارەشەکان ئاشکرا بکات. بارەشەکان نەیانویست لە ناو

بازاڕدا هەوڵی گرتنی بدەن بە بەرچاوی خەڵکەوە، جگە لەوەش ترسی سەر نەکەوتنی هەوڵەکەیان بوو. دەیانزانی بە کردوەیەکی لەو جۆرە توشی ڕووبەڕوبونەوەی خەڵک دەبوون.

سەرکەوت زۆر بەخێرای بەرەو ماڵەوە دەڕۆشت. سیخورەکەش بە هەمان خێرایی هەنگاو بە هەنگاو بە دوایدا دەڕۆشت. تا کۆتایی شەقامەکە و ناو کۆڵانەکە هەر بە دوایەوە بوو. دەستنیشان کردنی کۆڵان و خانووکەیانی بە جوانی کێشا بۆ بارەشەکان. گرتنی مسۆگەر کرا. سەرکەوت بە بێخەم چووە ماڵەوە. کەس ئاگاداری ئەم پلانە داڕێژراوە نەبوو.

لەو کاتەوەی کە دایکی ئاگاداری کارەکانیان بوو، کەمتر لە جاران ترسی لە دڵدابوو. دەیزانی دوای هەموو ئەنجامدانی کارێک و چوونە دەرەوەیەک، جارێکیتر دووبارە دەبێتەوە. هەموو چوونەوەیەک بۆ ماڵەوە دایکی ئاسودە دەبوو تاکو جارێکیتر دەچووە دەرەوە. دڵەڕاوکی و ترسی کەمبۆوە، هەستی دەکرد هەموو کچان و کوڕانی کۆڵانەکە و هەموو شارەکە وەک سەرکەوت سەرقاڵی ئەو جۆرە ئیش و کارەن. ئەو ڕۆژگارە ڕێز گرتن لە دیارییە پیرۆزەکان و بەشداری کردنی خەڵک لە خزمەتی پیرۆز ڕاگرتن و پاراستنی دیارییەکان بە تایبەتی «خاک» ببوو بە نەریت و ئەرکی سەرەکی خەڵک. کەسێک گەر بەرامبەر بە خاک بێ‌هەڵوێست بوایە، کەسێکی ترسنۆک و شەرمەزار بوو. وەک جاران ترسی کوڕەکەی لە دڵدا نەبوو، شانازی دەکرد کە دایکی سەرکەوتە بەڵام وەک دایکێکیش پەرۆشی سەلامەتی کوڕەکەی بوو. بە تەنها کوڕەکەی ئەو نەبوو کە ژیانی خۆی خستۆتە مەترسییەوە، خەڵک بە گشتی گۆڕا بوون، هەموو «کڵاوەکەی خۆیان فڕێدا بوو، ئیتر خەمی شتێکیان نەبێت کە دەستی پێوە بگرن». گرتنی هەندێک لە قوتابیان ورەی خەڵکی بەرز کرد بۆوە کە زیاتر هەوڵبدەن و هاومەبەست

بن لە ئیش و کارەکانیان بەرامبەر بە بەرگری و پاراستنی خاک بە تایبەتی دایکەکان. چالاکی خەڵک بە تایبەتی قوتابیەکان لە مەڕ کۆبوونەوە و قسە کردن زۆر پەرەیسەند بوو. نزیک قوتابخانەیەکی گەڕەکەکەی ماڵی سەرکەوت، منیش بە یارمەتی چەند هاوڕێیەکمان قوتابیەکانمان کۆکردبۆوە قسەمان بۆ کردن. لە دوای بڵاوەکردن، بەرەو ماڵی سەرکەوت ڕۆشتم. کە چوومە ژورەوە هێشتا سەرکەوت لە دوای ئەو ڕوداوەی بازاڕ و هاتنی بارەشەکان و بڵاوەکردنی خەڵک نەگەڕابۆوە. دایکی کەبەبێ سەرکەوت بینمی، توشی کەمێک دوودڵی بوو.

_ مامۆستا گیان، سەرکەوتت لە گەڵ نیە، خۆ هیچ نەبووە؟

_ نا دایە گیان، هیچ نەبووە. هاتم سەرکەوت ببینم.

دەرگای حەوشەکە کرایەوە و سەرکەوت بوو هاتە ماڵەوە.

_ باش بوو خۆت لێرە بوویت مامۆستا، چۆنت زانی ئیشم پێتە هاتی بۆ ئێرە؟ وەرە با بچینە ژورەوە.

هەرسێکمان چووینە ژورەوە، ڕوداوی ئەمڕۆمان بۆ یەکتری گێڕایەوە. جاران دایکی بە قسەی هەلەق و مەلەق ناوی دەبردین، ئێستا زۆر بە پەرۆش و بە خۆشیەوە گوێی بۆ ڕاگرتبووین. ئەم جۆرە باسانە لە ناو شاردا قسەی سەر زاری خەڵک بوو، لە کۆڵان و شەقامەکان، لە بازاڕ و دوکانەکان، لە مزگەوت و قوتابخانەکان، هەر ئەم باسانە لە ئارادا بوون. لە قوتابخانەکاندا مامۆستاکان هاندەری یەکەم بوون بە شانازییەوە لە بەر دەم ئەرکێکی نەتەوایەتی ڕۆحی خۆیان دەخستە مەترسیەوە و باسی بەشداربوونی خۆیان و قوتابیەکانیان دەکرد لە چالاکی و ڕێکخستنی کۆبوونەوەکاندا.

دووبەدوو هەر دووکمان قسەمان بۆ یەکتری دەکر و باسی هەموو ئەو پەیوەندیانەمان دەکرد کە لە ناو خەڵکەکەدا هەبوو.

دایکی سەرکەوت بە بێ ئەوەی کە پرسیار و گومانێکی هەبێت هەر گوێی گرتبوو.

لە گەڵە ئەوەی زۆربەی خەڵکی شار پشتگیریمان دەکەن و باوەڕیان بە هەموو قسەکانمان هەیە و پیرۆزی دیارییەکانی خوایان لە دڵدایە ، بارەشەکان زیاتر لە جاران بە ناو بازاڕدا بڵاوبوونەتەوە و چاودێری هەموو لایەک دەکەن. ئێمەش دەبێت زۆر ئاگاداری خۆمان بین، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە بە تەواوەتی گەشەمان سەندووە، دەستگیرکردنی ئێمە دەبێتە مایەی بێئومێدی خەڵک، وریایمان لە خۆ پاراستنی با ڕەشەکان زۆر پێویستە. بەسەرکەوتم گوت:

هەر چۆنێک بێت سبەینێ دەبێت سەردانی ماڵی ئازاد بکەین و چاومان بە دایکی بکەوێت، بە هۆی گرتنی ئازادی کوڕەیەوە ئێستا بێتاقەت و دڵتەنگە.

دایکی سەرکەوت بۆ یەکەم جار بوو بیەوێت یارمەتیمان بدات و بەشداری چالاکیەکانمان بێت، ئەگەر ئەرکێکی کەمیش بێت.

_ ئەگەر ئێوە نەتانتوانی بچن، من ئامادەم لە گەڵ باجی گوڵچین لە بری ئێوە سەردانی دایکی ئازاد بکەین و هەواڵی ئێوەشی پێ ڕابگەیەنین، ئەگەر ئیشێکیترتان هەبوو بەوان، من ئامادەم.

هەردووکمان بەو هەڵوێستە زۆر شادمان بووین. ئەو یەکەمجار بوو ئەوەندە بە پەرۆشە گوێ بۆ قسەکانمان بگرێت و ئامادەیی خۆی پیشانبدات بۆ یارمەتیدان.

هەر سێکمان لە ژورەوە سەرگەرمی قسە و گفتوگۆ کردن بووین. باجی گوڵچین هاتە ژورەوە. بڕۆشتایە بۆ هەر ماڵێک لە دەرگای نەدەدا، وەک ماڵی خۆیان یەکسەر دەچووە ژورەوە.

باجی گوڵچین ئەو کاتە لە ناو بازاڕ هاتبۆوە. بۆ هەواڵ پرسینی سەرکەوت هاتبوو، لە ناو بازاڕ ڕوداو و کارەساتی کۆبوونەوە و هاتنی بارەشەکان و بڵاو پێکردنی خەڵکەکەی بیستبوو. دڵنیا بوو کە سەرکەوت خەڵکی کۆ کردۆتەوە و قسەی بۆ کردوون. ئەمڕۆ لە زۆر جێگای شار چالاکی قسە کردن لە سەر دیارییە پیرۆزەکان بۆ خەڵک ئەنجام درا بوو. کۆبوونەوەی ناو بازاڕ لە لایەن سەرکەوتەوە لە هەموویان گەورەتر بوو. باجی گوڵچین وەک لە ناو بازاڕ شتێکی بیستبێت زۆری لە سەرکەوت دەکرد کە شەو لە ماڵی خۆیان نەخەوێت و بچێت بۆ ماڵی ئەوان. بۆ سەردانەکەی ماڵی ئازادیش باجی گوڵچین ئامادەیی خۆی پیشاندا.

لە ڕێگەی ئەو نامەیەی سروشت ناردبووی، ئەو هەواڵانەشمان بیست کە لەو شارانەیتر ئەنجام درابوو. چەند هاوڕێیەکیشمان لە لایەن با ڕەشەکانەوە دەستگیر کرابوون. لە زۆربەی شارەکانیتر چالاکی و جم و جۆڵی خەڵک زۆر گەشەی سەند بوو. سروشت لە نامەکەیدا داوایکردبوو، من یاخو سەرکەوت هەر چۆنێک بێت، یەکێکمان بگەینە ئەو شارە و دەربارەی پەیوەندیەکان قسە لە گەڵ هاوڕێکانی ئەوێدا بکەین. سەرکەوت بە داواکەی سروشت زۆر خۆشحاڵ بوو، ئارەزوی بوو هەر ئەو کاتە بچێت و چاویشی بە سروشت بکەوێت. من دەمزانی کە سەرکەوت زۆر تامەزرۆی بینینی سروشتە، بەڵام بە گرنگم دەزانی کە جارێ لێرە دەستەیەک دابمەزرێنن بۆ ڕێکخستنی کارەکانمان.

سەرکەوت دەیوست لەم کاتەدا بچێت ئەگەر ماوەیەکیتر تێپەڕێت، ئەو کاتە سروشت خۆی دەگەڕێتەوە. دایکیشی هەر چەندە لە قسەکانی باجی گوڵچین تێگەشت کە سەرکەوت

باشترە لەماڵی خۆیان نەبێت، هێشتا حەزیشی نەدەکرد بچێت بۆ ئەو شارەی کە سروشتی لێدەخوێنێت، دەترسێ توشی گیروگرفتی زیاتر بێت و ماوەیەکیش لێی دووردەکەوێتەوە، ئەویش بۆ دایکی خۆش نەبوو.

_ سەرکەوت، مامۆستا ڕاستدەکات، کارەکانتان جارێ ڕێکبخەن لێرە، هەر دوکتان پێکەوە بن باشترە. هەر چیەکیش بە من بکرێت، ئامادەم یارمەتیتان بدەم.

هەمووماڕ هەڵوێستی ئەومان پێ خۆشبوو. هەستمان بە گۆڕانێکی گەورە دەکرد لەو ئافرەتەدا. ئەو ڕۆژە گوژمێکی گەورە بوو لە گۆڕان و گەشە کردنی هەمو خەڵک بەرەو ئامانجێک.

کاتی ئێوارە بوو، ماڵی سەرکەوتم بەجێهێشت. لە ناو کۆڵانەکەدا بەختیارم بینی، بەرەو ماڵی ئەوان دەچوو. هەواڵی خۆی و برادەرەکانیم پرسی دەربارەی گۆڕانکاری و ڕوداوەکان. ڕۆژگارێکی زۆر گەش بوو لە مەڕ پەرەسەندی بیر و باوەڕەکانمان. ڕوداوە تازەکان زۆر بوون. بەختیاریش کۆمەڵێک باسی تازەی پێبوو. ئەویش کشانەوەی بارەشەکانی لە ناو بازاڕدا بیستبوو. ئەم کشانەوەیە پلانێکی نوێ بوو کە خەڵکی ناو بازاڕی خستبووە گومانەوە. بارەشەکان بۆ ئەنجامدانی کارێکی نهێنی گەڕابوونەوە مۆڵگاکانی خۆیان. خەڵکی بە چەندین بیر و بۆچونی جۆراوجۆر ئەم کشانەوەیەیان لێکدابۆوە. زۆربەی خەڵک لە سەر ئەوە یەک بیر بوون کە بارەشەکان لە نیوە شەودا نیازی هەڵمەتێکی ڕەش بیگیریان لە هەموو شاردا بە دەستەوەیە.

هەر کاتێک بەختیارم دەبینی گفتی لێوەردەگرتم کە ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ لە ناوچەکەی خۆیان بە سەرپەرەشتی خۆی و بە دەستی خۆی بکاتەوە، منیش هەموو جاریکێش لەو بەڵێنە بەختیارم دڵنیا دەکردەوە.

ئێوارەیەکی درەنگبوو، نەمتوانی دووبارە بگەڕێمەوە بۆ ماڵی سەرکەوت. بەبەختیارم گوت
_ بەختیار، ئێستا من لە ماڵی سەرکەوت بووم، من ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای ئەوان، تۆ هەواڵی کشانەوە بارەشەکانیان پێڕابگەیەنە کە نیازی هەڵمەتێکی گەورەیان هەیە و سەرکەوت باشترە کە ئەمشەو لە ماڵی خۆیان نەخەوێت و نەمێنێتەوە.
گرنگی چالاکیەکان لە ناو دەرونی خەڵکدا بەهایەکی گەورەی هەبوو. سەرکەوت گەورەیی پێشکەوتنەکانی خەڵکی لە هەڵوێستی دایکیدا دەبینی. ئیتر ترسی دڵەڕاوکێ و ڕێگرتنی دایکی نەبوو. ڕۆژێکی نوێ بوو بە لای خەڵکی شارەکەوە، وەرچەرخانێکی گەورە بوو. سەرکەوت و دایکی و باجی گوڵچینی لە ژورەوە دانیشتبون کە بەختیار چووبوو بۆ لایان. بەختیار هەموو هەواڵەکانی ناو بازاڕی بۆ باس کردبوون، کشانەوەی بارەشەکانیشی بە گرنگیەوە بۆ گێڕابوونەوە کە هەموو خەڵک کۆکن لە سەر ئەوەی هەڵمەتیکی گەورەیی ڕەشبگیری ئەم شەو ئەنجامم دەدرێت. ڕاسپاردەکی منیشی پێڕاگەیاندبوو کە زۆر گرنگە ئەمشەو لەماڵی خۆیاندا نەمێنێتەوە.
سەرکەوت حەزی دەکرد هەمیشە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە گەڵ دایکیدا بێت. دڵنیا بوو لەوەی ئەگەر بارەشەکان بۆ گرتنی ئەو بێن و لە ماڵ نەبێت لە بری خۆی دایکی دەگرن و دەیبەن و سوکایەتی پێدەکەن. مانەوەی سەرکەوت ئەمشەو لە ماڵی خۆیان گرنگی تایبەتی هەبوو. هەموو خەوەکانی لە گەڵ پیاوە پیرەکەدا لە ژورەکەی خۆیدا دەبینی، پێی وابوو هەر لەو ژورەدا بەو پیاوە دەگات. ئەمشەو زۆر گرنگ بوو کە لە خەویدا بەو پیاوە بگات، بۆیە حەزیدەکرد شەو لە ماڵی خۆیان بمێنێتەوە. ئەمە تەنها بۆچوونی خۆیبوو، گومانی تێدا نەبوو لە هەر جێگایەکیتر بنوێت مامە پیرە بێتەوە خەوی. تکای لە

دایکیکربووکە هەر چییەک ڕوبدات بەڵام لە ژورەکەی خۆیدا بخەوێت. لە هەموو شەوێک زیاتر ئیشی بە مامە پیرە هەبوو. دەکرا ئەمشەو دایکیشی لە ماڵەوە نەبێت، بۆ ئەوەی کە بارەشەکان بۆ گرتنی سەرکەوت هاتن لە بری خۆی دایکی نەگرن و لە گەڵ خۆیاندا بیبەن. بەڵام ئەم هەموو کەسە لەم شارەدا بۆ کوێ بچن، تەنها ئەو کەسانە گرنگ بوون کە جێگای گومان لێکردن بوون. ئاوات و هیوای سەرکەوت بینینی ئەو شارە بوو، بینینی ئەو کەسە میهرەبانانە بوون کە مامە پیرە پەیمانی پێدا بوو لەو شارەدا چاوی پێیان بکەوێت، بە تایبەتی باوکی. سەرکەوت دڵنیا بوو چاو پێکەوتنێکی کورتە و تەنها لە خەویدا دەیانبینێت، کەی بە ئاگاهاتەوە هەموو دیدارەکان کۆتاییان پێدێت. لە هەموو خەوێکیدا چاوەڕوان بوو کە مامە پیرە بۆ ئەو شارەی بەرێت، ئارەزوی خەوبینینی بەو پیاوەوە، بینینی ئەو شارە هۆیەکی گرنگ بوو. بەڵام ئەو کاتەی کە سەرکەوت لە سەر ڕێگا پان و بەرینە خاوێنەکە، گەشت بەو پیاوە میهرەبانە، پێشتر چاوەڕوانی ئەوی نەدەکرد، بە نیازیش نەبوو کە بیبینێت. تەنانەت لە خەیاڵیشیدا نەبوو.

ڕێگایەکی فراوان و خاوێن و بێدەنگ. شنەی بایەکی فێنێک دەهات کە بۆنی هەموو گوڵەکانی لە خۆ گرتبوو. دار چوالەی گوڵە سپیلیکەیی لە هەر دوو بەری ڕێگاکە بەریز ڕوا بوون و سەرنجی سەرکەوتیان ڕادەکێشا. یەکەم جاربوو ئەو ڕێگا و جێگایە ببینێت، سەرنجی هەر چوار لای دەدا، دەیڕوانیە ئەو سەری ڕێگاکە، ڕێگاکە هەتاکو چاوبڕ بکات درێژ ببۆوە و لەو سەرەوە بە خاڵێکی بچوکی پڕشنگدار کۆتایی پێدەهات. سەرکەوت بە هەموو لایەکدا دەیڕوانی، هەستی دەکرد هەموو دیمەنەکان تازەن و پێشتر نەیبینیوە، ئەم دیمەنانە جیاواز

بوون لە خەوەکان و ئەو دنیا ڕاستیەش نەبوو کە تێیدا دەژیا. هەستی کرد کە خەو نیە دەیبینێت. هەستی بە بۆنی دایک نەدەکرد. خەیاڵی لە لای هاوڕێکانی و گوتەکانی ناو بازاڕ نەبوو. وەک منداڵێک خۆی دەهاتە بەرچاو لە چۆڵەوانیەکدا چاوەڕوانی باوکی بکات. خۆشەویستی باوک جۆرێکیتره، جیاوازتره لەهی دایک. هەمیشە لە خەوەکانیدا چاوەڕوان بوو کە ئەو پیاوە ببێنێت، کەچی ئەوەی کە ئێستا ئەو بیری لێناکاتەوە، ئەو پیاوە پیرەیە. تەنها سەرنجی دیمەنە قەشەنگەکانی ئەو ڕێگایەی دەدا و دیمەنەکانیش سەرنجی ئەمیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا. وردەوردە بە ڕێگاکەدا دەڕۆشت و سەرنجی هەر دوو ڕوبارە باریکەکەی ئەم بەر و ئەو بەری کەنار ڕێگاکەی دەدا. جاربەجار گوڵە سپیە ناسکەکانی دار چوالەکان دەکەوتنە خوارەوە و بە لەنجە بەسەر پشتی وردە شەپۆلەکانی هەر دوو ڕوبارەکەدا بەرەو خواردەچوون. پەپولە زەرد و سور و ڕەنگاوڕەنگەکان بە خێرایی باڵەکانیان بە یەکدا دەدا و وردە بریسکەی ڕوناکیان بە چاوی سەرکەوتدا دەدا. زۆر ئاسودە دەبوو، چاوەکانی گەش ببوونەوە، زەردە خەنەیەکی هەمیشە لە سەر لێوەکانی بوو وەک کەسێک بە هەموو ئاواتەکانی گەشتبێت.

ڕێگایەکی فره دیمەن و جوان بوو، دار چوالەکان دیمەنێکی نازداریان بەو جێگایە بەخشیبوو، وەک هەمویان لە یەک کاتدا چاندرابن یەک بەرزی و یەک قەوارەیان هەبوو. لق و پۆپ و ئەستوری و گەڵا و گوڵیان بە ئەندازەی یەکتر بوو. هەموویان یەک تەمەنیان هەبوو. سەرنجی هەموو دارەکانی دەدا، بە درێژایی ڕێگاکە دار چوالە بوو، لە پاڵ دار چوالەیەکدا لە ناکاو تارماییەکی سپی بینی، هەر زوو زانی پیاوە پیرەی هاوڕێیەتی. وردە وردە بەرەو تارمایەکە ڕۆشت. پێش ئەوەی بە تارمایەکە

بگات بڕیاریدا کە ئەم شەو پێی بڵێت بۆ شارەکەی بەرێت. جارێکیتریش کەوتە گومانەوە، ئەوە خەو نیە دەیبینێت. بەدەم خەیاڵ و گومانەوە گەشتە بەردەم پیاوەکە. پێش ئەوەی کە ئەم پرسیاری لێبکات، پیاوە پیرەی هاوڕێ خەوی گوتی، تۆ بۆ خۆت بۆ ئێرە هاتوویت، ئێستا لە سەر ئەو ڕێگایەین کە بەرەو شارەکە دەچین. هێواش هێواش بە ڕێگاکە دا دەڕۆشتن. چوار پەپولەی ڕەنگاوڕەنگ بە سەر سەریانەوە بە لەرەی باڵەکانیان ئاوازێکی نەرمی دڵگیریان سازدابوو. چوار پەپولەی بچوکی هاو تەمەن، ئەوان سەردەمێك پێشەنگی شارەکەی خۆیان بوون، پێکەوە بۆ ئەم شارە سەفەریان کردبوو.

بێدەنگ و بێورتە دەڕۆشتن. چاوی بە هەموو دیمەنە تازەکاندا دەگێڕا کە دەهاتنە سەر ڕێگایان. بە دەم ڕێگا ڕۆشتنەوە تارمایی دایکی هاتە بەر چاو. لە ژورەکەی ماڵی خۆیاندا دایکی بینی لە بەر ڕوناکی چراکەدا فرمێسکەکانی دەنک دەنک لە چاوەکانیدا دەخزانە کۆشی و بزر دەبوون و بۆی کۆنەدەبوونەوە.

ئەوە سێ شەوە بە سەر گرتنی کوڕەکەیدا تێپەڕیوە و هەواڵی نازانێت. لە هاتنی ئێواران و شەو بێزار دەبوو. حەزی بە تەنهای نەدەکرد و ئارەزوی کەسیشی نەبوو لە لای بێت. بە ڕۆژ ژنانی گەڕەک لە دەوری کۆدەبوونەوە و دڵنەواییان دەکرد و هەندێک جاریش من و هاوڕێکانی سەر دانیمان دەکرد. ئامادەیی هیچی تێدانەبوو، کەسیش هیچی لێنەدەویست، لە هەموو شتێک بێزار بوو، بەڵام باری دەرونی زۆر لەوە باشتر بوو کە پێشتر چاوەڕوانی لێدەکرا ئەگەر ڕوداوێکی لەو جۆرەی بە سەر بێت. هاتنی هاوڕێکانی پێباش نەبوو لەم کاتەدا، لە بەر هەڵمەتی بارەشەکان. بەڵام من پێم‌لێنەدەبڕی.

ئەو ئێوارەیەی کە هەموومان لە ماڵی خۆیان پێکەوە بووین و دواترمن بە جێمهێشتن و لە ناو کۆڵانەکە بەختیارم بینی و داواشم لێکرد بە سەرکەوت بڵێ «شەو لە ماڵی خۆیان نەمێنێتەوە». سەرکەوت زۆر تکای لە دایکی کردبووکە شەو لە ماڵی خۆیان بخەوێت، بەڵام قسەی دایکی بۆ نەشکا. ئەوە دوا ئێوارەی سەرکەوت و دایکی بوو.

لە ڕۆژانی دوایدا سەرکەوت زۆر نمونەی ئەو دایکانەی کە یارمەتیان دەداین بۆ دایکی باس دەکرد. باسی دایکی ئازادی دەکرد کە چۆن بە گژ بارەشەکاندا چۆتەوە، لەو ڕۆژە شەوە کوڕەکەیان گرتووە لە تۆڵەی ئازاد لە جاران زیاتر بەشداری چالاکی و یارمەتیان دەدات و کارەکانی جێبەجێ دەکات.

هەر ئەو ئێوارەیە دایکی سەرکەوت و باجی گوڵچین بە بۆنەی گرتنی ئازادەوە سەردانی دایکیان کردبوو. هەرچەندە ئێوارەکی دژوارو درەنگبوو، بەڵام ماڵەکەیان نزیکی خۆیانبوو. ئەو ژنە قارەمانە سەرەڕای ئەوەی کە کوڕەکەی گیرا بوو، دڵنەوایی ئەوانی کردبوو، باسی ئەرکی سەرشانی خۆی بۆکردبوون و باسی گەورەیی و پیرۆزی نیشتیمانی بۆ کردبوون. کە سەرچاوەی هەموو بوونێکە. کە منداڵە خۆشەویستەکانی بۆ خوڵقاندن. دایکی سەرکەوت بە چاوی خۆی ئەو ژنە قارەمانەی بینی، بە گوێی خۆی گوێی لە قسە ئاگراویەکانی بوو، وەک پاڵەوانێکی سەرکەوتوو قسەی دەکرد.

ـ هەر من منالم نەگیراوە، گیراون لە سەر ئەرکێکی گەورە و پیرۆز کە جێگای شانازییە بۆ ئێمە و بۆ خۆیان گەورەییە. ئەمڕۆ ناسبەی هەر ئازاد دەکرێن، چیان لێدەکەن؟ چیان کردووە؟ هەر چییەکیشیان کرد بێت لە پێناوی شتێکی پیرۆزدایە، هەر چییەکیشیان بە سەر بێت لە لای خەڵک پیرۆز و خۆشەویست دەبن. لە باوەشی دایکیان دەترازێن، دەکەونە باوەشی دایکێکی

گەورەتر کە ئەم خاکەیە. من دەزانم تۆ دایکی سەرکەوتی، ماوەیەک بارەشەکان گرتیان، دواتر ئازاد کرا و بوو بەو کورەی کە هەموو کەس خۆشیان بوێت و گوێی بۆ قسەکانی رابگرن. ئەمە بۆ تۆ شانازییە کە کوری وا قارەمانت هەیە.

دایکی سەرکەوت زۆر جار نمونەی ئەم دایکانەی لە کورەکەی بیستبوو. ئەو شەوانەی کە سەرکەوت دەستگیر کرا بوو، لە تەنهایدا دەچووە ناو بیرەوەریەکانەوە. بیری قسەکانی دایکیئازادی دەکەوتەوە و بە بەر چراکەوە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە. دایکی دەیزانی بە تەنیا کورەکەی ئەو خەریکی ئەو جۆرە کارانە نیە و زۆربەی خەڵکی شارەکە پێکەوە ئیش بۆ مەبەستێک دەکەن. چەند بە دایکی دەگوت، دایە گیان ئەوەندە دڵت لە لای من نەبێت، زۆربەی خەڵکی ئەم شارە و ناوچەکانیتریش پێکەوە بۆ مەبەستێک ئیش دەکەین. بە تەنیا تۆ کورت نیە، هەموو ئەو کور و کچانەش دایکیان هەیە. دایە گیان تۆ ئاگاداری کارە نهێنیەکانی منیت. من دەمەوێت پێت بڵێم: ئەگەر ئەمجارە بارەشەکان گرتیانم، نامەوێت لەماڵەوە دابنیشیت و خەریکی شین و گریان بیت و ژنانی گەرەک لە خۆت کۆبکەیتەوە. دەمەوێت تۆش هەمیشە وەک ئەو بیت، تۆ نازانیت خۆراگری تۆ بۆ من چەندە گرنگە. من ئەمەوێت دایکەکانیتر چاو لە قارەمانێتی تۆ بکەن، تۆ ببیت بە نمونەی دایکێکی چالاک بۆ هەموویان. ئیش و کارەکانی ئێمە زۆر ئاسانە بە هەموو کەسێک رادەپەرێت، ژن و پیاو گەورە و بچوک و ساغ و ناتەواو، بە هەموو کەس، هەر کەس بە پێی توانای خۆی.

سێ شەو بوو سەرکەوت گیرا بوو. ئەو شەوە دایکی زۆر هەوڵیدا فرمێسکە رژاوەکان کۆبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی هەر وا بە خۆرایی دەرژان و نەدەمان. قسەکانی سەرکەوت و دایکی

ئازاد و هەموو دایکەکانیتر کە هاوکاریان دەکردن، بە بیر خۆی دەهێنایەوە. بڕیاریدا ئیتر کۆتای بە گریان و دۆش دامان بهێنێت و لە بەیانی زوترینە لە تۆڵەی گرتنی کوڕەکەی شان بە شانی دایکەکانیتر درێژە بە هەوڵ و کارەکانی کوڕەکەی بدات. ئەو ماوەیە منیش هەموو ڕۆژێك سەردانمدەکردو دڵخۆشیمدەدایەوە.

دوا شەو بوو کە سەرکەوت و دایکی پێکەوە بوون. تاکو ئەو کاتەی سەرکەوت بۆ ماڵی باجی گوڵچین چوو، دوو بە دوو قسەیان دەکرد و بەختیار و باجی گوڵچینیش گوێیان بۆ گرتبوون.
سەرکەوت و بەختیار هاتنە دەرەوە و بۆ ماڵی باجی گوڵچین چوون. کوڕ و کچەکەی باجی گوڵچێنیش لە ماڵەوە بوون، ئەوانیش پەیوەندیان لە گەڵماندا هەبوو. باجی گوڵچین و دایکی سەرکەوتیش سەردانی دایکی ئازادیان کرد.

ئەو شەوەی بارەشەکان هەڵمەتی گرتنیان بۆ سەر خەڵک لە ماڵەکانی خۆیاندا دەست پێکرد، ماڵی سەرکەوت بێبەش نەبوو لەو هەڵمەتە. لەوانە بوو لە هەموو شوێنێکیتر گرنگتر بووبێت بە لایی بارەشەکانەوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی بارەشەکان بە دەستیان گەشتبوو، ئەو ماڵانەی مەبەستیان بوو پلان و نەخشەیان بۆ دارشتبوون.
شەو زۆر دەرەنگ و بێدەنگ بوو، گومانی تێدا نەبوو زۆربەی خەڵکی ناو ماڵەکان لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیان و شەویان بە سەر دەبرد. بە هاتنی بارەشەکان دەنگە دەنگ لە کۆڵانە تاریک و بێدەنگەکاندا پەیدا بوو. ئەوان کە هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵێک، لە پێشدا چەند بارەشێك سنوری دیوارەکانیان دەبەزاند و دەچوونە سەر بانەکانەوە. دواتر ئەوانەی خوارەوە بە هەموو هێزیان بەدەرگاکانیان دەکێشا، بە جۆرێک کە مردوش

ڕابچڵەکێت. دایکی دەیگوت: هێشتا من چاوم نەچووبووە خەوکە بارەشەکان دارژانە ناو حەوشە و ماڵەکەمان. لەژورەوە هاتمە ناو حەوشەکەو چواردەوریان گرتمو هەواڵی سەرکەوتیان پرسی. هەرچەندە بێئاگا خۆم پیشاندا، بەڵام سودی نەبوو. هەموو ماڵەکە گەڕان سەرکەوتیان نەدۆزییەوە. کابرای ئەفسەر ئەوەندەیتر تووڕە بوو.

_ ئەو کوڕی قەحبەیە ئەگەر شتێک لە خۆیدا شک نابات، بۆچی شەو لە ماڵی خۆیدا ناخەوێت؟ پێمان بڵێ ئەمشەو بۆ چ ماڵێک چووە؟

بارەشەکان کە دەچوونە سەر ماڵێک، وەک شارێک باربکرێت هەموو ماڵەکان بەئاگادەهاتن. ئەو شەوە زۆربەی خەڵك بۆ خۆیان لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدا دەژیان. سەرکەوت ئاگاداری بارەشەکان بوو کە چوونە سەر دایکی و هەڕەشەی توند و جنێوی ناشیرینییان پێدەدا. سەرکەوت چەند جارێک ویستی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و لەوە زیاتر سوکایەتی بە دایکی نەکەن. بەڵام باجی گوڵچین بە توندی ڕێگەی پێدەگرت و نەیدەهێشت ئەو کارە بکات.

_ سەرکەوت گیان، دان بە خۆتدا بگرە و ئارامت هەبێت، هاکا ڕۆشتن. چیان لەو پیرێژنە دەوێت؟ ئەوان بۆ گرتنی تۆ هاتوون. دەتەوێت بە پێی خۆت بچیتە بەر دەستیان، بیر بکەرەوە بۆچی ئەمشەو بۆ ئێرە هاتوویت؟ چی لەوە باشترە بۆ ئەوان کە تۆ بە پێی خۆت بچیتە بەر دەستیان.

سەرکەوت لە ژورێکی نهۆمی دووەمی ماڵی باجی گوڵچینەوە کە دەیڕوانی بە سەر کۆڵانەکە و ماڵی خۆیاندا، تەماشای ناو حەوشەکەی ماڵی خۆیانی دەکرد. هەموو شتەکانی بە باشی دەبینی، بارەشەکان و دایکی لێوە دیار بوو.

بارەشەکان زۆریان گوت، بەڵام دایکی هیچی نەدرکاند. کابرای ئەفسەر زلەیەك بوو، پەلی ئەو پیرێژنەی گرت و بە دوای خۆیدا ڕایکیشا.

_ تۆ دایکی ئەویت و دەزانیت لە کوێیە و قسە ناکەیت. لە بری کوڕەکەت تۆ دەبەین هەتاکو خۆی بە دەستەوە دەدات.

ئەو باکی نەبوو، بگرە زۆر خۆشحاڵیشبوو لە جیاتی سەرکەوت خۆی زیندانی بکەن.

سەرکەوت لە سوچێکی پەنجەرەکەوە ماڵی خۆیانی باش دەبینی. زۆر بێئارام بوو کە دایکی بە دەست ئەفسەرەکەوە بینی بەرەو دەرەوە بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشا. کۆڵانەکە جگە لە هەرا و وریای بارەشەکان دەنگیتر نەدەبیسترا. سەرکەوت لەوە زیاتر خۆی بۆ نەگیرا، ئەوەندە بێئارام بوو باجی گوڵچینیش نەیدەتوانی لە ماڵەوە دابینی بکات. لە پەنجەرەی ژورەکەوە هاوارێکی گەورە هەموو کۆڵانەکەی هەژاند و هەرا و هوریای بارەشەکانی لە ناو گەورەیی خۆیدا ونکرد، خەڵکی هەموو ماڵەکانی داچڵەکاند، دایکی بە دەست ئەفسەرەکەوە دەنگی سەرکەوتی ناسیەوە کە بانگی دەکات.

سێهەم شەو بوو دوای گرتنی سەرکەوت. ئەو شەوە تا کو شەوگارێکی درەنگ خەوی لێنەکەوت. بەرە بەیان بوو تازە چاوەکانی کردبۆوە. ئەو چەند شەوەی کە گیرا بوو تاکو درەنگ نەیدەتوانی بخەوێت. هەر کاتێکیش خەوی لێبکەوتایە بەیانی زوو بەئاگادەهات. ئەو چەند ڕۆژەی گیرا بوو، هیچ هەواڵێکی نەدەزانی. ئاواتەخواز بوو کە شەوێک خەوی پێوە ببینێت. لە ناو جێگاکەیدا بیری لە قسەکانی سەرکەوت و هەڵوێستی دایکی ئازاد دەکردەوە. شەویش بە دەم خەیاڵی بیرەوەریەکانی ئەوان چاوەکانی چووە خەو. بیری لە قارەمانێتی ئەو ژنە دەکردەوە لە

دوای گرتنــی کــوڕەکــەی ورەی چــەنــدە بــەرزە و چــەنــدە چــالاک و تێکۆشەرە. هێشتا هەر بەرە بەیان بوو، دەنگێک لە حەوشەکەوە بە دەنگی سەرکەوت دەچوو دایکی بانگ دەکرد. لە ناو جێگاکەدا ڕاچڵەکی. دەنگێک بوو کە پێشتر هەزارەها جار گوێبیستیبوو کە بانگیدەکرد «دایە». ئەوە هەر دەنگی سەرکەوت بوو پڕ بە حەوشەکە هاواری دەکرد. هەر سەرکەوتە بەو بەیانیە بانگی دەکات، هەر ئەوە، چۆن دەنگی کوڕەکەی ناناسێتەوە. دەنگێکی نەرمی خۆش بوو، بەڵام نەختێک نائاسایی بوو ، گومانێك بە دڵیدا هات. بە پەلە لە ناو جێگاکەی هەستا و چووە حەوشەکە. کەسی نەبینی. دەرگای دەرەوەی کردەوە و تەماشای ئەم سەر و ئەو سەری کۆڵانەکەی کرد، کۆڵانێکی بێدەنگ و بێ‌مەردوم. نە کەس لەو دیو دەرگاکەوە بوو، نە کەسیش لە ناو کۆڵانەکەدا بوو.

سەرکەوت و مامە پیرەی هاوڕێی بە ڕێگاکەدا بەرەو سەرەوە دەڕۆشتن. ئەم بەر و ئەو بەری ڕێگاکە دار چوالەی ناسک و جوانبوو. سەرکەوت بە بینینی دیمەنە جوانەکان کە دەهاتنە پێش ئاسودە و خۆشحاڵ دەبوو. بە خۆشیەوە تەماشای هەموو شتەکانی دەکرد. باکی نەبوو چەندین ڕۆژ بەو ڕێگایەدا بڕوات. دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو ڕێگایە بۆ ئەو شارەی دەبات کە لە خەوەکانیدا مامە پیرەی هاوڕێی پەیمانی پێدا بوو کە باوکی و کەسە میهرەبانەکانی‌تر دەبینێت. سەرکەوت هەر زوو هەستی کرد نەخەوە دەیبینێت، نە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانی پێشو بوو. لە گەڵ مامە پیرەدا بە ڕێگاکەدا دەڕۆشتن جارێکی‌تر دایکی هاتەوە بەر چاو لە ناو کۆڵانەکەدا ڕاوەستاوە و چاو دەگێڕێت. دایکی نائومێد بوو کە دەنگی سەرکەوتە و بانگی دەکات. بە درێژای کۆڵانەکە کەسێکی بەدی نەکرد. دەرگای حەوشەکەی داخستەوە. دنیا کەمێکی‌تر ڕوناکببۆوە. لە ناو حەوشەکەدا

ڕاوەستا. دەنگی نەغمەی باڵندەیەک لە سەر درەختێکی حەوشەکەیان هاتە گوێی، هەر بە دەنگی سەرکەوت دەچوو کە دایکی بانگ بکات. نەغمەیەکی ناسک کە کەسێکیتر توانای تێگەشتنی نەبوو جگە لە دایکی ئەویش هەر بۆ دایکی قسەی دەکرد. باڵندەیەکی پەڕ سپی میهرەبان بە سەر دارەکەوە بوو. ئەوەندە بە سۆزەوە دەیخوێند، ئەو ژنە بەو بەیانیە ئارەزوی گوێگرتنی بوو. جارێکیتر دایکی بانگ کردەوە.

دایە گیان، ئەوە منم دوو دڵ مەبە. جێگای ترم بۆ مەگەڕێ، بڕوانە سەر دارەکە. ئەوە دەنگی منە و بە گەروی ئەو باڵندەیەدا دێتە دەرێ. تکات لێدەکەم نە دوو دڵ بە نە بترسێ، تەنها تاوێک گوێم لێبگرە. لەو ڕۆژەوەی کە گیراوم زۆر بێئارامیت، ئەوەندە خەم بۆ من مەخۆ، ئێستا من لە زیندان نیم، لە جێگایەکیترم. جێگام زۆر خۆشە، خۆشتر لە هەموو شوێنێک. ئێستا من لە سەر ڕێگایەکم بەرەو ئەو شوێنە دەچم کە باوکم لێی دەژی. دایە گیان مەترسە بە باشی گوێم لێبگرە، دەمەوێت پێت بڵێم ئێستا من لە زیندانانیم، دەمەوێت خۆڕاگر و ورە بەرز بیت. بەم بەیانیە بێدەنگە هاتووم پێت بڵێم لە گەڵ هاوڕێکانمدا، لە گەڵ مامۆستا دا بچن بۆ چاڵەبەفرەکانی قەراغی شار. جەستەی من لە یەکێک لەو چاڵانە دایە، من ئێستا لە زیندانانیم. بچن لاشەکەم دەربهێنن و لە هەر شوێنێک پێتان باش بوو بیخەنە ژێر گڵەوە و بمدەنەوە بەو خاکە پیرۆزە.

دایکی لە ژێر دارەکەدا سەیری باڵندەکەی دەکرد و گوێی بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو. سەری سوڕمابوو، توشی ترس و دڵەکوتێ ببوو. هەرگیز شتی وای نەدیبوو. وەک چناری ساوا هەڵدەلەرزی و ددانەکانی تەق تەق بە خێرایی بە یەکدا دەدا. ئەودەمەی بۆ منیش دەگێڕایەوە ترسو پەشۆکاوی بەڕوخساریەوە دیاربوو. بیر کردنەوەی وەستا بوو، لە جێگەی خۆی ڕامابوو. نەیدەزانی چی

بکات. ماوەیەک بوو باڵندەکە بە سەر دارەکەوە نەمابوو. خۆیشی نەیدەزانی چۆن گەشتە ماڵی باجی گوڵچین. ئەوەندە بە توندی لە دەرگاکەیدا، باجی گوڵچین هەر زوو زانی دایکی سەرکەوتە. لەو ڕۆژەوە سەرکەوت گیرا بوو، چەند جارێک بە دڵی پڕ لە ژانەوە و بۆ گلەیی چووبووە سەر باجی گوڵچین.

_ تۆ وەک دایکی وا بوویت، ئەو گەنج و خوێن گەرم بوو. دەبوایە نەتهێشتایە لە ماڵەکەت بێتە دەرێ و خۆی پیشانی بارەشەکان بدات. من بۆچی ناردم بۆ ماڵی ئێوە؟ هەر منیان بگرتایە چاکتر بوو، چییان لێدەکردم؟ تاکو ئێستا بەرەڵایان کردبووم، ئێستا خوا دەزانێت ئەگەرهەتیوەکەم ما بێت.

_ دایکەکەم، من بڵێم چی؟ تکای دنیام لە گەڵدا کرد. بە قوربانت بم، ئارامت هەبێت. دەیبەن و پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە. ئەوان بۆ گرتنی تۆ هاتوون، چ ئیشێکیان بەو پیرێژنەی دایکت هەیە. تۆ بکەویتەوە بەر دەستیان ڕزگارت نابێت. من چیبکەم دایکەکەم، وەک کوڕی خۆم وایە. نەمهێشت بێتە دەرەوە، پاڵێکی پێوەنام و کەوتم. توانای گرتنیم نەبوو، هەتاکو هەستامەوە ئەو دەمێک بوو خۆی گەیاندبووە لای تۆ.

باجی گوڵچین زانی دایکی سەرکەوتە بەم بەیانیە هاتۆتەوە بۆ گلەیی و گازندە. بە پرتاو هەستا و دەرگای حەوشەکەی لێکردەوە. دایکی سەرکەوت زەرد هەڵگەڕا بوو، ڕەنگی تێکچو بوو، قسەکانی پچڕ پچڕ بوون. باجی گوڵچین هەر چۆنێك بوو حاڵی بوو، بەڵام باوەڕی بە قسەکانی نەدەکرد.

_ کچێ، ئەوە تێک چوویت یان وڕێنە دەکەیت؟ وەرە ژورەوە دانیشین. بە خەیاڵیەوە نوستویت و خەوت پێوە بینیوە.

دایکی سەرکەوت سوێندی بۆ خوارد کە خەو نەبووە و ڕوداوەکەی ڕاستی بووە. چەند جارێک بە شڵەژاویەوە بۆی باسکردەوە. دواجار باجی گوڵچین باوەڕی بە قسەکانی کرد.

دایکــی ســەرکــەوتــی ڕازی کــرد کــە ئــارام بگرێـت هــەتــاکو ڕۆژ دەبێتەوە، ئەوسا لـە گـەڵ هـەندێک لـە هاوڕێکـانی بچن بـۆ ئـەو جێگایەی کە باسی کردووە، بۆ چاڵە بەفرەکانی قەراغ شار.

سەرکـەوت لـە یـەک کاتدا لـە گـەڵ مامـە پیرەدابـوو لـە سـەر دارەکەش لە شێوەی کۆترێکدا بوو، قسـەی بـۆ دایکـی دەکرد. ئـەو بێخـەم بوو لە شپرزەیی دایکی پێش ئـەوەی دایکـی بـەرەو مـاڵی باجی گوڵچین بچێت سەر دارەکـەی بـە جێهێشت و بـە ڕێگاکـەدا بەرەو شارەکە دەڕۆشتن. دیمەنی ئەو ڕێگا و دار چوالانەی هێندە بەلاوە جوان بوو، باکی لە بێئارامی دایکـی نـەبوو. گوڵـە چوالـە سپیە هەڵوەریـوەکانی بن دارەکـان و کـەنـار ڕێگاکـە دیمـەنێکی نایابتریـان بـەو نـاوە بـەخشـیبوو. چـوار پـەپولـە نـازدارە کـە هـەمیشـە بـە سـەر سـەریانـەوە هـەڵدەفڕین و دەخولانـەوە و بـە باڵـەکانیـان ئـاوازێکی نـەرمـی خۆشـیان بـە گوێـدا دەدا. ئــەو پــەپولانــە هــەر لــە ســەرەتــاوە پێکــەوە هــەر چواریــان بــە کەمانچەکانیانەوە بۆ ئەم شارە ئەرخەوانیە سەفـەری کۆتاییـان کرد بوو.

لـەوسـەرەوە پێش کۆتایهاتنی ڕێگاکـە دار چوالـەکـان بـە دار گـۆیژی ناسک و نـازدار تـەواو ببـوون. دار گـۆیژەکـان بـە هـەمـان شێوەی بەرزی و قەبارە و لق و پۆپ لـەمبـەرو ئـەوبـەری ڕێگاکـەدا ڕووابـــوون. دار گـــۆیژەکـــان وەک وردە گڵـــۆپی زەرد و ســـوری داگیرساویان گرتبێت، لە نێوان گەڵاکان و ژێر گەڵاکانـدا بریسکە بریسکی ڕوناکیـان بـەنـاو گلێنـەی چاویانـدا دەدا. باڵنـدەکـان بـە هێواشی بە سەر سەریاندا دەفڕین و سەمایان دەکرد. باڵنـدەکـان لەو منداڵە وردیلانە دەچوون کە هەرگیز گەورە نەبن. ڕێگاکە بە دەروازەیەکی گەورەی نەخشدار بە گوڵ و گەڵا کۆتایی پێهات. لە هەردوو بـەری دەروازەکـە دوو داری گـەورەی سـەرتاپـا لـە گـەڵا و لق و چڵـی سپی ڕەگیـان داکوتـا بـوو. ڕێگاکـە نزیـک بـە شـارەکـە

وردە وردە پانتر دەبوو. هەر دووکیان شان بە شانی یەکتر دەڕۆشتن، پێکەوە لە دەروازەکە چوونە ژوورەوە بۆ ناو شارەکە. شنەی بایەکی فێنک و دڵفڕێنی پڕ لە بۆن و بەرامەی گوڵان بیری مرۆڤی دەگەشانەوە. دوو ڕوبارە بچوکەکەی ئەم بەر و ئەو بەری ڕێگاکە هەتاکو بەر دەم دەروازەکە دوو ڕوباری جیاواز بوون، لەودیو دەروازەکەوە لە یەک کانی گەورەی ڕون و بێگەرد بە هەر دوو لای دەروازەکەدا بەرەو خوار دەڕژان. چوار دەوری کانیەکە وردە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕووابوون. گوڵەکان هەمیشە گەشاوە بوون، هەرگیز وشکیان نەدەکرد. گوڵ و گەڵا وەریوەکانیش هەر بەگەشی و سەوزی دەمانەوە. بنی کانیەکە بەوردە چەو و لمی سپی وەک فەرش ڕاخرا بوو، لە دەریایەکی گەورەی پڕ لە شەپۆل دەچوو. پیاوێکی میهرەبانی زمان شیرین و ڕۆح سپی لە سەر کانیەکە دانیشتبوو. وەک «گۆران»ی بڵێت ورتە ورت لە بەر خۆیەوە قسەی لە گەڵ کانی و وردە شەپۆلەکان و چەو و لمی ناو ئاوەکە دەکرد و وردە مرواری لە دەم دەپژایە ناو کانیەکە و تێکەڵ بە چەو لمی ناو ئاوەکە دەبوون. چوار پەپولە ڕەنگاوڕەنگەکە کە هەمیشە بە سەر سەریانەوە بوون لە گەڵ ئەماندا هاتنە ژورەوە، بە دەوری پیاوە قسە شیرینەکەدا هەڵفڕینیان بوو، وەک داوای هەڵگرتنەوەی ئەو وشە ناسکانەی لێبکەن کە لە سەر زاری دەپڕژا و دەکەوتنە خوارەوە هەتاکو بە دەم لەرەی ئاوازی باڵەکانیان بە گۆرانی بە ناو شارە ئەرخەوانییەکەدا بیڵێنەوە. شەقام و کۆڵانەکانی بەیانیانی ئەم شارە زۆر بێدەنگ بوو. تەنها ئاوازەکانی ئەم چوار پەپولە هاوتەمەنە و وتنەوەی وشەکانی ئەو پیاوە بە گۆرانی، بێدەنگی و چۆلی جادەو شەقامەکانی دەشکاند.

سەرکەوت ویستی پرسیاری ئەو پیاوە میهرەبان و وشە ڕەنگاڕەنگو زمان شیرینەی سەرکانیەکە لە مامە پیرە بکات.

ئەو لەبەرخۆیەوە سەرقاڵی قسە کردن بوو لە گەڵ کانیە ڕونە پڕ تریفەکە کە لە بنیا مرواری و زیخ و چەو سەمایان دەکرد و دەلەرزین. حەزی دەکرد لە کن ئەو پیاوە دابنیشێت. دنیایەکی جوان و شارێکی قەشەنگ بوو. بۆ یەکەم جار بوو کە سەرکەوت شارێکی سەرتاپا لە گوڵ و دار و کانی و پەپولەی ڕەنگاوڕەنگ ببینێت.

چەندە بە ئاواتەوە بووە کە شەوێک لە خەویدا مامە پیرە بۆ ئەم شارەی بهێنێت. ئێستا بە بێ ئەوەی مامە پیرە دەستی بگرێت لە سەر ئەو ڕێگایە خۆی بینیەوە بەرەو ناو شارەکە دەڕوات. هەستی کرد کە خەو نیە و بۆ هەمیشە لێرە دەمێنێتەوە. تێر نەدەبوو لە بینینی سەرکانیەکە و گوێگرتن لە پەیڤە ناسکەکانی ئەو پیاوە ڕۆح سوکەی سەرکانیەکە، «بەهەشتێک بوو پڕ لە یادگار».

سەرکەوت بە دەستی خۆی چووە بەردەم بارەشەکان هەتاکو دایکی لە بری ئەو زیندانی نەکرێت و سوکایەتی پێنەکەن. ئەوەندە لە زیندان‌دا نەمایەوە. دوا شەوی لە گەڵ ئەوەی ئازار و ژانی برینەکانی جەستەی، بە گوێیدا دەیانچرپاند کە چیتر ناتوانێت بژی. سەربارى ئەو هەموو ئازارە خەمی دایکی بوو. هەستی بە دواترین شەوی تەمەنی دەکرد. وەک پەڕۆیەکی بێگیانی سەرتاپا لە خوێن هەڵکێشراو، لە ژوری ئەشکەنجەدا بە تەنها کەوتبوو.

_ هەتیوە خوێڕیە، وا ڕۆحت دەردەچێت و هاکا تۆپیت هەر ناتەوێت هیچ بدرکێنیت. ئەگەر ئێستاش یارمەتیمان بدەیت ڕاستی بڵێیت ئێمەش یارمەتیت دەدەین و دەدنێرینەوە بۆ لای دایکت. ئەگەر هەر یەکەم شەو ڕاستی بگوتایە و کەلە ڕەق نەبویتایە، توشی ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەدانە نەدەبوویت.

تۆ بە پێی خۆت هاتی بۆ لامان، وامانزانی هەر چی دەزانیت پێمان دەڵێیت.

هەر یەکەم شەو کە سەرکەوتیان برد، کەوتنە پرسیار و لێکۆڵینەوە. بارەشەکان چاوەڕوان بوون کە سەرکەوت هەموو شتێکیان وەک خۆی بۆ باسدەکات و ناوی هاوڕێکانی ئاشکرادەکات. بەڵام هیچی نەگووت. ئەفسەری لێکۆڵینەوە زۆر هەوڵیدا کە سەرکەوت دان بە هەموو ڕاستیەکان بنێت.

_ ئەگەر بەڕاستی وەڵامی پرسیارەکانمان بدەیتەوە، خەڵاتی باشت دەکەین. ناوی ئەو کەسانەمان پێبڵێ کە پێکەوە کار دەکەن. ئێمە کاتمان نیە زۆر خۆمان بە تۆوە خەریک بکەین. ئەگەر بتەوێت هیچیش نەڵێیت، ڕووبەڕووی کوشتن دەبیتەوە.

_ نازانم چیتان دەوێت کە پێتان بڵێم؟ تاوانێکم نەکردووە کە هەقی گرتنم بێت. من خۆشەویستیم بۆ خاکەکەم هەیە بۆ هەموو دیاریە پیرۆزەکانی‌تریش. لە گەڵ خەڵکیدا کۆدەبمەوە و قسەیان بۆ دەکەم هەتاکو هەموو کەس وەفا و خۆشەویستیان هەبێت بەرامبەر بە دیاریە پیرۆزەکانی خوا. کەسیش ناناسم. ئەمە قسەی ڕاست و کۆتاییە. نە زیاتر دەزانم تا کو چاوەڕوانبن، نە پاداشت و خەڵاتی ئێوەم دەوێت.

بارەشەکان زۆر لێی بە ڕق بوون، نەیاندەویست زوو بیکوژن و داخی دڵی ڕەشی خۆیانی پێبرێژن. چاوەڕوانی زانیاری بەدەستەوە دانیان لێدەکرد.

بارەشەکان ئەو چەند ڕۆژە هەوڵی زۆریاندا کە شتێک بدرکێنێت، بەڵام سودی نەبوو. ئەو ئەفسەرەی کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەبوو لە گەڵیدا، زۆر ماندوو ببوو هیچی لە سەرکەوت دەست نەکەوت. ئەوان وەک پیشەی هەمیشەییان لەو جۆرە حاڵەتانەدا دڕندەیی خۆیان بە سەر زیندانییەکەی ژێردەستیان تاقیدەکردەوە و ڕق و کینەی خۆیان لە سەر جەستە و برینەکانی

ئەو هەڵدەڕشت. سەرکەوت بەو چەند ڕۆژە لە زیندان زۆر بێهێز و لاوازبوو، سەرباری ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیە، ئەو ئەفسەرە ڕق ئەستوە دەمانچەکەی لە کەلەکەی کردەوە و بە هەموو توانای خۆی بە دەسکە دەمانچەکەی کەوتە لێدانی سەر و چاوی سەرکەوت، لێدانێک کەس نەبوو بتوانێت خۆی ڕابگرێت.

هەر ئەو کاتە کەوت و هۆشی نەما. بۆ بەیانی لە ژورێکی تاریک و تەنها و پیسدا خۆی بینیەوە. سەروچاوی هەمووی خوێن بوو، بە ئاستەم چاوەکانی بۆ هەڵدەهات، پێڵوەکانی لە خوێندا پێکەوە نوسابوون. لە چەند لایەکەوە سەری چاڵ ببوو. هەستی بە ئازار و گێژ بوون دەکرد، چاوەکانی باش نەیاندەبینی و بەر چاوی لێڵ بوو. ویستی هەستێت بەڵام توانای هەستانی نەبوو. ڕەوشی دەرونی و تەندروستی تەواو خراپ بوو، توانای بیر کردنەوەی زۆر نەبوو، هەستی بە دڵ تێکچون دەکرد، گێژی و وڕی زیاتر هێرشیان بۆ دەهێنا. دەیزانی چیتر توانای مانەوەی نیە، وردە وردە بەرچاوی تاریک و تاریکتربوو تاکو تروسکاییان تێدا نەماو لەشی ساردو خاووبووەوەو لەجوڵەکەوت.

سەرکەوت و مامە پیرە، پیاوە قسەو خۆش و دەم بە «گۆران» یەکەی سەرکانیەکەیان جێهێشت. پێشتر شوێنێکی وەک ئەم شارە ئەرخەوانیە خۆش و بێدەنگی نەدیبوو. لە کانیەکە دوور کەوتبوونەوە، ناو بە ناو بە خەڵک دەگەشتن لە ژن و لە پیاو بە لایەندا تێدەپەڕین، هەموو بەرگی سپی خاوێنیان پۆشیبوو. هەموو دەم بەخەندە و میهرەبان بوون. سەرکەوت سەری سوڕ مابوو. لە پاک و خاوێنی ئەو خەڵکە، بە پەلە دەستی بۆ دەموچاوی خۆی برد، دەموچاوی پاک و بێگەرد بوو. سەیری بەرگ و پۆشاکی خۆی کرد، پاک و خاوێن بوو، بەرگی ئەویش سپی و بێگەرد بوو. بیری ژورە تەسک و تاریک و خوێناویەکەی کەوتەوە، زۆر ئاسودە بوو لەو ژورە بۆ گەنە ڕزگاری بوو. خەڵکی

شارەکە و بارەشەکانی بیر کەوتەوە. بە جم و جۆڵ و هەوڵی خەڵک دڵخۆش بوو. شارەکەی وەک تۆپێکی بچوک لە بەر چاودا بوو. چاوی بە هەموو شارەکەدا گێڕا، بە کۆڵانەکان و بە قەراغ شاردا. لە دورەوە چاڵەبەفرەکانی بینی، لاشەکەی خۆی بینی لە یەکێک لە چاڵەکاندا. چاوی لەئێمەبوو، لەمنو دایکی و باجی گوڵچین و بەختیار، بەرەو لای چاڵەبەفرەکان دەڕۆشتین. هەر چوارمان بەرەو ئەو جێگایە دەچووین کە لاشەکەی سەرکەوتیان لێفڕێدا بوو. سەرکەوت پێویستی بە مۆڵەت نەبوو کە لە پیاوە پیرەکەی وەربگرێت و بگاتە لای دایکی. لەو شارە ئەرخەوانییەدا، لە یەک کاتدا دەیتوانی بگاتە لای دایکی و لە لای پیاوە پیرەکەش بێت. دایکی هەموو دیدارە دەنگییەکانی خۆیو سەرکەوتی بۆ دەگێڕامەوە.

هەر چوارمان بە پرتاو بەرەو لای چاڵەبەفرەکان دەڕۆشتین. هەستی بە ماندوبوونی دایکی دەکرد. دایکی زۆر بێئارام و بێحەواس بوو، دەیزانی دایکی بە بینینی لاشەکە ڕەوشی خراپتر دەبێت. هەر چوارمان لە شەقامە پانەکەی قەراغ شار پەڕینەوە، لە سەر ڕێگا خۆڵ و بەردەلانەکە بووین. بە ناو گژ و گیا دڕکاویەکەدابە خێرایی بەرەو بناری چیایەکە دەڕۆشتین. کەمێک بەو لاترەوە چاڵە بەفرەکان بوون. من و بەختیار لە پێشەوە دەڕۆشتین، جگە لە دەنگی هەنگاوەکانمان خش و وڕ بە سەر گیا و دڕکە وشک هەڵهاتووەکاندا و هەڵفرینی باڵندە وردەکانی سەر ڕێگاکە، دەنگیتر نە دەبیسترا. سەرکەوتیش باڵندەیەکی بچوک بوو لە ناو باڵندەکاندا و زیاتر لە هەموویان ئەو بەدەوری ئێمەدا دەسوڕایەوە و هەڵدەفڕی و بە پرتاو دەگەڕایەوە لای دایکی. بەڵام ئێمە هەستمان بەو حاڵەتە نەدەکرد. دایکی زۆر ماندوو بوو، توانای ڕۆشتنی خێرای نەبوو، هەنگاوەکانی خاو ببوونەوە. من و بەختیار بە خێرای لە پێشەوە

بەرەو چاڵەکان دەڕۆشتین. باجی گوڵچینیش کەمێک لە دوای ئێمەوە بوو. دایکی زۆر لە دواوە بوو، دەبێت پێش دۆزینەوەی لاشەکە شتێک بە گوێیدا بچرپێنێت. فرەفڕ بە دەوری دایکیدا باڵەکانی بەیەکدا دەدا. دایکی لاشعوری بەو فرەفرە دڵخۆش بوو. ئارامی و ڕۆشنی لە دڵیدا دروست بوو. خەیاڵی بۆ هیچ ڕوداوێکی کت و پڕ نەدەچوو. فرەفڕ و جریوە جریوی باڵندە وردیلەکە سەرنجی ڕاکێشا. خۆشەویستی باڵندەکەی لە دڵدا دروست بوو، خۆیشی نەیدەزانی هۆی چییە؟ باڵندەکە هەر بە دەوریدا دەسوڕایەوە. لە ناکاو جریوە و دەنگێکیتر تێکەڵ بە یەکتر هاتە بەر گوێی. جریوە جریوەکان لە ناو دەنگەکەیتر دا توایەوە و نەما. تەنها دەنگێک هاتە بەر گوێی ڕون و ڕەوان بانگی دەکرد «دایە». هەر ئەو دەنگەی جارانی سەرکەوت بوو کە بانگی دەکرد. جارێکیتر بانگی کردەوە. بەڵێ هەر دەنگی خۆیەتی، دەنگی سەرکەوت بوو. ئەوە دووەم جار بوو لەو ڕۆژەوەی کە گیراوە بەو شێوەیە بێتە بەرچاوی و قسەی لەگەڵدا بکات. ئەمجارە دایکی کەمتر شڵەژا و شپرزە بوو. ئارەزوی بوو جارێکیتر بانگی بکاتەوە.

ئێمە هەر سێکیان لە پێشەوە بووین و بەرەو لای چاڵەکان دەڕۆشتین و نزیک ببووینەوە. لە جێگای خۆی ڕاوەستا و بە چوار دەوری خۆیدا چاوی دەگێڕا. جگە لە باڵندە بچوکەکە، نە سەرکەوتی بینی نە کەسیتر. هەستی بە ماندو بوون دەکرد. هاکا گەشتینە لای چاڵەکە و بکەون بە سەر لاشەکەدا. ئێمە حەزمان دەکرد کە دایکی سەرکەوت لە دواوە بێت و کتو پڕ لاشەی کوڕەکەی لە ناو چاڵەکەدا نەبینێت. نزیک ببووینەوە لە چاڵەکان، بەڵام هێشتا هەر بە گومانیش بووین.

باڵندەکە فرەفڕ هەر بە سەر سەریەوە بوو، هەستی کرد کە دایکی زۆر ماندووە و چاڵەکانیش چەند هەنگاوێکیان ماوە کە

بگەنە سەر لاشەکە. جارێکیتر کەوتەوە جریوە و دەنگەکە ئاسایی بووەوە.

دایە گیان، دابنیشە زۆر ماندوویت، پشویەک بدە! نە بترسە، نە دوو دڵ بە لە دەنگی من. تکات لێدەکەم باش گوێبگرە، ئەوەی کە دەمەوێت پێت بڵێم و گرنگە، خەم بۆ من مەخۆ، لە جێگایەکەم هەرگیز نەمدیوە، ئەو شارەیە بۆ هەتا هەتایە مرۆڤ بە ئاسودەیی تێدا دەمێنێتەوە. مرۆڤەکانی ئەم شارە هەموو خەڵکە میهرەبان و ڕوخۆش و مرۆڤ دۆستەکانن. بەخەندەو ڕووگەشیەوە بەرامبەرم دێنو لێمدەڕوانن. هەموو ئەو مرۆڤانەن لە ژیاندا بە پیرۆزیەوە دیاریەکانی خوایان لە لا قبوڵ بوو. ئەو مرۆڤانەنن کە ڕۆحی خۆیان بۆ گەورەترین دیاری خوا کە «خاک» بوو، بەخشیبوو. هەموو ئەو کەسانەن بە ویژدانەوە ژیابوون و هەڵسوکەوتیان کرد بوو. ئەوانە بوون خۆشەویستیان بۆ گوڵ و چیا و دەشت و ڕوبار هەبوو. دایە گیان، من زۆر ئاسودەم. تۆش بە ئاسودەیی من خۆشحاڵ بە وخەم بۆ من مەخۆ. دەزانم غەمبارو نیگەرانیت، من ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتێکی تۆم، بەڵام تکات لێدەکەم خەم بۆمن مەخۆ. ئێستا من لەزیندانەدا نەماوم، ئەو زیندانەی سەدجار مەرگ لێی خۆشتربوو. لەجێگایەکم زۆر ئاسودەم. دایە گیان لە جێگایەکەم هەست بە بۆنی باوکم دەکەم، هەست دەکەم نزیک بەوم و بەرەو لای ئەو دەچم. ئاگاداری حاڵی تۆشم، ئەگەر تۆ بزانیت من چەندە ئاسودەم، هەرگیز خەفەت بۆ من ناخۆیت. ئەگەر کەمێک حەساویتەتەوە هەستە برۆ با زۆر لەوان دوانەکەویت. برۆن هەتاکو دەگەنە سەر لاشەکەی من. لەناو چاڵێکدا ڕاکشاوم و چاوەکانم لە سەر یەک ناوە و لە خەوێکی خۆشدام. گوێ بە برینەکانی جەستە و خوێنی سەر و چاو و جلەکانم مەدەن! ئازارەکان لە مێژە جەستەی منیان بە جێهێشتووە. دایە گیان،

بـه بینـی لاشـەکـەم ئاسـاییە، ئاسـودە و خـۆڕاگر بـە، بـە بەختەوەریەوە لێم بڕوانە. هەڵمبگرن لـە کویێ پێتـان بـاش بـوو، لەو جێگایە بمنێژن. من زۆر پاکم ، پاکتر لـە هـەموو پاکـەکـان، پاک وەک ئێستام. پێویست بـە شتنی بـەرگ و جـەستەم ناکـات. هەروا بمدەنەوە بـە خـاک. دایـە گیـان، گوێ بـە بـرین و خـوێن و زامـەکـانم مـەدە، لـە خـەوێکـی زۆر شـیرین و قوڵدام کـە هـەرگیـز ڕاناچڵەکێم. دایـە گیـان، ئـەگـەر چویتـە سـەر لاشـەکـە خـۆڕاگر و ئاسودە بە، من دەبێت بە جێتبهێڵم، ئـەم چیرۆکـە بـە هاوڕێکـانم بڵـێ، بـە هـەمـوو خـەڵکـی شـار بڵـێ، هـەوڵـی گـەشـتن بـەم شـارە ئـەرخـەوانـنیە بدەن، گرنگی بـە دیاریـە پیـرۆزەکـانی خـودا بـدەن، ڕۆحی خۆیان بە گەورەیی خاک ببەخشن.

دایکی دەیگوت: وەك پەیکەرێکی بێگیان لەجێگای خۆمدا ڕەق رامابووم، تـەنهـا بـەسـەر سـوڕمانـەوەگـوێم لێڕاگرتبـوو، تـاکو ئـەو کاتەی باڵەکانی بەیەکداداو لەبەرچاومدا ونبوو.

هەرسێکمان بە تەواوی نزیک ببووینەوە. من و بەختیار چەند هـەنگاوێـک لـە پێشـەوە بـووین و گـەشـتینـە سـەر چالێـک، بـاجی گوڵچین ئاوڕێکی لە دایکـی سـەرکـەوت دایـەوە، ئـەو هێشتا هـەر دووربوو لێمانـەوە، بەڵام بینینی کە سەیری ناو چاڵـەکـە دەکـەن. بـەختیار بـەمنی گوت، بـەڵکو باجی گـوڵچین بچێت بـۆ لای دایکـی سـەرکـەوت و پێش ئـەوەی لاشـەی کـوڕەکـەی ببینێت قسـەی لـە گەڵدا بکات و دڵنـەوایـی بداتـەوە. ئـەو دەمـە چـەند هـەنگاوێـک لێمان نزیکتر ببۆوە، لە دوورەوە هاواری لێکردین.

_ بە قوربانتان بم، ئیتر ئـەوە چاڵـەکانـە، بـە باشـی بـە دوایـدا بگەڕێن. بزانم کێ لە ئێوە مژدەی دۆزینەوەیم دەداتێت؟

سـەرکـەوت لـە گـەڵ مامـە پیـرەی هـاوڕێی بـە شـارە ئـەرخـەوانیـەکـەدا دەگـەڕان و سـەیری گـوڵ و پـەپولـە و دیمـەنـە

ناسک و جوانەکانی دەکرد. خۆشی بە ڕویەوە دیار بوو، ئاگاداری دایکی بوو، چەندە بە پەرۆش و بە ورەی بەرز و خۆڕاگریەوە جیاوازتر لە پێشو زۆر ئازایانە بە دوای لاشەکەدا وێڵە.

خەڵکی ئەو شارە ئەرخەوانیە بەرگی سپیان پۆشیبو. لە هەموو لایەکەوە خەڵک زیاتر بە ڕووی گەشەوە دەردەکەوتن. ئەویش هەمیشە هەستی بە خۆشی زیاتر دەکرد. ویستی ئەو ئاسودەیی و خۆشیە بە مامە پیرەی هاوڕێی بڵێت، تارمایی پیاوێکی جوانی بەرگ سپی بینی کە هەموو دەم و چاوی لە زەردە خەنەدا دەگەشایەوە. بە بێگومان و دوو دڵی باوەشیان بە یەکدا کرد و بە تاسەوە یەکتریان دەگوشی. دەنگێک بە دەنگی دایکی هاتە گوێی کە من بانگ بکات.

_ مامۆستا گیان، کوڕە گەورەکەم..... دۆزیتەوە؟

پێش گرتنی سەرکەوت، هەموو هەستمان کردبوو کە دایکی بیرکردنەوەی گۆڕاوە و دەیەوێت وەک ژنەکانیتر ئەویش بەشدار بێت و یارمەتیمان بدات. بەڵام ئەو گۆڕانە کتوپڕ و خۆڕاگری و ورە بەرزییەی ئێستا لێمان بەدیکرد، جێگای گومان و سەر سوڕمان بوو. ئێمە ویستمان پێش ئەوەی لاشەی کوڕەکەی ببینێت، باجی گوڵچین بچێت بۆ لای و قسەی بۆ بکات،لەو باوەڕدا نەبووین هەڵوێستی بەو جۆرە بێت و مژدەی دۆزینەوەی لاشەی کوڕەکەیمان بداتێت.

هەر سێکمان گەیشتبووینە سەرچاڵەکە. بە سەر چاڵەکەوە سەیری لاشەکەی سەرکەوتمان دەکرد. ئەویش وردە وردە دەگەشتە لامان. دڵنیابووین لەوەی کە ئەو ژنە گۆڕاوە و پێویست بە دڵنەوایکردن ناکات، بەڵام نەماندەزانی ئەم گۆڕانە کتو پڕە چۆن ڕویداوە. ناو چاڵەکە جگە لە لاشەی سەرکەوت، دوو لاشەیتری لێفرێدرابوو. کە دایکی سەرکەوت گەیشتە سەر چاڵەکە، من و بەختیار لە ناو چاڵەکە دا بووین، خەریکی

دەرهێنـــانی لاشـــەی ســـەرکـــەوت بـــووین. دایکـــی زۆر ئازایانـــە یارمەتیداین تاکو لاشـەی سـەرکـەوت لـەناچاڵـەکـەدا دەربهێنـین. پارچە قوماشێکمان لـە سـەر عـەرزە گڵ و دڕکاویـەکـە ڕاخست و لاشەکەمـان لـە سـەر پاڵخست. وەک جـاران بـاوەشـی پێدا کـرد و ئـەملاولای مـاچ کـرد. خـوێن و زامـەکـانی هێشـتا هـەر تـەڕ بـوون، کراسـەکـەی لـە خوێنـدا سـوربـبوو. سـەرو دەم و چـاوی لـە چـەنـد لایـەکـەوە بـە قـوڵی شکا بـوون. بـە بینینـی ئـەو هـەمـوو خـوێن و برینە دڵی گەرم بوو، چاوەکانی ئاویـان تێـڕژا، بـەڵام لـە نـاخ و دەرونیدا هەستی بـە خۆشییەک دەکرد کە دڵنیا بوو کوڕەکـەی لـە جێگایەکدایە بۆ هەمیشە لە خۆشی و شادیدایە.

لە بەر خۆیەوە کەوتە قسە کردن و جنێو دان و دوعا کردن لە بارەشەکان. ڕویکردە لاشەکە و وەک جاران قسەی بۆ دەکرد.

_ بێگوناح بۆ کوشتیانیت؟ چ تاوانێکت کردبوو جگـە لـە وەفـا و خۆشەویستی بـۆ خاکـەکـەت. پاداشـی وەفـا و خۆشـەویستیـەکـەت، پاداشی ڕۆح بەخشینت ئەو شارە خۆشەیە کـە بـۆ هـەمیشـە تێدا ئاسودەی.

هـەر سێکمان دڵمـان پـڕ ببـوو لـە گریـان و چـاوەکانمـان لـە فرمێسـک، هیچمـان بـۆ نـەدەگـوترا، ورە و خۆڕاگریمـان وە بـەر خۆمـان دەهێنـا هـەتـاکو وەک دایکـی سـەرکـەوت بـە هێـز بـین. سـەرمـان لـە ئازایـەتـی و گۆڕانـی ئـەو ژنـە سوڕ مـابوو. لـە سـەر لاشەکە هێواش هێواش هەر قسەی بۆ دەکرد و پرسیاری لێدەکرد.

باجی گـوڵچین قۆڵی گـرت و لـە سـەر لاشـەکـە بـەرزیکـردەوە. بەختیار لە ناو چاڵەکەدا بۆ ناسنامەی دوو لاشـەکـەیتـر دەگـەڕا هەتاکو کەسوکاریان ئاگادار بکەینەوە. دایکی سـەرکـەوت دوایـن ماچی کوڕەکەی کرد و لە سەر لاشەکە هەستا و سـەیرێکـی بـاجی گوڵچینی کرد، کە هێشتا قۆڵی هەر بە دەستیەوە بوو.

سەرکەوت و باوکی تێر لە ئامێزی یەکترداببوون. تاسەی چەندین ساڵەی خۆشەویستیان بە بۆن و ماچ و هەناسەی یەکتر شکاند. سەرکەوت و باوکی و مامە پیرە، هەر سێکیان بە ناو باخ و کانیلە بچوکەکاندا دەڕۆشتن بەرەو ناوەوەی شارە ئەرخەوانیەکە. کانیە وردیلەکان ئاوێکی سپی بێگەردیان لێهەڵدەقولا بە تامی شەرابێکی ڕۆحی کۆن دەچوو. جامولکەی ڕەنگ شەرابی بچوک لە کەنار کانیلەکان دانرا بوون. سەرکەوت سەرنجی بڵقە سپیە چکۆلانەکانی دەدا. دیمەنەکان هەمووی بۆ سەرکەوت تازە و نەبینراو بوون. شتێک نەبوو لەو شارەدا کە ئەو بە قوڵی سەرنجی نەدات. باوکی دەستی بۆ جامولکە شەرابیەکان برد و لە ئاوی کانیاوەکە سەر و جامولکە ئاوی ڕون و بێگەردی تام و چێژ شەرابیان بە دەم ڕۆشتنەوە قوم قوم نۆش دەکرد و بەرەو دامێنی گردەکەی بەرامبەریان کە کەوتبووە قەراغ شارەوە دەڕۆشتن. دامێنی گردەکە هەتاکو بەرەو خوار گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، بەرز و نزم لە شێوەی شەپۆلی دەریادا ڕووا بوون و سەمایان دەکرد.

پیاوێکی نورانی دەم و چاو پڕی میهرەبانی قارەمان، لە گەڵ کابرایەکی سەر و ڕیش سپی «پیرەمێرد» ی چست و چالاک و گورج و گۆڵدا ڕاوەستا بوون. پیاوێکی لەوان گەنجتر توانا و گەورەیی زۆری پێوە دیار بوو، زۆر بە لوتفەوە گوێی بۆ قسەکانی ئەوان ڕاگرتبوو، پیاوێکی «صالح» و بەهەرەمەند دیار بوو. سەرکەوت سەرنجی پیاوە قارەمانەکەی زۆر دەدا وەک پێشتر ناسیبێتی و ئێستا شێوەی بکاتەوە. مامە پیرەی هاوڕێی سەرکەوت بە زەردەخەنەوە کە پەیمانی خۆی بردبێتە سەر.

_ لە مێژە چاوەڕوانی بینینی مامە یارەی، ئەوە مامە یارەی قارەمانە ڕاوەستاوە. ئێستا بە هەردوو ئاواتەکەت گەشتیت.

بینینی مامە یارە و باوکت، ئیتر من لێرەدا بە جێتاندەهێڵم و دەڕۆم.

مامە پیرەی هاوڕێی سەرکەوت ڕۆشت. سەرکەوت هەر سەرنجی سیمای پڕ لە شکۆی ئەو سێ پیاوەی دەدا. سەرکەوت و باوکی چوونە پێشەوە لە لای ڕیزە سنەوبەرە بەرزەکانەوە ڕاوەستان. ئەوان هەر خەریکی گفتوگۆی خۆیان بوون، باسی گردەکەی لای خۆیان دەکرد کە سەرتاپای گوڵ و «گوڵان» بوو.

پیاوە «پیرەمێردە» ڕیش سپیە زیت و وریاکە، ڕۆژنامەیەکی بەلولکراوی بە دەستەوە بوو. تکای لە مامە یارە دەکرد کە مۆڵەتی بداتێ لە سەر گردەکە ئاگری نەورۆز هەڵبگیرسێنێت. پەیمانی بە مامە یارە دا کە جوانترین هۆنراوە بۆ نەورۆز بنوسێت و بە دەنگی ئەو پیاوە هێمن و بەهرەمەند و صالحە بکرێت بە گۆرانی و ببێت بە وێردی سەر زمانی خەڵک. گەروی بەرز و ناسکی ئەوە کە بتوانێت سنوری گوێی خەڵکی ئەم دەڤەرە ببەزێنێت و بچێتە ناو دڵ و دەرون و مێشک و هۆشی هەموو کەسێک و بۆ چرکەیەکیش بێت زاخاو بدات. ئەو گۆرانییە چریکەیەکە چرکەیەک دەکات بە هەمیشە. چریکەیەک بۆ مەردوم زاخاوی دڵ ودەرون و هۆش دەدات، مەلە سپیە نازدارەکانیش بۆ ساتێک لە ئاسماندا بە باڵەکانیان لەنگەریان بە خۆیان دەگرت، لە ناو سەدای ئەو ئاواز و دەنگەدا ڕۆحی خۆیان ئاسودە دەکرد.

سەرکەوت و باوکی هەر گوێبیستی قسە شیرینەکانی پیرەمێردەکە بوون. سەرکەوت زۆر شادمان بوو بە بینینی مامە یارە. دەربارەی ژیانی خۆیان هیچ نەدەدوان، وەک ئاگاداری ژیانی یەکتر بن. چوار پەپولە وردە هاوتەمەنەکە هەمیشە بە ئاسمانی ئەو شارەدا لە هەڵدەفڕین و سەمایاندەکرد. بەلەرەی باڵە نەرمەکانیان دەنگی کەمانێکی ناسکیان بۆ گوێی خەڵکی

شارەکەدا دەچڕی. خەڵکی ئەو شارە خولیای ئاوازەکانی ئەو چوار پەپولەیە بوون. ئەوانیش زۆر «کارزانانە» لە پێناوی خۆشی و جوانی خەڵک و شارەکەدا «فرمانە» کانیان جێبەجێ دەکرد.

سەرکەوت و باوکی وردە وردە لە گردەکە دوورکەوتنەوە و بەرەو خوار و ناو جەرگەی کۆڵانەکان و شارەکە دەڕۆشتن. خانووەکان دیمەنێکی قەشەنگ و جوانیان هەبوو، کۆڵانەکان پاک و خاوێن بوون. پەنجەرەی ماڵەکان بەرامبەر بە یەکتری بوون، شوشە سپیەکانی پەنجەرەکان وەک ئاوێنە ژوری یەکتریان تێدا دیار بوو. کەس لە کەس بە گومان نەبوو، کەس تەماشای پەنجەرەی ئەویتری نەدەکرد. کۆڵانەکان دوو ڕیزە خانوی بەرامبەر بە یەکتر بوون، بەڵام هەزارەها دیمەنی جوان و تازەیان بە سۆمای چاوی ئەودا دەدا. گەشتنە ئەو سەری کۆڵانەکە، بۆنی کولێرەی گەرم سەرتاپای کۆڵانەکەی پڕ کردبوو، بە بۆنی کولێرە گەرمەکە هەستی بە برسێتی کرد. لە کۆڵانەکە دەرچوون، تەنورێکی گەورەی پڕ لە پشکۆی گەشاوە جۆش درا بوو. پیاوێکی سەر و سیما نورانی و میهرەبان، بە دەست و پەنجە پڕ لە خێر و بەرائەتەکانی، نانی گەرمی لە ناو تەنورەکە دەر دەهێنا و هەر کەس بەو کۆڵانەدا ڕەت ببوایە کولێرەیەکی گەرمی دەدایە. بۆن و بەرامەی کولێرەکە مرۆڤی دەخستە سەر هەوای برسێتی و هەمان کاتیش پێی تێر دەبوو. سەرکەوت هێشتا پارچەیەک لە کولێرەکەی نەخوارد بوو بۆن و بەرامەی سەد جار تێری کرد. بە دەم ڕۆشتنەوە ئاوڕێکی لەپیاوە میهرەبانەکەی سەر تەنورەکە دایەوە ولە دڵی خۆیدا گوتی، ئاخۆ کێبێت؟ نانەکەی هەر بە دەستەوە بوو، سەرنجی بڵقە گەورە هەڵئاوساوەکانی دەدا و بیری وەک کۆترێکی سپی هەڵفڕی بۆ ناو دنیا فراوانەکەی بیرەوەری و کەوتە سەر هەوای ئەو

ڕۆژەی لە گەڵ هەردووکمان پێکەوە بە یەکێک لە ناو کۆڵانەکانی شاردا دەڕۆشتین بۆ سەردانی برادەرێکی مەسیحیمان. ماڵیان لە یەکێک لە کۆڵانە مەسیحیەکان بوو. سەرکەوت بۆ یەکمجار بوو ئەو ماڵە و ئەو برادەرەی من ببینێت. من پێشتر باسی هەڵوێستی بەرزی برادەرەکەم بۆ سەرکەوت کردبوو. ئەو کاتەی کە هەر سێکمان لە ماڵیان دانیشتبووین، زەنگی کەنیسەکەی تەنیشتیان هەموو ماڵەکەی پڕکرد.

ئەو دەمەی دایکی سەرکەوت چیرۆکی ئەو دیدارەی بۆ دەگێڕامەوە، ئەو ڕۆژەم باش لەیاد مابوو هەردووکمان پێکەوە چووین بۆ ماڵی ئەو برادەرە مەسیحییەمان.

برادەرە مەسیحیەکەمان بە بیستنی زەنگە گەورەکە سەیری هەردووکمانی کرد، وەک بیەوێت چیرۆکی ئەو زەنگەمان بۆ بگێڕێتەوە:

_ کەنیسەکە زۆر نزیکی ماڵی خۆمانە، بۆیە دەنگی وا گەورەیە. لە پشت ماڵی خۆمانەوەیە، کەنیسەیەکی گەورەیە، زۆر لە مێژە دروست کراوە. ئەم خانووەی ئێمەی تێدا دەژین، خانوی باپیرم بووە لە گەڵ کەنیسەکەدا پێکەوە دروستی کردون. خۆیشی هەر لەم خانووەدا ژیاوە. ئەو وێنەیەی بە دیوارەکەوەیە، ئەوە وێنەی باپیرمە، پیاوێکی زۆر میهرەبان و خێرخواز و دەست و دڵپاک و بەخشندە بووە، بە تایبەتی کاتی کارەسات و لێقەومان و گرانی کە بە سەر ئەم شارەدا هاتووە.

بە دەم نانی گەرم خواردنەوە دەڕۆشتن، جارێکیتر ئاوڕی بۆ پیاوە میهرەبانەکە دایەوە. ئەمجارە ویستی بگەڕێتەوە بۆ لای پێی بڵێت کە تۆ ئەو کەسەیت، بەڵام دوور کەوتبوونەوە.

پێش ئەوەی بگەنە سەر شەقامەکە، باوکی باسی ئەو شەقامەی بۆ دەکرد کە تەنها جۆگەلەیەکیشی تێدا نیە، بەڵام کەشتییەکی گەورەی پڕ لە پیاوی مەعقول و قوتابی بە توانا و

زانا و دانای دواڕۆژی تێدایە. سەرکەوت قسەکەی باوکی بە لاوە سەیر بوو، کەشتیەک لە شەقامێکدا جێگای پرسیار بوو.

_ شەقامی بێئاو گونجاوە، بەڵام ئەو کەشتیە بە بێئاو چۆن گەشتۆتە ئەو جێگایە؟

_ ئێستا دەگەینە شەقامەکە، کەشتییەکی گەورە دەبینین بە بێ ئەوەی ئاو یان ڕوبارێک لە شەقامەکەدا هەبێت.

کۆتایی کۆڵانەکەیان بڕی و گەشتنە سەر شەقامەکە. شەقامێکی باریک جگە لەو ژن و پیاوە بەرگ سپیانە، باڵندەی هەمە جۆر و پەڕسپی بە کەناری شەقامەکەوە بوون. سەرکەوت هێشتا پارچەیەک لە نانەکەی بە دەستەوە مابوو، ورد وردی کرد و بڵاویکردەوە بۆ باڵندەکان. ئەوە یەکەمجار بوو جگە لە جامولکە ئاوەکەی کانییەکە شتێکیتر بخوات. لەو شارە ئەرخەوانییەدا نە کەس باڵندەکانی دەخوارد، نە هیچ باڵندەیەک پێویستی بە خواردنی مرۆڤەکان بوو. بە شەقامەکەدا چوونە خوارەوە، لە دورەوە کەشتییەک دەرکەوت، کەشتییەک لە شێوەی هۆڵێکدا بوو. لە ناو کەشتیەکەدا بە ڕیز کورسی دانرابوو، تەختە ڕەشێکی پان هەڵواسرا بوو، لە پۆلێکی قوتابخانەیەک دەچوو، بە وێنەی قوتابخانەیەکی بچوک دەچوو. قوتابیەکان هەموو جۆربوون. پیاوێکی قسەزانی زمانشیرین وەک مامۆستا خەریکی وانە گوتنەوە بوو. چەند کورسیەکیش چۆڵ بوو، وەک هێشتا هەموو قوتابیەکان نەهاتبن. بە یادی قوتابخانەی ئێواران، سەرکەوت ئارەزوی بوو لە سەر یەکێک لە کورسیەکان دابنیشێت و گوێ لە وتە شیرینەکانی مامۆستا بگرێت. قوتابیەکان مامۆستاکەی خۆیان بە مەلا ناو دەبرد، مەلاش بۆ خۆی پیاوێکی دانا و لێهاتو زانستپەروەر بوو. کەشتیەکی گەورە لە کەناریکی بێئاو دا لەنگەری گرتبوو. سەرکەوت گومانی لە لا دروست بوو، چۆن بێئاو ئەم کەشتیە گەشتۆتە ئێرە؟

ـ زۆر ئاسانە بە بێ ئاو بگاتە ئێرە، چونکە هەر لێرەدا دروست کراوە.
ـ کەواتە دەبێت هەر لێرەدا بمێنێتەوە، چونکە توانای ڕۆشتنی بە هێچ لایەکدا نییە.
ـ وایە سەرکەوت... . تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام خاوەنەکەی ئەو مەلایەیە وەک تۆ بیر ناکاتەوە. ئەو چاوەڕوانە لافاوێک هەڵبستێت و کەشتیەکەی سەر ئاو بکەوێت، ئەویش دواجار گەشتێک بکات بۆ لوتکەی ئەو چیایەی پشت شارەکە... . ها، ها لێرەوە دیارە، دوا هەواری خۆی لەوێدا هەڵبدات.
سەرکەوت بە سەرنجەوە گوێی بۆ باوکی ڕاگرت بوو، بە هێواشی سەری لەقاند و لە بەر خۆیەوە گوتی، دەبێت کەشتیەکەی «نوح» بێت، چاوەڕوانی تۆفان دەکات. زۆر ئارەزوی بوو قسە لە گەڵ ئەو مەلا زانستپەروەرەدا بکات، بەڵام ئەوان سەرقاڵی وانە خوێندن بوون.
قوتابخانەکە کەوتبووە خوارووی شەقامەکەوە. شەقامەکە بەرەو خوار هەتاکو گۆڕەپانە گەورەکەی ناوەڕاستی شارە ئەرخەوانیەکە درێژ ببۆوە و لەوێدا کۆتایی پێدەهات. ئەوە گۆڕەپانی شار بوو کە چەندین شەقامیتری لە هەر چوار لاوە دەهاتەوە سەر. کات درەنگ بوو، کەچی وەک بەرە بەیانێکی زوو دەهاتە بەر چاو. شەونمی سەر پەڕەی گوڵ و گەڵاکان هێشتا مابوونەوە، پێدەچوو هەتاهەتایە هەر بە تەڕی بە سەر گوڵەکانەوە بمێننەوە. شار بێدەنگ وەک کەسی تێدا نەبێت. باڵندە وردەکانی کەنار شەقام و سەر لق و چڵی دار و گوڵەکان بە فرەی باڵە چکۆلەکانیان شنەی بایەکی فێنکیان بە سەر گوڵەکاندا پەخش دەکرد و بە هێواشی لەرەی دەخستە پەڕە ناسکەکانی گوڵەکان. چوار پەپولە نازدارە هاوتەمەنەکان، هەمیشە بە سەر ئاسمانی شارەکەوە بەلەرەی باڵەکانیان

ئاوازی مەستیان دەچڕی. ئەو شارە ئەرخەوانیە بە بێمندالْ بوو، پەپولە و چۆلەکەکان مندالّی دایکەکان بوون، کۆرپەی ئافرەتە میهرەبانەکانی ئەو شارە ئەرخەوانیە بوون.

گەشتنە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە، کەسیان نەبینی، چۆلْ و هۆلْ وەک خەلْکەکە بزانن کە کەمێکی‌تر کارەساتێک ڕودەدات. ویستی لە باوکی بپرسێت، بۆچی وا چۆلّە؟ پیاوێک لەو بەرەوە ڕاوەستا بوو، لە بەر دەم دەرگا گەورەکەدا کە پشتەوەی حەوشەیەکی گەورەی هێندەی سەرایەک دەبوو. پیاوێکی تاک و تەنها و «بێکەس» بوو. وەک چاوەڕوانی ڕاپەڕینێکی گەورە بکات، سنگی دەرپەڕاند بوو. پیاوێکی تەنها وەک خاوەنی ئەو سەرا و گۆڕەپانە بێت، بە شانازیەوە گوێی بۆ دەنگی بالْندەکانی ئاسمانی ئەوێدا هەلْخست بوو. بە تەنها چاوەکەی دەیڕوانیە هەموو شارە ئازیزەکەیی و بە دلّە گەورەکەی ئاگاداری هەموو کەس بوو، وەک کەسی هەموو کەسێک بێت، بەلاّم خۆی بێ کەس بوو،کەس کەسی ئەو نەبوو، تەنها و تەنها ڕاوەستا بوو. بالْندەکان بە سەر سەریەوە جریەویان بوو، ئەویش وەک لە ڕاپەڕینێکی سەرکەوتودا گەڕابێتەوە، گۆرانی بۆ ئاوا بوونی وەتەن و خاکی گەوهەر و ئاوی کەوسەریی دەگوت.

گۆرانی دەچڕی و هەوای سەر بەرزی هەلْدەمژی و سنگی قارەمانێتی دەردەپەڕاند. پیاوێکی تەنها، پیاوێکی نەمر و قارەمان.

شارێکی ئەرخەوانی قەشەنگ. ڕەنگی هەورەکان تێکەلْ بە ڕەنگی دار ئەرخەوانەکان ببوو. گولّەکان سپی و هەمە ڕەنگ بوون. مەردومەکان هەموو ئەو کەسانە بوون کە دنیای جوانیان خولْقاندبوو. ئەو کەسانە بوون کە دیاریە پیرۆزەکانی خوایان لە لا گەورە و گرنگ و بە بەها بوو. ئەو کەسانە بوون بە ویژدان دەیابینی و دەیانبیست و بیریان دەکردەوە. شارێکی زۆر هێمن

بوو. هێمنتر لە هەموو جێگایەک. ئەو شوێنە بوو کە مرۆڤەکان یەکتریان خۆشەویست. ئەو شارە بوو بە بێدەسەڵاتی مرۆڤ و یاسای دەستکرد، بە ڕێوە دەچوو. کەس لە کەس نەدەکەوت و مرۆڤ هەتا هەتایە ئاسودە دەبوو.

ئەو کاتەی ئەمان گەشتنە لای پیاوە تەنیاکە، ئەو هەر خەریکی وتنەوەی گۆرانیەکانی بوو بۆ وەتەن. سیمای چۆڵی شارەکە لە ناکاو گۆڕا بۆ پێچەوانەکەی. لە پشت پیاوەکە عەشاماتێکی زۆر لە خەڵک بە بەرگی سپیەوە ڕاوەستا بوون، هەموویان خەڵکی میهرەبان و قارەمان بوون، ژن و پیاو بوون. کوڕێکی باریکی لاواز بە جەستە، بەڵام جوامێر بە هەڵسوکەوت و قارەمان لە خۆ بەخشیندا لە گەڵ لاوێکیتردا کە وەک «هەڵۆ» لە پێش خەڵکەکەوە بوون، چەند پەڵەیەکی سور بە سەر سنگیانەوە بوو. زۆر بە پەرۆشەوە سرودی پیاوە تەنهاکەیان دەگوتەوە. پیاوەکە لە پێش هەموویانەوە بوو. کوڕە لاواز و «سیس» و ئەوتریش کە وەک «هەڵۆ» بوو لە پێش عەشاماتەکەوە بوون و هەر هەمووشیان بە دوای پیاوەکەدا دەڕۆشتن. سەرکەوت و باوکیشی دوراودور لە گەڵیاندا دەڕۆشتن. لە جێگایەک بەرامبەر بە چوار تارمایی کە شوێنیان لەمان بەرزتربوو، ڕاوەستان. چوار تارمایی سەرتاپا سپی لە ریزی یەکتر بوون. خەتێکی سوری بازنەی بە ملیانەوە بوو. لە بەر دەم هەر چواریاندا تەنها قەڵەم و پەڕەیەک هەبوو، بە سەر شانی هەریەکێکیانەوە ئەستێرەیەکی ڕەنگ ئاگرین دەدرەوشایەوە. ئەو پیاوە بێکەسەی پێش عەشاماتەکە، کاغەزەکەی دەستی خۆی کە ئیسپاتی قارەمانیتی ئەوان و بوونی قەومەکەی بوو لە جێگای کاغەزەکەی ئەوان داینا و کاغەزەکەی بەردەمی ئەوانی هەڵگرت. ئەو کاتەی کە کاغەزە نوسراوەکەی کە پڕ بوو لە

ئامۆژگاریو بۆ خەڵکەکەی خوێندەوە، بێدەنگترین و هێمنترین کاتی ئەو شارە بوو.

سەرکەوت ئارەزوی بوو هەتاکو زووە ئەو جێگایە جێبهێڵن بۆ ئەوەی پرسیاری ئەو چوار کەسە لە باوکی بکات. سەرکەوت تامەزرۆو پەلەی پرسیارێک بوو، دەنا هەزار و یەک پرسیاری هەبوو دەربارەی هەموو ئەو شتە تازانە کە دەهاتنە بەر چاوی لە باوکی بکات. ئەم هەزار و یەک پرسیارەش ناکرێت و زەحمەتە. ئەو پرسیارەی بە لای سەرکەوتەوە گرنگ بوو کە بیزانێت، ئەو چوار تارماییە بوو کە ئەوانە کێ بوون؟

_ سەرکەوت، چیرۆکی ئەو چوار کەسە دوور و درێژە. نهێنیەکانی ئەم شارە وردە وردە لە لات ئاشکرا دەبن و هەموو شتێک دەربارەیان دەزانیت. ئەوەی کە ئێستا گرنگە پێت بڵێم، ئەوانە چوار کەس بوون کە ڕۆحیان پربوو لە جوانی و مەعریفەت و ئازایەتی، پر لە گەورەیی و «عیزەت» و پیرۆزی و «قودسی» پر لە بەخشەندەیی و «خێر» و بەرائەت، پر لە گیانپەروەری و «خۆشەویستی».

لە سەرەتاوە هەموو ئەو ماوەیەی سەرکەوت و باوکی پێکەوە بوون، کەمتر پێکەوە قسەیان دەکرد و پرسیاریان لە یەکتری دەکرد. هەموو دیمەنەکان لە بەر دیدەی سەرکەوتدا نوێ بوون، ئارەزوی زانینی هەموو شتەکانی بوو. باوکیشی وەک هەموو کەسێکی ئەو شارە ئەرخەوانیە ئاگاداری کەسەکانیتر بوو کە جێهێشتبوون، ئیتر پێویستی بە پرسیار نەدەکرد دەربارەی سەرکەوت و دایکی.

ئەو جێگایەیان جێهێشت کە چوار تارماییە سپییەکەی لێبوو. بەرەو خوار ڕۆشتن. بە درێژایی ڕێگاکەیان هەمیشە خەڵکی روخۆش و میهرەبانیان پێدەگەشت. خەڵکێکی زۆر لە ژن و پیاو بەرەو لای ئەو دەرگا گەورەیە دەڕۆشتن کە دوو دەرگایتر بەلای

ڕاست و چەپدا بە نەخشی جوان ڕازا بوونەوە. سەر و هەرسێ دەرگاکە شێوەی کەوانەیی بوو کە وەک گومەزێک دەهاتنە بەر چاو. نزیک دەرگا گەورەکە بوونەوە، ئافرتێک لە پێش ئەماندا چووە ژورەوە. ڕۆژانی منداڵی خۆی بیر کەوتەوە کە لە گەڵ دایکیدا بوو. تەزویەک بە لەشیدا هات، چەند هەنگاوێک لە باوکی دواکەوت، وەک چاوەڕوان بێت باوکیشی وەک دایکی پەلی بگرێت بۆ ژورەوە کە دڵنیایی بکات ئەوانە پیاو چاکن. لە جێگای خۆی ڕاما، بیری سەردەمی منداڵی و بیری دایکی کەوتەوە. لەو شارە ئەرخەوانیەدا مرۆڤەکان توانای ئاگاداری ژیانی ئەو کەسانە بوون کە پێشتر لە گەڵیاندا بوون، دیمەنە ڕەنگاوڕەنگ و جیاوازەکان ئەمیان سەرقاڵ کردبوو. سەرکەوت لە پێش دەرگاکەدا هەر ڕاوەستا بوو. باوکی ئاوڕیلێدایەوە، زانی بیر لە شتێک دەکاتەوە، کەمێک چاوەڕوانی کرد.

_ سەرکەوت، بۆچی ڕاوەستایت؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

_ بیر لەوە دەکەمەوە لەو کاتەوەی لە گەڵ تۆدام لەم شارەدا، نە هەواڵی دایکمت پرسیوە، نە پرسیارێکیترت دەربارەی ژیانمان کردووە ئەو ماوەیەی لە ئێمە دوور بوویت.

_ لەو ڕۆژەوەی ئێوەم جێهێشتووە و هاتووم بۆ ئەم شارە ئەرخەوانیە، هەمیشە ئاگاداری ئێوە بووم هەتاکو تۆش گەشتویتە ئێرە و ئێستاش ئاگاداری دایکتم وەک چۆن تۆ ئاگاداری دایکت و شارەکەتی. ئیتر چ پێویست بە پرسیار کردن دەکات. لە سەرەتاوە بۆ ئێرە هاتویت، پشوت نەداوە و هەمیشە دەڕۆیت و بە سەرنجەوە دەڕوانیت. هەر تەنها ئەمڕۆ لێرە نابیت، ئێرە جێگای کۆتای بێ‌کۆتایتە. پەلە مەکە..! پێ‌ڕادەگەیت هەموو شتێک بزانیت و هەموو شوێنێك و هەموو کەسێک بە سەر بکەیتەوە.

سەرکەوت لە ناو دەرگاکەدا هەر ڕاوەستا بوو، سەرنجی دەرگا و دیوار و هەمو شوێنێکی دەدا.

لەناو حەوشەکەدا خەڵکێکی زۆری میهرەبان هەبوون. زۆربەی ئافرەتەکان بەرەو هۆڵە گەورەکە دەڕۆشتن کە کەوتبووە سەروی حەوشەکە. پیاوێکی جوانی میهرەبان کە سۆز و نور و سومعەت لە ڕووی دەباری لە ناو هۆڵەکە هاتە دەرەوە، پیاوێکی لە سەر خۆ هەر لە سەر کردەیەکی ڕاستەقینە دەچوو. سەرکەوت هەر زوو ناسییەوە، زۆرجار وێنەی ئەو پیاوە شکۆمەندە نەمرەی بینیبوو.

زۆربەی خەڵکەکە بەرەو ناو هۆڵەکە دەچوون بۆ سەردانی ئەو پیاوەی لە ناوەوە هەموو هۆڵەکەی پر کردبوو لە نور و ڕوناکی.

سەرکەوت سەرنجی حەوشە و خەڵکەکەی دەدا. حەوشەکە پڕ بوو لە مەردومی میهرەبان و پیرۆز و نورانی. سەر دیوار و حەوشە و شوێنە بەرزەکان چۆلەکە و باڵندەی هەمە ڕەنگ و کۆتری پەڕ شینی پێوە بوو. ئافرەتەکان لە زمانی چۆلەکەکان دەگەشتن، وەک منداڵی خۆیان دەیاندواندن.

ئاوێکی ڕونی بێگەرد لە ناو حەوزە گەورەکەدا لە چەند لایەکەوە دەهاتە خوارەوە. دووەم جار بوو لەو شارە ئەرخەوانییەدا لەو ئاوە ڕون و تام شەرابییە بخواتەوە.

لەو سەری حەوشەکەدا مەدرەسەیەک هەبوو. دەنگی قوتابیەکان دەگەشتنە لای ئەمان. سەرکەوت زۆر خولیای بینینی قوتابخانەکە و قوتابیەکان بوو. قوتابخانەیەکی سادە بوو، بەڵام پێشکەوتوترین «مەدرەسە» بوو. قوتابیەکان هەموو پیاوی زانا و عالم و هەڵکەوتوو بوون. مامۆستاکەی خۆیان بانگ دەکرد «ئەفەندی». تکایان لە ئەفەندی دەکرد بە یادی جاران تەنها یەک دەرسیتریان پێبلێت. ئەفەندی وەک هەموو خەڵکی ئەو

شارە ئەرخەوانیە، ڕوخۆش و میهرەبان بوو، مامۆستایەکی چست و چالاک و زیرەک بوو، پیاوێکی پڕ لە عیلم و مەعریفەت بوو، ئەفەندییەکی پاک و خاوێن و بە ئەدەب و زانست دۆست بوو. ماوەیەکی کورت گوێیان لەو مامۆستایە گرت، بە یادی جاران وانەیەکی‌تری بە قوتابیە زاناکانی گوتەوە.

سەرکەوت هەمووو گیانی خۆشی و بەختەوەری بوو، دنیای زۆر بە جوانی لە بەرچاو بوو، هەموو مرۆڤەکانی خۆشدەویست. سەیری جل و بەرگە پاک و خاوێنە سپیەکەی بەری خۆیدەکرد. فەرەحی و فەخر و سەرفرازی بە دەرونیدا دەهات.

ئەو جێگا و حەوشەیەیان بەجێهێشت و هاتنە دەرەوە، شەقامەکەی تەنیشت ئەو جێگایەیان گرت و بەرەو سەرەوە ڕۆشتن. سرووەیەکی فێنکی دەهات، میوەی دارەکانی سەر ڕێگاکە هەتاکو ناو دەستی خەڵکەکە شۆڕببوونەوە. بە دەم ڕۆشتن و قسە کردنەوە جار بە جارێک لە میوەی دارەکانیان دەخوارد. هەتاکو بەرەو سەروتر دەڕۆشتن، ڕێگاکە پڕتر و چڕتر جوانتر دەبوو لە دیمەنی دار و کانی و باڵندە و ئاسک. سەرکەوت ئارەزوی بوو هەتاکو کۆتایی ڕێگاکە بڕۆن. جێگایەکی زۆر دڵگیر بوو، دیمەنەکان پارچە بە پارچە جیاوازتر و یەک لەویتر جوانتر بوو. دار میوە هەمە جۆرەکان و گوڵ و کانی و قەڵبەزەی ئاو و هەڵبەزەی ئاسکەکان هەموو سەرنج و هەستی سەرکەوتیان بزواند بوو. سەرکەوت داوای لە باوکی کرد، هەتاکو ئەو سەری ڕێگاکە بڕۆن.

_ تۆ چۆن ئارەزو دەکەیت، وا دەکەین. بەڵام شوێنەکان زۆرن و تۆش خولیای بینینی هەموو کەسێک و هەموو جێگایەکت هەیە. هەر ئەمڕۆ لێرە نابیت، ئەم شارە ئەرخەوانیە جێگای کۆتایی و هەتاهەتایتە. ئێستا تاکو کۆتایی ئەم ڕێگایە دەڕۆین کە

کانیەکی گەورەی پڕ لە ئاسکە و هەموو ئەو کەسە میهرەبان و پیاو چاکانە دەبینیت، کە بۆ یەکەمجار لە وێدا هەواریان هەڵدا.

سەرکەوت بە ناسینی کەسە میهرەبانەکان دڵخۆش دەبوو. تامەزرۆی بینینی هەموو جێگایەکی بوو، بۆ ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان بگاتە لای دایکی و هەموو شتەکانی بۆ بگێڕێتەوە. بە قەراغی ڕێگاکەدا بە تەنیشت دار میوەکاندا بەرەو سەرەوە دەڕۆشتن. خەڵکی ڕوو خۆش و میهرەبان بە لایاندا بەرەو سەر و بەرەو خوار تێدەپەڕین. پیاوێکی جوانی سادە و پاک و میهرەبان لە ژێر دار گێلاسێکدا، گێلاسی ڕووسوری دەخواردو شەرابی سەروەری نۆش دەکرد. سەرکەوت بۆ یەک جار لە زینداندا وەستای بە مردویی بینی بوو، شێوەی ڕوخساری هەر لەبەر چاویدا بوو. ئەو پیاوە قارەمان و ئێسک سوکە سەری لە سەر شانی مامۆستا دانا بوو، وەک خەوتبێت وا بوو .

بەرەو سەرو دەڕۆشتن و باڵندە بچوک و ڕەنگاوڕەنگەکان و چۆلەکە سپیەکان بە سەر سەریاندا باڵەفڕێ و جریوە جریویان بوو. لەو شارە ئەرخەوانیەدا کەس پێویستی بە کەس نەبوو، کەس بەرامبەر بە هیچ شتێک ئیجبار نەبوو، کەس لە بەر دەم کەسدا زەلیل و زاڵم نەبوو. مرۆڤ بە زۆر پێویستی بە هەتاو و سێبەر نەبوو. نە هیلاکی چاوەڕوانی حەوانەوە و خەو بوو، نە خەوتوو دەگەشت بە ئاگابوون. شارێکی هێمن و بێخەوش. کەس لە کەس نەدەکەوت. کەس لە کەس بێزار نەبوو. نە سەرکردە هەبوو، نە درۆزن، نە خاوەن زەوی و مڵک و ماڵی زۆر هەبوو، نە قومارخانە و نە قومارچی. ئای لەو شارە قەشەنگە، کێ پێی دەگات؟ چۆن پێی دەگەیت؟

وردە وردە لە گەڵ باڵندەکاندا ڕێگاکەیان بەرەو کۆتایی دەبڕی. هەموو هەنگاوێک دیمەنێکی دڵفڕێنیان جێدەهێشت و بە دیمەنێکی ڕازاوەتر دەگەشتن. لە بیری دایکی و هاوڕێکانیدا بوو،

لە بیری شارەکە و سروشتدا بوو. لە دوورەوە تارمایی پەرییەکی نازدار دەرکەوت. هەنگاو بە هەنگاو تارمایەکە لە شێوەی کچێکی ڕاستیدا دەردەکەوت. سەرکەوت بە چاوەکانی سەیری پەرییە نازدارەکەی دەکرد و بیر و خەیاڵیشی لە لای سروشت بوو. چەند جارێک ویستی بانگی بکات «سروشت، سروشت». ئەو کچە شێوە پەرییە نازدار و قەشەنگەش، بەرامبەر بە سەرکەوت دەهات. وردە وردە لە یەکتری نزیک دەبوونەوە. هەر هەنگاوێکیان بەرامبەر بە یەکتر دوو هەنگاو لە یەکتری نزیک دەبوونەوە. بە جۆرێک بەرامبەر بە یەکتر نزیک بوونەوە، هیچ نێوانێکیان نەما و لە ئامێزی یەکتردا ئاوێتە بوون. پەپولە و باڵندەکان بە جریوە و گۆرانی و نەغمەی پڕ لە ئاواز و فڕەی باڵە ڕەنگاڵەکانیان بە سەر سەریانەوە سەمایان دەکرد. سەرکەوتیش بۆ یەکەم جار لە گەڵ ئەو پەریە نازدار و قەشەنگەدا لە ناو چێژێکی خوایی پەیوەست بە مرۆڤە میهرەبانەکان لەو شارە ئەرخەوانییەدا لەیەکتری ئاڵان تاکو تێر تێر ئاسودە بوو.

10

ماوەیەک بە سەر نەمانی سەرکەوتدا تێپەڕی، دەنگوباسی پەیوەندییە ڕۆحیانەکەی نێوان خۆی دایکی لەناو خەڵکدا بڵاو بووەوە، بە تایبەتی لە ناو کۆڵان و هاوڕێکانیدا. من لەسەرەتادا بەو دیاردە ڕۆحیانیەم دەزانی لەئەنجامی چڕبوونەوەی خۆشەویستی نێوان دووکەسدا لەدابڕانێکی کتوپڕدابەرجەستەدەبێت، بەتایبەتی نێوانی دایكو منداڵەکەی. وەك کەسێکیش نزیك بەوان، ئاشنای ناخی دایکی ببووم بەرامبەر بە سەرکەوت. نهێنییە هەڵواسراوەکە ئەوەبوو، جگە لەدایکی کەسیتر دەنگی سەرکەوتی لەگەروی هیچ باڵندەیەکدا نەدەبیست. ڕەنگە ئەو حاڵەتە نهێنیترین دیاردەکانی گەردونبێت، هەرچەندە گێڕانەوەی لەسەر زاری منەوە بۆ خەڵکیتر زۆر ئاڵۆزبوو، بەڵام نەشمدەتوانی لەگاریگەری چاوەکانی دایکی سەرکەوت خۆم ڕزگاربکەم کە تەواو ڕۆحو دەرونی داگیرکردبووم، بەتایبەتی کاتی گێڕانەوەی دیدارەکانی نێوانیان. نیگاکانمان بەچەشنێك ئاوێتەدەبوون منیش دەکەوتمە ناو حەقیقەتی ڕوداوەکان. گەشتن بەو حەقیقەتە خۆ بزرکردبوو لەواقعی خۆم، ئەگەرنا هەروا بەئاسانی مرۆڤ هەست بە پەیوەندی نێوان دووکەس ناکات هەر یەکێکیان لەدیوێکی ژیانی باڵادابن، لێرەوە ئیتر بەگومانبووم لەگومانکردن بەپەیوەندی نێوانیان. ڕەوینەوەی گومان گەشتن بەڕاستییە، ئەو دەمەی منیش ئاوێتەی دیدارەکانیان دەبووم، لەواقیعی خۆم بێئاگابووم، لەخۆم بزربووم، کەچی بەدڵنیاییەوە لەواقیعیشدا هەبووم.

لـەنێـوان گومـانو حـەقیقـەتـدا گومانێـك هـەیـە کـەبـەرهـەمـی حەقیقەتە، لـەنێوان حـەقیقـەتو گومانیشدا حـەقیقـەتێك هـەیـە کەبەرهەمی گومانە. ڕەنگە پەیوەندییـەکانی نێوان زینـدو مردو نهێنیترین دیاردەکانی گەردوونبێت، نەکەسێکی مردو بـەتـەنیا دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت، نەکەسێکی زیندو. لـەئاوێتـەبوونو بەیەکگەیشتنی ئـەمدوو ڕۆحـەدا، کامیـان دێنـەوە بـۆلای کامیـان؟ کامیـان دیـوەکـەی ژیـانـی خـۆی جێدەهێڵێتو سـەردانـی ئـەویـدی دەکات؟ لەنێوان هەردوو دیوی ژیـانـی بـالادا حـەقیقـەتێك هـەیـە هەمیشە گومانی لێدەکەین، حەقیقەتێك کـەهـەرگومـانیش بـەرەو چەقی ڕاماندەکێشێت.

ئـەو مـاوەیـە مـن هـەمـوو ڕۆژێـك سـەردانـی دایکـیم دەکـرد. دیدارەکانی لەگەڵ سەرکەوتدا بۆ دەگێڕامەوە. دیدارەکان تـەنها دەنگی سـەرکـەوتبـوونو دەگـەیشتن بـەگـوێی دایکـی. ئـەو دەنگـە ئاسـودەیکردبـوو، دڵنیـابوو کـەکـورەکـەی لـەجێگایـەکـی زۆر هێمندایـەو بـۆ هـەتاهـەتایـە ئاسودەو خۆشحاڵە. هـەمـوو دیـدارە دەنگییەکانی بۆمن دەگێڕایەوە، هەر لەو ڕۆژەوەی کـە چـووین بـۆ سەر چاڵەبەفرەکانو لاشەکەی سەرکەوتمان هێنایەوە.

دایکی دەیگوت: سەرکەوت خۆی ڕایسپاردووم هەرچییەکم بـۆ باسـدەکـات لـەڕێگـەی باڵنـدەکانـەوە، بـۆ هاوڕێکـانی بگێڕمـەوە. کوڕی خـۆم، مامۆستاگیان، منـیش لـەتـۆ زیـاتر کـەسێك شکنابـەم بەدڵ گوێ لەڕازی دڵم بگرێت. هەرچییەکت بۆ باسدەکـەم قسـەی سـەرکـەوتـن، نـەك هـی خـۆم، بـەڵکـو تـۆش لـەنـاو هاوڕێکانـت هەواڵەکانی سەرکـەوت بڵاوبکـەیتـەوە، هـەتـاکو کـەس بـەرامبـەر دیارییە پیرۆزەکان کەمتەرخەمنەبێتو لـەپـاش سـەفـەری کۆتـای ئەم ژیانە، ئەو شارە ئەرخەوانییەش بەنسیبیبێت. منیش ئـەوەی کـە دەیگێڕمـەوە، هـەر ئـەو قسـانـەن لـەدایکـی ئـەوم بیسـتوونو

بەناو خەڵکدا بڵاوبوونەوە، کەسەرکەوت لەشێوەی باڵندەیەکدا بۆ دایکی گێڕابوونەوە.

* * * * *

لە گەڵ پەرەسەندنی پیرۆزی خاک لەناو خەڵکدا و ئیشکردن بۆ ئەو مەبەستە، چەکەرەی گەشانەوەی گرێکی پیرۆز و بچوک لەناو دەروندا سەری هەڵدا.

خاکێکی داگیرکرا و سیفاتی گەورەیی و پیرۆزی نزیک بە خوای پێوە نامێنێت، ئاگرە بچوکەکەی دڵ و دەرونمان ناگەشێتەوە. دایکەکان پیرۆزیان نامێنێت. ڕۆژانە بە بەرچاوی خەڵکەوە بارەشەکان ئازاری دایکەکانیان دەدا، بە نیازی سوکایەتی لەناو بازاڕدا عەباکانیان لە سەر تور دەدان. چەندەها دایکیتر ڕاپێچی زیندانەکان دەکران، هەر نەبوایە ڕۆڵەکانیان لە زیندانەکان توند دەکردن و ئەشکەنجە دەدران و ئازار و ئێشی بە سوێیان دەخستە دڵی دایکەکانەوە.

چالاکیەکان بۆ پیرۆز ڕاگرتن و خۆشەویستی و وەفاداری هەر بەو شارەوە ڕانەوەستا، پەرەیسەند بۆ هەموو شوێنەکانیتر.

سروشت پێش نەمانی سەرکەوت لە نامەکەیدا داوای کردبوو کە یەکێک لە ئێمە بچین بۆ لای و دەربارەی دیاریە پیرۆزەکان لە گەڵ هاوڕێکانی ئەو جێگایەیاندا گفتوگۆ بکەین.

ماوەیەک تێپەڕی و کەسمان نەچووین، سەرکەوت دەسگیرکراو، لەزیندانەدا گیانی سپارد. منیش زۆر سەرقاڵی کارەکانی خۆمانبووم، جگەلەوەی مردنی ئەویش کاریگەری سەختو دژواری لەسەر ژیانی من هەبوو، ئیتر منیش نەمتوانی سەردانی بکەم. بەنەچوونی هیچ کەسێکمان بۆلای سروشت، ئەو ماوەیە زۆر بێئارام دەبێت. بەتایبەتی کە دەیبیستێت بارەشەکان خەڵکێکی زۆریان دەسگیرکردووە. واهەستدەکات کە

منو سەرکەوت یەکێکمان دەسگیرکرابێتین، یاخود بەلایەکمان بەسەر هاتبێت.

ئەو پیرێژنەی کە جاران بە بیستنی ڕوداوەکان لە ناو ماڵەکەی خۆیدا توشی ترس و دڵەڕاکێ دەبوو، ئەو ژنەی هەمیشە ڕێگربوو لەبەردەم هەڵوێستی کوڕەکەیدا، ئێستا یەکێکە لە چالاکترین ئافرەتەکان و خۆڕاگر و ورە بەرز و بە هەڵوێسترین کەس. ئیتر شتێک نەبوو کە توشی دڵەڕاوکێ و ترسی بکات. کاتێک نەمابوو بە خەم ساردی تێدا بژی. کاریگەری قسەکانی سەرکەوت لە پێش گرتنی بۆ دایکی بەرامبەر بە دیاریە پیرۆزەکانی ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەبوو. جگە لەوانەش قسە نهێنیەکانی سەرکەوت، کە دایکی لە گەروی باڵندەیەکەوە دەیبیست، دڵنیایی دەکرد لە ئەنجامی هەڵوێستی وەفاداری بۆ دیاریەکانی خوا و پیرۆز ڕاگرتنی خاک، ئەو شارە ئەرخەوانیە دەبێت بە جێگا و شوێنی کۆتایی.

دایک بۆ خۆی یەکێک بوو لە دیاریە پیرۆزەکان. ئەوان بە پیرۆزی خۆیان لە پێناوی پیرۆز ڕاگرتنی خاکدا هەوڵیان دەدا. ئەم هەڵویستەی دایکەکان گڕوتین و هاندانێکیتر بوو بۆ خەڵکەکانیتر. بەشداری دایکەکان لە چالاکیەکان و خۆ بەخشینیان بە خاک ڕەنگدانەوەی سەرکەوتووی بە سەر خەڵکەوە هەبوو. یەکێک لە دیاریە پیرۆزەکان ڕۆح بوو کە لە دایکدا هەبوو، دایکیش بۆ خۆی دیاریەکی پیرۆز بوو. دایک ڕۆحی خۆی بە خاک دەبەخشی کە خۆیشی دیاریەکی پیرۆز بوو. ئیدی خەڵکانیتر چۆن بێهەڵوێست دەبوون.

ئەو ڕۆژەی سروشت هەواڵی مردنی سەرکەوتی بیست، هەر ئەو ڕۆژە گەڕایەوە. پێس ماڵی خۆیان چوو بۆ ماڵی سەرکەوت بۆ لای دایکی سەرکەوت. دایکی سەرکەوت تازە لەناو بازاڕ گەڕا بووەوە بۆ ماڵەوە. بە ڕویەکی خۆشەوە باوەشی بە سروشتدا کرد.

سروشت گیان، وا دەزانم سەرکەوت گەڕاوەتەوە کە چاوم بە تۆ کەوتووە. من خۆم دەهاتم بۆ لات ئەگەر تۆش نەهاتیدایە، ڕۆڵە گیان زۆر خەمی تۆشم بوو.

دایکی سەرکەوت دەیزانی کە سروشت هەواڵی مردنی سەرکەوتی بیستووە. سروشت خۆی زۆر بێئارام و غەمباری سەرکەوت بوو، ئەوەندەش خەمی دایکی سەرکەوتی بوو. ئەو هەر وەک ژنەکەی جاران دەیناسی ئاگاداری ئەو گۆڕانە گەورەیە نەبوو کە بە سەر بیرکردنەوەیدا هاتبوو. جێگای سەر سوڕمانی سروشت بوو کە بەو جۆرە قسەی لە گەڵدا دەکات و دڵنەوایی دەداتەوە.

سروشت وەک هەموو کچێکی ئەویندار سۆز و خۆشەویستی بۆ سەرکەوت زۆر بوو. هەر ئەو کاتەی دایکی سەرکەوت لە ئامێزی گرت قوڵپی گریانێکی گەورە و بە کوڵ لە دڵ و دەروونیدا بوو. قسەکانی دایکی سەرکەوت ورەیەکیتری بە سروشت بەخشی. هێواش هێواش قوڵپی گریان و فرمێسکەکانی چاوە گەشەکانی گۆڕا بۆ هەنسکێکی کپ و شەرمنانە. ئەو توانای قسەی نەبوو، چاوی بڕیبووە ناو چاوەکانی دایکی سەرکەوت، وەک چاوەڕوانی قسەیتری لێبکات.

ـ ڕۆ گیان، با بچینە ژورەوە، پێش هاتنی تۆ لە ناو بازاڕ بووم، خەڵک زۆر گۆڕاوە، کارەکان لە گەشە و پەرەسەندندان، بێگومان خۆت هەموو شتێکت بیستووە، کەس نیە لە خەڵکی ئەم شارە بە پەرۆش نەبێت و هاوبەش نەبێت، مەگەر هەر ئەوانەی کە بێنرخ سەیری خۆیان دەکەن. بارەشەکان لە جاران زیاتر بڵاوبوونەتەوە و چاودێری هەموو لایەک دەکەن. گرتن و کوشتن زۆر بووە. بەڵام خەڵکی لەم هەڕەشەو گرتن و زیندانیکردنانە ناترسن. قەناعەتی خەڵک بۆ بیر و باوەڕیان لە هەڕەشە و ترسی ئەوان گەورەترە. ئەو بارەشە بێویژدانە تەنها سێ ڕۆژ

بوو کوڕەکەی منیان گرتبوو کە کوشتیان. کوشتیان بە بێ ئەوەی لاشەکەیم بدەنەوە. خۆی هات بۆلام، خۆی کردبوو بە کۆترێک و لە سەر داری حەوشەکە وەک جاران بانگی کردم «دایە»و قسەی لە گەڵدا دەکردم. ئەو خۆی گوتی لە ناو چاڵێکی قەراغ شاردا فڕێدراوم. ئەوەشی گوت کە ئێستا جێگای زۆر باشە و لە شارێکدایە لە گەڵ هەموو کەسە میهرەبانەکاندا بۆ هەتا هەتایە بەختەوەرە. ئەو شارە، ئەو جێگایە لە پاداشی خۆ بەخشین بە خاک و بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی دیاریەکانی خوا، مرۆڤ پێیدەگات. هەر وەک دەنگی جارانی بوو دەیگوت، دایە خەم بۆ من مەخۆ، وەک جاران بیرمەکەرەوە و خۆڕاگر بە و بەرامبەر بە دیاریە پیرۆزەکان خۆشەویستی و وەفادار بیت. هەموو ئەم قسانە بە هاوڕێکانیشم بڵێ. کچی خۆم ئەوانە قسەی سەرکەوت بوون. سەبارەت بەتۆش قسەی زۆر بۆکردووم، ڕۆژانە چاوەڕوانی باڵندەیەکم مژدەیەکی خۆش بە دڵە تەنگو گوشراوەکەمدا بچرپێنێت. منیش هەرچییەك ببیستم بۆ مامۆستای دەگێڕمەوە، هەر لەیەکەم ڕۆژە لەسەر ئەو ڕێگایەی کە هەردوو بەری دارچوالەبوو بەرەو شارە ئەرخەوانییەکە دەچوو، خۆی لێئاشکراکردووم. منیش هەنگاوبەهەنگاو و وشەبەوشەی سەرکەوتم بۆ مامۆستا گێڕاوەتەوە. ئێستا زۆر ئاسودەم ، جیاوازتر بیر دەکەمەوە، ئێستا باشتر لە مانا و پیرۆزی دیاریەکان گەشتووم بە تایبەتی خاک. ئێمە کە دایکین دەبێت لە کەسانیتر دڵسۆزتر و بەخشندەتر و خۆڕاگرتر و ئازا و چالاکتر بین. ئەم بەیانیەش هاتەوە سەر دارەکە و قسەی لە گەڵدا دەکردم، باسی تۆی بۆ دەکردم. من زانیم ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. ئەو گوتی، سروشت بە مردنی منی زانیوە و بۆ لاتان دەگەڕێتەوە، بۆ لای تۆدێت. تۆش دڵنەوایی بکە و هەموو قسەکان و ڕوداوەکانی بۆ باسبکە. دەیگوت، ئەو کەسانەی بەخشندەن بۆ

نیشتیمان، لە ژیاندا سەر بەرز و ئاسودەن و ئەم شارە ئەرخەوانیەش دەبێت بە شوێنی هەتا هەتاییان.

سروشت بە سەر سورمانەوە گوێی گرت بوو. چاوەکانی بەرامبەر بە دایکی سەرکەوت زەق کرد بوونەوە و لە قسەکانی رامابوو. نەیدەزانی چۆن گوزارشت لەو رووداوە بکات. کەناری چاوەکانی فرمێسکی حەپەساویان گرتبوو، لێوەکانی لە هەنسکدا هەڵدەلەرزین. لە هەموو شتێک تێگەشت، هەرچەندە حەزیدەکرد سەبارەت بەسەرکەوت زیاتر ببیستێت، بەڵام توانای زیاتر گوێگرتنی نەبوو.

_ دایە گیان، تێگەشتم. لە هەموو شتێک تێگەشتم. ئەوەندە بەسە بۆ کەسێک کە بیەوێت تێبگات. ئەمڕۆ بەسە، پێویست بە قسەی زیاتر ناکات لەوبارەیەوە. من دەبێت بە جێتبهێڵم و بچمەوە بۆماڵەوە.

لەدوای گرتنی سەرکەوت و خەڵکانیتر بە تایبەتی قوتابیان، چالاکی و جم و جۆڵ و گفتوگۆی ناو خەڵک دەربارەی دیاریە پیرۆزەکان زیاتر بوو. بارەشەکان هەمیشە بە بازاڕ و شەقام کۆڵانەکانو ناو قوتابخانەکاندا بوون. کۆمەڵێک قوتابی زۆر لە سەر دەستی بارەشەکان دەستگیر کرا بوون و لە قوتابخانەکاندا هەڵهاتبوون. قوتابیەکان لە خوێندن دواکەوتبوون، هەندێک قوتابخانەش داخران و مامۆستاکانیان دورخستبوونەوە. بە پێویستم زانی لە گەڵ هەموو هاورێکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی ئەرکیان پێسپێدرابوو، کۆببمەوە و دەربارەی ئەو قۆناغە و رەوشی قوتابی و قوتابخانەکان گفتوگۆ بکەین و چارەسەرێک بدۆزینەوە لەوە زیاتر قوتابیەکان لە قوتابخانەکان دانەبڕێن.

دواکەوتنی قوتابی لە وانەکانو دابڕانیان لەقوتابخانە گرفتێکی گەورە بوو. چالاکی لەناو قوتابخانەکاندا بە ئاشکرا

دەکران. هەموو ئەو چالاکیانەمان ڕاگرت. هەموومان لەسەرئەوە پێکهاتین کە چالاکی لە ناو قوتابخانەکاندا بە نهێنی بکرێت و بگوازرێتەوە بۆ ناو بازاڕ. کەمبوونەوەی چالاکی قوتابیەکان بووە هۆی ئاسایی بوونەوەی ڕەوشی قوتابخانەکان. وردە وردە قوتابخانەکان ئارام بووەوە. ناو بازاڕ بە پێچەوانەی قوتابخانەکان، چالاکی کۆبوونەوەی زیاتری بە خۆوە گرت. چالاکییە فکرییەکان بە جۆرێک گەشەیسەند بوو، بانگی خۆشەویستی و پیرۆزی خاک بە گوێی هەموو کەسێکدا درا بوو. خەڵکە بە ساڵاچووەکانیش پیرۆزی خاکیان بە هاوتای هەموو پیرۆزییەکیتر تەماشا دەکرد، گەشتبوونە ئەو ڕاستیەی لە سەر خاکێکی داگیر کراو و بریندار نزا و دوعاکانیان بە هاونرخی خۆی نابێت و ناگاتە جێ.

ڕەوشی قوتابخانەکان بە تەواوی ئاسایی بووەوە، بەڵام ئەرکی چالاکیەکان هەر لە لایەن قوتابیەکانەوە بەرەو بازاڕ و ناو خەڵک شۆڕ ببۆوە بە شێوەیەک کاریگەری لە سەر قوتابخانەکان نەبێت. لەو قۆناغەدا مزگەتەکان وەک هەموو شوێنەکانیتر جێگای گەیاندنی پەیام و بەرز ڕاگرتنی دیاریە پیرۆزەکان بوو. ڕۆژانی هەینی ببوو بە نەریت بۆ گوێگرتن لە مامۆستاکان و کەسانیتر دەربارەی گرنگی و پیرۆزی خاک لە سەر ژیانی مرۆڤ. قوتابیاکان ئەرکی خۆیان لە قوتابخانەکانەوە بۆ هەموو جێگاکانیتر گواستەوە. بارەشەکانیش ژمارەیان لە جاران زیاتر بوو بەناو بازاڕدا و چاودێریان بۆ سەر خەڵک توند و تیژتر بوو، بەڵام توانی ڕێگرتنیان نەبوو. کێشەی خەڵک و بارەشەکان بەرەو سوربوونی خەڵک لە سەر بیر و باوەڕیان ئاراستەی وەرگرتبوو. ئەو سەردەمە جیاوازی ژن و پیاو، گەنج و پیر تەنها لە سەر ئاستی ئەرکدا هەبوو، هەموو یەک مەبەستیان هەبوو، هەموو خەڵک بە

قـەناعـەتـەوە دەیانڕوانیـە پیـرۆزی خـاک. لـە گـەڵ زۆر بـوونی بارەشەکان لە ناو بازاڕدا، دیاردەی قسە و بـاس لـە سـەر گرنگـی دیارییەکان ڕوو لە زیادبوون بوو. زۆر کـەسـیتر وەک سـەرکـەوت پـەیدابوون، بـەپـەرۆشـتر و بـەقـەناعـەتر. لـەپاش مردنـی ئـەو سروشت جێگـای گرتـەوە، لـەوڕۆژانـەدا زۆر کـەس دەستگیرکرانو بەچارەنوسی سەرکەوت چوون. کەس نەبوو گومانی لـە پیـرۆزی و گەورەیی خاک هەبێت. ئەو سەردەمە بە جۆرێک خۆشەویستی و بەخشەندەیی بۆ خاک ببوو بە نەریت. ئەگەر کەسێک وەفـای بـۆ پیرۆزی خاک نەبوایە بە شەرمەزاری ناو خـەڵک و بـە قـەرزداری لای خودایان دەزانی. خاک پیرۆزترین دیـاری خـوا بـوو بـۆ مـرۆڤ. کـەس بـارەشـەکـانی پـێ قبـوڵ نـەبـوو لـە سـەر خـاکێکی سپی و بێگـەرد. نیشـتیمان هـی ئـەو کـەسـانـەیـە کـە لێـی خوڵقـابوون. پـەیـوەستبوونی خـەڵک بـە دیارییـەپیـرۆزەکـان و تونـد و تیـژی بارەشەکان، پێکدادانێکی هەمیشەی ڕۆژانەبـوو کـە چێـژی وەفـا و سۆزی بەخـەڵک دەبـەخشی و بـارەشـەکـانی بـەرەو کـاری خراپـترو تونـدوتیژتر هانـدەدا. ئـەو شـوێنانـەی کـە ببـوون بـە سـەرچـاوەی فکری خـەڵک، وردە وردە قـەدەغـە کران و داخـران. مزگـەوتـەکـان گرنگترین شوێنی ئەو خـەڵکانـە بـوون کـە بتـوانن پـەیامیـان بـڵاو کەنەوە و پیرۆزی دیاریەکانی خـوا بـە دەقـە پیـرۆزەکانـەوە گـرێ بـدەن. زۆر لـەو مزگـەوتانـە بـە هێـزی بـارەشـەکـان داخـران و ڕوخێنـران. پیرۆزتـرین جێگـا لـە خـەڵـک حـەرام کـرا کـە ڕەنگدانـەوەی خاکێکی دەست بە سەرا گیراو بوو. ڕۆژێکی هـەینـی لە یەکێک لـە گەورەترین مزگەوتەکانی ناو شاردا پیا هـەڵپـژان و بە یەکدادان لە نێوانی خەڵک و بارەشـەکانـدا ڕویـدا. بـۆ یـەکـەم جار بوو ڕوبـەڕوبوونـەوەی خـەڵک بـە ئاشکراو بـەو قـەبـارەو هێـزە بەرامبەر بە بارەشەکان ڕویدا. ئەو هەڵمەتە توانای خەڵکەکەی

دەرخست و ترسی لە ناو دڵی خەڵکیدا بەرامبەر بە بارەشەکان شکاند.

بارەشەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرامبەر بە خەڵک توند و تیژتر دەبوون. ئەوان لە زەوتکردنی ژیانی خەڵک دەستیان نە دەپاراست و زۆر کارامەبوون. چالاکی و هەڵپژانیش بە ڕوی بارەشەکاندا بەردەوام بوو، لە گوڕوتین و گەشەدا بوو. ڕەوشی قوتابخانەکان دەمێکبوو ئاسایی ببۆوە. چالاکیەکانیان ڕاگرت بوو. هەرچی جم و جۆڵ و چالاکی هەبوو بۆ ناو بازاڕ و بۆ خەڵکی ناو بازاڕ گواسترابۆوە. بارەشەکان هەستیان بە گەشەکردنی ئەو بیر و باوەڕانە کردبوو لە ناو خەڵکدا. توند و تیژی و گرتن چ سودێکی نەمابوو. هەوڵی خراپی باری ئابوری و شێواندنی بارودۆخی ناو بازاڕیان دەدا. توانای خەڵک و سوربونیان لەسەر ئەنجامدانی چالاکیەکانیان لە هەرەشەی بارەشەکان بە هێزتر بوو. خۆشیان هەستیان بەو ڕاستیە کردبوو.

لە هەر جێگایەک کارەساتێک ڕوبیدایە، یا خود کۆبوونەوە لە سەر باس و گفتوگۆی دیاریە پیرۆزەکان ئەنجام بدرایە، بارەشەکان بە بڵاوپێکردنی خەڵکەکە نەدەوەستان. هەموو دوکانەکانیان دەڕوخاند و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان دەبرد. ئەوە پلانێکیتری بارەشەکان بوو کە لە کۆتایدا چاریان نەما ئیشیان لە سەر ئەو کاولکاریە دەکرد، هەتاکو باری ئابوری خەڵک بەرەو خراپی و داڕوخان بچێت. هەوڵی بارەشەکان جارێکیتریش کاریگەری خۆی بینی لە سەر ژیانی ئابوری شارەکە، خەڵکێکی زۆر بێکار و کاسپی مانەوە، دوکان و بازاڕێکی زۆر ڕوخێنرا. ئەو قۆناغە پڕ لە نەهامەتیە هاوکات بوو لە گەڵ سەرقاڵبوونی خەڵک بۆ سارێژ کردنی زامەکانی خاکەکەیان. کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو ناوچەکانیتریش بە یەک دەنگ سرودی خۆشەویستیان

بۆ نیشتیمان دەگوت و هەموویان بە دڵ وەفادار بوون بۆ دیاریە پیرۆزەکان. چالاکی بڵاوبونەوەی خۆشەویستی و گرنگی دیاریە پیرۆزەکان لە ناو خەڵکدا گەشتبووە لوتکە و کەسێک نەمابوو ئیتر خورپەی ئازارەکانی خاک و دەنگی تەپەی پۆستاڵی بارەشەکان ڕۆح و دڵی ڕانەچڵەکاندبێت. چالاکیەکان چیتر بەو جۆرە پێویستی نەدەکرد. قۆناغەکان دوا بە دوای یەک سەرکەوتووبوون. بۆ ئارامبوونەوەی ڕەوشی بازاڕ و چاکردنی باری ئابوری خەڵک ڕاگرتنی چالاکیەکان بە ئاشکرا و چوونەوە بەکژ بارەشەکاندا ئەنجام نەدریت. لەو قۆناغەدا ئەوە تا کە چارەسەر بوو بۆ ئەو گرفت و بارودۆخە خراپە. ئەو تاقیکردنەوەیە لە قوتابخانەکاندا بە ئەنجامی باش گەشت. لە ناو بازاڕیشدا بڕیاری هەموو جۆرە چالاکیەکی گەورە و ئاشکرا درا.

بۆ درێژەدانی بەرنامەکان بە نهێنی کارمان دەکرد و پەیوەندیمان لە گەڵ خەڵکدا دەبەست. بیرمان لە جۆرێکیتر لە تێکۆشان دەکردەوە. ئەو قۆناغەی کە مەبەستمان بوو گرنگی و پیرۆزی دیاریەکان لە دڵ و دەرونی خەڵکدا بچەسپێنن زۆر بە سەرکەوتویی بە ئەنجام گەشت. بۆ سارێژ کردنی برینەکانی خاک شۆڕشێکمان دەویست لە هەناو و ڕۆح و هەستی خەڵکدا بێت. خۆشەویستی و وەفا بۆ دیاریە پیرۆزەکانی خوا چەکی کاریگەری ئەو شۆڕشە بێت. شۆڕشێکی بێچەک کە هەرگیز هەرەس نەهێنێت و بە چەک داماڵین توشی شکست بوون نەبێت. دۆزینەوەی چالاکییەکی نوێ کە جیاوازتر و کاریگەرتر بێت لە پێشوتر، ببوو بە باسی سەرەکی هەموو ئەوانەی بە بەرپرسیاریەتیەوە ئەو ئەرکەیان خستبووە سەر شانی خۆیان. کۆبوونەوە و گفتوگۆکان زۆر بە نهێنی و بە جدی کاری لە سەر دەکرا.

بە هۆی ڕاگرتنی چالاکیەکانی ناو شار، هێدی هێدی ناو بازار ئارامی بە خۆیەوە گرت. هێمنی و ئارامی ناو بازاڕ و بوژاندنەوەی ئیش و کار زیاتر هەلی ڕەخسان بۆ ئیشکردنی خەڵک سەبارەت بە پیرۆزی خاک.

ماوەیەک تێپەڕی بە سەر ڕاگرتنی چالاکیەکانی ناو بازاڕدا. بارەشەکان بە هێمنی و ئارامی شارەکە سەریان سوڕ دەما. ئەو جۆرە بارودۆخەیان پێخۆش نەبوو. ئەوانە دوژمنێک بوون بە هەموو بارودۆخێک بێزار و دڵتەنگ دەبوون. تەنها کاولکردن و ئەشکەنجەدان و کوشتن ئاسودەی دەکردن. بارەشەکان سودیان لە نائارامی شارەکە وەردەگرت و لەو بارودۆخە پڕ لە ئاژاوەدا مەبەستی خۆیان بەدی دەهێنا. لە هەموو قۆناغەکاندا پێچەوانەی هەڵسوکەوتی خەڵکی دەبوون. ڕۆژانی زووتر بە چالاکی قوتابخانەکان و دواتر بە کۆبوونەوەی خەڵک لە ناو بازاڕدا و بە باسی پیرۆزی دیاریەکانی خوا و خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خاکەکەی بە هەموو ئەمانە دەمار گیر دەبوون و دژایەتیان دەکرد و بە هەموو هێز و توانایان بەرەنگاری خەڵک دەبوونەوە. لە ناو بارودۆخێکی ئارامدا و لە شارێکی بێدەنگ و هێمندا، جارێکیتر دەکەوتنەوە ئاژاوە دروست کردن و ئەو ڕەوشەیان پێ قبوڵ نەدەکرا. ئەم حاڵەتە سەیرەی بارەشەکان نیشانەی سەرکەوتنی خەڵکەکە بوو لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا. ڕۆژانی کۆتایی، شارەکە لە ئامێزی ئارامیدا بوو، بارەشەکان چاویان بەم بێدەنگی و هێمنیە هەڵنەدەهات. ماوەیەک بوو بەناو بازاڕدا هەر گیڤەیان دەهات. نەیاندەزانی بە چ بیانویەک لە خەڵکەوە بئاڵێن، بە چ هۆیەک دوکانەکان بە تاڵان بەرن و وێرانی بکەن. سەرگەرمی پلانێک بوون کە ئاژاوە و نائارامی دروست بکات هەتاکو بیانویەکیان بە دەستەوە بێت. پێشتر چەند جارێک کاری ئاژاوەگێڕیان ئەنجام دابوو. جار هەبوو

پیلانیان دژ بە خۆیان دروست دەکرد هەتاکو خەڵکی شارەکەی پێ تاوانبار بکەن.

لەناو ئەو ژیانە ئارامەدا، ژیرانە کارەکانمان جێبەجێ دەکرد. کۆمەڵێک کەسی بە پەرۆش و دڵسۆز و ڕۆشنبیر سەرگەرمی دۆزینەوەی جۆرێکی تر بوون لە چالاکی و ئەرکەکانیان لەم قۆناغە تازەیەدا، پێویستمان بە چالاکی نوێ بوو کە هاوشان و گونجاو بێت لە گەڵ پاراستنی هێمنی شارەکەدا، هەولمانەدەدافکر بالا دەست بێت و هەموو ئەوکەسانەی لە بوارە جیاکاندا شارەزاییان هەبوو هەوڵیاندەدا کە ئیش لە سەر ئەو بەرنامە فکریە بکەن. دەمانویست بەرنامەکانمان بە ناو کۆمەڵدا بڵاوبێتەوە کە هەر کەس بە پێی توانای خۆی کاریگەری هەبێت. یەکەم شتێک کە بیرمان لێدەکردەوە بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵک بوو کە پێویستیەکی سەرکی بوو بۆ تێگەشتنی خەڵک لە هەموو بەرنامەکانمان و ئاگاداریان بە دنیای دەرەوەی خۆیان. پێشکەوتنی کۆمەڵ خاڵێکی بناغە و گرنگ بوو بۆ گەشتن بە ئامانجەکانمان. هەموو گەشتبووینە ئەو ڕاستیەی کە خۆمان ئیش بۆ داواکانمان نەکەین، کەسیتر نیە، بەڵکو ڕێگریش دەبن. ئەو کەسانەی لەئاستی بەرپرسیاریەتیدا بوون زۆر بە جدی و ژیرانە کاریان دەکرد. هێمنی و ئارامی زۆر گونجاو بوو بۆ دەستکردن بە کارە نوێکانمان. هەر بۆیە هەوڵی زۆرمان دەدا ئەو بارودۆخە بپارێزین. باری ژیان و گوزەرانی خەڵک پەیوەست بوو بە ئاستی ئابوری شارەکەوە کە ئەویش هەر لە ناو ئەو ئارامییەدا سەرچاوەی وەردەگرت و فاکتەرێکی گەورەش بوو بۆ گەشەسەندنی ئەو قۆناغە نوێیەی تێکۆشان. کات گرنگترین شتێک بوو کە دەبوایە دیاریمان بکردایەو ئیشوکارەکانمان دەستنیشان بکردایە، ئەویش بەرهەمی بارودۆخێکی ئارام بوو.

لەناو ژیانێکی ئاڵۆز و ڕەوشێکی نائارامدا (کات) بە فێرو دەڕوات و بزر دەبیت. بۆ بڵاو ردنەوە و دەستپێکی ئەم قۆناغە نوێیە، جارێکی‌تر گەڕاینەوە ناو قوتابخانەکان و پەیوەندی کردن بە قوتابیەکانەوە. هاندانی قوتابی و خەڵکانی‌تریش بۆ خوێندنەوەی بابەتە هەمە جۆرەکان و دواتر شیکردنەوەیان بە ناو خەڵکدا... چەند کەڵکمان لەو ڕەوشە ئارامە وەر دەگرت، بارەشەکانیش ئەوەندە هەوڵی تێکچوونی ئەو بارودۆخەیان دەدا. لە هەموو کۆبوونەوە وچاوپێکەوتنێکدا جەخت لە سەر پاراستن و ڕاگرتنی ئەو بارودۆخە ئارامە دەکرایەوە کە ببوو بە فاکتەرێکی گرنگی گەشەسەند. ئەو کەسانەی کەبە بەرپرسیاریەتیەوە ئەرکەکانیان لە سەرشانی خۆیان دانا بوو، بەجدی ئیشیان لەسەر ئارامیو هێمنی بارودۆخەکە دەکرد.

بەرز بوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵک بە مەبەستی پێشکەوتنی کۆمەڵ لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب و وەرزش و بوارە کۆمەڵایەتی و زانستیەکانی‌تردا. گەشتن بە ئاستێکی بەرزتر بەرامبەر بە داگیرکەرانمان لە هەموو بوارەکاندا و تێگەشتن و کەڵک وەرگرتن لە جیهانی تازە، سەرکەوتن و ڕزگار بوونە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە سەر بارەشەکاندا، ئەگەر چی ئەوان لە سەر خاکی خۆمان هەر خاوەن دەسەڵاتبن.

بەرهەمهێنانی میلەتێکی ڕۆشنبیری و پێشکەوت و مۆدێرن، خۆی لەخۆیدا گەشتنە بە جیهانی بوون کە بارەشەکان دەخاتە پەراوێزی شەرمەزاری و ناچارکردن. دروستبوونی خۆشەویستی و گرنگی ڕزگارکردنی خاک و پیرۆز ڕاگرتنی لە سەر بناغەی تێگەشتنێکی زانستی و ڕۆشنبیری، پتەوتر و مەیدانی‌تر دەبێت.

گەڕان بە دوای بنەما سروشتیەکان کە لە سەرەتاوە پەیوەستن بە موڵکداریەتی مرۆڤ یا خود کۆمەڵەوە، لە ڕێگای تێڕوانین و خوێندنەوەی فکری و زانستیەوە بەر جەستە دەبێت.

کە ئەویش ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریە کە بتوانێت لە بابەتەکان تێبگات و هەوڵ و پەیوندیەکان چەپک بکات و کۆسپەکان بڕۆخێنێت. خاک و ئازادی دوو موڵکادرێتی سروشتی پەیوەست بە مرۆڤن لە ئەزەلەوە لە گەڵ بونی تاکدا هاتووە و پێی بەخشراوە. هەر کەس خاکێکی هەیە، بە لە دەست چوونی خاک هەموو خاوەندارێتیە سروشتیەکانیتری مرۆڤ زەوت دەکرێن. ئازادی مرۆڤ لە گەڵ بوندا لە دایک دەبێت. ئەو ئازادیە سروشتیە هەرگیز تەواو نابێت بەڵام پەیوەستە بە ئازادی خاکەوە، دەکرێت زەوت بکرێت. هەوڵ و کارەکان زۆر بە جدی و بە پەرۆشەوە بە ڕێوەدەچوو. بۆ تێگەشتنێکی دروست و زانستی و مەیدانی، ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵ مەرجی سەرەکی بوو. لە گەڵ هەموو بابەتێکی نوێ و هەموو چالاکیەکی فکری و کرداری، دروشمی پاراستنی هێمنی ناو شار سەردێڕی نوسراوەکان و دەسپێکی وشەکانمان بوو.

بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری سەرەتا بە بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو پەرتوکانەی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە ناو خەڵکید، خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی کە هەستی نەتەوەی و نیشتیمانی بە هێزتر بکات و ئیشکردن بۆ گەڕانەوەی خاوەنداریەتی سروشتی تایبەت بە مرۆڤ. گرنگی و گەورەیی خاک لەناو هەستێکی نیشتیمانی بە هێزدا بەر جەستە دەبێت. هەستی نیشتیمانی پێویستی بە پێناسەیەکی یەکگرتو هەیە کە گوزارشت لە هەموو زاراوەکان بکات. بونی فرە زاراوە فرە پێناسەش دەکرێت هەستی نیشتیمانی بێهێز بکات. بوونی «یەک» نیشتیمان بۆ هەر میللەتێک، هەر میللەتێکیش «یەک» پێناسەی نیشتیمانی پێویستە. بونی «یەک» لە پێناسەدا نیشانەی بە هێزی و پیرۆزیە بۆ هەستی نیشتیمانی. هەموو کەسێک و هەموو خێڵ و شار و عەشرەتێک هەستی نیشتیمانیان

بۆ خاکێکی هاوبەشە، هەموو هەر یەک نیشتیمانیان هەیە، بەڵام بوونی زارەوەی جیاجیا، پێناسەی جیا جیا دروست دەکات کە دەگونجێت بە شێوەیەک لە شێوەکان هەستی نیشتیمانی گەورە لاواز بکات و هەستی ناوچەگەریەتی و عەشیرەت گەریەتی زاڵ ببێت بە سەر هەستی نیشتیمانی گەورەدا ئەویش ترسناکترین حاڵەتە بۆ ئەم قۆناغە کە پێشتر لە مێژودا چەند جارێک ئەم حاڵەتە بە شکست هێنان و دۆڕاندنی ئێمە کۆتایی پێهاتووە.

دروستبوونی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە ناو خەڵکدا کە سیمای ژمارە «یەک» لە خۆی بگرێت، دابڕان و لێکردنەوەی ئەو ناوانەی کە بونەتە پاشکۆ بە ناوی کەسەکەوە و جێگای ناوی باوکیان گرتۆتەوە. جا ئەو ناوە پاشکۆیانە یان ناوی شار و ناوچەکەی خۆیانن یا خود ناوی عەشرەت و خێڵن. ئەو پاش ناوانە دەکرێت جێگای شانازی بن بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو ناوەن، بەڵام گومان ناکرێت لەوەی کە لە حاڵەتێکی تایبەتدا ئەو پاشناوە کە جێگا شانازی و گەورەییە بۆ ئەو کەسانە و مێژویەکی پر لە سەروەری هەیە، ببێت بە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی ئەو کەسە و پێش هەستە گەورە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکە بکەوێت. ئەمەش دەبێتە بێهێزی هەستە گەورەکە و یەک نە گرتنەوەی کۆمەڵێک هەستی ناوچەگەرێتی و عەشایەر گەریەتی لە گەڵ «یەک» هەستی گەورە و پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتیمانی. پێناسەیەکی گونجاو کە گوزارشت لە هەموو زاراوەکان بکات بۆ هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەو قۆناغەدا زۆر بە جدی ئیشی لە سەر دەکرا. خوڵقاندنی ڕەوشێکی ئارام لە شارەکاندا فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەکان. تەبایی و دڵسۆزیش لەناو خەڵکدا هێزێکی گەورە بوو بۆ گەشەسەندنی بیر و بۆچوونە پەسەند کراوەکان.

بارەشەکان کەوتنە گومانەوە لە بێدەنگی خەڵک و ئارام بوونەوەی بازاڕ و قوتابخانەکان. ئەو ڕۆژگارەی کە بارەشەکان هەوڵی دامرکاندنەوەی خەڵکیان دەدا لە ئەنجامدانی چالاکیەکانیان و بڵاوەیان بە خەڵکی دەکرد، ئێستا خۆزگەیان بوو ئەو ڕۆژگارە بگەڕێتەوە و ئارامی شارەکە بشوێت و مەبەستەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. بارەشەکان لە هەموو کارێک دواتر پەشیمان دەبوونەوە، چونکە لە سەر بەرنامەیەکی بێبناغە و ناڕاست هەڵسوکەوتیان دەکرد.

پاراستنی ئارامی ناو شار ئەرکی سەرشانی هەموو کەس بوو. هەوڵ و پلانی بارەشەکانیش، پەشێوی و ئاژاوە دروست کردن بوو. هەموو کارەساتێک لەم قۆناغە تازەیەدا کە ئارامی شار تێکبدات لەلای خەڵک ئاشکرابوو کە پلانی بارەشەکانە. بۆ دروست بوونی نائارامی پلانی دژ بە خۆشیان ئەنجام دەدا.

لە ڕۆژێکی زۆر ئارامدا، لە ناو جەرگەی بازاڕدا بە پلانی بارەشەکان بەرنامەی هێرشکردنە سەر خۆیان لە لایەن کەسێکی سەربەخۆیان دارێژرا. ئەو زەبەلاحەی کە بارەشەکان بۆ ئەو پلانە دایاننابوو هەمان جل و بەرگی خەڵکی شارەکەی لە بەر کردبوو. ئەو ئوتومبیلەی چەندبارەشەیەکی تێدا بوو، هەمیشە بە شەقامەکانی شارەکەدا دەسوڕایەوە. ئەوان بێئاگا بوون لەو پلانەی کە دایانڕشتبوو. بۆ تێکدانی بارودۆخی شارەکە زۆر ئاسایی بوو لە پلانێکی دروستکراودا چەند کەسێکی سەربەخۆیان لەناوبچێت. ئەو کەسەی کە ئامادەیان کردبوو بۆ ئەنجام دانی ئەوکارە، ئاگاداربوو کە ئوتومبیلەکە بەو شەقامەدا ڕەتدەبیت، ئەو پێش هاتنی ئەوان چاوەڕوان بوو. ئیشی ئەو، فڕێدانی نارنجۆکێک بوو بۆ ناو ئوتومبیلی بارەشەکان. ئەو کاتەی ئەوان نزیک بوونەوە، ئەو کەسەی بۆ ئەو کارە دانرابوو زۆر شڵەژا، هەموو گیانی دەلەرزی، توشی

ترس و بێهێزی بوو، زۆر شپرزە بوو. نارنجۆکەکەی هەر لە دەستا بوو، نەیتوانی کارەکە ئەنجامبدات. بارەشەکانی پشت ئوتوموبیلەکە کابرایەکیان بینی نارنجۆکێک لە دەستی دایە و رەنگی هەڵبزرکاوەو دەستو قاچەکانی دەلەرزن. هەر زوو هاتنە دەست و بەر دەستڕێژی گولەیاندا. ئەوان هەمیشە لە ترسی گیانی خۆیان تفەنگەکانیان لە حەڵەتی ئامادە بووندا بوو. بارەشەکانی ناو ئوتوموبیلەکە ئاگاداری ئەو پیلانەنەبوون، دەیانزانی کەسێکی دژ بە خۆیان کوشتووە، یەکێک لەو قارەمانەنەی کە زۆر جار لەناو بازاڕدا ڕوبەڕویان دەبوونەوە. ئاواتەخواز بوون کەسێک لەو قارەمانانە بکوژن، ئەو ئاواتەیان زۆر بە زەحمەت دەهاتەدی. بارەشەزەبەلاحەکە لە سەر شەقامەکە کەوتبوو، نەمرد بوو، گولەکان هەر دوو قاچی شکاند بوو. هەر زوو گەشتنە سەری، زۆر خۆشحاڵ بوون کە نەمردووە، بە بریندارى و زیندویی بۆ ئەوان دەستکەوتێکی زۆر گەورەتر بوو. زەبەلاحە بریندارەکە لە ترسی گیانیخۆی کە نەیکوژن، خۆی ئاشکرا کرد کە بارەشێکە وەک خۆیان. ئەو ئەفسەرەی کە فەرماندەی ئەو گروپە بوو بە ڕەنگە دێزەکەیو ئاخاوتنەکەیدا ناسییەوە، هەستی کرد کە ئەمجارەش پلانێکی دەسکردە وەک پلانەکانی پێشوتر. ئەمجارەش ئەو خۆزگەیەیان نەهاتەدی. بۆ ئەوەی لەناوخەڵکدا ئاشکرانەبن بە پەلە کابرای بریندارىان خستە ناو ئوتوموبیلەکەوە و بەخێرای ڕۆشتن و دوورکەوتنەوە.

ئەو ڕوداوە هەرزوو بەناوشاردا بڵاوبووەوە. هەمووکەس لەمەبەستی ئەو پیلانە گەشت. جگە لەوەی ئەنجامێکی سەرکەوتووی نەبوو بۆ خۆیان، ڕیزەکانی  ناو خەڵکی پتەوتر کرد و زیاتر لەوە گەشتن کە بارەشەکان جیاوازی نێوان خەڵکی شارەکە ناکەن و بە چاوی ڕق و کینەوە لە هەموو خەڵک دەڕوانن. ئەو ڕوداوە دەستکردە هیچ کارەساتێکی کاول کاری و

گرتنی لێنەکەوتەوە و ئاواتەکەیان کە تێکدانی ئارامی شارەکە بوو نەهاتە دی.

هێمنی و ئارامبوونی بارودۆخی شار هیوا و ئاواتی هەموو کەس بوو، پاراستن و ڕاگرتنی ئەرکی خەڵکی شارەکەبوو کە زۆر بەجدی هەوڵیان بۆ دەدا. ئیش و کارەکان زۆر بە باشی بەڕێوە دەچوو. دەستە و گروپ و تاکەکەسەکان لە نێوان شار و ناوچەکانیتردا بۆ گۆڕینەوەی زانیاریەکان و بیر و بۆچوونەکان چۆنیەتی ئیشکردن لە سەر بەرنامەکان لە پەیوەندییەکی بە هێزدابوو. بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری خەڵک بە پەرۆشەوە کاریان بۆ دەکرد لە هەموو ناوچەکاندا. پەیوەندی خەڵکی ناوچە جیاوازەکان لە بارەی هەموو ئەو خواستانەی کە ئیشیان لە سەر دەکرد هەموو پێکەوە لە سەر بناغەی سۆز و خۆشەویستی و یەکسانی ئەنجام دەدرا. دروستبوونی ئەو خۆشەویستی و سۆزە ڕاستەقینەیەش لە ناو عەقڵێکی هوشیاردا دەستەبەر دەبێت کە بتوانیت هەوڵی سڕینەوەی هەموو ئەو قسە و ناو و ناتۆرانەی کە لە ناو شار و ناوچە جیاوازەکاندا باو بوو کە ببوو بە هۆی جیاوازی نەتەوایەتی و دروستبوونی ناکۆکی و نەبوونی هەستی خۆشەویستی وەک یەک کۆمەڵ بۆ یەکتری. زۆربەی ئەو ناو و ناتۆر و وشە ناشیرینانە بارەشەکان خولقاندبوویان بە بێ ئەوەی ئێمە ئاگاداری ئەو پیلانە بین. ئەویش بۆ دروست کردنی نا کۆکی و لاواز بونی هەستێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی گەورە، هەموو خەڵك بە یەک چاو و بە یەک بیرکردنەوە نەڕوانن و هەمان هەست پێکەوە کۆیان نەکاتەوە.

ئەو پیلانو ناکۆکیانەی کە ببوون بە نەریت و دەستکردنی بارەشەکان بوون بە پێی ئەو هەوڵانەی لە پێناوی سڕینەوەیاندا دەدرا، زوو لە بیر خەڵک چوونەوە و لە بیر و هۆش و سەرزاری

هەموو خەڵکی شار و ناوچە جیاجیاکاندا سڕایەوە. لە بری ئەو ناو و ناتۆر و هەڵوێستە خراپ و شەرمەزاریانەدا، سۆز و وەفا و خۆشەویستی جێگای گرتەوە و هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی بە هێزتر بوو.

ئەو کتێب و بابەتانەی لەو قۆناغەدا خوێندنەوەیان گرنگ بوو بە ناو خەڵکیدا بڵاو بۆوە و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی نهێنیان لەسەر دەکرا. بەرز بوونەوەی ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری هۆیەکی گرنگ بوو بۆ گەشتن بە هیواکانیان و سەرچاوەیەکی گەورە بوو وەک ئامرازێک بە کاری بهێنن بۆ ئیشکردن لە سەر بابەتە جیاجیاکان. ئامانجێکیتر کە لە بەرنامەیاندا بوو کاری بۆ بکەن کە سەرچاوەی لە هوشیاری و ڕۆشنبیری خەڵکەوە بوو بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری و ئەدەبی و وەرزشی و هەموو بابەتێکیتر و دروستکردنی ڕێخراوە پیشەیەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەیان بە ئاستی بارەشەکان و هەموو کۆمەڵانیتر. ئەو کەسانەی لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا شارەزا و پسپۆر بوون، هەوڵ و توانای خۆیان بۆ بوژاندنەوە و گەشە کردنی ئەو بوارانە خستەکار. هەموو بوارە پیشەیی و وەرزشی و ئەدەبی و هونەریەکان، دیاردەی گەورە و بەر چاو بوون لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا. پێشکەوتنی ئەم دیاردانە لە ناو کۆمەڵدا خۆ سەلماندنی گەورەیی و هاوتا بوونی ئاستی کۆمەڵ بوو بەرامبەر بە هەموو کۆمەڵانی چواردەور. گرنگیدان بەو بوارە هونەرایانە بەشێکبوو لە تێکۆشان، لەم قۆناغە تازەیەدا بەجدی ئیشی لەسەر دەکرا. هەموو ئەمانە دواجار لە خزمەتی بەرز ڕاگرتنی دیاریە پیرۆزەکاندا بوو.

بارەشەکان جگە لە توند و تیژی و گرتن و کاولکاری بۆ دەست بە سەراگرتنی خاکەکەمان، بوارە وەرزشی و ئەدەبی و هونەری ڕۆشنبیریەکانی خۆیان کردبوو بەچەکێکی قورسی پڕ لە شانازی

و شەڕی دواکەوتوی و نەزانینیان لە گەڵ ئێمەدا پێدەکرد. ئەوان وەک کۆمەڵێکی دواکەوتوو تەماشای ئێمەیان دەکرد و لەو ڕووەوە حەقیان بە خۆیان دەدا کە لە خاکەکەمان بمێننەوە و لە پێناوی پێشکەوتنی ئێمەدا حوکمی ئێمە بکەن. پەنا بردنە بەر هەمان چەک کە زادەی فکر و هونەر و ئەدەب و هەموو جوڵانەوەیەکی پیشەیتر تا کە ڕێگا بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو شەڕەی بەرامبەر بە ئێمە دەیانکرد.

زۆر بە پەرۆشەوە گرنگی بە هەموو ئەو دیاردە شارستانیانە دەدرا کە بە ڕویەکی پێشکەوتو خوازانە لە گۆشەگیریەوە بەرەو جیهانێکی فراوانی دەبردی. لە هەموو بوارە پێشکەوتووە سەردەمیەکان و شارستانیە تازە جیهانیەکاندا لە ئاستی تواناکانی ئەواندابین یاخود بەرزتر، ئەوان تەنها لەداگیرکردنو حوکمڕانیدا بە توانا و دەسەلات دەبن کە مایەی شەرمەزاری دەبێت بۆ ئەوان و تەمەنی ئەو حوکمەش کورت و کەم خایەن دەبێت.

ڕۆژگارێک هاتبووە پێشەوە خەڵک سەرگەرمی هەموو ئەو دیاردانە بوون کە بە پێشکەوتنوپیرۆزڕاگرتنی، بوونی خۆیان پێدەسەلماند و تامەزرۆی کردنەوەی ئەو زنجیرە بوون کە لە مێژ بوو دەست و پێ و زمان و عەقڵیان پێ بەستبوون. زۆر بە جدی هەر کەسە ئیشی بۆ مەسەلەیەکی گرنگ دەکرد کە دواتر هەمویان لە بازنەیەکدا یەکیان دەگرتەوە، ئەو بازنەیەش پێشکەوتن و چوونە ناو جیهان بوو. هەر کەسە قارەمانێک بوو، قارەمانی فکر و زانست بوو، قارەمانی جەستەیەکی وەرزشی بوو، قارەمانی هونەر و ئەدەب و قارەمان بوو لە سەر شانۆ. هەموو ئەم بووارانە بنەمایەکی ڕۆشنبیری و زانستی هەبوو شەڕی خۆڕاگرتن و مانەوە و پێشکەوتن و بە جیهانی بونیان پێدەکرد.

شەڕی بەرگری لە دیاریە پیرۆزەکانی خوایان پێدەکرد، شەڕی ساڕێژ کردنی برینەکانی خاکیان پێدەکرد.

بارەشەکان هەستیان بە سەرنەکەوتنی پیلانەکانیان کردبوو. دواین ڕوداو لە ناو جەرگەی بازاڕدا بۆ هەموو خەڵک ئاشکرا بوو کە بارەشەکان هەمیشە لە دوای ئاژەوە و نائارامیدا دەگەڕێن. ئەو کاتەی بارەشە برینداراەکەیان لە گەڵ خۆیاندا برد، هێزێکیتری بارەشەکان کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە لەو نزیکانە ئامادەکرا بوو، بە بیستنی دەستڕێژی بارەشەکانی ناو ئۆتومبیلەکە لە کابرا، گەشتنە جێگای ڕوداوەکە بە مەستی پەشێوی دروستکردن و کاولکردنی دوکانەکان و بە تاڵانبردنی کەلوپەل و گرتنی خەڵک.

خەڵکی ناو بازاڕ و هەموو کەسانیتر پاراستنی ئارامی شارەکەیان زۆر بە گرنگ وەردەگرت و هەموو کەسێک بە ئەرکێکی پیرۆزی نیشتیمانی دەزانی. ئەو قۆناغە تازەیەی تێکۆشان لە سێبەری بارودۆخێکی ئارامدا گەشەی دەکرد. بە باشیان نەدەزانی لە کاتی ڕوداودا کە ئاشکرابوو پیلانی بارەشەکان خۆیان بوو، ئیتر دوکان و بازاڕ بۆ هەڵپەی بارەشەکان بە جێبهێڵن. بارەشێکی زۆر بەناو دوکانەکاندا بڵاو بوونەوە و کەوتنە وێران کاری، بەلای خەڵکدا وەک جاران گیڤەیان دەهات، بەڵام کەس دوکان و جێگای ئیشی خۆی چۆڵ نەکرد. ئەو خەڵکانەش بەوێدا تێپەڕ دەبوون، زۆر ئاسایی دەڕۆشتن وەک هیچ ڕوینەدابێت. بارەشەکان سەریان لەو دیمەنە تازەیە سورمابوو. تەنانەت منالە دەستگێڕەکانیش گوێیان بە هاژە و گیڤەی بارەشەکان نەدەدا، سینی و تەختە بەسەر سەریانو لاتەنیشتیانەوە بوو، کەلوپەلیان تێدا بوو، هاواریان دەکرد و یەکتریان ڕاودەنا، بەناو هەنگڵی بارەشەکاندا ڕاکەڕاکیان بوو. فەرماندەی بارەشەکان لە ناو خەڵکی بازاڕدا

ناسراوبوو. ڕۆژانە بەهەموو کون و کەلەبەرێک و کۆلانێکەوە بوو. هاتە پێشەوە لەو خەڵکەی کە کۆمەڵیان بەست بوو. نەیدەزانی بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت و قسە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بکات. پیاوێک لەناو کۆمەڵەکەدا زۆر بە هێمنی و دڵنیایی و لە خۆ بوردنەوە بە کابرای ئەفسەری گوت: پێویست بە خۆ ماندوکردن و شپرزەیی و کەلوپەل شکاندنی خەڵک ناکات. ئەو کەسەی کە ویستی هێرش بکاتە سەر گروپێکی ئێوە و ئاسایشی شار تێک بدات، ئەوان زووتر هاتنە دەست و کابرایان بە برینداری دەستگیر کرد و لە گەڵ خۆیاندا بردیان. ئێمە ئەو کارەمان پێخۆش بوو کە ئەو تێکدەرەیان گرت و لە گەڵ خۆیان بردیان، هەمووومان زۆر ئاسایی لە سەر دوکان و کاری خۆمان ماوینەتەوە.

کابرا ئەوەندە هێمن و لە سەر خۆ قسەکانی بە دروستی دەکرد، هیچ بوارێکی بۆ ئەفسەری بارەشەکان نەهێشتەوە کە بیر لەتوندو تیژی و کاولکردن بکاتەوە. ئەفسەرەکەش ڕاستی ڕوداوەکەی دەزانی، خۆیشیان هەر بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرا بوون بەڵام هەلومەرجەکە لەوە ناسکتر بوو کە بارەشەکان لەو کاتەدا گوێ بە هیچ نەدەن و لە سەر پەلاماردان بەردەوام بن. ئەو حەقیقەتە لە لای بارەشەکانیش ئاشکرا بوو، دەست درێژ کردنە سەر خەڵک و ماڵ و سامانیان لەو ڕۆژەدا بارودۆخەکە بەلای بارەشەکاندا ئالۆزتر دەکات. بارەشەکان ئەو ڕۆژە لە سەرەتادا بڵاو بوونەوە و هەندێک کاری کاولکاریان ئەنجامدا، دواتر نەیانتوانی زیاتر لە سەر ئەوە بەردەوام بن. بە فەرمانی ئەفسەرەکە هەموویان کۆبوونەوە و ئەو جێگایەیان جێهێشت و ڕۆشتن.

سەرنەکەوتنی پلانی بارەشەکان، سەرکەوتنی ئەم قۆناغە نوێیەی خەڵک بوو کە پاراستنی ئارامی شاربوو، ئەویش ئەرکی

سەرشانی هەموو کەسێک بوو. ئەو ڕاستیەش دوبارە ئاشکرا بوو لە هەڵومەرجێکی ناسکدا بە ئارامی و هێمنی ناو شار بەرنامە و کارەکان باشتر بە ڕێوەدەچێت.

هەموو دیاریەکانی خوا بۆ مرۆڤ سیفاتێکی هاوبەش کۆیکردبوونەوە کە بونی «یەک» دانەی بوو. دیاریە پیرۆزەکان جگە لەوەی کە سیفاتی خوایان تێدا بوو کە بوونی یەکدانەی بوو، هەر دیارییە و چەند سیفاتێکیتری جیاواز لە یەکتریان تێدا بوو.

دایک و خاک پیرۆز و خوڵقێنەربوون، بەخشندەبوون و ئێمە لە ئامێزیاندا بووین. پیرۆزی ئەوان لە پیرۆزی خواوە هاتبوو

ڕۆح یەک دانە بوو، هەر کەسە و یەک ڕۆحی هەبوو، ڕۆح وەک خاک بەخشندە و خوڵقینەر نەبوو، بەڵام بێڕەنگ وبێتام و بێبۆنبوو، لە بەر چاو نەبوو، نەدەبینرا و لە ئامێزی جەستەی مرۆڤدا بوو. قودرەتی ڕۆح قودرەتی خوا بوو بۆ بزواندنی جەستە.

ویژدان گەورە و بێبڕانەوە بوو، بێڕەنگ و تام و بۆ بوو،وەك خوا بوونی هەبوو،وەك ئەویش نەدەبینرا و لە هەموو شوێنێکدا هەبوو.

ئاگر دیاریەکیتری پیرۆز بوو کە یەک ئاگر هەبوو سەرچاوەی هەموو ئاگرەکانی ترە. ئاگر خوڵقێنەر نەبوو بەڵام گرنگترین هۆکاری خوڵقاندن و بژێوی ژیان و بەردەوام بوون بوو. ئاگر لەبەرچاودابوو، دەبینرا و دەیتوانی ونیش بێت دوای خامۆش بوون بە گەورەیی خۆی لە دەرونێکی بچوکدا جێگای دەبۆوە بە بێئەوەی دەرون بسوتێنێت، ئەوەش مایەی گەورەیی و سۆزیەتی. خوا تەنها لە ڕەنگی ئاگردا وەك نورێکی پیرۆز خۆی پیشان دەدا.

ئەو بەرنامانەی پەیوەست بوون بەم قۆناغە نوێیەوە بە وردی خوێندنەوەیان بۆ دەکرا، بە مەبەستی دۆزینەوەی

پێناسەیەکی گشتی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی هەموو دیاردە خراپ و زەرەرمەندەکانی ناو کۆمەڵ کە مایەی ناکۆکی و دواکەوتن بوو بە تەواوی هەوڵی بن بڕ کردنی درا و دیاردە پێشکەوتووەکان کە هەموویان لە بەرز بونەوەی ئاستی هوشیاریەوە دەخولقێن زۆر بە جدی و پەرۆشەوە ئیشیان تێدا دەکرا.

باڕەشەکان لەناو ئارامی شاردا زۆر بێئارام بوون. هەمیشە پیلانەکانیان ئاشکرا دەبوو، سەرگەرمی پیلانیتر دەبوون. ئارامی ناوشار ئەرک و مەبەستی هەموو خەڵک بوو، ئاشکرا بوو جگە لەوان کەسیتر نیە هەوڵی شێواندنی ئەو بارودۆخە هێمنە بدات. خواست و مەبەستی باڕەشەکان کاولکردنی بازاڕ و دوکانەکان و بڵاوبوونەوەی بێکاری بوو، خراپبوونو نزمی باری ئابوری هەموو خەڵک و ناوچەکانیتر بوو. هەوڵەکانیان بەرامبەر بە ئیرادەی خەڵک و قاڵبونیان لە هەستکردن بەرامبەر بە ئەرکێکی گەورە هەمیشە لەسەر نەکەوتندا بوو. باڕەشەکان بیریان لە جۆرە پیلانێکیتر دەکردەوە کە کاریگەری لەسەر ناوەوەی خودی خەڵک و بیرکردنەوەیان هەبێت کە هاوتاوی هەموو بیر و باوەڕی ئەوان بێت. دەیانزانی کە خەڵک سەرگەرمی چ بەرنامەیەکن، بنەماکانی بیر و باوەڕیان چییە و ئیش لەسەر چی دەکەن. دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفێک لە بری ئەو توند و تیژی و پیلان گێڕانەکە کێشەو گرفت بخاتە ناو فکر و باوەڕیان، خواست و بۆچوونی باڕەشەکان بوو لەو قۆناغەدا، تاقیکردنەوەیەکی تازەش بوو کە هەر دەبێت هەوڵی پیلانێکی نوێ بدەن کە جیاوازتر بێت لەو پیلانانەی پێشوتر کە تێیدا سەرکەوتو نەبوون.

پەیڕەو کردنی بەرنامەکان لای باڕەشەکان ئاشکرا بوو. ئەوانیش هەوڵیاندا بە هەمان فکر و بەرنامە ڕووبەڕوی خەڵك

ببنەوە. خەڵەل بخەنە ناو بیر و باوەڕمانەوە. تاکە خاڵی هاوبەش لە نێوان خەڵک و باڕەشەکاندا، بوونی یەک ڕێبازی دینی بوو کە هەر دوو لا پەیڕەویان دەکرد. ئەو خاڵە هاوبەشەی نێوان ئەوانو ئێمە، هەمیشە خۆیان بە بالادەست و بە خاوەنی دەزانن، لەڕابوردوشدا چەند جارێک بۆ مەبەستی خۆیان سودیان لەم حاڵەتە وەرگرتووە کە ئێمە پێی زیان بەخش بووین.

شان بە شانی هەوڵ و پێسکەوتنی خەڵک، هەوڵی باڕەشەکانیش کەوتە ئیشکردن بە سود وەرگرتن لەو خاڵە هاوبەشە.

هەوڵ و ئیشکردنی باڕەشەکان لەناو خەڵکدا دەرکەوت. ئەوانەی هەستی نیشتیمانی و ئاستی هوشیاریان بەرز بوو هەر زوو هەستیان بەو مەترسیە کرد و لە مەبەستی باڕەشەکان گەشتن. جارێکیتر کەوتنەوە بلاوکردنەوەی بیروباوەڕ و ئیمانیان. لە مێژودا زۆر جار ئەم ڕوداوە بە سەرماندا هاتبوو. وەک ئێمە باوەڕ و ئیمانمان بیر چووبێتەوە، لە ڕۆژگارە ناسکەکاندا دووبارە دەکەوتنەوە بلاوکردنەوە و پڕ و پاگەندە کردن بۆ ئیمان و تەریقەتیان. هەموو جارەکانیش سەرکەوتو بوون بۆیە ئەمجارەش پەنایان بردەوە بۆ هەمان بەرنامە.

بە ناوی پاکردنەوەی کۆمەڵ لە گوناح، سەرەتای بەرنامەیەکی دوور و درێژیان دەستپێکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوبنەمایانەی کە بیر و باوەڕی خەڵکی لە سەر دروست ببوو، بۆ گۆڕینی کلتور و فەرهەنگی نەتەوەیی. دەقە ئاینیەکان کە ئەوان خۆیان بە خاوەنی دەزانی و لەو ڕوانگەیەوە حەقیان بە خۆیان دابوو کە کارامەتر و بە سەلیقەتر و زاناترن، بە هیچ شێوەیەک نابێت بۆ زمانیتر وەرگێڕدرێت. ئەمجارە خواستەکانیان وا پێویستی کرد دەقەکان بە تەفسیرێکی تازەوە لە بەرژەوەندی خۆیان وەریانگێڕا و بە خێرایی و بە جدی ئیشیان بۆ دەکرد و

شـەڕی نـەمـانـی فکـری ئێمـەیـان پێـدەکـرد و بیـر و بـاوەڕیـان دەسـڕینەوە. مامۆسـتای تایبـەت بـە خۆیـان هێنـا بـوون و لـە قوتابخانـەکانـدا تـەفسـیرە تـازەکانیـان بـۆ بـاس دەکـردن کـە پێچەوانـەی بیر و باوەڕی خەڵک و هیوا و خواستەکانیان بوو. لـە مزگەوتەکاندا کاتی کۆبوونەوەی خەڵک، بـە پێـی تـەفسیرەکانی خۆیان بۆچوونەکانی خەڵکیان بـەرامبـەر بـە دیاریـە پیـرۆزەکان گوناهبـار دەکـرد. پارچـە بـوونی خاکیـان وەک نیشـتیمان بـە دژایەتی کردنی گەورەیی خوا لێکدەدایەوە.

لە مزگەوتەکاندا وتارەکانیان هاندانی خەڵکەکە بوو بـە گژ بیـر و بۆچونـە تـازەکانـدا بچنـەوە کـە سیفاتە پیـرۆزەکانی خوا دەخەنە پاڵ دیارییـەکان کـە دەسکردی خـوان. جارِیان دەدا کـە ئەم هەڵویستانە هاوبەش پەیداکردنە بۆ خوا. لە قوتابخانەکاندا وانـــەی تایبـــەتیـــان بـــە قوتابیـــان دەگوتـــەوە کـــە تـــەنهـــا بەرژەوەندیەکانی خۆیانیان تێدا بە دیدەکرا. قوتابیەکان کـەمتر قـەناعـەتیـان بـە درۆ و دەلـەسـەکانیـان دەکـرد. ئـەوان مێـژوی پێشوتر ئاگادار بوون کە لە سەردەمە جیاجیاکاندا چەندین جار هەوڵ و تێکۆشانەکانیان لەناو تەفسیری دەقەکاندا تواندبۆوە.

ئـاڵۆزترین هـەوڵ و تێکۆشـان ئـەم قۆناغـە بـوو. لـە گـەرمـەی گەشە کردنی بیر و باوەڕەکان و پێشکەوتنی بوارە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵ جارێکیتریش بارەشەکان بە ناوی دەقە پیـرۆزەکان و گەڕانەوەی هەموو شت بۆ گەورەی خوا بە پێی ئەو تەفسیرەی کە خۆیـان خواستیان بـوو دوو دڵـی و ڕاڕایـی و گرفتیـان لـەلای زۆر کەس دروست کرد.

بـەرزی ئاستی هوشیاری کۆمـەڵ جـارێکیتر پێویست بـوونی خۆی سەلماندەوە. هەموومان، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ڕۆڵـی گرنگیان هەبوو بە پێی پسپۆری خۆیان لـە بابـەتـە جیاجیاکانـدا، هـەر لـە سـەرەتـایی بڵاوبونـەوەی هـەوڵـی بـارەشـەکـان بـۆ

تەفرەدانی خەڵک هەستمان بەو مەترسیە کرد کە توشی کۆسپ و خەلەل و ناکۆکی ببین. لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکدا بووین بۆ بەگژداچونەوەی هەوڵی بارەشەکان. دۆزینەوەی چارەسەرێک لەناو دیاریە پیرۆزەکاندا گرنگی زیاتر و گەورەتری دەبێت، ئەمە بۆچوونی هەموومان بوو.

هەوڵ و مەبەستی بارەشەکان تواندنەوەی گەورەیی و پیرۆزی دیاریەکان بوو لە ناو تەفسیری دەقەکاندا بە خواستی خۆیان، بە تایبەتی مەبەستیان سرینەوەی رەگەز و نیشتیمان بوو، لکاندنی نیشتیمان بە خاکی خۆیانەوە و سرینەوە و تواندنەوەی رەگەزیش لەناو نەتەوەیی خۆیاندا. پیرۆزی دەقەکانیان دەگێرایەوە بۆ سەروەری خۆیان و خۆیان بە خاوەنی یەکەمی ئەو پەیامە دەزانی. هۆنینەوەی دەقەکانیش بە جۆرێک نەخشەیان کێشابوو کە توانای کاریگەری هەبوو لە سەر ئەوانەی ئاستی هوشیاریان کەمتر بوو لە تێروانین و بیرکردنەوەیان بەرامبەر بە پیرۆزی دەقەکان و ئیمانیان.

بەرنامەیەکی گەورە و فراوانیان دەستپێکرد بوو لەناو خەڵکدا، لەناو قوتابخانە و مزگەوت و جێگا خزمەت گوزارەکانیشدا.

بەرزبوونەوەی ئاستی ئیمانداری لە ناو کۆمەڵدا لە هەموو سەردەمێکدا کەمتر نەبووە لە ئاستی شارەزایی ئەوان. هەموو قاڵبون و گەشتن بە لوتکەی ئیمندارێتی جگە لەوەی بە سودی ئەوان کەوتۆتەوە کە توانیویانە فەرهەنگ و کلتور و زمان و تەنانەت خاکیش لەناو فکر و مەبەستی خۆیاندا بتوێننەوە. بەرزبونەوەی ئاستی ئیمندارێتی خەڵک جارێکیتر لەلای بارەشەکان، چوونە ژێر سێبەری عەقڵێتی خۆیاندابوو، چونکە ئەوان خۆیان بە باڵادەست و ژیرتر دەزانی کە رەنگدانەوەی ئەم

عەقڵێتەش لە سەر دیاریە پیرۆزەکانی خوا بۆ ئێمە کاریگەری خراپ و سەرئەنجامی لە دەست چوونی هەموو دیاریەکان بوو.

دۆزینەوەی ئەلتەرنەتیفێک بە رەنگاری ئەو هەلومەرجە ترسناکە بێتەوە کارێکی ئاسان نەبوو. هەموو گەشتینە ئەو قەناعەتەی کە تەنها لەناو خودی دیاریەکاندا ئەو چارەسەر کردن و بە گژ داچوونەوەیە بەرجەستە دەبێت. ئاوێتە بوونی دیاریە پیرۆزەکان لەگەڵ سۆز و هەستی نەتەوەیی کە کاریگەری لە سەر بۆچوون و باوەڕکانیان نەبێت، بەڵکو جارێکی‌تر گەورەیی و پیرۆزی ئەو دیاریانە دەربخات.

خاڵی هاوبەشی نێوان بارەشەکان و خەڵک، هەمیشە بە فرو فێڵ لەبەرژەوەندی خۆیاندابوو، کە خۆیان بالادەست و ژێرترن. دابڕانی ئێمە بوو لە خاوەندارییە سروشتییەکان کە لە ئەزەلەوە مولّکی مرۆڤن، وەک رەگەز و زمان و خاک و دواتر ژیانی کۆمەلایەتی کە لە دوای تەمەنێکی دوور و درێژ بووە بە کلتور و پیرۆزی وەرگرتووە. خاڵی هاوبەش دین بوو، هەموومان لەسەر چێوەی بازنەیەك بەدەوری چەقێکی پیرۆزدا دەسوڕاینەوە. لادان لەسەر چێوەی ئەو بازنەیە و دروستکردنی بازنەیەکی‌تر کارێکی سەختبوو ئەگەر بەرەنگی یەکێك لەدیارییە پیرۆزەکان نەکێشرێت کە هەمان چەقی پیرۆزی هەبێت، تەنها بۆ پاراستن و بەرز راگرتنی دیارییە پیرۆزەکان لە سەر ئەو چێوە تازەیە بە دەوری هەمان چەقدا، چارەسەرێکی گونجا و بەهێزە بۆ بەگژدا چونەوەی هەڵمەتی بارەشەکان کە کاریگەری لە سەر بێهێز بوونی ئیرادەو باوەڕی خەڵک نەکات. ئێمە لە بەرزی ئیمانەوە لە گەورەیی ویژدانەوە دەقەکانمان بە پیرۆزی راگرتووە و نەمانویستووە لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکی ناسک و پێویستدا وەک ئامرازێکی دژ بە کۆمەلانی‌تر بۆ بەرژەوەندی خۆمان بەکار بهێنین.

ئیشکردن لەناو دیاریە پیرۆزەکان و خولْقاندنی چارەسەرێک، جێگای گومان نەبوو کە خەڵک لەبەر پیرۆزی و ئاشنا بونیان بە گرنگی ئەو دیاریانە تێگەشتنیان باشتر و بیر و بۆچونیان لە سەری ئاسانتر بوو. دیاریە پیرۆزەکان بە هاونرخیان لە لای خەڵك زۆر بوو. هەر بۆیە دەسنیشان کردنی دیاریەک وەک سنبولێکی نەتەوەیی کە خاڵی هاوبەش جارێکیتر لە خزمەتی بەرژەوەندی ئەواندا دەستی بە سەردا نەگیرێت، بۆچونێکی گونجاو و مەیدانی بوو بە مەرجێک پەیرە کردنی دەقەکان و گەورەیی خولْقێنەری دیاریە پیرۆزەکان نە بێتە کێشە و ئاوێتە بێت لە گەڵ چالاکی فکری و نەتەوەیی بۆ بە گژ داچونەوەی هەموو ئەو هەولانەی بۆ دابڕانی مرۆڤ و دیاریەکانی کە خودا بە خودی کۆمەڵگای بەخشیون وەک ڕەگەز و زمان و خاك.

دۆزینەوەی ئەلتەرنەتیفێک بە تایبەتی یەکێک لە دیاریە پیرۆزەکان، دابڕان نیە لە پەیامی خوا، بەڵکو پیرۆز ڕاگرتن و لە بەر چاو گرتنی گرنگی و گەورەیی خوا و دیاریەکانیەتی و جارێکیتریش پەیوەست بوون و پەنابردنەوەبەری مرۆڤە بە دیاریەکانی خواوە و خۆ ڕزگار کردنە لە سڕینەوەی زمان و ڕەگەز کە خوا تایبەت بە میلەتەکانی بەخشیوە، پاراستنی زمان و ڕەگەز ئاسودە کردنی ڕۆحو ژیانەوەی ویژدانە بەرامبەر بە خاک و دڵنیایکردنی دڵی دایکە، پیرۆز ڕاگرتنی دایکە.

بۆ دۆزینەوەو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو بە گژدا چوونەوەی پیلانی بارەشەکان، جارێکیتر دیارییە پیرۆزەکانمان خستە بەر لێکدانەوەو شیرکردنەوە .

بە بێبوونی خاک مرۆڤ لە هەموو شتێک دادەبڕێت، مرۆڤی بێنیشتیمان وەک کەسێکی بێسەرە، نە خۆی خۆی دەناسێت نە کەسیش دەیناسێتەوە.

ویـژدان دیاریـەکـی تـری خـوا بـوو، هـۆش و بیـر دەجوڵێنێـت. غەریزە شەڕانگێزەکانی ناخ هـەڵدەتـەکێنێت. ڕۆحـی عـەقڵـە بـۆ ناساندنو گەڕان بە شوێن هەقو حـەقیقـەتدا. مرۆڤ بـێویـژدان، بـە بـێ ئـەو دیاریـە پیـرۆزە ڕقـی لـە خۆیشـی دەبێتـەوە پیـرۆزی دایک هەست پێناکات و دیاریـەکـانی خـوای لـە لا گـەورە و پیـرۆز نابێت، پەپولەی لێدەبێت بە دڕندە و دڕندەیـی بـە حـەقـی خـۆی دەزانێت. ویـژدان دیـاریترین دیـاری خوایـە کـە مـرۆڤ بتوانێـت پەیڕەوی بنەما مرۆڤایەتیەکان بکات و جیاوازی لە نێوان بـاش و خراپە دا هەست پێ بکات. ویژدان ئەو دیارییە بوو کە مەردومـی دەگایاندە لای یەزدان. ویژدان نوێنەری خواوەندە لـە هـزرو ڕۆحو نـاخو چـاوی مـەردومـدا.بـەتـەنها ویـژدان وەك خـوا لـە هـەمـوو جێگایەکدایە.

دایک دیاریەکی پیـرۆزیتـری خـوا بـوو کـە زۆر سیفاتـی خـوای تێـدا کۆببـۆوە. سـیفاتـی خوڵقانـدنـی بـە دایـک بـەخشـیبوو. تاکـە دیاری خوابوو کەبتوانێت بڕیاری بوونـی ئێمـە بـدات، بـە دەسـتـی خـوا لـە ڕێگـەی دایکـەوە خوڵقـاوین، لـە ڕێگـەی دایکـەوە جـۆری ڕەگـەز و زمانمـان پێدراوە. ئـەو زمانـە پیـرۆزەی بـارەشـەکـان لـە ڕێگای تەفسیرە هەڵـەکانیانـەوە هـەوڵـی سڕینـەوەیـان دەدا، ئـەو ڕەگەزەی کە خوا تایبـەت بـە کۆمـەڵگاکـان خوڵقانـدبووی هـەوڵـی تواندنـەوەیان دەدا. پیرۆزی خواو پیرۆزی دایك یەك ڕەنگـو یـەك بۆنیان گرتبوو.

یەکەم دیاری پیرۆزیش پێش هەمـوو دیاریـەکـانیتر کـە ئێمـە ناسیمان «ئاگر» بوو، گرنگی ئاگر لە لای ئێمە سـەرچـاوەی بـوون و ژیـان بـوو. ڕاسـتی دیمـەنـەکـان و جـوانی وەرزەکـان و جیـا کردنـەوەی ڕەنگـەکـان بـە بـێڕونـاکی کـە ڕۆحـی ئـاگرە هـەستـی پـێناکرێـت. ئـاگر ئـەو تاکـە دیاریـە پیـرۆزەی خوایـە، کـە خـوا بیەوێت خـۆی پیشـان بـدات ڕەنگـی نـور دەگرێـت، سیفاتێکـیتـری

پیرۆزی ئاگر کە بە تەنها لەودا هەبێت ڕوناکییە کە لە نوری خواوە پێی بەخشراوە. خوا سەرچاوەی بوونو ژیانی بە ڕۆحی ئاگر بەخشیبوو. سیفاتێکی‌تری ئاگر تەنها بۆ ئێمە بوو، هەر لە زووەوە نیشانەی سەرکەوتن بوو کە ببوو بە سنبوڵی نەتەوەیی بە جۆرێک لە دەرونی هەموو کەسێکدا پیرۆز بوو، سەرەتای ژیان و مێژو بوو. گونجاوترین دیاری خوا کە ببێت بە سنبوڵی نەتەوەیی و ئاوێتەی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی و باوەڕ و ئیمانمان بێت و بتوانین شەڕی دژ بە بارەشەکانی پێبکەین لە پێناوی پاراستنی دیارییەکانی‌تر،ئاگربوو. ئەو دیاریە نورانییەی خوا بوو کە ئێمە پێش هەموو دیاریەکانی‌تر لەبەر پیرۆزی و گرنگی خۆی ئاشنای بووین و ناسیمان.

ئاگر ئەو ڕەنگە بوو کە پەنامان بۆ برد چێوەی ئەو بازنەیە بکێشێت کە چەقەکەی خوای گەورە بوو. تەنها ئاگر بوو، ئەو دیاریە پیرۆزەی خوا کە هەڵمان بژارد و هەموومان یەک بۆچونمان هەبوو کە وەک سنبوڵێکی نەتەوەیی بەرنامەی بۆ دابڕێژن بۆ بەگژدا چونەوەی بارەشەکان لە هەوڵی سڕینەوەی زمان و ڕەگەزو زەوتکردنی خاك.

ئاگر ئەو دیارییەبوو کەپەنامان بۆبرد بەڕەنگی چێوەی بازنەیەکی جیواز بەدەوری هەمان چەقدا بکێشین.

هەوڵی بارەشەکان بۆ چەواشەکردنی خەڵک و زەوتکردنی دیاریە پیرۆزەکان هەمیشە کورت و بێ‌ئەنجام و سەرنەکەوت و بوو، چونکە دوور لە ڕاستی و حەقیقەت بوو.

تێگەشتنی خەڵک بۆ بەرنامە و گۆڕانکاریەکان و بیر و باوەڕەکانیان هەمیشە لە ئاستی پێویست و پەرۆشیدا بوو.

هەوڵەکان زۆر بە خێرایی گەشەی دەسەند، ئەویش بە هۆی ئەو بەرنامانەی کە پێشوتر بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری ئەنجام درا بوو.

ئەرک و رەنجی ئەو کەسانەی لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا کاریان دەکرد و متمانەی خەڵک بەو کەسانە ئاوێتەی یەکتر ببوون و رۆژگارێکی سەرکەوتویان خولقاند بوو کە پڕاوپڕ بوو لە خواستی خەڵک و لە تێگەشت بەرامبەر بە هەوڵ و چالاکیەکانیان. لەو پرسیارەش گەشتبوون و وەڵامەکەشی هەر لەلای خۆیان بوو، کە چیان دەوێت؟

ئیشکردن لە سەر چەمکی ئاگر لە ڕوی مێژوی نەتەوەیی و پیرۆز وەرگرتنی بە ئیمانەوە بە جدی و بە پەرۆش و بە وردی کاریان تێدا دەکرد و هەرزوو لە لایەن خەڵکەوە قبوڵ کرا و جێگای هەوڵی فریودانی بارەشەکانی گرتەوە. وردە وردە بەرنامەکانیان بەرەو کزی و هەرەس چوو. وتاری ئەو مامۆستایانەی کە خۆیان هێنابوونیان لە ڕۆژانی هەینیدا بۆ دروست کردنی گومان و ڕاڕای لە ناو خەڵکدا بەرامبەر بە بۆچوونەکان دەربارەی دیاریە پیرۆزەکان، بە بێنرخ و بێگوێگرتن و بێجەماهیر مایەوە. وانەی قوتابخانەکان بۆ ڕاکێشانی فکری قوتابیان بۆ ژێر سێبەری وتارەکانی خۆیان، بەرەو ڕیسوای چوو. مامۆستایەک نەبوو کە ئامادەیی گوتنەوەی ئەو وانە درۆ و دەلەسانەی هەبێت. ئەو مامۆستایانەی کە بۆ ئەم شارانەش هاتبوون، بە شەرمەزاریەوە گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

لە دوای سەرنەکەوتنی هەر پیلانێک، بارەشەکان لەنائومێدیدا، بەرچاویان لە غەزەبدا تاریک دەبوو، دوبارە توند و تیژی و وێرانکاری و گرتن و ئەشکەنجەدان دەستی پێدەکردەوە. ئارامی بارودۆخی شار چەندە گرنگ بوو بۆ گەشەسەندنی بیر و بۆچوونەکان، ئەوەندەش مایەی نیگەرانی و بێهیوای بوو بۆ بارەشەکان. بارەشەکان وەک مێش لە دۆخێکی پیس و ئاڵۆزدا ئاسودە دەبوون و مەبەستیان بە ئامانج دەگەشت. بۆیە هەمیشە

هەوڵی تێکدانی ئاسایش و ئارامی ناوشار بوون. چەند جارێک پیلان و بەرنامەیان دارشت، ئەوان ئیتر چاوەڕوانی سەرکەوتنی کارەکانیان نەدەکرد، بەهەر دووبار سەرکەوتن و سەر نەکەوتنی پیلانەکانیان دوکان و ماڵ و سەر و سامانی خەڵکیان وێران دەکرد و بە تالآن دەبرد. چەند جارێک شەوان بازارەکانیان دەسوتاند. هەوڵەکانیان بۆ داروخانی باری ئابوری خەڵک و شارەکە هەمیشە لە گەردابوو. بە ئاشکرابوونی پیلانەکانیان، شەرمەزار نەدەبوون و جێگای رووداوەکانیان جێنەدەهێشت و دەکەوتنە و سەر و ماڵی خەڵک بە تالآن بردن.

لە ئەنجامی پاراستنی ئاسایش و هێمنی شاردا بەرنامەی ئیشکردن لە سەر بڵاوبونەوەی بۆچونەکان و خواستەکانیان لە هزر و دەرونی خەڵکدا زۆر بە باشی بە رێوە دەچوو، گەشتە ئاکامی خۆی. لە ئەنجامی هەوڵی خەڵک و خۆشەویستیان بۆ نیشتیمانەکەیان و سور بوونیان لە سەر پەیرەوکردنی ئەو بەرنامانەی کە دایانرشتبوو، ئیتر بارەشەکان بەندی چاوەڕوانی و سەبریان پچراند و با ئاشکرا و بە نهێنی لە سەر هەمان کاری توند و تیژی و کاولکاری رۆشتن و کەوتنەوە ئازاردان و گرتنی خەڵک و بە تالآن بردنی سەر و سامانیان.

بەرنامەکان لە قۆناغی کۆتایی و گەشتن بە لوتکەدابوون. ئەوەی کە مەبەست بوو لە ناو دڵ و دەرونی هەموو کەسێکدا بە قەناعەت و بە فکرێکی هوشیار و بە بەرنامەیەکی زانستی سەردەمی چەسپا بوو. چاوەڕوانکردن و پاراستنی ئارامی لەم سەردەمە نوێیەدا کە باری ئابوری و ئاسایشی خەڵک بەرەو هەڵدێری نەمان و هەرەس دەبات، ئیتر مانایەکی دروستی نابێت کە سودی لێوەربگیرێت. تێکۆشان لەم قۆناغەدا کە ئاستی هوشیاری و تێگەشتن بەرز بوو، بە گژداچونەوەی بارەشەکان بوو بۆ پاراستنی ملک و ماڵ و سەر و گیانی خەڵک. . لە قۆناغی

جێبەجێ کردنی بەرنامەکاندا ڕەوشی ئارامی شار و باری ئابوری زۆر گرنگ و لە بەر چاو بوو. ئەو ڕۆژگارە پاراستنی ئاسایش و هێمنی ئەرکی سەرشانی هەموو کەس بوو کە زۆر بە هەستی بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی هەموو کەس لەو ئەرکەی دەڕوانی. لەم قۆناغە تازەیەدا پاراستنی سامان و ئاسایشی خەڵک ئەرکی سەرەکی بوو، ئەوە ڕاستیەک بوو لە ناو ئازار و ستەم و ئەشکەنجەی بارەشەکانەوە سەری هەڵدا بوو. کەس نەبوو بە بیر و باوەڕەوە پارێزگاری نەکات و ئامادەی بەرەنگار بوونەوە نەبێت.

دیاریە پیرۆزەکان هەموو لە خزمەتی مرۆڤدا بوون، بە دەوری مرۆڤ و کۆمەڵدا لە سەر خاک کۆ ببوونەوە. دیاریەکان هەموویان پەیوەست بوون بە یەکەوە و هەموشیان بە مرۆڤەوە، بە ڕۆحی مرۆڤەوە. مرۆڤ بێ ڕۆح مانای تەواوی نیە. مرۆڤ بێ ڕۆح نە دیاری پیرۆزی دەوێت، نە دیاریەکان لە دەوری کۆ دەبنەوە. ڕۆح دیاریەکی تری خوا بوو بۆ مرۆڤ، خاک پیرۆزترین دیاری بوو، تەنها ڕۆحیش بوو لەناو دیاریەکاندا خۆی لەپێناوی پیرۆز ڕاگرتنی خاکدا دەبەخشی.

لەو هەل ومەرجە ناسکەدا، لەناو تاوانی گەورەی بارەشەکاندا ڕۆحێک نەبوو کە ئامادە نەبێت بۆ سارێژ کردنی برینەکانی خاک کە هەموو زامەکانی تر دواتر سارێژ دەبوون.

خۆ ئامادە کردن بۆ بە گژ داچوونەوەی بارەشەکان، هەروا ئاسان نەبوو، جگە لە بەخشینی ڕۆح کە زیانێکی گەورە بوو، سەرکەوتنی ئەو ڕووبەڕوبونەوەیە دەبوایە مسۆگەر بکرایە. لە ناو چوونی ڕۆحەکان بەستڕا بوو بە سەرکەوتنی ڕووبەڕوبوونەوەکە. ئیشکردن بۆ دانانی بەرنامەیەکی گونجاو کە ئاوێتە بێت لەگەڵ بنەمای دیاریە پیرۆزەکان بۆ بەگژداچوونەوەی بارەشەکان گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی

هەبوو. گرنگترین سیفاتی هاوبەش لە دیاریە پیرۆزەکاندا بوونی «یەک» دانەی ئەو دیاریە بوو کە مانای گەورەیی و پیرۆزی خۆی هەبوو. بۆچوونەکان و بیرکردنەوەی ئەو کەسانەی کە ئەرکی بەرپرسیارەتیان بە پەرۆش و وەفاوە لە دەست بوو، کۆک بوون لە سەر ئەوەی بەرنامەی بەگژداچوونەوە لە سەر بنەمای چەمکی «یەک» کەڵک وەربگرێت و لە سەر گرنگی ئەو دیاردەیە ئیش بکەن. بەگژدا چونەوەی بارەشەکان لە هەموو ناوچەکاندا دەبێت لە «یەک» کاتدا بێت. گرنگی «یەک» کات بۆ بە گژداچونەوە، یەک پارچەی خاک و یەک هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەسەلمێنێت، جگە لەوەی بەگژداچونەوەکە مانایەکی گەورە و ئاکامێکی گەورە و سەرکەوتووی دەبێت. لە بەر چاوگرتنی ئەو یاسا زانستیەی کە دەڵێت «هێز لە یەکێتیدایە»، هاندەرێکیتر بوو بۆ زیاتر جەختکردن لە دارشتنی بەرنامەیەک لە سەر بنەمای سیفاتی هاوبەشی دیاریە پیرۆزەکان.

هەڵوێستی خراپی بارەشەکان بەردەوام و خراپتر بوو، ژمارەیان لەجاران زیاتر بوو لەناو بازاردا. چاودێری هەموو شوێنێکیان دەکرد. هەمیشە بە بیانوو بوون لە خەڵک، بەپیلان و بێپیلان بە دوای ئاشوبی شار و نائاسایشیدا دەگەران. گرتن و وێرانکاری لە جاران زیاتر بوو. هەستیان بە تەواوی هوشیاری خەڵک و تەبابوونیان لەسەر بیر و باوەریان دەکرد.

هەموو ساڵێک بە هاتنی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی، بارەشەکان چەند رۆژێک پێشتر بەرنامەیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەموو جێگایەک ئامادە دەکرد. هاتنی ئەو جەژنە نەتەوەییە ترس و دوودڵی و گومانی جۆراوجۆری دەخستە ناو بیرکردنەوەی بارەشەکان. ئەوان دەیانزانی ئەو بۆنە نەتەوەییە رەنگدانەوەی سەرکەوتن وئازایەتیە لە سەر خەڵکی ناوچەکە و لە دڵ و

دەروندا هەوێنی ڕاپەرین و بەگژداچوونەوەیە، بۆیە لێکدانەوەی زۆر وردیان بۆ دەکرد، لە پێش هاتنی ئەو ڕۆژە پیرۆزە.

بارەشەکان لە ترسی ڕوداوێک کە لەناو دەرونی خەڵکدا کلپە بسێنێت و بە زیانی خۆیان کۆتایی پێبێت، ڕێگایان نەدەدا لەناو شاردا یادی ئەو جەژنە پیرۆزە بکرێتەوە. لە شوێنە بەرزەکانی دوور لە شارەکە گومانی مەترسی ڕاپەڕینی خەڵکی نەبوو، یادی ئەو بۆنەیە دەکرایەوە بە کردنەوەی ئاگرێکی گەورە کە ئاوێتەی ئەو پشکۆ گەشەی هەست و هەناو و دەرون دەبوو مرۆڤی دەکرد بە پارچەیەک لە خۆڕاگری و بە ڕۆحێکی سەرتاپا لە خۆبەخشین و قارەمانێتی.

هاتنی وەرزی بەهار و بوژاندنەوەی دار و دەوەن و گوڵ و گیا و تەقینی کانیاوەکان و سەر لە بەری سەوز پۆشینی دەشت و دەر و چیا، تاکە هۆنە بوو بۆ جولاندنی هەست و نەست و خرۆشاندنی خوێن و گڕوتینی دڵ و دەرون. هاتن و یادکردنەوەی ئەو جەژنە نەتەوەییە دێرینەش هۆی سەرەکی خرۆشاندنی خوێن و دڵ و دەرون بوو. جۆشی دەدای هەڵمەت بۆ ئازادی بەریت، تونـد و تیژی و ئەشکەنجەدان قبوڵ نەکەیت.

جەژنی نەورۆز تاکە جەژنی نەتەوەیی بوو. جگە لە بوونی سیفاتی ژمارە «یەک» جەژنی نەتەوەیی کە پیرۆزی و گەورەیی لە خۆ گرت بوو، ئاگریش سنبوڵی ئەو جەژنە پیرۆزە بوو کە ئاگریش بۆ خۆی مێژینەیەکی ڕۆحیانی لەگەڵماندا ەەبوو کە دوو پاڵەوانی تەبای چیرۆکێکی ڕاستەقینەبووین. یەکێك بوو لەدیارییە پیرۆزەکانی خواوەندیش بۆ مەردومی خۆی.

ڕۆژبە ڕۆژ لە گەڵ نزیک بوونەوەی جەژنی نەورۆزدا، بارەشەکان ژمارەیان زیاتر و بەربلاوتر دەبوون. مەترسی جەژنی ئەم ساڵ گومانی زیاتر بوو. هەستیان بە خۆ ئامادە کردنی خەڵک کردبوو کە ئەمساڵ جیاوازتر لە سالان یادی ئەو ڕۆژە

دەکەنــەوە. لــە ڕاستیشدا هــەروابــوو، جــۆش و خرۆشــی خــەڵــک بــۆ یــادی ئــەو جــەژنــە نــەتــەوەییــە کــە هاوکــات بــوو لــە گــەڵ شــێوە تێکۆشانیاندا ئاوێتەی یەکتر ببوون کە ئومێد و هیـوای ڕوونـی لـە دڵی خەڵکدا ڕواند بوو.

هـەر لـە زووەوە خـەڵـک خـۆی ئامـادە و سـازدابوو. بـەختیـار یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بەڵێنی دابوو گەورەترین ئاهـەنگـی نەورۆز لە ناوچەکەی خۆیاندا ساز بکات و هـەڵگیرسـاندنی ئـەو ئاگرەش بە دەستی خۆی بێت. زۆر کـەسـی وەک بـەختیـاریش لـە هـەموو لایـەکدا بـە جـۆش و خرۆشـەوە هـەستی ئـەو یادکردنـەوە پیرۆزە نەتەوەییەیان لە دڵ و دەرون و هۆشدا بوو.

بارەشەکان کە هەمیشە لە شوێن بـەهانـەیـەکدا دەگـەڕان بـۆ هــەقــدان بــە خۆیــان و بــە تونــد و تیژیــان، لــە گــەڵ هــەمــوو گومانەکانیان لە نەورۆزی ئەمساڵدا دەیـانکرد، ئـارەزوشـیان بـوو خەڵک بە شێوەیەک یادی ئـەو جـەژنـە بکـەنـەوە کـە ئـەوان ئیتـر هـەلومـەرجیـان بـۆ بـڕەخسێت بـۆ وێرانکـاری و گـرتن و کوشـتنی خــەڵــک کــە دواچاوترســان بێــت و جــۆش و خــرۆش و هــەســتی نــەتــەوەیــی و نیشــتیمانی هــەرەس پــێ بهێــنن. بــەپێچــەوانــەی ساڵانی پێشوتر، دەیانویست لەنـاو شـارەکانـدا ئـاگر بکرێتـەوە بـۆ خولْقانــدنی کێشــەو ئــاڵۆزبوونی بارودۆخــەکــە تــاکو هــەلــی دەستدرێژکردنیان بۆ بـڕەخسێت. خـەڵکیش بـێئاگانـەبـوون لـە مەبەست و خواست و جموجۆڵی ڕۆژانەی بارەشەکان. بەتایبەتـی ئەو کەسانەی بە ئامانەتـەوە ئـەرکـی بـەرپرسیاریان لـە ئـەستۆ گرتبوو. بەرنامـەی جـەژنـی نـەورۆزی ئـەمسـاڵمان گـۆڕی. لـەسـەر ئــەوە هـاوبیربووین بـەو جـۆرەی کـە خۆمـان بـۆ سـازدانی نـەورۆز ئامادە کردبوو، ڕابیگرین و بە شێوەیـەکـیتـر گوزارشت لـەو یـادە مەزن و پیرۆز بکەین.

ئـــەو ڕۆژەی بـــەســـەردان چـــووم بـــۆلای دایکـــی ســـەرکـــەوت، بـەختیاریشـم بینـی و بڕیـاری ڕاگرتنـی ئـاگر کردنـەوەی نـەورۆزی ئـەمساڵم پێڕاگەیاند، بەوشێوەیـەی کـە خۆمـان بـۆ ئامـادەکردبـوو. بـەختیـار نیگـەرانبـوو. بـەڵێنـی ئـەوەشـم بـە بـەختیـار دا کـە سەرگەرمی ئامادەکردنی بەرنامەیەکیترین بۆ یـادی نـەورۆز کـە گونجـاوتر بێـت لـەم قۆنـاغـەدا و کاریگـەرتـریش بێـت و لـە لای هەموو کەسێکیش ئاشکرا دەکرێت.

پەیوەندی من بە دایکی سەرکەوتەوە بـەردەوامبـوو، زۆرجـار هەندێك لـەهاوڕێکانم کە برادەری سـەرکـەوتیشبـوون لـەگـەڵمـدا دەهـاتن. هـەمـوو ڕوداوەکـانی نێـوان خـۆیو سـەرکـەوتـی بـۆ دەگێڕاینـەوە.

ڕاگرتنـــی یـــادی نـــەورۆز بـــەو شـــێوەیـــەی کـــە خۆمـــان بـــۆ ئامادەکردبوو بـەنـاو هـەمـوو خـەڵکدا بڵاوبـۆوە و هۆکـارەکانیشـی ڕونکرایـەوە. لـەسـەرەتـادا بـێهیـوایو نیگـەرانـی بـەڕوخسـاری خەڵکەوە دیاربوو، پاشان تێگەشتن کە ڕاگرتنی یادی نـەورۆز لـە بەرژەوەنـدی خـەڵـك و ناوچـەکـەدا دەبێت. بـەڵام هـەرواش ڕازی نەدەبوون کە ئەو جەژنـە نـەتـەوەییـە کـە سنبولّـی قـارەمانێتیـە، ئـەو جـەژنـە تـاک و تـەنیایـە بـە بـێیـاد کردنـەوە بـە سـەریـانـدا تێپەڕێت. هـەستمان بـە بـێهیـوای خـەڵك کردبـوو، هـەر چـەنـدە لـەلای هـەمـوو کـەسـێکیش ئاشکرابوو ڕاگرتنـی لـە بـەرژەوەنـدی خەڵکی شارەکەدا دەبێت. گـەشتینـە ئـەو بۆچوونـەی بـە خێرایـی بـەرنـامـەیـەکـی نـوێ دابڕێـژن بـە شێوەیـەکـی نـوێ یـادی نـەورۆز بکرێتـــەوە کـــە جـــۆش و خرۆشـــی زیـــاتر بێـــت، هـــەمـــانکـــات سەرکەوتوترو سەردەمیانەتریشبێت.

ئاگری نەورۆز لە زۆر جێگای بـەرز لـە قـەراغ شـار بـە چـڕی و گەورەیی دەکرایەوە، دوور لە پەیوەست بوو بە کاتەوە هەر کەس

و هەر گەڕەکێک بە ئارەزوی خۆی یادی دەکردەوە. بۆچوونەکانی هەموو کۆک بوون لە سەر ئەوەی هەر کەس لە ماڵی خۆیدا ئاگرێکی بچوک هەڵبگیرسێنێت بە مەرجێک هەموومان لە «یەک» کاتدا کە پێشتر لە سەری ڕێکەوتبێتین.

لەم قۆناغەدا کە بارەشەکان بۆ بیانویەک دەگەڕان و پێشتریش خۆیان ئامادەکرد بوو لەو ڕۆژەدا کە خەڵک سەرگەرمی یاد کردنەوەی نەورۆزە. مەرام و مەبەستیان بهێننەدی کە گرتن و کوشتن و تالان کردن بوو. هەڵگیرساندنی ئاگر لە چەند جێگایەکدا بە نیازی یادکردنەوە کە پەیوەست نەبن بەبەرنامە و کاتەوە دەکرێت مانای گەورەیی و پیرۆزی خۆی وەرنەگرێت. هەڵگیرساندنی ئاگرێکی بچوک لە هەموو ماڵێکدا نیشانەی پێشکەوتن و شارەستانیەتە و هیچ بەهانەیەکیش بۆ بارەشەکان ناخولقێنێت، ئاسایشی خەڵک و شارەکەش پارێزراو دەبێت.

لە گەڵ نزیک بوونەوەی جەژنی نەورۆز، هەموو ئەو بەرنامانەی کە داڕێژرابوون بۆ یادی نەورۆز، شێوەی خۆ ئامادە کردن و یادکردنەوەی بەناو خەڵکدا بە هێمنی بڵاوبۆوە. ئەو شێوە تازەیە لە لایەن خەڵکەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا و قبوڵ کرا.

ئاگرە پیرۆزەکە و ئاگری نەورۆز لەناو هەست و ناخدا ئاوێتە بوو. بوو بە سنبوڵی نەتەوەیی و شەڕی خۆ پاراستنی لەدژی پیلانی بارەشەکان دەکرد کە بەرنامەی سڕینەوەی زمان و ڕەگەز و زەوتکردنی خاک و هەموو دیارییەکانیتربوو.

بارەشەکان ساڵانی پێشوتر تەنها لە جێگا دورەکانی شار ڕێگایان بە خەڵک دەدا یادی نەورۆز بکەنەوە، هەمیشە گومانی شێوەڕاپەڕینیان لە خودی ئەو یادە نەتەوەیەتیەدا دەکرد. ئەو جێگا دورانەی شار خەڵک بە زۆری حەزی خۆیان و هەستکردن

بە ئەرکی نەتەوایەتی یادی نەورۆزیان لێ ساز دەکرد، ئەگەر نا بارەشەکان لەو جێگا دورانەش چاویان بەو یادە پیرۆزە هەڵنەدەهات. یادی ئەم ساڵ بە پێچەوانەوە، بارەشەکان ئارەزویان بوو خەڵک لەناو شاردا جەژن بگێڕن بۆ ئەوەی پیلان و بەرنامەکانیان وەک ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێت جێبەجێ بکەن. بارەشەکان گوێیان بە هیچ نەریت و دەستورێک نەدەدا، بەڵام مەبەستیان بوو کە پاساوێکیان بەدەستەوە بێت هەتاکو خۆیان لە بەرەی هەقدا ببیننەوە. ئەوان پێشتر هەستیان بەخۆ ئامادەکردنی خەڵک کردبوو وەک سالآنی پێشو لە جێگا دورەکان یادی نەورۆز بکەنەوە. ئەو دیاردەی خۆ ئامادەکردنە وردە وردە لەبەر چاوی بارەشەکان کاڵ بۆوە. بۆ ئەوەی یادی نەورۆز لەناو شاردا بە شێوەیەکی نائاسای بکرێت کە حەساسیەت لای بارەشەکان دروست بکات و لەو ڕوانگەیەوە هەق بە خۆیان بدەن بۆ توند و تیژی کردن، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ خەڵکیان هاندەدا و دەیان خستنە سەر کەڵکەڵەی دژایەتی کردنی خۆیان هەتاکو لەبەر دژی هەڵوێستەکانیان خەڵک لەناو شاردا یادی نەورۆز بکەنەوە.

خۆ ئامادەکردنی خەڵک لە شوێنە دورەکان لە بیری کەسدا نەما. لەناو شارەکانیشدا هیچ دیاردەیەکی خۆ سازدان هەست پێنەدەکرا. بێدەنگی و هێمنی ناوشار ئەوەندەیتر ئارامی لە بارەشەکان هەڵگرتبوو، لەناو بێئاگایدا ڕقیان لە خۆشیان دەبۆوە و شەڕیان بە گەورە و بچوک و ژن و پیاو دەفرۆشت. خەڵکیان دەدواند و هیچ وەڵامێکیان چنگ نەدەکەوت، خەڵکیان ئازار دەدا و زانیاریان دەست نەدەکەوت. هەڕەشەیان دەکرد هەتاکو خەڵك هانبدەن لە ڕقی خۆیان ئاگر بکەنەوە و بەهانەی ئاژاوەگێڕیان بەدەستەوە بێت. پیلانەکانیان ئاکامی باشی

نەبوو. بەڕۆژ وەک مار، وەک ڕەشەبا گێڤەیان دەهات و فیشیان دەخواردەوە. بە شەو دوکان و بازاڕیان دەسوتاند.

ڕۆژانی نزیک نەورۆز ئاسمانی شار تەماوی و ئالۆز بوو. بەڵام ئاسۆیەکی ڕوون لە دورەوە بە دیدەکرا. پەیڕەو کردنی بەرنامەکان لەسەر بنەمای دارشتنی پیرۆزی هەموو دیاریە پیرۆزەکان و جەژنی نەتەوەی بە باشی بەڕێوە دەچوو. ئەو ئاگرە چڕوپڕەی جاران جێگای خۆشحاڵی خەڵک بوو، ئێستا لە بری ئەو ئاگرە، ئاگرێکی بچوک لەناو دڵی هەموو کەسێکدا بە قەبارەی ئەو ئاگرەی جاران جێگای خۆی کردۆتەوە. ئاگرەکان چەند جیاواز بن لە قەبارەدا، هەریەک مانا و یەک پیرۆزی دەبەخشن داگیرساندنی گڕێکی بچوک لەهەموو ماڵێکدا لە «یەک» کاتدا قەبارەی لە ئاگرەکەی جاران گەورەتر دەبێت.

شێوەی ئاگر کردنەوە و کاتی هەڵگیرساندنی بە هەمو کەس ڕاگەینرا. خەڵک بە خۆشحاڵیەوە پێشوازیان لەو جەژنە دێرینە و لەو ئاهەنگە تازەیە و لەو ڕۆژە نوێیە دەکرد.

جەژنەکان نیشانەی خۆشی و ئارامین. ئاگرێکی بچوک لە هەموو ماڵێکدا سنبوڵی خودی ئارامی جەژن و هێمنی سازکەرانیەتی. خواستی ئارام بوونی شار و ئاسایشی خەڵک لەو جەژنەدا، گەڕانەوەیە بۆ ناوەڕۆکە پڕ لە ماناکەی پەیدا بوونی ئەو جەژنە. ئیتر بارەشەکان هەموو هەڵوێستێکیان بە مەبەستی تێکدانی ئاسایش و ئارامی، گەڕانەوەیانە بۆ عەقڵیەتی پڕ لە بێمانایییان. پەیڕەوکردنی ئەم شێوە نوێیە بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، مانای بێخەمی نیە بەرامبەر بە بارەشەکان. هەمیشە بە گومان بووین لە بارەشەکان و حسابی زۆر جدیمان بۆ دەکردن و دەمانزانی لەو ڕەوشە هێمن و شارەستانییەشدا ئەوان ئاژاوەی خۆیان هەر دەبێت بگێڕن و کۆمەڵێک دوکان و

بـازاڕیتـر بــە تــاڵان بــەرن و خــەڵکــی بــێتــاوانیش ڕاپێچــی زیندانەکان بکەن.

دوا قۆناغی بێدەنگی و دان بە خۆداگرتن، ئەو شەوە دەبێت کە هەر کەس لە ماڵی خۆی لە ڕەوشێکی ئارامدا بۆ پاراستنی هەموو ئاسایشییەک و بۆ یادی جەژنی نەتەوەیی کە تاکە جەژنە ئاگرێکی بچوک دادەگیرسێنێت. لەو کاتەدا و لەو شەوەوە ئیتر پاراستنی ئارامی مانایەکی دروستی نابێت، بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە، دەبێتە هۆی لە دەست دانی هەموو دیاردە پیرۆزەکان و هەڵوەشاندنەوەی بەرنامە و هەرس هێنانی تێکۆشان و چالاکیەکانیان.

ڕۆژانی پێش نەورۆز ئاسمان بە هاڵاوی بارەشەکان تاریک و لێڵ و تەماوی بوو، بەڵام لە دورەوە ئاسۆیەکی ڕون دەبینرا. خەڵک بە خۆشیەوە ئامادەیی ئاگرێکی بچوکیان لە ماڵەکانی خۆیاندا تێدا بوو. کات و شێوەی یادکردنەوە کە دەستنیشان کرا. دوا چرکەی خۆر ئاوا بوون و دوانیگای ئەو ئێوارەیەی خۆر لە ناوچەکە و لە خەڵکەکە، دەسپێکی هەڵگیرساندنی گڕێکی بچوک بوو لە هەموو ماڵێکدا.

یادی جەژنی نەورۆز لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی مێژودا، لە بارودۆخی باش و گونجاودا یا خود لە هەلومەرجی نەهامەتی و خراپتدا بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لەو جەژنە کراوە و ئاهەنگ سازکراوە. ڕۆژگاری ئەو یادە هەر چۆنێک بوبێت ئەوان ئاوێتەی ئەو بۆنە نەتەوەییە کراوە. لە ڕۆژگار و سەردەمی خۆشیدا، بۆ ئاهەنگ و سەما و گۆرانی خۆیان ئامادە کردەوە. لە بارودۆخی ناهەموار و ئاڵۆزدا و لە ڕۆژگاری دژواردا، لەناو گڕوتین و گڵپەی ئاگری نەورۆزدا، خۆڕاگری و بەگژدا چوونەوە و قارەمانیەتیان تێدا بەرجەستە کردووە و ئاوێتەی ڕەوشی ئەو ڕۆژگارەیان کردووە.

یادی نەورۆزی ئەمجارە زۆر جیاوازترە. جگە لەوەی کە شێوە نەریت و باوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکیتر کە سیمای شارستانی و پێشکەوتنی پێوە دیارە، ئاوێتەی دیاریە پیرۆزەکانی خوا بووە بە تایبەتی ئاگر کە خوا خۆی لە شێوەی نورێکدا دەبینرێت ئەگەر نا هەرگیز نابینرێت ئەو سیفاتەش بۆ ئاگر پیرۆزییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. لە یادی ئەمساڵدا ئاگر بوو بە سنبوڵی نەتەوەیی بۆ پاراستنی دیاریەکانی خوا.

دوو حاڵەتی جیاواز و دژ بە یەکتر لە نێوان بارەشەکان و خەڵکدا بە دیدەکرا. بارەشەکان لە دنیای شارەکان و خەڵکەکەی بێئاگا بوون، بێئاگا بوون لە نهێنیەکانی رووی گەش و کراوەی خەڵک. لە بێئاگاداری و بێزانیاریدا شپرزە و ماندوو و پەشێو دیار بوون. رەنگیان رەش و تاریک نیشانەی بێهیوای و دۆڕاندنی پێوە دیار بوو. چاوەکانیان فرمێسکی شەرمەزاری لێدەتکا. بارەشەکان و خەڵکی شارەکە دووکۆمەڵی زۆر جیاواز بە یەکتر بوون. دیمەنی شێوا و ڕاڕایی و بوغزی ئەوان بێشک کۆمەڵی بەرامبەر بە پێچەوانەی ئەو دیاردە و سیمایانەوە دەبێت. هەموومان هەستمان بە ئاسودەیی دەکرد، خۆشی بە رومانندا دیار بوو، ئاسۆمان بە رونی دەبینی. هەمووومان یەک زەردەخەنە لە سەر لێومان بوو کە مژدەی سەرکەوتنی پێوە دیار بوو. ئەوەی بێئارامی کردبووین، چاوەڕوانی هاتنی ئێوارەی نەورۆز بووین کە بۆ یەکەم جار بە شێوازێکی تازە یادی بکەینەوە، پێشبینی رووداوێک دەکرا کە گۆڕانکارییەکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. هەلومەرجەکان ئیسپاتی ئەوەیان دەکرد کە چیتر توند و تیژی قبوڵ ناکرێت و هەڵمەتی بەگژدا چوونەوە لە بەر نامەیەکی دروستدا ئەنجام دەدرێت.

بەرنامەی بەگژداچوونەوە بە وردی دارێژرا بوو، حاڵەت و کاتی دەستنیشان کرا بوو لە لای هەموو کەس باسکرا بوو، کەس نەبوو ئاگاداری هەموو حاڵەتەکانی هاتنی ئەو ئێوارە نادیار و پڕ لە کێشە و لە خەندە و لە ڕوداوی نوێ نەبوو بێت. هەموو هەوڵ و کۆشش و بەرنامەیەک لە پێناوی پاراستن و بەرز ڕاگرتنی دیاریە پیرۆزەکاندا بوو. لەو یادە پیرۆزە و ئەو ئێوارە چاوەڕوانکراوەی پڕ لە کارەساتەدا، یەکێک لە دیاریە پیرۆزەکانیش کە ڕۆحە ئامادەیە خۆی ببەخشێت لە پێناوی دیاریە پیرۆزەکاندا کە ویژدان هاندەرێکی گەورەی ڕۆح بووە. خەڵک زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو ئێوارەیەیان دەکرد. دایکەکان هەوێنی ئەو جۆش و خرۆش و هاندانە بوون، ئەوان بۆ خۆیان دیاریەکیتری خوابوون بۆ مرۆڤ کە لە ناخیاندا دیاری «ڕۆح» یان لە ئامێز گرتبوو. جارێک ڕۆحیان دەبەخشی و جارێک چالاکترین کەسانی کۆمەڵ بوون. خەڵکیتر دایکەکانیان دەبینی بەو شێوە چست و چالاک و لە خۆبوردنە، ئیتر دەبوون بە پارچەیەک لە بەخشین، لە چالاکی، لە خۆڕاگری، لە ئازایەتی، لە بە گژدا چوونەوە و ڕێز و وەفا و خۆشەویستی بۆ هەموو دیاریەکان. بۆ سنبولی نەتەوەیی دەبوون بە ئاگر و لە یادی نەورۆزدا، لە شەوان و جێگای تاریکدا دادەگیرسان.

دیاریە پیرۆزەکان پەیوەست بوون پێکەوە، ئاوێتەی یەکتر دەبوون لە پێناوی خزمەتی مرۆڤدا، بۆ مانەوە و ژیانەوەی مرۆڤ هەمیشە لە گەڕدابوون. مرۆڤیس بێدیاریەکان کەسێکی بێهۆش و بێئاگایە، مرۆڤ بێخاک هەموو دیاریەکانیتر لە دەست دەدات، مرۆڤ بێنیشتیمان مرۆڤێکی بێسەرە، مرۆڤی بێسەر ناناسرێت.

دوارۆژی زستان، دوا ڕۆژی چاوەڕوانیش بوو. ئەو ڕۆژە بوو کە بارەشەکان چاویان بە دنیای سەوزی شارەکە هەڵنەدەهات. ئەو ڕۆژە بوو بەرچاویان تاریک ئاسمانی سەریان ئاڵۆز و تەماوی

بوو، ئاسمان غەزەبی بە سەریاندا دەباراند. لە هەموو ڕۆژەکانی پێشوتر شپرزە و پەشۆکا و هیلاکتر بوون. ئەو ڕۆژە بوو ئاسۆی بەرچاویان ڕوون نەبوو. لەناو گێژاوی زۆرداری و بێئاگایی و بێبەرنامەیی و بێزانیاری دەربارەی نهێنیەکانی خەڵک، هەستیان بە دوا ساتەکانی خۆیان دەکرد و لە ترسی مەرگ، بە هەموو لایەکدا گیڤەیان دەهات.

پێش هاتنی ئێوارە، زۆر زوتر لە ڕۆژانیتر بازاڕ و دوکانەکان داخران. خەڵک بەرەو ماڵەکانیان دەڕۆشتنەوە و پیرۆزبایی هاتنی جەژنیان لە یەکتر دەکرد. خەندە و بزەی سەر لێویان بەرامبەر بە یەکتر، هەمان خۆشی و بابەتیان لە دڵ و دەرونی یەکتر دا دەخوێندەوە، هەرگیز ئەوەندە ئاسودە و دڵخۆش نەبوون. خۆیشیان لە یەکتریان دەپرسی و هۆکارەکەشیان دەزانی و بە خەندە لەگەڵ یەکتری دەدوان.

ئێوارە هات و شار و ناوبازاڕ چۆڵتر دەبوو. لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئێوارە و ماڵئاوایی خۆردا، سیمای خەڵک گەشتر و دڵگیرتر دەبوو. ناو بازاڕ و شار چۆڵ دەبوو، بارەشەکان زیاتر و بڵاوتر دەبوون و ڕەنگیان زەردتر و لێویان شینتر و چاویان بێتروسکە و توشی ترس و دڵەکوتێ دەبوون.

بارەشێکی زۆر بەناو کۆڵان و شەقامەکاندا بڵاو ببونەوە لە بێدەنگی و خۆشحاڵی خەڵک سەریان سوڕ مابوو، لەناو گێژاو و داڵخەی نەزانیدا ترس و مەراق و پەشێویان پێوە دیار بوو.

تیشکی خۆر بەرەو کزی دەچوو، ڕەنگیشی بەرەو زەردی و لاوازبوون، لەودیو کەلەوە دواجار چاوەکانی تروکاند و ماڵئاوایی ئەو ڕۆژەی لەشار کرد. بارەشەکان لەناو تاریکی شەودا بزر بوون. لە دوا ساتی خۆر و لە دوا تیشکیدا و لەدەسپێکی شەو و تاریکیدا لەناکاودا لە حەوشە و سەربان و ژورەکانەوە لە «یەک» چرکەدا کە پەیوەست بوو بە ڕۆحی هەموو خەڵکەوە

ئاگری بچوک بچوک لە هەموو لایەکەوە هەڵگیرسا و بڵێسەی ئاگرێکی گەورە هەمان کات ئاسمانی ئەو شارەی ڕوناک کردەوە. ڕوناکی ئاگرەکان بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا بەدوای تاریکیەوە بوون. ئەو پەڵە تاریکاییەی بە ئاسمانی شارەکەوە بوو لە ناکاودا لە بەر چاو نەما و بزر بوو. بریسکەی ئاگر چاوی بارەشەکانی کوێر دەکرد، دەنگی گۆرانی و پێکەنین و خۆشی و سەمای خەڵک گوێی بارەشەکانی کەڕ دەکرد.

بارەشەکان تۆپەڵ تۆپەڵ لەناو ترس و بێئۆقرەیدا گرمۆڵە ببوون. نەیاندەزانی بە چ شێوەیەک و لە کوێوە دەست بە توند و تیژی و جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان بکەن و خواست و هیواکانیان بەدیبهێنن. ئەوان مەبەستیان بوو کە خەڵک جم و جۆڵێکی هەبێت بە بۆنەی ئەو یادەوە، ئەو کاتە هات و بارەشەکان هیچیان بۆنەکرا. خەڵک لە ماڵەکانی خۆیان سەرگەرمی گۆرانی و سەما و خۆشی بوون بە بۆنەی یادی جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی. بارەشەکان گرمۆڵە ببوون لەناو خۆشی و گۆرانی ئەواندا، ئیتر ئارامیان لێبڕا. هەندێکیان وەک دواکاتی تەمەنیان و دوا فرسەتی ژیانیان کە مابێتیان، هێرشیان بۆ ئەو جێگایانە برد کە دەنگی گۆرانی و خۆشی و پێکەنینی لێوە دەهات.

بارەشەکان نەگەشتن بە هیچ ئامانجێکیان. هەر ئەو کاتەی خەڵك هەستیان بە هێرشی بارەشەکان کرد بۆ سەر جێگا و شوێنی ئاهەنگەکانیان و جەژن و خۆشیان لێتێکدەدەن، خاکیان لێداگیر دەکەن، دیاریە پیرۆزەکانیان بێبەها و ڕیسوا دەکەن، ئاگریان لە بەر چاو دەخەن، جەژنی نەتەوەیی دێرینیان پێڕەوا نابینن. بە یەک هاوار و دەنگ و گوژمەوە، بە مەشخەڵە بڵێسە دارەکەی دەستیان ڕژانە ناو کۆڵان و سەر شەقام و شارەکەی خۆیان، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ بارەشەکان برد. ئەوەی

کـە بـارەشـەکـان چـاوەڕوانیـان نـەدەکـرد، ڕویـدا. خۆشـیان نەیاندەزانی بـەرامبـەر شاڵاوی ئـەو عـەشاماتە ئـاگر بـە دەستە چـی بکـەن و بـۆ کـوێ هـەڵبـێن. ئاواتیـان بـە ڕۆژانـی پێشـوتر دەخواست کە بەناو شاردا گیڤەیان دەهات. ئاواتیان بە چەند چرکەیەکی پیشوتر دەخواست کە لـە سوچی کۆڵانـەکاندا لـە نـاو گـۆرانی و دەنگـی پێکـەنـین و سـەمـای جـەژنـی خـەڵکدا گرمۆڵـە ببوون و توشی ئەم هێرشە غەزەب و داخاویە نەببوون. دنیایان لێببـوو بـە ئـاگر، لـە بـەردەم تـین و گڕوتیشـکی مـەشـخەڵـە ئاگراویەکاندا خۆیان بۆ ڕاگیر نەدەکرا و هەڵدەهاتن و لەولاتروە توشـی ئـاگر بـە دەسـتیتـر دەبـوون، ڕووبـەڕووی داخ لـە دڵـیتـر دەبوون. هەر بارەش بوو ڕایدەکرد و نەدەپەرژایە سەر هیچ. بە دەم ڕاکردنـەوە دەگریـان و دەپاڕانـەوە و سـوێندیان بـە دیاریـە پیرۆزەکان دەخوارد کە لێیان ببورن و ئەوە دواشەویان بێت لەو شارەدا و بەیانی بڕۆنـەوە. دەستی دایکەکانیان ماچ دەکرد کە ئازار نەدرێن.

کۆڵان و شەقام پڕ بوو لە بارەش و سەروخوار، ڕاست و چەپ بە هەموو لایەکدا ڕایان دەکرد. مەشخەڵ بە دەستەکانیش بە گـۆرانی نـەورۆز بـەدوایانـدا بـەرەو دەرەوەی شـارەکـان، شـار بـە دەریـان دەکـردن. هـەر بـارەش بـوو ڕایـدەکـرد و لـە بـری گیڤـەی جارانیان، دەگریان و نوزەیان دەهات. لە هەموو لایەکی شارەوە بەرەو خوار و بەرەو سنور دەریانپەڕاندن تاکو ئەو دیوی سنور.

ئـەو شـەوە هـەمـوو شـارەکانیـان لـەبـارەش پـاکردەوە. ئاهـەنگـەکـان لێـوان لێـو بـوون لـە خۆشـی و سـەمـا و گـۆرانـی و پێکەنینی سەرکەوتن و بەختەوەری. ئاگرەکان خۆش خۆش هەر دەسوتان و دنیای ئەو شەوەی شارەکانیان کردبوو بە چراخان. شار چۆڕ بڕببوو لە بارەش. شنەی بایەکی فێنک لە چیاکانەوە بۆنی گوڵ و گەڵا و گیای تازەی ئەم بەهارەیان لە گەڵ دەنگی

ئاوازی چەم و ڕوبار و باڵندە نەخەوتووەکان بۆناو شەوی پڕ لە ئاهەنگ و خۆشی شارەکە دەهێنا و تێکەڵ بە مەستی سەرکەوتن و گۆرانی و پێکەنین و سەمای خۆشی خەڵکەکە دەبوو. ئاگرەکان خۆش خۆش هەر دەسوتان، تاکو دەمی بەرەبەیان جارێکی تر خۆری کچە گەورەی ئاگر بە دەم زەردە خەنەوە بەیانی باشی ڕۆژێکی نوێ و یەکەم ڕۆژی ساڵی تازە و ڕۆژی سەرکەوتنی لە شار و لە خەڵکە قارەمانەکەی کرد.